

# گۆڕان چییە؟! بۆ لێی بترسین؟!

**پەیامێك بۆ سەرکردەکان-کادیر و ڕۆشنبیران-مامۆستایانی ئایینی**


**نووسینی: ١٦-١٩-١١٩- ١٩٧**

**شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی**

**بەکالۆریۆس لە پەروەردەی گشتی**


**پێشەکی**

**مەسعود عەبدولخالق**

**ماستەر لە زانستە سیاسیەکان**

**پێداچوونەوەی ئەکادیمی**

**د. بەختیار سەعید مەحمود**

**مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردەی بنەڕتی**

**پێداچوونەوەی ئایینی**

**نەهرۆ عەلی تاڵەبانی**

**پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی کانی دەربەند**

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

**مامۆستا فەرهاد قادر ئۆمەر**

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾

الرعد: ١١

## پێناسی کتێب


ناوی کتێب: گۆڕان چییە؟! بۆ لێی بترسین؟!

نووسینی: شاخەوان عەلی مامۆکی

پیتچنین: خالد عەلی فارس

هەڵەچن: فەرمان مصطفى حمدامین ڕایەتی

دیزاین: بەختیار رشيد محمد

هونەری: دحان أحمد خورشيد

زانستی: تاهیر مستەفا ئەمین سماقولی

چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠دانە

چاپخانە: هێڤی–هەولێر–٢٠١٦

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی سپاردن (٣٩٠)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە**

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی........................................ |
| ٣٦ | دەروازە.......... ٩ گۆڕان چییە؟!.............. |
| ٣٧ | ستراتیژ و پرەنسیپەکانی گۆڕان..................... |
| ٣٩ | فەلسەفەی گۆڕان.................................... |
| ٤٠ | گۆڕان لە ڕوانگەی قوتابخانە جیاوازەکانەوە.......... |
| ٤٧ | جۆرەکانی گۆڕان چین؟! چ کاتێك گۆڕان بەرپا دەکرێت؟!........ |
| ٥٥ | گۆڕان و ململانێی ئایدۆلۆژیاکان...................... |
| ٥٥ | ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی و سەرمایەداری جیاوازیەکانی نێوانیان...... |
| ٨٣ | ئایدۆلۆژیای ئیسلام چییە؟!............................ |
| ٩٣ | هەڵبژاردەکانی بەردەم مرۆۆ چین؟!..................... |
| ١٠٨ | گەندەڵی چییە....؟!................................. |
| ١١٨ | تیرۆر ......................................... |
| ١٢٤ | تیرۆر و گەندەڵی وەك دوو ڕووی دراوێك.................. |
| ١٢٩ | شەرعیەتی شۆڕشگێڕی.................................. |
| ١٣٧ | بنەماکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت....................... |
| ١٣٧ | ئەدۆلف هیتلەر کێ یە؟!.................................. |
| ١٤٧ | سەدام حوسێن کێ یە؟!.................................. |
| ١٦٠ | تەمەنی دیکتاتۆرەکان بە شەڕ درێژکراوەتەوە.................. |
| ١٨٨ | کێن ئەوانەی گۆڕان بەرپا دەکەن؟........................ |
| ٢٠٠ | ئەو خاڵە جەوهەریانە چین کە ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕن؟!............. |
| ٢٣٠ | ئامرازەکانی گۆڕان چین؟............................... |
| ٢٣٨ | ئەنجامی کۆتایی....................................... |

## ✐سەرنجێکی کورت:

✍ مێژوو وەکو خۆی ئاوێنەی بەسەرهات و گێڕانەوەی ڕابردووە ، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانە بە چاك و خراپییەوە کە بە ئاڕاستەییەك شەن و کەوی ڕووداوەکان دەکات، بەخوێندنەوەی پەند لە ڕابردوو وەربگرین و پێ بەو هەلاّنە نەخشێنینەوە کە ڕوو بەڕوومان دەبێتەوە.

ئەوەی لەم کتێبەدا لەهەمبەر گۆڕان و پرۆسەی گۆڕانکاری هاتووە، وێڕای پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر، لە تەکدا بەرگێکی زانستیانە و سەردەمیانەم بەبەردا کردوە کە خوێندنەوەمان بۆی سەرجەلەی دید و تێڕوانینی هەمووان بێت بۆ ژیان، ئەو ژیانەی هەموو جومگە و کایەکانی بەردەوام لە گۆڕاندایەو کەس لەئێمە لەم هەڵمەتە بێبەش نییە کە تەوژمێکە هەر یەکە پشکی خۆی بەردەکەوێ و ئەوەی لێی دابڕێ ئەوا لەکاروانی مرۆڤایەتیدا کەنارگیر دەبێت. بۆیە بەدیاریکراوی پەنجەم نەخستۆتە سەر هیچ کەس و گروپ و حزبێك و هیچ مەبەستێکم لە تەشهیر و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنێك بۆ هیچ حزبێکی کوردستانی نییە تەنها وەك خەتی گشتی لە خوێندنەوەم بۆ ژیاننامەی (هیتلەر و سەدام و موعەمەر قەزافی و حوسنی موبارەك و بەشار ئەسەد و زەینولعابیدەین و عەلی عەبدولاّ صالح)ەوە بۆ باسەکان ڕۆیشتووم کە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ لەسەری بوەستم، ئەوەش تێگەیشتنی منە بۆ ئەو واقیعەی سوننەتی ژیان کە ئەگەر سیفەت و خەسڵەتێکی نەخوازراو و ناجۆر بەرۆکی گرتین، بەخۆدا بچینەوە و کار بۆ چاککردنی بکەین، وەئەگینە ئەمە سروشتی مێژووە ڕوحم بەکەس ناکات و کەس هەڵنابورێ.

*نووسەر*

### سوپاس و پێزانینم بۆ:

- حاجی( نائلە ئەبوبەکر صالح تاڵەبانی ) کە بەهەموو تەمەنی خۆم، خۆم بەقەرزاری دەزانم و هەڵوێستە جوانەکانی لەبیر ناکەم.
- کاك( نەوزاد سمایل ڕشید ) خاوەنی کۆمپانیای ئالات-لقی هەولێر کە هەمیشە هاوکاری تەنگانەم بووە و هەموو ئەوانەی پشتیوانیان کردووم بە وشە و وتە و ئامۆژگاییەك ڕێنیشاندەر بوونە و ورەیان لە دڵ و دەروون ڕواندووم.

# پێشەکی

✍نووسینی: مسعود عبدالخالق

ناشیٚ بلێین ئەو بوونەوەرەی ئێمە (بەهەر حەفت ئاسمانەوە) تاکە (خەلقی) خودا بێت، چونکە سیفەتی خودا (خلاق)ە، بۆیە بەردەوام خەلقی تری هەیە، مەرجیش نییە خەلقەکانی تری بە پێوانە و مەنتیق و یاسای ئێرە بێت، یاسای هەرە بنچینەی ئەو بوونەوەرەی ئێمە (گۆڕان)ە، بۆیە نووسەر (کاك شاخەوان عەلی) یەخەگیری بابەتێکی یەکجار گرنگ بووە لەسەر هەر (٣) ئاستی زانستی و ئایینی و فەلسەفی، ژیانی ڕۆژانەشمان زۆر بەندە بە (گۆڕان)، هەر لە چاکسازی و شۆڕش و دەوڵەتداری و شارستانی و.... هەمووی لە ئامێزی ئەو چەمکەیە، بۆیە زۆرترین پانتایی گفت وگۆی فەلسەفی و سیاسی و ئایینی لەسەر کراوە، لەبارەی شمولیەتی، داینەمۆی، ئامانجی، فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لەسەر گۆڕان، جیاوازی گۆڕان و جولان، گۆڕان و گەشە، لەلایەکی تریشەوە گۆڕانە هێواش و گۆڕانە توندەکانیش مش و مڕی لەسەرە ئاخۆ کامیان ڕەسەنە؟ کامیان ئامانجەکان دەپێکیٚ؟ لەگەڵ زۆر پرسی تر لەبارەی گۆڕانەوە.

بەگشتی ئەو بوونەوەرەی ئێمە هەمووی لە گۆڕاندا نیە وەك کۆمەڵێك بۆچونی فەلسەفی و زانستی وای بۆ چووینە، تەنانەت وەك ئەوەی لە فقهی ئاینیش لەبارەی ( ثوابت و تغیرات) هاتوە ئاوا نیە، بەڵکو بوونەوەر دابەش دەبێت بۆ چەسپاو و گۆڕاو، لە قورئانی پیرۆزیش باس لە (أمر) و(خلق) دەکات، واتە خودای گەورە بۆ ئەو بوونەوەرە هەر خەلقی نییە، وەك بەزۆری وای تێگەیشتوون بەڵکو (أمر)یشی هەیە (الا لە الخلق والامر)، (أمر) چەسپاوە، نەگۆڕە، بێهۆکارە، زەمەنی لا نییە، دەماودەستە، نەمرە، شت نییە،.....

هەرچی خەلقە گۆڕاوە، هۆکاردارە، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆشی بە زەمەن هەیە، کە باسی گۆڕان دەکەین دەبیٚ لە مەیدانی (خلق) بەدوای بگەڕێین نەك (أمر)، ئێمە لەسەر ئەو بنچینەیە ئەوەی ناوی (شتە) لە جولە و گۆڕاندایە، وەستان نیە، تەنها ئەوەی بە وەستاویشی دەبینین، ئەوا نسبیە، ئەگینا لە چەندین لا و بەچەندین ئاراستە دەگۆڕێت، لە چەندایەتی بۆ چۆایەتی، لە جولەی میکانیکی بۆ گۆڕانی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆجی، بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و فکری، فاکتەرەکانی دەرەکیش

بەیاسا کاری لێدەکات بەجۆرێك تا لە لوتکە ( واتە گۆڕانی فکری) بۆ هەرە نزم (جولەی میکانیکی) بەڕێکەوین فاکتەری ناوەکی ڕۆڵی کەم دەبێتەوە و ڕۆڵی فاکتەری دەرەکی بەهێز دەبێت، پێچەوانەش هەر ڕاستە، ئەوە ڕێسای بنچینەی گۆڕانە، بەو شێوەیە گۆڕانی سروشتی ناوەستێتە سەر خۆی بەڵکو زیاتر فاکتەرە دەرەکیەکان دەیانگۆڕن، هەرچی کۆمەڵایەتیە ( هەر بەگوێرەی ئەو ڕێسایە) زیاتر دەکەوێتەسەر ناوەکی، بۆیە لە ڕێنمایی ئاینیش باس لەوە دەکات کە گۆڕان ناکرێت تا لە خۆت نەکەی، ئەگینا دووچاری سیستەمی دیکتاتۆری و ستەمکار دەبیت، وەك زۆربەی پانتایی مێژوو واهاتووە، ئەو کات لەجیاتی گۆڕانی هێواش و چاکسازی ناچارت دەکا ڕوو لە گۆڕانی بەتوندوتیژی بکەی، ئەوەش بەشێکە لە گۆڕان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ستوونی و دوور لە مەدەنیەت، هەر دوو جۆرە گۆڕانکاری بەخۆشی و گۆڕانکاری بە شۆڕش و ڕاپەڕین پێویستن لە هەلومەرجی خۆی، بەڵام تا کۆمەڵگە بەرەو پێش بچێت کەمتر پێویستی بە گۆڕانی توند دەبێت، لە هەموو ئەوانە مەدرەسە و ڕارەوە فکری و سیاسیەکان لێك جیان، لەسەر ئەو بنچینەیە مرۆڤایەتی دابەش بووینە بەسەر شارستانی و مەدرەسە و سیستەمی جیا، لەو دەمە ڕۆژئاوا توانیویەتی نموونەیەك ( وەك ئەحسەن مەوجود) دروست بکات، بەڵام ئەوە کۆتایی مێژوو نیە، چونکە هێشتا کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی مەزن لەسەر ئەو زەویە بەردەوامە، بێچارەیە، پێویستی بە گۆڕان و چاکسازی مەزن هەیە، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین کە یەکێکە لەوانەی هەستی بەو پێویستیە کردووە، بەهیوام خوێنەر بەو سەرنجە قوولە نووسینەکەی بخوێنێتەوە و بەخێراییش بیخاتە واری جێ بەجێ کردن.

۞ ۞ ۞

## کلیلی پێکهاتەی سەرەکی ئەم کتێبە...

گۆڕان ئەو بارەیە بمانەوێ و نەمانەوێ لە دەرگای هەمووماڵێك دەدات، لێرەدا کلیلدانی دەرگاکان هیچ سوودێکی نییە ئەگەر بمانەوێ ڕێ لە هاتنە ژوورەوەی بگرین، بۆیە باشترین شت ئەوەیە پێشوازی لێبکەین و بزانین چ دیارییەکی بۆ هێناوین (دیاری خێر یان شەڕ) لەوەشدا ئەوەی گرنگە ئاخۆ کام لەم دوو دیارییە وەربگرین؟! هەمیشە خێر خێری بەدواوەیە و شەڕیش جگە لە ماڵوێرانی و سەرگەردانی، هیچ شتێکی باش و چاکەی لێ سەوز نابێت.. وەك ڕێخۆشییەك بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران، ئەم کتێبە لە شەش بەش پێکهاتووە.

✐بەشی یەکەم:

❑گۆڕان چییە؟!

❑ستراتیژ و پرەنسیپەکانی گۆڕان.

❑فەلسەفەی گۆڕان.

❑گۆڕان لە ڕوانگەی قوتابخانە جیاوازەکانەوە...

❑جۆرەکانی گۆڕان چین؟!چ کاتێك گۆڕان بەرپا دەکرێت؟!

✐بەشی دووەم:

گۆڕان و ململانێی ئایدۆلۆژیاکان.....

❑ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی.

❑ئایدۆلۆژای سەرمایەداری.

❑ئایدۆلۆژیای ئیسلامی.

✐بەشی سێیەم:

❑ هەڵبژاردنەکانی بەردەم مرۆڤ چین؟!

❑ گەندەڵی...

❑ تیرۆر....

❑تیرۆر و گەندەڵی وەك ڕووی دراوێك...

❑شەرعیەتی شۆڕشگێڕی

✐بەشی چوارەم:

❑بنەماکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت

❑ژیاننامەی دیکتاتۆرەکان....ئەدۆلف هیتلەر – سەدام حوسێن بە نموونە

❑تەمەنی دیکتاتۆرەکان بە شەڕ درێژکراوەتەوە.

✐بەشی پێنجەم

❑کێن ئەوانەی گۆڕان بەرپا دەکەن؟!

❑ ئەو خاڵە جەوهەریانە چین کە ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕن؟!

✐بەشی شەشەم:

❑ئامرازەکانی گۆڕان چین؟!

❑ئەنجامی کۆتایی...

بەهیوای ئەوەی خزمەتێك بە کتێبخانەی کوردی و خوێنەران بگەیەنین..خوای پەروەردگار لە چاکەکاندا خێرمان بنووسێ و لە خراپەکانیشدا بەگەورەیی خۆی لێمان ببورێت.

## دەروازە....



✍سروشتی مرۆڤ وا خوڵقاوە، دەست بردن بۆ هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات مەرج نییە سەد لە سەد تیایدا سەرکەوتوو بێت، بەواتایەکی دیکە هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات، ئەوانەیشی هەڵە ناکەن ئەو کەسانەن دارێك نانێنە سەر بەردێك و هیچ جووڵە و جموجۆڵێکیان نییە.ئەگەر زۆر قسەمان کرد و کەمتر بیرمان کردەوە[١]، هیچ بەروبوومێکی هزریی و مەعریفی و زانستیمان نابێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی هەڵە، ئەو هەڵانەی سەر بۆ تاوان دەکێشن، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: "هەر کەسێك زۆر قسەی کرد، زۆر هەڵە دەکات، ئەوەی زۆر هەڵە بکات، گوناهی زۆر دەبێت، ئەوەی زۆر گوناه بکات، شوێنی جەهەننەمە"[٢].

بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت، پێویستیمان بە بیرکردنەوەیە.. بیرکردنەوە دوو جۆرە:

**یەکەم**:بیرکردنەوەیەك بۆ گەیشتن بە(هەقیقەت) ئەوەیە گومان ببەین: گومان لەو شتانەی لە دەوروبەرماندایە.

---

[١] - هەموومان قسە دەکەین و دەرەقەتی قسە دێین (قسەکردن کارێکی بێ ئەرکە و هیچ تێچوونییەکی نییە)، بەڵام ئاخۆ لەخۆمان پرسیوە تا چەند ئەو قسانەی دەیکەین، جێی خۆیان گرتووە؟ مرۆڤ پێویستە هەر قسەکەر نەبێت وەك دیکتاتۆرەکان کە قسەکەرن و گوێگرنین.. گوێگرتنیش هەموو کات ئەگەر قسەی تێدا نەکرێ ناتوانێ هەقی خۆی پێ بدات،.. خوای پەروەردگار دوو گوێ و یەك دەمی بە مرۆڤ بەخشیووە بۆ ئەوەی قسەیەك بکات و گوێبیستی دووانیان بێت.

[٢] - صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته: من كثر كلامه كثر سقطه و من كثر سقط كثرت ذنوبه و من كثرت ذنوبه كانت النار أولى به. ئەم فەرموودەیە شێخ ئەلبانی بە لاواز(ضعیف)ی داناوە.

**دووەم: بیرکردنەوەیەك بۆ گەیشتن بە(هەقیقەت)، ئەوەیە گومان نەبەین: بەلاَم بۆ ڕەوینەوەی تەم و مژی ئەو گومانانە پێویستە لە شتەکانی دەوروبەرمان ڕابمێنین و پرسیار بکەین، ئەو پرسیارانەی کۆتایی بە گومان دێنن.. گومان شاڕێگەی دۆزینەوەی هەقیقەتە. کاتێك هەقیقەتمان ناسی، لێی بەگومان نابین.**

**سەبارەت بە خاڵی یەکەم: لە بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە(هەقیقەت)، بەسەرهاتێکی پێغەمبەر ئیبراهیم(علیه السلام) بە نموونە دەهێنینەوە وەك لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ دراوە:** ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ٧٥ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ٧٦ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ٧٧ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٧٨ ﴾ الأنعام. ***﴿بەو شێوەیە دەسەلاَتی تۆکمەمان لە ئاسمانەکان و زەویدا نیشانی ئیبراهیم دەدەین بۆ ئەوەی بەڵگە بەدەست بێت و لە ڕێزی دڵنیاکاندا بێت، ئینجا کاتێك شەو باڵی کێشا بەسەر ئیبراهیمدا ئەستێرەیەکی (گەشی گەورەی) بینی، بۆیە وتی: ئاگادارین، وا دابنێین ئەمە پەروەردگارمە، کاتێك ئەستێرەکەی لێ ئاوا بوو، وتی: من شتی لەبەرچاو ون بووم خۆش ناوێت و نایپەرستم، ئینجا کاتێك مانگی بینی هەڵهات، وتی: ئاگادارین، وا دابنێین ئەمەیان پەروەردگارمە، کاتێك ئەویش ئاوابوو، وتی: سوێند بێت بە خوا ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتی نەدامایە، ئەوە بێگومان لە ریزی دەستەی گومڕاکاندا دەبووم، ئینجا کاتێك خۆری بینی هەڵهات، وتی: ئاگادارین، وا دابنێین ئەمەیان پەروەردگارمە، ئەمە گەورەتریشە، کاتێك ئەویش ئاوا بوو، وتی: ئەی خەڵکینە، ئەی خزمینە، بە ڕاستی من بەریم لەو شتانەی ئێوە کردووتانە بە هاوەڵ و شەریك بۆ پەروەردگار ٧٨﴾***[3]

[3] - بورهان محمد امین: تەفسری ئاسان-جوزئی حەوتەم- سورەتی (الانعام) –لە بلاَوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر- چاپخانەی (نشر احسان)- سلێمانی- هەولێر-٢٠٠٤، ل١٣٧

دوای دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕاستی ، تاوەکو دڵی بێقەراری ئارام بگرێت ئەوجارەیان دەیەوێ بزانێ ئایا دوای مردن زیندووبوونەوە هەیە؟ بەڵگەکان بۆ ئەو ڕۆژە چین کە باس لە زیندووبوونەوە دەکەن؟ ئەو بیرۆکەی بەکەلکەلە گوزەر دەکات و خەیاڵبردنێکە نەك ئەوەی لە مردن و زیندووبوونەوەی دوای مرد بە گومان بێت.. بەڵکو دەیەوێ نیشانە و نموونەییەکی زیندوو بە چاوانی ببینێت، موخاتەبەی خوای پەروەردگار دەکات :﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ الْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ البقرة: ٢٦٠

واتا:﴿ ***بەیاد بهێنە، کاتێك ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی: ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبراهیم وتی:بەڵێ (باوەڕم هەیە) بەڵام حەز دەکەم (بەچاوی خۆم ببینم) تا دڵم ئارام بگرێت. خوا فەرمووی: جا کەواتە چوار باڵندە بهێنە و جوان سەرنجیان بدە و دوایی هەر چواریان سەرببڕەو گۆشت و خوێنیان تێکەڵ بکە، ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێك هەندێك لەو تێکەڵەیە دابنێ، پاشان بانگیان بکە، بە گورجی و بە پەلە هەموویان دێنەوە بۆ لات و چاك بزانە و دڵنیابە بەڕاستی خوا باڵادەست و کار بەجێ یە***[4]﴾.

بتەکان لەمێژوودا بەرهەمی (بیرکردنەوەی دۆگماتی)یە کاتێك مرۆڤ بەبێ بیرکردنەوە دایدەتاشێ و پیرۆزی دەکات..لەم ڕۆژگارە کەسانێ هەن لەڕوانگەی ئەو بتانەوە سەیری سەرۆکەکەیان دەکەن، لەکاتێکدا سەرۆك هەرچییەك بێت لەڕووی بایۆلۆجی و جەستەو ئەقڵەوە وەکو ئێمە مرۆڤە و هیچ شتێکی زیاتری نییە، وەلێ ، ئەوە ئێمەین ئەو بەرگە ئەفسوناویەی بە باڵا دەبڕین و زۆر لەو قاوغەی هەیە گەورە و پیرۆزتری دەکەین و دەیکەینە دیکتاتۆر و خۆبەزلزان و خۆپەرست و خوێنڕێژ، ئەگەرچی هەموومان لە بنەڕەتدا یەك کەسین (لا حول و لا قوة الا بالله)، هیچ کەسێك ناتوانێ بڕیار لەسەر ئەقڵی کۆمەڵگایەك بدات ئەگەر ئەو بتانە بەپیرۆز نەزانن و نەیپەرستن .

---

[4] - تەفسیری ئاسان، جوزئی سێیەم، ل٤٣

هەموو مرۆڤێك هەڵە دەكات، پاداشت بۆ ئەو كەسە نییە كە هەڵە دەدۆزێتەوە.. بایەخی هەڵە لەوەدایە هەڵە ببینیٚ و كار بۆ ڕاستكردنەوەی بكات.. ئەوانەی دەیانەویٚ گۆڕان بەرپا بكەن دەبیٚ بانگەواز بۆ شتێك بكەن كە كۆمەڵگا لێی بیٚ بەشە و بەجۆریٚ لەجۆرەكان فەرامۆش كراوە، ئەوەش خۆی لە ڕاستكردنەوەی هەڵە و پەڵەو ناڕێكییەكان دەبینێتەوە، بە كلۆجیٚ تاوەكو دەستنیشانی كەم و كوڕییەكان نەكەین، ناتوانین كار لەسەر هەستانەوەیان بكەین.

گەورەیی و سادەیی مرۆڤ لە هەر پلە و پۆست و پایە و كایەییەكی كۆمەڵایەتی ئەوەیە كاتێك دركی بەهەڵە كرد دانی پێدا بنێت.. جوانترین هەوێن بۆ ئەم قسانە، وتەیەكی بیرمەندی یۆنانی( سوقرات)ە كە دەڵیٚ: **(من و خەڵكی ئەسینا نەزانین، من دەزانم نەزانم، بەڵام خەڵكی ئەسینا ئەوەندە زانا نین كە بزانن نەزانن).**

پێویستییەكان لەمەڕ بەدیهێنانی ئەو پرۆسەیە بۆ ئەو هەڵانەی دەیكەین، ئەگەر هیتەرمان هەبوو، ئایا هیتەر بەبیٚ تەزووی كارەبا گەرمی دەدات؟ ئەگەر ئۆتۆمبێلمان هەبوو، ئایا ئۆتۆمبێل بەبیٚ پاتری و ڕۆن و بەنزین ئیش دەكات؟ ئەگەر وتمان: بەڵیٚ هیتەر بەبیٚ تەزووی كارەبا گەرمی دەبەخشیٚ و ئۆتۆمبێل بەبیٚ پاتری و ڕۆن و بەنزین كار دەكات، ئەو وەڵامە پەلكێشمان دەكات كە وەڵامی هەڵە بەهەڵە بدەینەوە.

هەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە وەك جامی سەیارە وایە دەبیٚ بەردەوام بۆ پێشەوەی خۆمان بڕوانین، بەڵام زۆر زەروورە ناوە ناوە لەڕێی ئاوێنەكانەوە ئاوڕێكی دواوەی خۆمان بدەینەوە و هەندیٚ جار گەڕانەوە بۆ ڕابردوو پێویستییەكە تا بزانین لە ڕابردوو چیمان كردووە و بۆ لەمەودوا چی بكەین.

" نابیٚ بەردەوام وێڵی دوای هەڵەكانی ڕابردوومان ببین و خۆمان لەبیر بكەین، وە ئەگینا وەك ئەو جوتیارەمان لیٚ دیٚ كە لەزەمانی زوودا ساڵێكیان باڵندە بەپۆڵ ڕوو لەو مەملەكەتە دەكات و جوتیارەكە هەر خەریكی پاسەوانی گەنمەكەی دەبیٚ و ناوێریٚ گەنمەكەی بچێنێت چونكە دەترسیٚ باڵندەكان گەنمەكەی بخۆن و لەو سەرییەوە زەرەر بكات.. وەرزی چاندن بەسەر چوو، ئێستایش گەنمەكەی نەچاند... پەندەكە لێرەدا ئەوەیە جوتیارەكە توانی پارێزگاری لەگەنمەكەی بكات ونەهێڵیٚ

باڵندە زیانی پێ بگەیەنن، بەڵام قازانجی بەروبوومی ساڵێکی لەدەست چوو.. بەو واتایە لەقاوغێکدا قەتیس دەمێنێ بە تێپەڕبوونی باندۆلی کاتژمێر لەقاوغەکەی سیس دەبێتەوە" [5]

یەکێك لە شاڕێگە سەرەکییەکانی لابردنی لەمپەڕ و گرفتەکانی ژیان بوونی ئەزموون و ئەنجامدانی هەڵەیە. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (کل بني أدم خطاء و خير الخطائين التوابون)[6]

ئەوەی لە سیاقی ئەم فەرموودە دەفامرێ ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات، بەڵام چاکترینیان ئەو کەسەیە هەڵەیەکی کرد، بتوانێ دانی پێدا بنێ و بگەڕێتەوە.

(پاسکاڵ) دەڵێت: "مرۆڤ هەمیشە بەدوای باشترین ناو دەگەڕێ بۆ ئەو هەڵانەی لە ڕابردوودا کردوونی و ناویان دەنێت ئەزموون". کە وتمان مرۆڤ بێ هەڵە و پەڵە (معصوم) نیە، زۆر کەس لە دۆڕان دەترسێن و نیگەران دەبن و خۆیان لە تاقیکردنەوە مەترسیدارەکان بەدوور دەگرن. لەکاتێکدا پێویستە لە نۆژەندا بە تێکشکان و شکست دانەمێنن و لەبری تاریکی، مۆم دابگیرسێنن.. هەڵە تام و چێژ بە مرۆڤ دەبەخشێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەمان شت تام نەکاتەوە و هەر هەڵەیەك ڕێگەی سەرکەوتنی نیشان بدات کە لە شکستخواردندا ئەزموون وەربگرێت.

هیچ هەڵەییەك نییە مەگەر ڕاستیەکی تێدایە و هەموو ڕاستییەکیش هەڵەیەکی تێدایە و هەردوو حاڵەتەکە لەخزمەت گەیشتن بە ڕاستییەکانن.. تەنانەت هیچ کەسێك هەمیشە لەسەر هەڵە نییە، ئەوەتا کاتژمێری لەکارکەوتوویش لە شەو وڕۆژێکدا دوو جار ڕاست دەکات.

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاقڵە و ئەو تایبەتمەندیە وایکردووە لە بوونەوەرەکانی تر جیا بێت.

کارڵ مارکس دەڵێ: (ئەقڵ بەردەوام بوونی هەبووە بەڵام هەمیشە بەشێوەیەکی ئاقڵانە نەبووە). ئەو وتەیە دەکرێ شۆڕبکرێتەوە بۆ ئەو سیاسیە نائەقڵانەی نازانن

---

[5] - فەرهاد قادر ئۆمەر: ڕۆژنامەی( کوردستان راپۆرت) ژمارە( ٢٧٣ ) ساڵی ٢٠٠٧

[6] -أخرجه الترمذي و حسنه اللالباني.

چۆن بڕیار وەربگرن لەکاتێکدا ئەلتەرناتیڤی دروست و گونجاویان لەبەردەم دایە، بەڵام بەهۆی لووت بەرزی و گوێنەگرتنەوە پیادەی هەڵەکانیان دەکەن، بڕیاری هەڵە لەدوای هەڵە، هەر هەڵەیەك دەیکەن پێیان وایە لەسەر هەقن و ڕاست دەکەن، بەو هۆیەوە هەڵەکانی خۆیانی پێ دەشارنەوە .

دەوترێ: بوونی پۆلیسێك لەسەر شەقامێکی پاریس و بەرلین و مۆسکۆ...هتد، یانی چاودێری یاسایی یاخود سمبولی سزا بۆ ئەوانەی یاساشکێنی دەکەن.

کاتێك دادپەروەری لوول دەدرێ و دەپێچرێتەوەو لە نۆژەندا جەور و ستەم جاڕدەدرێ... ڕەوشت و ئاکار هیچ بەهاییەکی ئەوتۆی نامێنێ و خۆپەرستی جێی خۆشەویستی لەق دەکات، ئا لێرەدا دەرگا داخراوەکان بۆ کوشت و بڕ و ڕق و کینە و قۆرخکاری دەکرێنەوە. ئەگەر بپرسن: چۆن؟ لەوەڵامدا دەڵێین: لە هەر شوێنێك دادپەروەری هەڵگیرا، یاسا تیایدا سەروەر نابێت، لەهەر شوێنێك یاسا نەبوو، گەندەڵی چرۆ دەکات و ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتێ، بەمەیش دەرفەت بۆ بەرپرس و دەستڕۆیشتوان دەڕەخسێنێ تاوەکو قات و قڕی و قەیرانی دەستکرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بخوڵقێنن و بارودۆخەکە بقۆزنەوە و بەپای پیلان پارەو سامانی میللەت بەهەدەر بدەن کە بەشێوەیەکی گشتی ئازادییەکان بەرتەسك دەبنەوە، جا کاتێك مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دادەشۆرێ و دەبێتە گیانەوەرێکی دڕندە، ئیتر هەرچییەك بکات و پەنا بباتە هەر کارێکی نەگریس، شەرمی پێ نییە (دزی-درۆ- بێ ئەمەك و بێ بەڵێنی و...هتد) لەهەموو ئەو شتانەی خراپن، هەموو ئەمانە دەبن بە شتێکی چاك و بەباشی دەزانێ و شانازی پێوە دەکات.

دیسان کە ڕەوشت هیچ بەهاییەکی نەما، خۆپەرستی لەدایك دەبێ و جێی خۆشەویستی دەگرێتەوە کە یەکتر قبوڵ نەکەن، بەمەیش ئاساییە تۆمەت ببەخشنەوە، سیناریۆی بێ بنەما بۆ یەك هەڵببەستن وەك ( تیرۆریستە- دەستی لە پشتە- ئاژاوەگێڕە- هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنی قەومی و...هتد)

" هەرچی شەڕو ئاژاوەییەك لە جیهاندا ڕوو دەدات، هەمووی لەوەوەیە زۆرداری دەکرێت، واتا: دادپەروەری بەکار ناهێنرێت. چونکە هەموو چاکەییەك لە دادپەروەرییەوە دێتەدی، وەك: ڕاستگۆیی، سەرڕاستی، ڕاستی، دروستی،

دۆستایەتی، میللەتپەروەری، نیشتمان پەروەری، جیهان دۆستی، چاکەدانەوە، داوێن پاکی، دەروون ئازادی، سەربەستی. هەموو خراپەییەکیش لە زۆرداری دەوەشێتەوە، وەك: دزی، قسەهێنان و بردن، گزی کردن، سپڵەیی، سەرشۆڕی، دەست درێژی"[٧]

" سەلاحەددینی ئەیووبی توانی ئەو فەرمانڕەواییە گەورە و فراوانە ببات بە ڕێوەو لەشکری بیست و دوو دەوڵەتی ئەوروپایی بشکێنێ و سەر بەهەموو شاهێکی ناپاکی ڕۆژهەڵاتی دابنەوێنێ و ئەو هەموو ناوبانگە چاك و پاك و پیرۆزەی دەست بکەوێ، هۆیەکەی ئەوەبوو: لە کردەوە و ڕەفتارەکانیدا دادپەروەر بوو. هەندێ جاریش لە (دادپەروەری)ی دەەترازاند و (چاکەخوازی)ی بەکار دەهێنا، کە لە (دادپەروەری) بەنرختر بوو"[٨]

سیاسەت بەشێکە لە زانستی ئەخلاق، ئەگەرچی لەلایەن کەسانێکی سادە و عەوامەوە جەوهەری ئەو چەمکەیان شێواندووە گوایە لە سیاسەتدا ئەخلاق نییە، بێگومان هەر ئامانجی ئەخلاقە وا دەکات مرۆڤ بەختەوەر و خۆشگوزەران بژی، ترازان لە ئەخلاق کە لەسیاسەت داڕندرا، سیستەمێکی شموولی خۆی قوت دەکاتەوە ئەگەر دادپەروەریش بەرپا بکات، دەسەڵات دەستاو دەست ناکات.

لە وڵاتی (ئیماراتی عەرەبی) دەسەڵاتی میرنیشینەکان دەستاو دەستکردنە لەبازنەی ئەو بنەماڵە (خێزانی میر)..کاتێك دروشمی (من الرمل الی السحاب –لە لمەوە بۆ هەور)یان بەرز کردەوە، توانیان بەهەشتێك بخوڵقێنن لەو سەری دنیاوە سەرنجی گەشتیاران بۆ وڵاتەکەیان ڕابکێشن و پەرە بە جموجوڵی بازرگانی و وەبەرهێنان و...هتد بدەن.. جا سەرەڕای ئەو کارانەی ئەنجامیانداوە، دوو ئەوەندەیش کاریان لەسەر ستراکتۆری بەهای مرۆڤایەتی و ئەخلاقی کردووە کە هاوڵاتیان لەژێر چەتر و سێبەری ئەو حوکمەدا هەست بە شوناس و بوونی خۆیان بکەن.

[٧] - شاکر فەتاح: ئاهەنگی ڕۆشنبیران،چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٣، ل٢٦

[٨] - هەمان سەرچاوە، ل٢٥

ئەو دەستەواژە دیموکراسییەی ئەمڕۆ لە جیهانی سیاسەت دەگوزەرێ ( گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە)، دەبێ لەتەواوی کایە و جومگە سەرەکییەکانی دام و دەزگا و ئایندەی خەڵك و ئەرك و پلانی حوکمڕانی ڕەنگ بداتەوە.

" دیموکراتییەت نە کاڵایەکە تا لەڕێی خوا ببەخشرێ ، نە ئارەزوو و حەز و هەوەسیشە، بەڵکو ئەوە خواست و پێداویستییە هەنووکەییەکانە، بەو پێیەی هاوبەشی لەماف و ئەرکەکان بە هاوڵاتی ڕێك دەخات، پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان دەسەڵاتدارو خەڵك دەخولقێنێ "[٩].

ئەوانەی دەبنە بەرپرس ئەرکی سەرشانیان خزمەتکردنی خەڵك و چاودێریکردنی ژیان و گوزەرانیانە ، بۆیە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و بەرپاکردنی دادگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی و ئاینییە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك.

✍سەید جەمالەدینی ئەفغانی دەڵێت:

گەل بەبێ ڕەوشت و خووی بەرز نابێت، ڕەوشت و خووش بەبێ بیروباوەڕ نابێت، بیروباوەڕیش بەبێ تێگەیشتن نابێت.

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: ﴿ نەوەکانی ئادەم بەشی خۆیان لە زینا لەسەر نووسراوە، ئەمەیش گومانی تێدا نییە کە تووشی دەبێت زینای چاوەکان سەیرکردنە و زینای گوێیەکان گوێگرتنە و زینای زمان قسەکردنە و زینای دەستەکان وەشاندنیانە و زینای قاچەکان هەنگاوەکانیەتی، دڵیش ئارەزوو دەکات و ئاوات دەخوازێت، دامێنیش یان پەسندی دەکات یان پەسندی ناکات﴾ هەر کەسێك بینایی بەڕەڵا بکات دڵنیا نابێت لەوەی دامێنیشی ئەوە پەسەند نەکات..هەموو ڕووداوێك سەرەتاکەی لە بینین و ڕوانینەوەییە و بڵێسەی ئاگریش لە پشکۆیەکەوە دروست دەبێت، وەك بابە تاهیری هەمەدانی دەڵێت:

بەڵایە دڵ خوایە دڵ بەڵایە
کە چاو تاوان ئەکا دڵ موبتەلایە

[٩] - فەرهاد قادر ئۆمەر- گۆڤاری (ستاندەر) ل ٤٧، ژمارە (٣٦) ساڵی چوارەم ـ تەموزی ٢٠٠٩

**ئەگەر چاوان، نەکەن چاوبازی ئاخر!**

**دڵم چوزانێ جوان ها لە چ لایە**

* * *

**" ڕەوشت و خووی بەرز و جوان بەمانای فراوانی ئەو وشەییە سیاج و پەڕژینێکە بەدەوری هەر میللەت و کۆمەڵگایەکەوە، میللەت و کۆمەڵگاکان بەڕەوشتی بەرز و جوان دەتوانن بەیەکەوە بژین، ئەگەر خەڵك لەگەڵ یەك ڕاست و ئەمین و دەست پاك بوون و، تەماعیان لە نەفس و ناموسی یەکتر نەبوو، هەروەها گەنج ڕێزی لەپیر گرت و پیریش بەزەیی بەبچووکدا هاتەوە، ئەگەر ئافرەتان بەو شێوەیە کە شەرع بۆی داناون پۆشتەو پەرداغ بوون، ئەگەر پیاوان بەو شێوەیە کە شەرع بۆی داناون خاوەن ئەدەب و ئابڕوو و کەرامەت بوون، ناموس و کەرامەتی خەڵکیان پێ وەك هی خۆیان بوو، ئەگەر هەموو چین و توێژەکان بەو شێوەیە کە شەریعەت بڕیاری داوە ڕەفتاریان بەیەکەوە کرد، بۆ نموونە: حوکمڕان و کاربەدەست دادگەر و ڕەعیەتیش گوێڕایەڵ و فەرمانبەر بوو، ئەوە ئەو میللەتە میللەتێکی پێکەوە گونجاو و دۆست و تەبا و ڕێکوپێك لەنێو خۆیدا.. لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دوژمنان و ناحەزاندا تۆکمە و توندوتۆڵ و پێکەوە جۆشدراو دەبێت، بەڵام میللەتێك کە شیرازەی ڕەوشتی دەپچڕێ و تووشی داڕوخانی ئەخلاقی دەبێ، ئەوە بێگومان لەنێو خۆیدا گەندەڵ دەبێ، وەك دار –درەختێك–ی کرمێ پێویست بەکەس ناکات بیبڕێتەوەو هەر لەبەهانەیە بۆ شەماڵە بایەك کە بیخات، چونکە لەنێو خۆیدا گەندەڵ و کرمۆڵ بووە، بەڵێ داڕووخانی ڕەوشت، میللەتان گەندەڵ و کرمۆڵ دەکات و لە بەیینیان دەبات"[١٠]**

**گەندەڵی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت خۆپەرست بێت، خۆپەرستی مرۆڤ پەلکێش دەکات لە چوارچێوەی تاك و گروپ و حزب و ڕێکخراودا جگە لە خۆی و حزبەکەی، چاوی هیچ شتێکی تر نەبینێت، لەم پێناوە شتێك بەناوی کەم و کوڕی بەدی ناکات و هەموو شتە چەوتەکانی لەلادا ڕاستن.**

---

[١٠] - عەلی باپیر، با وریابین داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگەکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات، چ ١، نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٤-٢٥

" خۆپەرستی ئەو حەز و ئارەزووە شەرمهێن و چەپەڵەیە پاڵ بەکەسی خۆپەرستەوە دەنێت لەکاتی ڕێککەوتنی هەلی گونجاو لەسەر حیسابی خەڵکانی دیکە چێژ وەربگرێت و سوود ببینێ و بەشێوەیەکی بێبەزەییانە مافیان بخوات"[١١]

" سەرۆك لە هەموو دنیا خەڵك مووچەی دەدات و ئەویش خزمەتیان دەکات، هەموو حزبێك دەبێ بە پیتاك و ئابوونە و پرۆژە(پڕۆپەزل) خۆی بژێێنێ (لەتەك ئەو بڕە پارەی هەندێ جار وەك –پاداشت– لەلایەن حکومەتەوە پێیان دەدرێت)، وەلێ لە ولآتانی نادامەزراوەیی دا کلتووری حزبپەرستی و سەرکردەپەرستی زیندوو دەکاتەوە (**سەرکردە بپشمێ، کادیرەکانی تووشی هەلآمەتی سیاسی دێن**)، کوشتەی دەستی ئەو کلتوورە داخراو و تەسك بینانەیە، حزب کادیرەکانی لەسەر حیسابی حکومەت خانەنشین دەکات و موچەیان پێ دەدا و هەر پلەیەك بیەوێ بەبێ کەفائە پێی دەدات و منەتیش بەسەر خەڵك دەکات پردیان بۆ دروست دەکات تا بەختەوەرانە لەسەری بپەڕنەوە (پردێك لە تەختایی کە پێویست بەبوونی ناکات، پردێك پێویستی بە ڕووبارە و ئەو ڕووبارە بوونی نییە کە ئەویش هەست و نەست و ویژدانی مرۆڤەکان خۆیانن)، وەلێ بەگوێیان دەدەن(ئەوانەی توانا و زیرەکی و لێهاتوویی و نفوزێکیان هەیە) بەمەرج دەرگایان بۆ ئاوەلآ دەکەن: فەرموو ئەمرکە ئەگەر بکەوییە دوام (ببیتە بەشێك لە پەیڕەوانی ڕێبازەکەم)، چیت بوێ بۆتی دەکەین و ئەگەر دژایەتیشمان بکەی، قسە و جووڵە و ڕەفتارت لەگەڵ بەرژەوەندی بالآی حزب و سەرکردەکان پێچەوانە بۆوە، تۆ ئەو دەمە خاین و خۆفرۆشی، نانبڕاوت دەکەین و سیناریۆت بۆ دروست دەکەین و بە زمانی تفەنگ و فیشەك دیالۆگت لەگەڵ دەکەین (ئەوانە لەزمانی قەڵەم تێناگەن و نەدەشیانەوێ بەزمانی قەڵەم بدوێن) ،.ئەوەش وتەیەکی بەناوبانگی(جۆزێف گۆبلز)مان دێنێتە یاد کە دەڵێت: (هەر کاتێك گوێم لە وشەی ڕووناکبیر دەبێت، زیاتر هەست بە گرنگی دەمانچەکەم دەکەم)"[١٢]

---

[١١] - هێزی ئیرادە-و: سەلآح سەعدی –چ١/٢٠٠١ –ل٩٧

[١٢] - چاکسازی پرسێك نییە ستراتیژانە بێت، بەڵکو لە ئاستە فیکرییەکەیدا پێویستی بە چارەسەرێکی مێژوییە- چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەمال موختار) لە دیدارێکی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) ساڵی٢٠١١

(جۆرج بۆش)ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دەڵێت: *(ئەوەی دژی تیرۆر نەبێت لەگەڵ تیرۆردایە)* لەم لاوە (ئوسامە بن لادن) ڕێبەری پێشووی ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) بە بەرگێکی تر ئەو قسەیە دەردەبڕێت: *( ئەوەی لەگەڵ هەق نەبێت لەگەڵ باتڵە)* شرۆڤەکاران لە لێکدانەوەی ئەم دوو دەستەواژە ئەوەیان لا دروست بوو کە لۆژیکی ڕەفزکردنەوەی ئەم دوانە بۆ یەك، خزمەتی مرۆڤایەتی نەکردو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا گەورەترین جەنەنگیان دژ بەیەك بەرپا کرد، دنیایان بەرەو وێرانەییەکی سەرتاسەری برد کە جگە لە چاندنی ڕق و کینە، ئەستەمە شوێنەوارەکەی وا بە ئاسانی بسڕێتەوە.

ئەگەر بەگومانەوەی سەیری داهاتوومان کرد، دڵنیایی بۆ خۆمان مسۆگەر ناکەین، ترس لە ئایندە وێنەی ڕاستەقینەی ئایندەمان بۆ ناکێشێ.. گۆڕان پارتێکی ڕێکخراو نییە، پرۆسەییەکە بۆ هێنانەدی ویست و داخوازیەکانی تاك و بەرهەمی بیرکردنەوەییەتی وەکو چۆن سەرکوتکاری ئارەزوومان بۆ دەرپەڕینی هات و هاوار و قاو و قیژە و بەرەنگاری و ڕق لێبوونەوە دەبات، ئەوەش مرۆڤی مەرد و بوێر و چاونەترسی گەرەکە بێتە پێش و قۆڵی خۆی لێ هەڵبماڵێ[١٣].

هەموو شت بە خوێ، خوێش بەمانا، ئەوەتا لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانی دا کاتێك پرسیار لە وەزیری بەرگری ژاپۆن دەکەن ئاخۆ: لەکاتی بۆمبارانکردنی هیرۆشیما و نازاکی دا لەلایەن ئەمریکاوە ئەگەر ئێوە ئەو بۆمبەتان هەبوایە لە ئەمریکاتان دەدا؟

---

[١٣] - سەرخەری کارەبایی(بەرزەك –مصعد)کاتێك دادەندرێ بەگوێرەی ئەو قەبارەی دروستی دەکەن،ئەندازەیەکی دیاریکراوی هەیە و لە ڕێنماییەکان دەنووسرێ: بارتەقای هەڵگرتنی ئەو مەسعەدە ئەوەندە کیلۆیە لەخۆ دەگرێ و لەوە زیاتر هەڵناگرێت، بگرە زەنگێکی بۆ دادەنێن وەك ئاماژەیەك بۆ ئاگادارکردنەوە،.بۆ نموونە ئەگەر بتوانین بارێك هەڵبگرین قورسیەکەی ٧٠-٨٠کیلۆ بێت، بۆچی خۆمان لەهەڵگرتنی ئەو بارانە بدزینەوە کە ڕەنگە قورسیەکەی ٦٠-٧٠کیلۆ یان کەمێك زیاتربێ و توانامان هەبێت هەڵیبگرین، کەچی هەمیشە بیر لەوە دەکەینەوە تەنها ئەو بارانە بنێنینە کۆڵ کە قورسیەکەی لە١٠-٢٠کیلۆ زیاتر نەبێت. ئەوانەی نان و ناویان پێ لە نەمانی ڕژێمێك باشتربێ، دەبێ گۆڕان لە شەقامەوە دەست پێ بکات.

ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: ئەگەر ئەو جۆرە بۆمبایەمان هەبوایە هەر لە ئەوەلەوە ئەمریکا نەیدەوێرا لێمان بدات،

گۆڕان[١٤] داینەمۆی بەردەوامی و ڕەوڕەوەی ژیان و شارستانیەتە.. پرۆسێسێکە کودەتا بەسەر شتە چەقبەستووەکان دەکات و ئەو چەمکەیە وەك زانستێکی سەربەخۆ بووەتە بابەتی سەردەم و دروشم و پەیامەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانەن کە هەموو لایەك بە شەوقەوە لەچاوەڕوانی هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێدابن.

دەوترێ گۆڕانی سیاسی وەك تەسبێح وایە بە جوڵاندنی دەنکێك، هەموو دەنکەکانی دیکە دەکەوێتە جولە.. هەر گۆڕانێك بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێت، ئەو قالب و خشتەی پێویستە کە لەبەرزکردنەوەی ئەو دیوارەدا دەبێ بەلێزانی لەشوێنی خۆی دابندرێ، لێرەدا سێ ڕەهەندی گرنگ هەیە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، ئەوانیش:

*یەکەم: ئامانج.*

*دووەم: پلان.*

*سێ یەم: پرس و ڕاوێژ.*

"ئەگەر دەست لە گۆڕانکاری هەڵبگریت، ئەوە کۆتاییت بەژیانی خۆت هێناوە–بنیامین فرانکلین"

لەهەر کۆمەڵگایەك گۆڕان نەبێ، ئەو کۆمەڵگایە پێش ناکەوێ و چەقبەستووی هەموو بەستێنە و ڕەهەندەکان لەوەدا بەرجەستە دەبن گەر هەمووان بەیەك ئاڕاستە ڕێ بکەن و وابزانن چەند برۆن و بچنە پێشەوە، پێش دەکەون، ئەوانە بێ ئاگان، نازانن سەرەنجام دەچنەوە ئەو شوێنەی لێیەوە دەستیان پێ کردووە... لەو ڕوانگەوە ناتوانین باسی سبەینێیەکی ئاسوودە بکەین ئەگەر توێژینەوە لەسەر دوێنی شکستخواروومان نەکەین، ئەوەش بە شکانی ئەو بێدەنگییە دروست دەبێت بۆ ئەوەی هەموومان لەو نهێنیانە تێ بگەین کە تا بە ئەمڕۆ ڕادەگات هیچمان لەبارەیەوە نەدەزانی. ( **بێدەنگی یان مانای ڕەزامەندییە یان مانای تێنەگەیشتنە- لینین).**

---

[١٤] - وشەی گۆڕان بۆ یەکەمجار لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن کەمپینەکەی (باراك ئۆباما)وە لەهەمبەر سیاسەتی نەیارەکانی بەکار هێندرا.

زۆر جاریش دەوترێ: پرۆسەی گۆڕان سەخت و گران و دژوارە... بەڵام زانایان ئەو پرۆسە بە مەحاڵ نازانن ئەگەر ئەو کەسە یان ئەو ستاف و دەزگایەی پێی هەڵدەستێ ئەو سیفەتانەی تێدا بەرجەستە بێت.

❁پێش دەست پێکردن بە پرۆسەی گۆڕان، هەست بە ئازار و ئەشکەنجە بکات.

❁لە کاتی دەست پێکردنی پرۆسەکەدا، ئیرادەیەکی تۆکمە و بەهێزی هەبێت.

❁لەهەر قۆناغێك لەو قۆناغانەی ڕوو بەڕووی دەبێتەوە، پشوودرێژو ئارامگربێت.

❁لە بوونی هەر کۆسپ و لەمپەڕ و تەگەرەییەکدا، وێڕای ئامادەباشی، بەخشندەیی و لێبوردە و نەرم و نیانی بنوێنێت.

❁لەدرێژەدان بەو پرۆسەیەو بەردەوام بوون تیایدا، قوربانی بەخۆی بدات و لە ڕەوت و ڕێڕەوی پاکسازی و چاکسازییەکانی دا گەشبین بێت.

✍"هەر میللەتێك خوێندنەوەی بۆ ڕابردوو نەبوو، پێشبینی بۆ داهاتوو نابێت، ئەوەی لە ئێستادا دەیکات، نزیکبوونەوەییە لە ئاژەڵ، پێداویستی ئاژەڵ بۆ مانەوەی خۆی، تەنها پێویستی بە خواردن و خواردنەوە و زاو و زێ و بەجێهێنانی ئارەزووەکانێتی، دەسەڵاتی کوردی خەڵکی بەرەو ئاژەڵبوون دەبات، بیرکردنەوەی لێسەندوونەتەوە، ئەمڕۆ مرۆڤی کورد سنووری بیرکردنەوەی لە لەشی خۆی دوورخستۆتەوە، کەسایەتییەکی خۆپەرستی لێ پەیدابووە، کەسی خۆپەرست ئیرەیی بە هەموو شتێك دەبات، خۆشی تەنها بۆ خودی خۆیەتی و ملی بەرامبەر دەشکێنێت، شەڕیان لەگەڵدا دەکات و ڕکەبەرییان دەکات، لە دەرەوەی ئەوە هیچی دیکە بە مەترسی نازانێت، دەسەڵاتی کوردی هەرچییەکی لێدەکات ئاساییە، بێدەنگە، چی لە خاك و نەتەوە، لە شەڕەف و ناموسی دەکات، ئەمانە بە مەترسی نازانێت، ئەگەردوژمن بێتە نێو وڵاتەکەییەوە ئاساییە، دەسەڵات خاك و نیشتیمانی بفرۆشێت بێدەنگ دەبێت، لێ دراوسێکەی ئەگەر بستێك تەجاوز بکات و پێییەك بخاتە ناو

**ماڵەکەییەوە، خوێنی لەسەر دەڕێژێت، نیشتیمانی ئەو تەنها ئەو ماڵەییە تێیدا دەژی، نەك گەڕەك و شار و وڵاتەکەی" [١٥]**

**"خوای پەروەردگار کاتێك ئادەمی دروست کرد، فریشتەکان بەجارێ وتیان: ئایا ئادەمییەك دروست دەکەیت لەسەر زەوی کە گۆبەنگ و ئاژاوەی تیا بنێتەوە، خوێنی تیا بڕێژێ. ئێمە- کە فریشتەین- بە پاك و تەمیزی ناوت دەبەین، ستایشت دەکەین"[١٦]ئادەم دوو کوڕی هەبوون یەکێکیان چاك و ئەویتریان خراپ، لەسەر مەسەلەی ژن و ژنخوازی ، قابیل هابیلی برای دەکوژێت[١٧].**

---

[١٥] - وتارێکی ڕەخنەئامێزی ( کەمال جەمال موختار)ە لە٢٠١٢/١٠/٢٥ بە ناونیشانی (میللەتێك ڕازیی بێت نیشتیمانی بفرۆشن، میللەتێکی زیندوو نییە) لە پێگەی کوردستان پۆست بڵاو کراوەتەوە.

[١٦] -: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ البقرة: ٣٠

[١٧] - لە باوە ئادەم و دایکە حەوا گەلێك منداڵ کەوتنەوە، هەرچەندە دایە حەوا منداڵی ببوایە کوڕ و کچێکی پێکەوە دەبوو. کە (قابیل)یش لەدایك بوو کچێکی ناشیرینی لەگەڵدا بوو. کە ئەو چوارە پێگەیشتن، خودا فەرمووی بە ئادەم خوشکی قابیل لە هابیل مارە بکات. قابیل هەرچەندە لە هابیل گەورەتر بوو، بەڵام لاوێکی خۆپەرست بوو. بەرپەچی قسەی خودای دایەوە، گوتی: من خوشکی خۆم جوانە نایدەم بە هابیل و لە خۆمی مارە دەکەم. ئەمەیش بە پێی (دەستوری خودایی) ئەو سەردەمە ڕەوا نەبوو. بەکردەوەیەکی گوناه دادەنرا. دوایی ئادەم گوتی: (بام شتێکی تر بکەین، تۆیش و قابیل هەر یەکەتان دیارییەك پێشکەشی خودا بکات، خودا لەکامتانی وەرگرت، کچە جوانەکە بۆ ئەوتان بێ). قابیل چوو لە بەرهەمی دانەوێڵەکەی خۆی کامی چروك و قرپۆك بوو ئەوەی پێشکەشی خودا کرد. هابیلیش چوو چاکترین بەرخی قەڵەوی خۆی پێشکەشی خودا کرد لەگەڵ هەندێ ماست و کەرەو ڕۆندا. کە ئادەم لە خودا پاڕایەوە یەکێکیان پەسند بکات، ئاگرێك هاتە خوارەوە، لە هەردوو دیارییەکە نزیك بووەوە، لە پاشدا دیارییەکەی هابیلی پەسند کرد و خواردی. زوو بە زوو ئاگرەکە لەکەلی شاخەکەوە هەڵکشایەوە بۆ ئاسمان. باوە ئادەم و دایە حەوا و هەموو کوڕ و کچەکانیان چاویان لەمە بوو. پیرۆزباییان لە هابیل کرد، گوتیان: کچە جوانەکە بۆ تۆ مایەوە. قابیل کە خۆی لە خۆیدا لاوێکی خودانەناس و بەدخوو و دڵڕەق بوو، ئەمەندەیتر لە خراپەکاریدا گڕی سەند. بڕیاریدا هابیلی برای بکوژێت، نەهێڵێ خوشکە جوانەکەی مارە بکات، تا بۆ خۆی

**"بەدرێژایی مێژوو زانایانی شوێنەوار ئەم هەموو هەڵکۆڵینە دەکەن لە زەویدا بەچەرخی (عصر حجری)یەوە تا ئیمڕۆ لە دەشت و شاخ و لە گرد و لە ئەشکەوتا کەچی تا ئێستا نە تەختێکی نووستن، نە کورسییەکی دانیشتن و نەشتێکی وا مایەی حەسانەوەی مەردوم بێ لە پاشیان بەجێ نەماوە، بەڵکو ئەوی کە ئەدۆزرێتەوە یا کێردە لە بەرد دروست کراوە بۆ سك هەڵدڕین، یا تیرە کە بدرێ لەسەر دڵی مەردوم، یا تەورە کە سەری مرۆڤی پێ لەت کرێ..ئەم ئادەمییە هەرچەند شتێکی دۆزیبێتەوە لەمایەی ژیان، یا دەستوورێکی دۆزیبێتەوە لە باوی جیهان، خێرا بەکاری هێناوە لە پانکردنەوەی سەری براکەیا، یەکەم جار بەردی چاوپێکەوت تیر و کێرد و تەوری لێ دروست کرد، لە پاشا ئاسنی دۆزییەوە شیر و خەنجەر و تۆپ و تفەنگی لێ دروست**

---

بمێنێتەوە. وەك نووسراوە ئاینییەکانی کۆن دەڵێن: شەیتان لە بن کلێشەی قابیل دا بوو، هەر ڕۆژە بە جۆرێك لە خشتەی دەبرد و ڕێی نیشان دەدا کە هابیل نووست لەسەر کەڵەبەردێك، لە هەلێکدا، بەردێکی زل بماڵێ بەسەریدا و بیکوژێ.. واتا: چۆن ڕۆژەکە چۆلەکەیەکی پەڕسەوزی نایە سەر بەردێك و بەردێکی بە تەپڵی سەری داداو کوشتی، لە دەرفەتێکدا هابیلی برایشی وەها بکوژێت. زۆری پێ نەچوو، قابیل ئەوەی بۆ هەڵکەوت و هابیلی بەسەزمانی بەو جۆرە کوشت. بەڵام خودا تۆڵەی ئەو کوڕە چاکە خوداناسەی لە قابیل کردەوە. قابیل بەجۆرێکی وا زارەترەك بوو و ترسی خودا و دایك و باوك و براو خوشکەکانی چووە دڵەوە، ئۆقرەی نەدەگرت، دەمێك لە کەژو کێودا سەری پێوە دەنا، دەمێکیش لە چۆڵەوانی و دەشت و بیاباندا ڕایدەکرد. هەموودەم شێوەی هابیلی بێ گوناهی برای دەهاتەوە بەر چاو. دوایی وەك شێتی لێ هات. دایە باریکی و بنێسی. نە خەوی ما نە خۆراك. خۆی بێ کەس و بێ دۆست و بێ یار دەهاتە پێش چاو، لە پڕ لەسەر کەلی شاخێك لە شێوەی هابیلی برای داچڵەکی و هاتە پاشەوە، پێی ترازا و کەوتە خوارەوە ناو دۆڵێکی بەردەلانەوە، کەللەی پژا و هەپروون بە هەپروون بوو.... بڕوانە:( شاکر فەتاح: ئاهەنگی ڕۆشنبیران، ل٥١-٥٢-٥٣)

*ئەم پەراوێزەی دەربارەی هابیل و قابیل: هەندێ شت کە مامۆستا شاکر فەتاح باسی کردووە، زانایان بە نادروستی دەزانن تەنانەت ناوەکانی کوڕی ئادەمیش، بۆیە پێویستە بۆ هەقیقەتی ئەم باسە بگەڕێینەوە بۆ قورئان کە بە کورتی باسی کردووە و دواتر لە فەرموودە دروستەکان و مێژوو کە لای لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی ساغ کراوەتەوە –مەلا نەهرۆ تاڵەبانی–

**کرد...دەستووری ئاوی دۆزییەوە پاپۆڕ و کەشتی زرێدار و ژێردەریایی(غواصە)ی بۆ دروست کرد... دەستووری بای دۆزییەوە فڕۆکەی زرێداری جەنگی لەسەر دروست کرد...نەوتی دۆزییەوە ئاگری پێ کردەوە لەسەر سنگی براکانی. مێژووی جیهان بخوێنەرەوە هەمووی هەر باسی جەنگە، لەکاتی جەنگا، لەکاتی ئاشتیشا خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگێکی تر، یا خەریك بوون بەنووسینی مێژووی جەنگ و باسی ژمارەی کوژراو و خانووی وێران و ژن و پیاو و منالی قاچ و دەست پەڕیو و دەرپۆقیوە ئەمەش وەنەبێ هەر بۆ چەرخێك بێ نەك چەرخێکی تر، یا بۆ گەلێك بێ نەك گەلێکی تر، بەڵکو لە هەموو چەرخێکا و لەناو هەموو گەلێکا هەروا بووە و چ لە ڕۆژهەلات چ لە ڕۆژئاوا، چ لە شار، چ لە لادێ، چ لە دەشت و چ لە شاخ، چ لە زەوی چ لە ئاسمان، چ لەسەر دەریا چ لە ژێر دەریا، تەماشاکەن مێژووی یۆنان هەر جەنگ و مێژووی ژاپۆن هەر جەنگ و مێژووی جیهان هەمووی هەر جەنگە، ئەگەر گەلێکت دی جەنگی نەکرد ئەوە بزانە کە لەجەنگێك یا لە چەند جەنگێکا شکاوە و چەکی لێ سەنراوە، یان بەهۆی زۆر بەزینیەوە یان لە جەنگا وەرس بووە و کۆڵی داوە"[١٨]**

**لە مێژووی هاوچەرخیشدا:**

**ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٥دا سێ بۆمبای ئەتۆمییان بەدەست هێنا و تا گەیشتن بەو ئەنجامە، نزیکەی دوو ملیار دۆلاریان تێدا خەرج کرد و لە ١٦ی تەمموزی هەمان ساڵ بۆ یەکەمجار تەقینەوەی بۆمبای ناوکە دوورکەتبوونیان لە نیۆ مەکسیکۆ تاقیکردەوە و لە ٦ی ئابی ١٩٤٥ یەکەم بۆمبای ئەتۆمیان بە شاری هیرۆشیما[١٩] و لە ٩ی ئابیشدا دووەم بۆمبایان بە شاری ناگازاکی کێشا[٢٠].**

[١٨] - شێخ محەممەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٧، ل٢٦٦-٢٦٧

[١٩] -"لە وەسفی ئەم ڕووداوەدا نووسەرێکی یابانی کە ( ئۆکۆرا تۆیۆفۆمی)یە لەو یاداشتەکەیدا بەناونیشانی (نامەکان بۆ ژنە مردووەکەم) نووسیویەتی دەڵێ: ( لەو کاتژمێرەدا بۆ ماڵ دەگەڕامەوە پاش کڕینی پێویستییەکانی ڕۆژانەمان، ئاسمانیش هەوساوێکی بێگەرد بوو..هەر لەو کاتەدا کتوپڕ بە بروسکەییەکی یەکجار زۆر گەورە ئاسمان بەڕەنگی مەگنیسیۆمێکی گڕگرتوو شەقی برد. زۆر لەو کارەساتە ترسام و خۆمدا بە زەویدا، هەوا بەشێوەیەکی وا گەرم بوو وام هەست دەکرد گڕێکی دۆزەخە و پێستم دەبرژێنێ.

"بەپێی ڕاپۆرتی دەستەی نەتەوە یەگرتووەکان لەساڵی١٩٦٨دا دەڵێ: لە هیرۆشیما٧٨هەزار كوژراو و ١٤هەزار ون بوو و ٣٨هەزار بریندار و ٢٣٥هەزار

---

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی بێدەنگی کەم، شریخەی بۆردومانێکی گوێ کەڕکەر هات، هەستم بە پاڵەپەستۆی بایەکی بەهێز کرد بەسەر لەشمەوە کە بە ئەرزەکەمەوە دەنووسێنێ و دەمپلیشێنێتەوە...ئینجا جارێکی تر بێدەنگییەکی ترسناکتر داکەوتەوە.... دوای ئەوە لەدەنگی گرمە و قرچەی داروخانی کۆشك و خانووبەرەکان بەولاوە هیچم نەبیست...لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوەدا هەستم لەجێی خۆی بوو و بێهۆش نەبووم، دەستم بە لەشی خۆما گێڕا، برین و سووتاویم بەخۆمەوە نەدی، سەرم بەرز کردەوە و سەیری لایەکی شارم کرد، هەورێکی سپی زۆر گەورەم بینی کە ئاسمانی شینی بێگەردی شەق دەکرد.. بەخێرایی بەرز و فراوانتر دەبووەوە، لوتکەی هەورەکە و قەدەکەی بەتەواوی لە قارچك دەچوو، بەشی خوارەوەشی لە بنکەکەی دەچوو، هەر لەو کاتەدا بینیم لە ڕووی زەوییەکەوە هەوری خڕ خڕ بەرز دەبوونەوە، تا بەرزتریش بوونایەتەوە فراوانتریش دەبوونەوەو بەملا و بەولای(قارچکە)کەدا بلاّو دەبوونەوە. ئەو هەورە چڕانە بەردەوام لە جووڵە و گەورەبووندا بوون و ڕەنگەکانیشیان پەی دەر پەی دەگۆڕا، دیمەنێکی ڕازاوەی هەورو ڕووناکی زۆر جوان لە شانۆی ئاسمانا خۆی دەنواند) بڕوانە: د. محەممەد عەبدوڵلەتیف موتەلیب: بۆمبای نیۆترۆنی، وەرگێڕانی: صدیق شێخ مەحمود بەرزنجی، ل٣٨-٣٩

[٢٠] - یەکێتی سۆڤیەت لە ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ ڕایگەیاند: دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی نهێنییەك نییە تەنها ئەمریکا بیزانێت، ئەوەبوو ئەو بۆمبەیان دروست کرد و لە ٢٩ی ئابی١٩٤٩دا بۆ یەکەمجار تاقیانکردەوە و ئەمریکاش لەلای خۆیەوە پەرەی بەو چەکەدا و ئەوجارەیان لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ بۆمبای ناوکە گەرمی لە دووڕگەیەکی زەریای هێمن تاقیکردەوە و ناوینا (بۆمبای هایدرۆجینی) و هێزی تەقینەوەکە پێنج میگا تەن بوو، واتا ٢٥٠ جا لەو بۆمبایە بەهێزتربوو کە لە هیرۆشیمایدا.. ...یەکێتی سۆڤیەتیش هەر بەوە نەوەستا لە٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٥دا بۆ یەکەمجار بۆمبابییەکی (هایدرۆجینی) بەچەند قۆناغێك تەقاندەوە و ئێستایش چەکی وایان داهێناوە بە تەقینەوەی، زەوی دەکەنە دوو لەتەوە،سەرەڕای ڕێککەوتنەکەی ٥ی ئابی ساڵی١٩٦٣ سەبارەت بە وەستاندنی تاقیکردنەوەی چەکە ناوکییەکان لەژێر ئاو و ناو هەواو بۆشاییەکانی گەردووندا کە تا ڕادەیەکی زۆر گەورە ئاوی دەریاکان و بەرگە هەوای زەویان لە پیس بوونی تیشکاوەری پاراست. کەچی هێشتا هەندێ لەو ولاّتانەی ئەو توانا ناوکییانەیان هەیە ئەو ڕێکەوتنەیان ئیمزا نەکردووە.

سوتاوی هەمەجۆر هەبووە و ٩٠ ٪ی شارەکەیشی بەتەواوی وێران کرد! بەڵام سەرچاوە یابانییەکان دەڵێن: ژمارەی تووشبووەکان زۆر لەو ژمارەیە زۆرترە و ئێستا لەو بڕوایەدان تەنها ژمارەی کوژراوەکان ١٥٠هەزار کەسە..بەسەرهاتی ناگازاکیش هەر لەو باسەی سەرەوە دەچێت، ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: ٢٧هەزار کوژراو هەیە، بەڵام سەرچاوە یابانییەکان بەرامبەر بەو ژمارەیە دەڵێن: ٧٤هەزارکوژراو هەیە و لەوانەیشە ئەم ژمارەی دواوە لە ڕاستییەکەوە نزیکتر بێت"[٢١]

شەڕخوازی و جەنگ بەشێکە لە شارستانیەت و ڕەوشتی مرۆڤ و هەموو شتێك نییە.. چونکە مرۆڤ لە مێژوودا داهێنانی گرنگی هەیە نەك تەنها جەنگ، ئایا دۆزینەوەی نووسین یان چاپ و.... هتد بۆ خزمەتی جەنگ بوو؟!

هەر کەسێك باش بیر نەکاتەوە، ژیانی باش نابێت..گۆڕان دیاردەییەکی کاتی و پرۆسێسێکی بێ ئۆقرەیە ئیمڕۆ سیستەمێك دەگۆڕێ، سبەینێ سیستەمێکی تر. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێك جار ڕەشەبا تووڕەکان سەرجەم سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیان گۆڕیوە. ڕاپەڕین و شۆڕش نە دەق بە سیستەمێکەوە دەگرێ، نە سنوورێك بۆ داخوازیەکان دەکێشێ..لە هەر خەسارە ئەقڵێك.. دەتوانین لە خوێندنەوەی ڕابردووی کۆمەڵگاکاندا ئەمڕۆ بنیات بنێین و داهاتوومان ببینین. کاتێك دەوترێ مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بەواتا بەسەرهاتەکانی دوێنێی پێشکەوتن و هەرەسی شارستانییەتەکان پەندو ئامۆژگارین بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی مرۆڤایەتی. کەواتە گۆڕان خودی مێژووە و مێژوو بەبێ گۆڕان بەرپا نابێت و گیانلەبەران بەوە لە مرۆڤ جیادەکرێنەوە کە بەپێی سیستەمێکی جێگیر و یاساگەلێکی نەگۆڕ ژیان دەگوزەرێنن.

دوو جۆرە گۆڕانمان هەیە:

**یەکەم:** ئەو یاسایانەی ژیان دەیانسەپێنێ.

[٢١] - د. محەممەد عەبدوللەتیف موتەلیب: بۆمبای نیۆترۆنی، وەرگێڕانی: صدیق شێخ مەحمود بەرزنجی،چ١، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٥، ل٣٨-٣٩

**دووەم: ئەو یاسایانەی مرۆڤ بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ژیان دەیانسەپێنێ.**

زۆربەی مێژوونووسان سەردەمی (سوڵتان سلێمان قانونی) بە سەردەمی زێڕینی دەوڵەتی عوسمانی دادەنێن، چ جای ئەوەی سنوورەکان بەجۆرێ کرانەوەیان بەخۆوە بینی، زۆرێ لە وڵات و شاران خرانە ژێر ڕکێفی ئەم دەوڵەتە و لەسایەی دادپەروەری ئەم سوڵتانەدا هەرزانی و خۆشگوزەرانی باڵی بەسەر هەموو لایەکی ئەم دەوڵەتە کێشابوو، ڕۆژێکیان سوڵتان کەوتە تێفکرین لە هەیمەنەی سوڵتاننشینەکەی و دەیزانی مێژوو لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان خۆی دووبارە دەکاتەوە کە هەموو دەوڵەتێکی بەهێز بێهێز دەبێت و لەبەر یەك هەڵدەوەشێتەوە، بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەوڵەتی عوسمانیش بەو چارەنووسە گوزەر دەکات؟ ئەم قسانە چەند ڕۆژێ بیر و مێشکی سەرقاڵ کرد، وەڵامێکی گونجاوی بۆ ئەو پرسە دەست نەکەوت، بڕیاریدا ئەو پرسیارە ئاڕاستەی شێخی ئیسلام و زانای بەناوبانگ( یەحیا ئەفەندی ) بکات کە برای شیری بوو، دوای سڵاو و ئەحواڵ پرسین، بۆی نووسی( ئێوە بە زۆربەی زۆری نهێنییەکان شارەزان، داواتان لێدەکەم لوتف بفەرموون، پێمان بڵێن: دەوڵەتان کەی دەڕوخێن و چارەنووس و دواڕۆژی دەوڵەتی عوسمانی بەکوێ دەگات؟)، شیخی ئیسلام بەچەند وشەییەك وەڵامی سوڵتانی دایەوە، بۆی نووسی: ( ئەی سوڵتان من چیم داوە بەسەر ئەمەوە؟ پەیوەندی بەمنەوە چییە؟) بەم وڵامە سوڵتان سلێمان هێندەی دیکە تووشی واقوڕمان بوو دەیزانی ئەم وەڵامە وەك مەتەڵێك وایە و نهێنییەکی تێدایە و ئەو نایزانێ.. بەناچاری خۆی پێچایەوە چووە خزمەتی شێخی ئیسلام و پرسیاری ئەو وەڵامەی لێ کرد، ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی وت: فەرمانڕەوام خۆشبێ ئەگەر لە وڵاتێکدا جەور و ستەم بڵاو بۆوە و گەندەڵی دەنگی دایەوە و ئەو کەسانەی گوێبیستی ئەو ستەم و گەندەڵییە بوون و بەچاوی خۆیان بینیان دواتر بڵێن ( **من چیم داوە بەسەر ئەمەوە**) و تەنها سەرگەرمی خۆی بێت و تەواو.. هەر کاتێك شوانەکان بوون بە ڕاوچی مەڕەکانیان و ئەو کەسەی گوێی لەمە بوو و بێدەنگ بوو.. هەر کاتێك ئاهونووزەی هەژاران و بێنەوایان و گریانیان گەیشتە ئاسمان و کەس گوێی لێ نەگرتن تەنها دار و بەرد نەبێت، ئا لەوێوە زەنگی کۆتایی دەوڵەت لێدەدرێت، لەو کاتەدا گەنجینەی دەوڵەت خاڵی دەکرێتەوە و متمانەی گەل و

ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەوڵەت دەکەوێتە لەرزەوە و گوێڕایەڵیان بۆ دەوڵەت کەم دەبێتەوە، بەم جۆرە هەڵوەشاندنەوە دەبێتە قەدەری لەناوچاو نووسراوی ئەو دەوڵەتە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانیّ لێی ڕابکات[22].

لە هەرێمی کوردستان پارتگەلێکی زۆر بوونیان هەیە و سیاسەت[23] دەکەن، بە ئیسلامی و عەلمانی، بە چەپ و ڕاست، هەر یەکەیان بە ناوەڕۆکێکی تەژی دەوڵەمەند و جاڕدانێکی مۆدێرنەوە، مەشخەڵهەڵگری بیری نوێگەرایی دروشمی ( ئاشتی – ئازادی– دادپەروەری– دیموکراسی– ماڤ مرۆڤ– چاکسازی – یەکسانی و ..هتد)یان کردۆتە سەرجەلەی کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەگەر باوەڕیشیان پێی نەبیّ یان جیّ بەجێی نەکەن، کەچی بانگەشەی بۆ دەکەن و وەك دار عەسا ئاساکەی موسا پێغەمبەر دەستی پێوە دەگرن.

" زۆربەی نووسراوە زانستە سیاسییەکان جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە دەکەنەوە کە پارتە سیاسییەکان دەیگێڕن لەدروستکردنی دیموکراسیەتێکی جێگیر..(هنتگتون) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەقامگیری هەر سیستمێکی سیاسی لەقۆناغی نوێکردنەوەدا متمانە دەکاتە سەر هێزی پارتەکان لەو سیستەمەدا..بەتێڕوانینی (لیبت – لینز – دیاموند) چەندین پێوەر هەیە پەیوەندی بەم هێزەوە هەیە وەك: توند و تۆڵی دامەزراوەیی، سەربەخۆیی، پێوەرەکانی ڕێکخستن و ئاڵۆزی"[24]

---

[22] -دەوڵەتان چۆن هەرەس دەهێنن؟ وەرگێڕانی:سەرحەد یونس (بەکەمێك دەستکارییەوە)

[23] - سیاسەت هونەری کارگێڕی کۆمەڵگا و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتییە کە یاسادانان تیایدا لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێت کە ڕۆژگار لەگەڵ خۆیدا دەیهێنیّ. کەواتە ئەگەر سیاسەت لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و نویّ بوونەوەی کۆمەڵگا و پێشهات و ژێرخان و سەرخانەکانیدا نویّ نەبۆوە ئەوا ئەو سیاسەتە دەوەستیّ و دەبێتە سیاسەتێکی نەزۆك و هیچ شتێکی تازە و نویّ لەدایك نابێت، بەمەیش جەماوەرەکەی زیاد ناکات و پێگە و دەسەڵاتەکانیشی لە سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا لەدەست دەدا. ئەگەرچی لە سیاسەت هەموو گرفتێك فاکتەرێکی هەیە و هەموو فاکتەرێکیش بۆ مەبەستێکە.

[24] - پارتە سیاسیەکان و چاکسازی –نووسینی: د.بلقیس احمد منصور- و: محمد فاتح/٢٠٠٩-سلێمانی، ل٥٧

قسەیەکی نەستەقی ئیسپانی هەیە دەڵێ: هەر پشیلەیەك زۆر بمیاوێنێ ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی ڕاو ناکات.. لەم ڕەوەوە نابێ تەنها گۆهەڵێنان و دروشم و باق و بریقی قسە قەبە و زلەکان بەهەند هەڵبگیرێن، بەڵکو دەبێ بەجددی کار لەسەر ڕێکخستنی ئەو دروشمانە بکرێ و تەمتومانی ئەو نیشانانە بڕەوێتەوە کە بەر بەو نائومێدییە دەگرن.

لە پێشبڕکێی ئەو دروشمانەدا: جوانترین بیر.. جوانترین وشە.. جوانترین کردار، زامنی بردنەوەی ئەو کاس و مەدالیانەیە کە لە ئان و سات و ڕۆژگارێکدا تۆماری دەکەن.

" خۆتان لەگەڵ جیهان ڕامەهێنن، بەڵکو بە تازەکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن، تا بتوانن لە خواستی خودا تێبگەن کە باش و پەسندکراو و تەواوە (ڕۆما ١٢:٢)"[٢٥]

گۆڕان سنوورێکی دیاریکراوی نییە مادامەکێ ئەمڕۆی لە سبەینێ ناچێ. ڕەشەباکەی دیاردەیەکی کاتییە و بەبێ ئۆقرەیی هەڵدەکات، زۆر جار تووڕەیی ئەو ڕەشەبایە سەرتۆپی سیستەمی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی گۆڕیوە..ئەوەش دیالێکتیکی کۆمەڵگایە ئەو پرۆسەی هەمیشە کۆمەڵ بە زیندوێتی دەهێڵێتەوە، بەپێی هەل و مەرجەکان کۆن بە نوێ دەگۆڕێ، ئیمڕۆ سیستەمێك دەگۆڕێت، سبەی سیستەمێکی تر.

ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رضي الله عنه) دەڵێت: "منداڵەکانتان وەك خۆتان پەروەردە مەکەن". ئەوە تێڕوانینێکی ژیربێژ و دووربینانەیە، پێمان دەڵێ ئاگاداربن جیاوازی کات و سەردەم و زەمەن بڕیار لەسەر کەسەکان دەدەن وەك چۆن دوێنێ وەك ئەمڕۆ نییە، ئەوە ئەمرۆیش وەك سبەی نابێت[٢٦].

---

[٢٥] - جۆیس مایەر: مەیدانی جەنگی مێشك، چاپخانەی نازە، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦١

[٢٦] -ئەو وتەیە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە نییە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ : (كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه و ينصرانه)أخرجه ابوداود (صحيح). واتە: ( هەموو منداڵێ لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلامەتی لە دایك دەبێت ئەو دایك و باوکانەی دەیانکاتە جولەکە و گاور).

**ئۆگست کۆنت[27] بڕوای وابوو بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسیی...سیستەم و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، واتە لە بەشە لێك بەستراوەکانی توندی ڕژێمی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە بەو بەڵگەیەی هەر گۆڕانێك لە بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کار دەکاتە سەر بەشەکانی تر و لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی دیکەوە دەیانگۆڕێت.. بە بۆچوونی (کۆنت) کۆمەڵناسی لە دوو بابەتی سەرەکی دەکۆڵێتەوە:**

1- **ستاتیکی کۆمەڵایەتی (جێگیری):** social static

2- **دینامیکی کۆمەڵایەتی (گۆڕاو):**social dynamic

**لە ئیسلامدا (ناسخ و مەنسوخ) هەیە کە دیاردە جێگیر و گۆڕاوەکانمان نیشان دەدات[28]، لەم ڕوانگەوە خوای پەروەردگار دەفەرموێ:** ﴿ مَا نَنسَخۡ مِنۡ ءَايَةٍ أَوۡ نُنسِهَا نَأۡتِ بِخَيۡرٖ مِّنۡهَآ أَوۡ مِثۡلِهَآۗ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴾ البقرة: ١٠٦ **واتە: هەر ئایەتێك بسڕینەوە، یان بیخەینە بارودۆخی فەرامۆشییەوە و پشتگوێی بخەین، چاکتر لەو، یان وێنەی ئەو دەخەینە ڕوو، مەگەر نەتزانیوە کە خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە؟**

**ئەم ئایەتە مقۆ مقۆیەکی زۆری لای کاڵفام و کاڵبین و نەیارانی دروست کردووە وەك بەهانەییەك بۆ ئەوەی بەو چاوەوە سەیری ئیسلام بکەن و بپرسن: قورئانێکی گشتگیری هەمەلایەنەی بەرنامەی ژیان چ حەوجە بەوەیە خوای پەروەردگار ئایەتێك لە ئایەتەکانی دەگۆڕێ و فەرمانەکانی لە کاتێکەوە بۆ کات و زەمەنێکی تر دەسڕێتەوە.**

**خوای پەروەردگار زانایە بەهەموو کات و جیاوازییەکانی ئێستا و داهاتوو..بەتوانایە و خودان فەرمانە، دەزانێ هەر گۆڕانکارییەك ئەنجام بدات ئەوا بەباشترین شێوە**

---

[27] - ئۆگست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧ی زایینی) کۆمەڵناسێکی فەرەنسییە و لە ڕیزی پێشەوەی بیرمەندانی کۆمەڵناسی ئەوروپا دادەنرێت و تایبەتمەند بووە بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکە کەس و کۆمەڵگە.. بڕوانە کتێبی: سەرەتاکانی کۆمەڵناسی بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی وێژەیی- چ١١-٢٠١٢، ل١٦

[28] -هەندێ لە زاناکان باوەڕیان بە ناسخ و مەنسوخ نییە، لەوانە زانای گەورەی کورد خوالێخۆشبوو( مستەفا زەلمی) و زانایانی تر پێیان وایە ئەو ناسخ و مەنسوخە (تدرج- پلەبەندی)یە.

دەیگۆڕێت و دەزانێ پەیامەكەی بۆ كام نەتەوە و حوكم و كام كات و زەمەن و شوێنێك دەگونجێت، ئەم جۆرە گۆڕانكارییە كارێكی یاسایی و ئاسایی باوی كۆمەڵگای مەدەنی و شارستانیەتە، هیچ پەیوەندییەكی بە دادگا و یاسا و ڕێسا دەستكردەكانەوە نییە كە ئەمڕۆ یاسایەك دەردەكات و دوای ماوەیەكی دیكە یاسایەكی تر، چونكە داهاتووی لا نیە و خۆی داهێنەری ئەو وەختەیە، نازانێ لە داهاتوو چی ڕوو دەدات!

موسڵمانەكان لەسەرەتای بانگەواز نوێژیان دەكرد و ئارەقیان دەخواردەوە كە بۆ ئەو سەردەمە سەردەمی جەهالەت ئارەقخواردنەوە وەك ئاوخواردنەوە وابوو، لێرەدا ئەگەر ئیسلام یەكسەر مەی قەدەغە بكرایە زۆر كەس بەدگومان و بەدكردار دەبوون، بۆیە بە پلەبەندی ڕۆیی تا بەبەڵگەی ئایەتی﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ﴾ النساء: ٤٣ (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نزیكی نوێژ مەكەون لە كاتێكدا ئێوە سەرخۆشن –ئەمە كاتێك بوو هێشتا عەرەق و شەڕاب حەرام نەكرابوو– هەتا ئاسەواری سەرخۆشیی نامێنێت و دەزانن چی دەڵێن (لە نوێژەكەدا).

لەو ڕۆژەوە قەدەغە كراو دەقی گرت تا كۆتایی هاتنی ژیان ئەو دەقە حیكمەتێكی هێندە ڕوون و ئاشكرایە، هیچ گفتوگۆیەك هەڵناگرێت.

ئەگەر بمانەوێ گۆڕانكاری ڕوو بدات، دەبێ لە میكانیزمەكانی هەنگاوەكانی ریفۆرم و چاكسازی تێ بگەین.. چاكسازی ئیرادەو ڕاستگۆیی و قوربانیدانی گەرەكە، نیلسۆن ماندێللا دەڵێت: پێویستە لە دانوستان و گفتوگۆدا ڕاستگۆ بین بۆ ئەوەی دووریی نێوان لایەنە ناكۆكەكان لێك نزیك بكەینەوە.

" هەر مرۆڤێك لەهەر شوێنێك و سەردەمێك دابێت كە بیر دەكاتەوە لەوەی بچێتە نێو ژووری(ڕیفۆرم)، سەرەتای هەموو شتێك دەبێ لە دەرگای (هەوڵدان) بچێتە ژوورەوە، بۆ كردنەوەی ئەم دەرگایەش پێویستمان بە كلیل هەیە، ئەم كلیلەش پێی دەگوترێ(عەقڵ)، كەواتە ئێمە ئەگەر باس لە چاكسازی كۆمەڵگا بكەین لەڕوانگەی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە دەبێ سەرەتا گۆڕانكاری لەخودی تاك بكەین، چونكە گۆڕانی تاك بناغەی گۆڕانی كۆمەڵگایە، هیچ تاكێكیش بەرەو پێش

ناڕوات، تاوەکو پاڵنەرێکی دەرەکی یاخود پاڵنەرێکی ناوەکی خودی نەیجوڵێنیٚ، ئەم پاڵنەرە ناوەکییەش بریتییە لە عەقڵ"[29]

" ڕیفۆرم بەهێزێکی ئەقڵانی و مەدەنی و دیموکراسی دەکرێت، بەهێزێك دەکرێت بنەماکانی لەسەر کولتوورێکی دیموکراسی و پێشکەوتووخواز دامەزرابێت، بەسەرکردەیەك دەکرێت کە ژیانی ئاوێتەی خەمی هاولآتیان بێت و بۆ ئەوان ژیابێت، ڕیفۆرم بەو هێزانە ناکرێت کە ماڵی بەرپرس و نووسینگەی پارتەکانیان بیست و چوار کاتژمێر پۆلە چەکدار پاسەوانی لیٚ دەکەن، هەرگیز بەو هێزانە ناکرێت کە لەکاتی ململانیٚ و جیاوازیەکاندا، پەنا بۆ میلیشیاکانیان دەبەن لەبری زمانی گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن. هەروەها بەو هێزانە ناکرێت کە خاوەنی دەزگای سیخوری و تیرۆر و تۆقاندنن، بەو هێزانە ناکرێت فرچکیان بەدزینی پارووی خەڵکی ڕووت و ڕەنجدەر گرتووە"[30]

چاکسازی دیکتاتۆرەکان تەنها لە تیژکردنەوەی کەڵپەکانیاندایە، گۆڕانی دیکتاتۆرەکان مار ئاسا تەنها لە گۆڕانی توێژاڵی جەستەیاندایە، کیٚ دیویەتی یان بیستوویەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان دیکتاتۆرێك هاتبیٚ و بەخەڵك بڵێت: وەرن ئەو داهاتەی دەیان ساڵە لە میللەتم دزیوە با بتاندەمەوە؟ کیٚ بیستوویەتی خۆسەپێنێکی خوێنڕێژ جارێك لە جاران واز لە دەسەلآت بێنێت و بەپێی خۆی بێتە بەردەمی دادگا و بڵیٚ: فەرموو ئەو مافەی بەسەرمەوەیە لێمی بستێنن، ئامادەم سزای تاوانەکانم بدەن

(سۆران عومەر)ی نووسەر لە دیدگای چاکسازی دیکتاتۆرەکانەوە دەڵێت:( دەسەلآتە توتالیتارەکان یەك ماهیەتیان هەیە بەلآم لە بۆتە و بەرگی جیاواز، بە شکڵ حکومەت و پەرلەمانیان هەیە و بانگەشەی دیموکراسی و بیروڕای ئازاد دەکەن، کەچی ئەوەی هەموو شتەکان یەکلایی دەکاتەوە، بڕیاری ئەوەل و ئاخیر ئەو کەس و سیستەمە تاکڕەوەیە کە لەو ولآتە پەیڕەو دەکرێت، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانیشدا زۆرینەی دەنگەکان لەڕێی تەزویر و ترس و تۆقان و هەڕەشەی جۆراو جۆرەوە مسۆگەر دەکەن،

[29] - ئەرسەلان سادق، ڕیفۆرمی کۆمەڵگا یاخود ڕیفۆرمی عەقڵ؟، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٣٩١) ٢٠٠٧/١/٢

[30] - دیکتاتۆرەکان بۆ ڕوخانن نەك چاکسازی – ساڵح میراودەلی/ ئینتەرنێت٢٠١١/٢/١٧

کارەسات لەوە گەورەتر چییە، لەسەردەمی حوسنی موبارەك ڕۆژنامەنووسێك لەیەكێك لە بنكەكانی دەنگدان لە قاهیرەی پایتەختی میسر وەك چاودێر بەیانی زوو دەچێتە بەردەم بنكەی دەنگدان بۆ ئەوەی وێنەی ئەو هاولاتییە میسریە بگرێت كە یەكەم كەسە دەنگ دەدات و( دەبێتە یەكەم دەنگدەر لەو بنكەیە).. ئەو هاولاتییە فۆڕمەكە وەردەگرێ و دەنگی خۆی لەیەك لە كابینەكان دەدات، كاتێ دەیەوێ فۆڕمەكە بخاتە سندوقی دەنگدانەوە، فۆڕمەكەی تێناچێت، سندووقەكە هەڵدەپچڕن تەماشا دەكەن هەر لەشەوێوە پڕ كراوەتەوە و جێی یەك دەنگی تێدا نەماوە).

دیكتاتۆرەكان لەگەڵ ئەوەی جەور و ستەم دەرهەق بە گەلەكانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام نالوێ بە ڕەهایی نكۆڵی لە كارە باشەكانیان بكرێت، بۆ نموونە لەسەردەمی سەدامی دیكتاتۆردا یاساكان بەجۆرێ پیادە دەكران كەس بوێری ئەوەی نەبوو سەرپێچی فەرمانەكانی بكات، فەرمانی لێبوردنی دەربكرایە هەر لە (فاو)ەوە تا (زاخۆ) ئیلتیزامی پێوە دەكرا، بابای بازرگان چ حەددی هەبوو شتی ئێكسپایەر بێنێتە وڵات و دەرخواری هاولاتیانی بدات، كەچی لەم هەرێمەی خۆمان ڕۆژ نییە لە ڕێی ڕاگەیاندنەكانەوە گوێبیستی ئەوە نەبین دەست بەسەر ئەوەندە تۆن كەل و پەلی بەسەرچوو گیراوە و باندێك بەخۆو ئەوەندە كیلۆ تریاكەوە دەستگیركراوە، كەچی نەمانزانی، نەمانبینی بەرپرسێك یان ئەوانەی لە پشت ئەو كارەوەن یەكێكیان بەند بكرێ و سزا بدرێت، ئەوەتا لە ڕێوڕەسمی كردنەوەی پردێك لە بەغدا تەنها بەهۆی بوونی تاسەیەكەوە، ئەندازیاری پڕۆژەكە سزا دەدەن، كەچی تا ئێستاش ئەو ڕێگاوبانانەی لەو سەردەمە دروست كراون وا گومان دەبەی تازە دروستكراوە، كەچی مەردوم سەرسام دەبێت لەم هەرێمەدا جادەی وا دروست كراوە هێشتا سەیارەی بەسەریدا نەڕۆیشتووە، قیرەكەی هەڵیداوە و بۆ شتەكانی تریش بەهەمان شێوە..

ئەوەتا لەڕێی میدیاكانەوە كاتێك سەدام سەردانی قەزای شەرگات دەكات و دەبینێ كورسییەكەی ژێر قایمقام پێچكێكی شكاوە، یەكسەر پێی دەڵێ: لەم ئان و ساتەوە تۆ

قایمقام نیت، سەیرە قایمقامێک نەتوانێ کورسی بن خۆی چاك بکاتەوە، چۆن دەتوانێ کێشەی ئەو خەڵکە چارەسەر بکات؟!

لەسەردەمی موعەمەر قەزافی سەرۆکی پێشووی لیبیا کرێچی لەو وڵاتە نەبوو تەنها خەڵکەکەی تامەزرۆی ئازادی بوون..ئەو وڵاتەی لە بێ ئاوی دەیناڵاند و نرخی پاککردنەوەی هەر لیترە ئاوێکی سوێر لە دۆلارێك زیاتری تێدەچوو و جۆرەکەیشی خراپ بوو. لەکاتێکدا لەناوچە بیانەکاندا، لەو شوێنانەی دەیان هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ئاوی باران بە چینەکانی زەویدا چۆڕابونە خوارەوە و لە کانیاوەکانی ژێر قوڵایی زەمیندا کۆببونەوە و لە ڕووی پاکی و شیرینییەوە لە ڕیزی مەعدەنە پاکەکاندا بوو و بەکەڵکی ئەوە دەهات خەڵکی تینوی لیبیا تێر ئاو بکات، قەزافی بیری لەوە کردەوە ئەو ئاوە لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە بگەیەنێتە شارەکانی سەر کەناری دەریا و پایتەخت و ئاوی شیرینی پاك بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکات کە بۆ ئەم مەبەستە سیستەمێکی لە بۆڕی زەبەلاح بە ژێر قوڵایی زەمین بەدرێژایی٢٨ هەزار کیلۆمەتر ڕاکێشا کە ئەو پڕۆژە بە گەورەترین ڕووباری دەستکردی مرۆڤ دادەندرێ.

(پشکۆ نەجمەدین)ی نووسەر دەڵێت: " ژنێك گوتی: دەرگای گۆڕان ئەگەر دەرگای مەحاڵیش بێت دواجار هەر دەیکەینەوە، بەڵام کەسانێك دەکارن کێلۆنی ئەو دەرگایە بسووڕێنن کە پێشوەخت بەرچاو ڕوونبن چی لەنێو ماڵی گۆڕاندا ڕوو دەدات".



## 🕮 بەشی یەکەم 🕮

- گۆڕان چییە؟!
- ستراتیژ و پرەنسیپەکانی گۆڕان.
- فەلسەفەی گۆڕان.
- گۆڕان لە ڕوانگەی قوتابخانە جیاوازەکانەوە...
- جۆرەکانی گۆڕان چین؟!چ کاتێك گۆڕان بەرپا دەکرێت؟!

# گۆڕان چییە؟!



"هەموو کەسێك بۆی هەیە و دەتوانێ ببێ بە خاوەنی بیر و دەسەلأتی فیکری خۆی و خۆی بگۆڕێت.. هەر گۆڕانکارییەك لە بیرو ئەندێشەوە دەست پێدەکات"[31]

پێش ئەوەی دەست بە پرۆسەی گۆڕان بکەین، پێویستە پێناسەیەکی زانستیانەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە :

" گۆڕان: کۆتایی هێنانی وەستانە، گۆڕینی واقعێکی کلاسیکی بۆ واقعێکی تازە، هەڵبەتە گۆڕان سوننەتێکی گەردوونی خواییە ئەوەی نەگۆڕە لەو گەردوونە گۆڕان و جولأن خۆیەتی"[32]

کەواتە گۆڕان گۆڕینی واقعێکی دیاریکراو بۆ واقعێکی تری داواکراوە لەکاتێکی دیاریکراودا وەك ڕادیکاڵەکان بانگەشەیان بۆی دەکرد[33].

---

[31] فەلەکەدین کاکەیی: ویژدان و ئازادی، چ١، بەشی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل٢٤

[32] مەسعود عەبدولخالق: مەوسوعەی جودی، ب ١،، نووسینگەی تەفسیر بۆ بلأوکردنەوە و ڕاگەیانـدن، ٢٠٠٨ز، هەولێر، ل١٤٩

[33] - ڕادیکاڵ: بەهەموو ئەو بزوتنەوە و بەرنامانە دەوترێت کە دەیانەوێت واقیعێکی دیاریکراو لەڕیشەوە بگۆڕن. جاران (لیبرال) ئەو مانایەی هەڵدەگرت بەلأم ئێستا ئەو توانایەی نەماوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی : هەندێ زانیاری سیاسی و مێژوویی: شەعبان عەلی شەعبان ، ل١٧٩

# ستراتیژ و پرەنسیپەکانی گۆڕان...

✍ستراتیژی گۆڕان بریتییە لە وەرگرتنی بڕیار و پلاندانان بۆ ئەو شتەی دەیەوێ بیخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و پیادەی بکات.

ئەگەر بپرسین: کەی گۆڕان دەست پێ دەکات؟ لێرەدا سێ خاڵی جەوهەری دەبێتە نەخشەڕێگای سەرەکی بەگەڕخستنی گۆڕانکارییەکان، ئەوانیش:

١- **ڕەخنەگرتن:** مەبەست لێی دەستنیشانکردنی کەم و کوڕییەکانە، ڕەخنەگرتن نابێ لەسۆنگەی ڕق و ناحەزییەوە لەنگەر بگرێت.. هەر کاتێك ڕق لەنێو دڵ و دەروون چەکەرەی کرد، هەڵکەندن و ڕیشەکێشکردنی ئەستەم دەبێت، چونکە ڕقی نەگریس هەر بەوە ناوەستێ ڕقەکەی لە دڵی پەنگخواردوو کلۆم بدات و تەواو، بەڵکو بەو نەفەسەوە وەڵامی داواکاریی و فەرمانی خراپی دەروونی دەداتەوە بەزیان گەیاندن بەرامبەر بەو کەسەی ڕقی لێهەڵدەگرێ لەکاتێکدا بۆی هەیە ئەو کەسە هیچ هەڵەییەکی بەرامبەر نەکردبێت، یان ڕەنگە کەم تا زۆر یا دوور و نزیك ئەو کەسە نەناسێت، لێرەوە پێویستە خۆمان بناسین و لە هەموو شتێکدا هەر خۆمان بەڕاست نەزانین، وەك چۆن ئەو شتانەی بۆ خۆمانی بە ڕەوا دەبینین، دەبێ ئاوا بەکەسانی دیکەی بە ڕەوا ببینین.

٢- **بڕیاردان:** لەوەدا تاوتوێ و شەن و کەوی ئەو هەڵوێستانە دەکات کە دەیەوێ بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدات.. تەنانەت بەجۆرێ بیری لێ دەکاتەوە ئایا لەو هەنگاوەیدا سەرکەوتوو دەبێت یان نا؟ کەسێك دەتوانێ بڕیار بدات ئەگەر بوێر و خاوەن هەڵوێست بێت، هیچ بڕیارێك بەبێ بوێری نادرێت.

٣- **دانانی پلان و جێ بەجێ کردنی:** ئەویش خۆی لە چەند بنەمایەکی سەرەکی دەدۆزێتەوە:-

✍لە ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی کارەکاندا بەمانای وشە سەرکردەبێت.

✍کۆمەڵگا گۆش بکات و خۆی بەبەرپرس بزانێ لە چاکبوونی خۆیان بەرەو چاکتر.

✍ هانی کۆمەڵگا بدات زیاتر بکەونە بەر هەژموونی لێپرسینەوە.

✍هۆشیاریی و زمانی دیالۆگ بکاتە سەنتەر بۆ هەر گیر و گرفت و کێشەییەك.

✍ پلانی پێشەوا و ڕابەری ئەو بزوتنەوە گۆڕانکارییە جەخت لەسەر پشتگیری هاوڵاتیان لەپرۆسەی چاککردن و چاکسازی و پاکسازی بکاتەوە.

✍بە پرس و مشوورەتەوە کار بۆ ستراتیژییەتێکی ڕوون و دیارو ئاشکرا بکات.

بۆ کۆی ئەو پرۆسەیە لەنێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا، پێویستە بەرچاو ڕوون بێت لەوەی:

- ناتوانرێ وا لە خەڵك بکرێ هەموو کات بە شێوەییەکی ئیجابی گۆڕانکاری قبوڵ بکەن.
- هەندێ خەڵك بە شێوەییەکی سروشتی گۆڕانکاری قبوڵ دەکەن و هەندێکیش دژایەتی دەکەن و لێی هەڵدەگەڕێنەوە .
- ئەو خەڵکانە زیاتر ئامادەن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ڕابێن کە بەڕاستی لەگەڵ پڕۆسەکەدا بتوێنەوە و پەیوەست و گرێدراوبن.
- گۆڕانکاری کاریگەر پێویستی بە سەرکردەی کاریگەر هەیە و کاری بەکۆمەڵ گرنگە بۆ پشتگیری خەڵك بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکە سەرکەوتووبێت .

# فەلسەفەی گۆڕان

✍فەلسەفەی هیراکلیتس [٣٤] لە بنچینەیەکەوە سەرهەڵئەدات، کە گۆڕانی نەپساوە و هەمیشەیی و بەردەوامە.

*یاسای گۆڕان پوختە و گەوهەری هەموو شتێکە.

*هەموو شتێك دەگۆڕێ تەنیا یاسای گۆڕان خۆی نەبێ.

* هەموو شتێك لە گۆڕانی بەردەوام دایە[٣٥].

✍مەسعود لەعلی دەڵێت: هەموو ئەوەی هەیە، یەك شت، یەك بوون، یەك بارودۆخ نییە، بەڵکو ڕەوتێکە. هەموو شتێك وزەیە و لەباری جولاّندایە و ئەمەش بەکورتی پێی دەڵێن: تۆ بینەری ڕووداوێکی کاتێك سەیری شتێك دەکەی، تەماشای شتێکی وەستاو ناکەیت لە بۆشایی ئاسماندا.. چونکە هەموو شتێك لە دۆخی گۆڕان و کامڵ بووندایە.. ئەوەی کە ناگۆڕێت ئەوەیە هەموو شتێك هەمیشە لەباری گۆڕاندایە[٣٦].

✍مارکس دەڵێت: "هەموو شتێك قابیل بە گۆڕانە، بەس مرۆڤ ناگۆڕێت"..ئەوە ئامۆژەیەکە لە کۆندا مرۆڤ ساچمەزەنەی بەکار دەهێنا، ئێستا بۆمبی ئەتۆمی دروست دەکات، ئەوە مرۆڤەکانن ناسرەوێن و بیری شەڕانگێزی و شەڕخوازیان هەیە.

۞ ۞ ۞

[٣٤] -لەشاری ئەفسوس لەدایك بووە، لەنێوان سالآنی٥٤٠-٤٧٥ی پێش زایین ژیاوە، ڕۆڵەی خێزانێکی خواپێداو و ئوروستوکرات بووە.

[٣٥] حەمید عەزیز: سەرەتایەك لەفەلسەفەی کلاسیکی یونان، چ ١، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی،١٩٧٩، ل١٢٥-١٢٦

[٣٦] -مەسعود لەعلی: کاتێك تۆ دەگۆڕێیت جیهانیش دەگۆڕێت— وەرگێڕانی: مەهاباد حەسەن- چ١/٢٠١٤-ل٣٤

# گۆڕان لە ڕوانگەی قوتابخانە جیاوازەکانەوە...

✍ژیان بریتییە لە ململانێیەکی بەردەوام، هەر ئەو ململانێیە بەردەوامیان بە جوانی ژیان داوە، بەڵام تێنەگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو چەمکە لەوەدا سەر هەڵدەدات، کە وتت: ململانێ، واتا: پشت شکاندن، سەرکوتکردن، لەپشتەوە خەنجەر وەشاندن، هەموو شت بۆ خۆیی و دیسان هەموو شتی خەڵك بۆ خۆی، ئەمە لە کاتێکدا سەرتۆپی مرۆڤایەتی چ سپی پێست یا ڕەش پێست، هەژار و دەوڵەمەند، گەدا و گزیر و وەزیر، لەمسەری دنیا بۆ ئەو سەری، سەرچاوەی هەمووان باوکە ئادەم و دایکە حەوایە.

ئەوەتا خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴾ الحجرات: ١٣

***ئەی خەڵکینە! بێگومان ئێمە هەموو ئێوەمان لە پیاو و ژنێ دروست کردووە کە ئادەم و حەوان و، ئێوەمان کردووە بە چەند نەتەوە و هەر نەتەوەیەك بەچەند خێڵ و هۆز کە بچنەوە سەر یەك بنەچە، بۆ ئەوەی لەناو خۆتانا یەکتر بناسن. بەڕاستی بەقەدر و حورمەتترتان لای خوا ئەوەتانە زۆرتر لەخوا بترسێ و خۆی لە گوناه بپارێزێ. خوا هەموو شتێ ئەزانێ و لە هەموو شتێ ئاگادار و شارەزایە***[٣٧]

ئەم ئایەتە بەبێ جیاوازی پەیامێکە بۆ کۆی مرۆڤایەتی و پێمان دەڵێ: یەکتر بناسن، لەڕووی دەروونییەوە مرۆڤ توانی یەکتر بخوێنێتەوە و یەکتر بناسێت، ئەوە لە فەرهەنگی سیاسی بە گفتوگۆ و حیوار و وتوێژ لەقەڵەم دەدرێت، هەر ئەو یەکتر ناسینەیە وادەکات لەیەکتر تێ بگەن و کێشەکانیان بەلاوە بنێن، بە تێگەیشتن کێشە و ململانێکان چارەسەر دەبێت.

[٣٧] - خۆلاسەی تەفسیری نامی: مەلا عبدالکریمی مدرس- جوزئی بیست و شەش- بەرگی سێهەم- چاپخانەی المشرق، بەغدا- ٢٠٠٢- ل٢٢٠

✐- مارکسییەکان پێیان وایە گۆڕان بەگشتی لە سروشت و ژیان بەهۆی ناکۆکی ناوەکی دێت، لەنێو کۆمەڵگەش ئەو گۆڕانە گوزارشت دەبێ بەهۆی فاکتەری ئابووری کۆمەڵ لە ڕێی ناکۆکی چینایەتی.

✐- ماددیەکانی فەڕەنسی و بەشێك لە نەتەوەگەریش، پێیان وایە ژینگە(بيئة) سەرچاوەی گۆڕانە.

✐- هیگل: سەلبیات سەرچاوەی گۆڕانە.

✐- بەشێك لە دەروونناسان: هەست بەنوقستان کردن.

✐- مەدرەسەی فرۆید: جنس.

✐- نەتەوەگەریەکان: ململانێی نەتەوایتی.

✐- توینبی:بەرەنگاربوونەوە و وەڵامدانەوە (التحدي والاستجابة).

✐- فکری ئیسلام: پێی وایە لە کۆتایی مرۆڤ خۆی لەو گۆڕانە بەرپرسیارە چ بەرەو سلبی یان بەرەو ئیجابی نەك فاکتەری دەرەکی و ئابووری و جنس[38] و...(ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغير ما بانفسهم) بە بەڵگەی ئەو گۆڕانە دەهێننەوە.

✐- زۆر ڕاو بۆچوونی تر[39].

بێگومان سەرتۆپی ئەو بەرنامە و ستراتیژ و ئایدۆلۆژییانەی باڵیان بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کێشاوە، سەرەڕای تێکگیر و جیاوازییان، ئەوەندە خاڵی هاوبەش و لێکچوونیان هەیە تاوەکو لەسەر یەك مێز کۆ بکاتەوە و ململانێکان لەڕێی دانوستانەوە بە ئاقارێکی دژوار و نەرێنی نەبەن، پەنجەرەیەك بە ڕووی یەکدا بکەنەوە و یەکتر سفر نەکەنەوە، کە ئەگەر شەڕیان کرد بایی ئاشتی تێدا بهێڵەوە.

جوانی مرۆڤ لە فرە دەنگی و فرە ڕەنگ و جیاهۆز و نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانە چۆن یەکتر بخوێننەوە و بەبێ هیچ بەرکەوتنێك بگەنە هەقیقەت و دان بەڕاستییەکان دابنێن و نکۆڵی لێ نەکەن.

---

[38] -ئیسلام ئەم فاکتەرانەی وەلا نەناوە، بەلام هەر یەکەیان بە ئەندازەی خۆی، قسەی لەسەر هەیە.

[39] - مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، ل١٤٩-١٥٠

لەم ڕۆژگارە چ جای بوونی ئایدۆلۆژیای تاك و ئایدۆلۆژیای حزبی، سیٚ ئایدۆلۆژیای زل و زەبەلاح باڵی بەسەر گرۆی مرۆڤایەتی کێشاوە، ئەوانیش ئایدۆلۆژیای (سەرمایەداری – سۆسیالیستی – ئیسلام)ە.

هەر یەك لەمانە بە ئەجێندا و بەرنامەیەکەوە مرۆڤایەتی ئاڕاستە دەکات..زۆر جار لە خراپ خوێندنەوەی یەکدی و ناشیرینکردنی ئەویتر بەزمانی زبر، هیچیان یەکتر قبوڵ ناکەن، ئەوەش وادەکات جارێکی دیکە بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزە بگەڕێینەوە کە باس لە یەکتر ناسین دەکات و لە یەکتر نەناسین دا ناتوانین ڕاو بیروبۆچوونی یەکتر وەربگرین، لە کاتێکدا خوای پەروەردگار کە خوای هەموو مرۆڤایەتییە، فەرمانمان پیٚ دەکات و پێمان دەڵیٚ: زۆرکردن لە دین (هیچ ڕێگە و ڕێبازێك) نییە، وەك دەفەرمویٚ:

﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾البقرة: ٢٥٦

*﴿ بەهیچ جۆرێك زۆرکردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا( دینداریی بە زۆر نابێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا)، چونکە بە ڕاستی ڕێبازی چاك و دروست، ڕوون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە –طاغوت– ( کە بریتیە لە هەموو ڕێگە و ڕێباز و هێز و بەرنامە و لادان و بتێك) و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە خوا. جا بێگومان ئەو کەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە کە هیچ پسان و هەڵوەشانەوەیەکی بۆ نی یە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەر و زانایە﴾* [٤٠]

لەم سۆنگەوە دەردەکەویٚ هەر خەت و خاڵ و بیر و باوەڕ و ڕێبازێك دینێکە بۆ خۆی، ناکریٚ زۆر لەو مرۆڤە بکەی لەکاتێکدا ( گا ، مشك ، کێك، خورما، یا بت و سەرکردەییەك و...هتد) دەپەرستیٚ. لێرە دەکریٚ بە دید و تێڕوانین و

[٤٠] - تەفسری ئاسان-جوزئی دووەم- ل٤١

ڕوونکردنەوەییەکی لۆژیکیانە ڕوو بەڕوویان ببیەوەو بەو بیرو باوەڕەی لەلاتە قەناعەتیان پێ بێنی کە ئەوەی ئەنجامی دەدەن هەڵەیە.. بۆیە هەر قەناعەتە بەر بەشەڕ و ئاشووب دەگرێ و ململانێکان ناکاتە خاڵی قڕکردن و لەناوبردن.

کاتێك هەڵوێستە لەسەر ئەو ئایدۆلۆژیا و سیستەمانە بە گوێرەی بەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی دەکەین ، دەبێ لە شوێن هەڵگرتن و هەڵبژاردنیدا سەرپشکبین: ئەگەر تۆ ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری بە خێر و خۆشی و بەختەوەری بۆ هەمووان دەبینی، ئەوا من سەرپشکم لەوەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بەخێر و خۆشی و بەختەوەری بۆ سەرتۆپی بەشەریەت بزانم و یەکێکی تر سۆسیالست.

دەبێ بزانین دیموکراسی ئایدۆلۆژیا نییە، پێشنیارێکە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی زیاد لەبیروڕا و ئایدۆلۆژیاییەکی جیاواز تا لەڕێگەییەکی ئاشتیانەدا ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان لەژێر یەك چەتر و سیستەمدا کۆ بکاتەوە پێکەوە بژێن، پێکەوە هەڵبکەن کە وەکو سیستەم و سیما گشتییەکەی: چوارچێوەییەکی حوکمڕانییە، زیاد لە هێز و بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاییەك مافی بوونیان هەیە کە لە فەزاییەکی ئازاد و کراوەدا دەچنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و بەپێی دەرئەنجامەکان حکومەت پێکدێنن، واتا: لەململانێی نێوان هێزە سیاسیەکاندا بەپێی دەنگەکان کورسیەکانی پەرلەمان دابەش دەکرێ و لەڕێی ئەو کورسیانەوە حکومەت پێك دێت.

" بەڵام ناکرێ باس لە هەستی خووڕەوشتی نەکەین کە لەناخی ئادەمیزادا هەستێکی زگماکییە، خوای گەورە خستوویەتییە ناخی مرۆڤەوە، پاڵی پێوە دەنێت بۆ خۆشەویستی هێندێك سیفاتی ئینسان و ڕق لێ بوونەوەی هەندێکی دیکە"[٤١]

ئایدیۆلۆژیا ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی کۆمەڵگایە، سیستەمێکە فەلسەفە و بیردۆزەکان، بیروباوەڕو مافەکان، ڕەوشت و جوانیەکان لەخۆ دەگرێ و وابەستەی پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نێوان سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگایە. دوو جۆرە ئایدیۆلۆجیمان هەیە: ئایدیۆلۆجی زانستی و نازانستی، جا بۆی هەیە ئەو ڕەنگدانەوە ڕەنگدانەوەییەکی

[٤١] - ئەبولئەعلا ئەلمەودودی:یاسای ژیان لە ئیسلامدا، ئامادەکردنی: عەلی خدر بەردەکۆزی – خالد وەلی عەلی،چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٧، ل٢٣

بەڕاستی بێت یان ڕەنگدانەوەی بە درۆ[٤٢]. ئەوە تێڕوانینی بیرمەندانە، کەچی لەتەکدا ئایدۆلۆژیاییەکی دیکەمان هەیە ئەویش ئایدۆلۆژیای ئیسلامە. بەڵگە بۆ ئەمە هەندێ لە زانایان پێیان وایە سەرمایەداری و سۆسیالیستی ئەوەندەی لە ڕابوونی ئیسلامی دەترسێن، سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکی نێوانیان، ئەوەندە ترسیان لەیەك نییە، بۆیە خاڵی لێکچوو و هاوبەشیان بنبڕ و قڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژم و تەیارانەیە کە بەناوی ئیسلامەوە لێرەو لەوێ کاری بانگەواز و ئیسلاح و سیاسەت دەکەن، چونکە دەترسن ئەگەر ئەو ئایدۆلۆژیاییە بچەسپێ و شوێنی خۆی بگرێ، ئەوا جێ بە هەر دوو ئایدۆلۆژی (سۆسیالیستی و سەرمایەداری) لەق دەکات و بەختەوەری ڕاستەقینە بۆ کۆی مرۆڤایەتی دێنێت، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم دوو ئایدۆلۆژیە دژ بە یەکە، لە یەك بەرە کۆ ببنەوە و دژ بە ئیسلام بوەستن و قین لە دڵانە سەیری ئیسلام بکەن.

✎ ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژئاوایی دەڵێت: شوعیەت لە ئیسلام باشترە چونکە شوعیەت لە ئەصلا بیرێکی ڕۆژئاواییە، بۆیە دەتوانرێ پەیوەندی لەگەڵ ببەسترێ بەڵام جگە لە ئاسن و ئاگر هیچ هۆیەکی تر نییە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئیسلامدا.

✎ ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (کیمون) دەڵێت: بڕوام وایە پێویستە پێنجییەکی موسڵمانان قڕ بکەین و ئەوانی تریش لەگەڵ حوکم ئیشی قورسیان پێ بکەین و کەعبەش تێك بدەین و لاشەی موحەممەدیش لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) دابنێین[٤٣]

---

[٤٢] - ئەم وتانە ئەو کاتەیە هێشتا سەرمایەداری و سۆسیالیست وەك دوو ئایدۆلۆژیا لە ململانێیەکی توند و تیژدان و، ئایدۆلۆژیاییەك بەناوی ئایدۆلۆژی ئیسلامی بۆ حوکمڕانی دنیا لەو مەیدانە بەدی ناکرێ، بەواتایەکی دیکە ئیسلام هێشتا نەبۆتە ئەو هێزە کاریگەرەی ململانێی ئەو دوو ئایدۆلۆژیایە بکات.

[٤٣] - بەدرێژایی ٥٠ ساڵ ڕوسیا ٢٠ملیۆن کەسی بەکوژداوە و تەنها ستالین وەك لەسەرژمێرەکان دەرکەوتووە ١١ملیۆن موسڵمانی کوشتووە. دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان ئەو کورسیەی لەسەری دادەنیشت، سەیری سەرمێزەکەی کرد، سبیلی جگەرەکەی دیار نییە، بانگی بەرپرسی هەواڵگری دەکات و پێی دەڵێ: سبیلەکەم دیار نییە...ئەویش دەڕوات و ئەوەندە نەبرد کاتێ ستالین سەری بۆ خوار مێزەکەی شۆڕ کردەوە سەیری کرد سبیلەکەی لەبن مێزەکە کەوتووە، ناردیە دوای بەپرسی هەواڵگری و پێی وت: خۆتان مشەوەش مەکەن،

" کاتێك سەرۆکی ئەمریکی(نکسۆن) سەردانی خێوەتگای پەنابەرە ئەفغانییەکانی کرد، چووە لای پیرەمێردێکی ئەفغانی و بۆ تەوقەکردن دەستی بۆ درێژکرد، بەڵام پیرەمێردەکە دەستی خۆی ڕاکێشایەوەو گوتی: (تۆ هاوبەش پەرستی و پیسی بۆیە سلاوت لێ ناکەم) لەولایشەوە پیرەمێردێکی بەساڵاچوو هاتە پێش، بە (نکسۆن)ی گوت: (بۆچی فەڵەستینتان بە جوولەکە دا؟!) هەر کە نکسۆن گەڕایەوە ئەمریکا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەست و ڕۆژنامەنووسان لێیان پرسی: چارەسەرێکتان بۆ فلانە کێشە داناوە؟!گوتی: ئاسانە.. ئەدی فلانە کێشە؟! گوتی: ئاسانە.. پاش چەند پرسیارێ، ڕۆژنامەنووسێك لێی پرسی: ئەی باشە گرفتی هەرە گەورەتان چییە؟! نکسۆن گوتی: ئیسلامە. پێیان گوت: ئەی چارەسەر چییە؟! گوتی: چارەسەر ئەوەیە بچین ڕۆڵەی موسڵمانەکان بهێنینە ولاتەکەمان، بە ڕۆشنبیری ئێمە بەنجیان بکەین و پاشان بیانگەڕێنینەوە ولاتی خۆیان.. پاشان گوتی: پێویستە ڕوسیا و ئەمریکا یەکبگرن بۆ ئەوەی حوکمێکی ئیسلامی لە ئەفغانستان سەرهەڵنەدات"[٤٤]

" دوای ئەوەی (ڕیگان) دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا، لەگەڵ (گۆرباتشۆڤ) دوا سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت کۆدەبێتەوە..گۆرباتشۆڤ نەخشەیەکی دەرهێنا، بە(ڕێگان)ی نیشانداو پێی گوت: کاتی خۆی زۆربەی ئەوروپا لەژێر دەسەلاتی موسڵمانان بوو، هەروەها موسڵمانان دووجار لەدەرگای ئەوروپایان داوە و ئافرەتانیش ڕژاونەتە نێو شەقامەکان. پاشان گوتی: ئەوا موسڵمانان بەرە بەرە خۆیان دەجووڵێنن، تۆزی تەمبەڵی لەخۆیان دادەوەشێنن و دەیانەوێ دووبارە هەڵسنەوە، خۆ ئەگەر دەستیان کرد بە ڕۆیشتن ئەوا کەس ناتوانێ لەبەردەمیان بوەستێ و ئەوەی لە دژایەتی نێوان

سبیلەکەم دۆزییەوە، سبیلەکە لەژێر مێزەکە کەوتبوو، خۆ ئازاری کەستان نەداوە؟ بەرپرسی هەواڵگەری بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وەك بەهەواڵی دۆزینەوەکە شادمان بووبێت، وتی: قوربان سی کەسمان دەستگیر کردووە بیستیان ئیعرافیان کردووە سبیلەکەیان بردووە و دە کەسەکەی تریان هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

[٤٤] - نبیل عبدالرحمن المحلیش: پیلانی نەهێشتن و لەناوبردنی ئیسلام و بنبرکردنی موسڵمانان لە چەرخی نوێ دا —وەرگێڕانی: خەبات صلاح الدین ابراهیم-ل٦

**ڕوسیا و ئەمریکا سوود و قازانجی پێ دەگات ئیسلامە، هەر بۆیە پێویستە گرفتەکانی نێوانمان نەهێڵین بۆ ئەوەی پێکەوە دژایەتی دوژمنی هەردوولامان بکەین.. جا ڕیگان کەمێ داما و پاشان بە پیلانەکە ڕازی بوو"[٤٥]**

**هەر دوای ئەمە بە ماوەییەکی کەم بلۆکی ڕۆژهەلاتی هەرەسی هێنا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەبەر یەك هەڵوەشایەوە[٤٦] کە ئەو ئەزمە فکرییەی ئایدۆلۆژیای چەپ تووشی هات و لە نۆژەندا بیری دیموکراسی زەق بۆوە، بەمەیش لەسەرکەوتنی ئەو چەمکەدا هەمدیس لەو ڕۆژگارەوە بۆ جوانکردنی ڕووی خۆیان، بوو بە دروشم و هەڵگری ئالأی حزب و کەسایەتییەکان بەخودی حزبی ئایینی و دیکتاتۆرەکانیشەوە. واتا دیموکراسی بووە ماسك و دەمامکێك بۆ داپۆشینی ڕوخسار و دەسەلأتی خۆپەرست و کۆنەپەرستییان، بەجۆرێ دۆڕان لەلایان گرێییەکی دژواری دەروونی کوشندەیە هەمیشە کار بۆ داگیرکردنی ئیرادەی خەڵك دەکەن جا بەشەڕو لوولەی تفەنگەکانیان بێ یان بە ساختەکاری و فڕوفێڵ بێت یان بەهەڕەشەی نانبڕین و کڕینی دەنگ و ئیمتیازات ، کە لە هەقیقەتدا لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستەقینەدا دەسەلأت موڵکی هیچ حزب و کەس و لایەنێك نییە، کێ بدۆڕێ دەبێ قبوڵی ئەنجامی دۆڕانەکەی بکات و شوێنەکەی جێ بێڵێ و بەدوای هۆکارەکانی ئەو شکستەی بگەڕێت بۆ ئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا بتوانێ هەستێتە سەرپێ و جارێکی تر سەرکەوتن و بردنەوە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.**

❁ ❁ ❁

---

[٤٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧

[٤٦] - گۆرباتچۆف دەڵێت: هاتم سیستەمی چەپ چاك بکەم، دەستم دایە بەڕەکە و ویستم پاکی بکەمەوە، وەلێ کە بەڕەکەم هەڵبڕی، هەمووی بەدەستمەوە ڕزیی و هەڵوەری.



## جۆرەکانی گۆڕان چین؟! چ کاتێك گۆڕان بەرپا دەکرێت؟!

✍ئەگەر بمانەوێ هەر پاساوێك بۆ بەرپابوونی گۆڕان بهێنینەوە، دەبێ پاساوەکان ڕەگ و ڕیشەییەکی ئەقڵی و نەقلی و مێژوویی و فەلسەفی و واقیعی و سروشتی بەهێزیان هەبێت.. مارکسییەکان و قوتابخانەکانی تا بە ئیسلامییەکانیش خۆ بە خۆیی ڕادەگات دابەشبوونێکی سەرانسەریان لەڕووی فەلسەفە و سروشتەوە بۆ ئەو چەمکە هەیە، ئاخۆ: گۆڕان لەسەرخۆ و هێواش (پلە بە پلە) بێت یاخود بە توند و تیژی؟

دوو جۆرە گۆڕانمان هەیە:

**یەکەم:** گۆڕانی داخراو.

**دووەم:** گۆڕانی کراوە.

سووڕانەوەی شەو و ڕۆژ ئەو گۆڕانە بەردەوامەیە لەهاتنی تاریکی دا نرخی گەورەیی خۆر و ڕۆشناییمان بۆ دەردەکەوێت.. هەروەها وەرزەکانی ساڵیش ئەو گۆڕانە بەردەوامەیە لەبزربوونی هاوین نرخی گەرمامان بۆ دەردەکەوێ و لە نەمانی زستان بەهای سەرما و سۆڵ و جوانی سروشتمان نیشان دەدات بۆ ئەو دەم و ساتانەی بەفر و باران و کرێوەی تێدا دەبارێ ، هەروەکو چۆن وەرزی بەهار کەش و هەواییەکی فێنکی ئەوتۆمان پێ دەبەخشێ تا بە ئیشتیا و شەوق و زەوقەوە حەز بە دەرچوون و گەڕان و سووڕان بۆ دەرەوە بکەین، کەچی بەهەمان شێوە لەدیار نەمانی پایزدا لە دیمەنە ئەفسوناوییەکانی گەڵاڕێزان بێ بەش دەبین. ئەمانە مشکێکن لە خەرواری گۆڕانی داخراو.

**هەڵبەتە فراوان بوونی گەردون و حەز و ویستی مرۆڤ بۆ ئێستا هاوڕێ و بۆ دەمێکی دی دوژمن.. داگیرکاری بەناوی ئیستیعمار و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم و...هتد، ئەمانەیش گۆڕانی کراوەن.**

**پشوودان و ماندووبوونی مرۆڤیش گۆڕانێکە ئەگەر هەر نەخەوتایە چی بەسەر دەهات؟ هەر وەکو چۆن دیاردەی لەدایك بوون و مردن پێمان دەڵێت: مرۆڤ پێویستە بەوردی سەیری خۆی بکات تاوەکو بزانێت چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟ چۆن لە نەبوونەوە هاتۆتە بوون لەکاتێکا پێش چاوهەڵێنان و لەدایك بوونی دا کەس لەسەر ئەم زەویەدا ئەمی نەدیوە و نەیناسیوە و نەیزانیوە ناوی چییە و چ کەسێکە و لەپاشەڕۆژدا چی لێ دەردەچێ و دەبێتە چی؟**﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١﴾ الإنسان: ١

***﴿کاتێکی دوور و درێژ بوو بەسەر ئادەمیزاد تێپەڕیوە، بەبێ ئەوەی بوون و ژیانی بوو بێت. دواتر خودا لە نەبوونەوە هێناویەتیە بوون و ژیانی پێ بەخشیوە..(هل) کە بۆ پرسیار بەکاردەهێنرێت، لێرەدا مەبەست لێی پرسیارکردن نییە. بەڵکو مەبەست ئەو بوون و تێپەڕ بوونەیە.. ئەمە وەکو ئەوە وایە بەکەسێك بڵێیت: ئایا دەزانیت فلانە کەس چەندە سەخی یە؟! تۆ لێرەدا مەبەستت پرسیارکردن نییە. بەڵکو مەبەستت ئەوەیە تۆ بەوە دەزانیت و دەتەوێت بەکەسەکەی بەرامبەریشت ڕابگەیەنی تا ئەویش بزانێت کە ئەو فلانە کەسە زۆر سەخی یە... نموونەی بەرز هەر بۆ خوایە﴾***[٤٧]

**ئەگەر لە وێستگەی تێڕوانینێکی ژیربێژانەوە بڕوانینە هەندێ لە دیاردە سروشتییەکانی گەردوون، بۆمان دەردەکەوێ پرۆسەی گۆڕان یەك ڕیتم و ئاواز لەخۆ ناگرێ کە تەنها هێواش و لەسەرخۆبن یا هەموویان توند و تیژ و تووڕە.. ئەگەر گڕکان و گەردەلوول و لافاو نموونەی گۆڕانە توند و تیژەکانبن، ئەوەتا لە پۆلینکاری و تێپەڕاندنی هێواشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بۆ هەفتە و لە کۆکردنەوەی دوانزە مانگ بۆ پڕ بوون و دابەشبوونی وەرزەکان بۆ چوار وەرز و تەواوکردنی ساڵ نموونەییەکی جوانی**

---

[٤٧] - نظام الدين عبدالحميد: تەفسیری گوڵشەن، ب٣، چ٢، چاپخانەی احسان،٢٠٠٧ز، ل١٥٥٣

گۆڕانمان بۆ پلە بە پلە و لەسەرخۆیی نیشان دەدات..کێ هەیە لەئێمە هەستی بەو گۆڕانە سەبر و لەسەرخۆیە نەکردبێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خودی خۆی ساوا و بچووك بووە، تەنانەت ساناترین شتەکانی دەوروبەری نەناسیوە و هێدی هێدی گەورە بووە و بووەتە هەرزەکار، پاشان بەرەو خۆناسین و کامڵبوون ملی ناوە و دوامەنزڵیش لەبەردەمی دا ئاگادار دەکرێتەوە بۆ گەڕانەوەی ڕابردووی خۆی کە لەم ژیانەدا هەرچییەك بکات و پەنا بباتە بەر هەر شتێ، بێ مفایە و تاکە ڕێگە لەبەردەمی دا پیربوون و کۆتایی بوونییەتی بەوەی سەرەنجام دەبێ بەبێ ویستی خۆی ماڵئاوایی لەم ژیانە کاتییە بکات و کەسێکی تر بێتە جێی.

" ***جۆرج برناردشۆ دەڵێ: ئاسوودەیی ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤ کار بۆ ئامانج و مەستێکی مەزن بکات، نەك کەسێکی نەزان و خودپەرستبێ و گلەیی ئـــــــەوە بکات کە دەوروبەرو جیهان خۆشی بـــــۆ نامێنن، واتە خۆشی خۆت دروستی دەکەی***"[48]

ئەگەر بپرسین: ڕێگاکانی بەردەم گۆڕان چین؟ چ کاتێك گۆڕان ئەنجام دەدرێ؟ یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە دەڕوات کە بوارەکانی بەردەم گۆڕانکاری و ئەوانەی گۆڕانکاری بەرێوە دەبەن پێویستە:

✐لەگەڵ واقیعدا بگونجێن .

✐ئاڕاستەییەکی بەهێزیان هەبێت کاتێك کۆمەڵگا یا تاك لەکاتی تەنگژەدا پێویستی پێ دەبێت.

✐خۆیان لە تاکڕەویی و دیکتاتۆری بەدوور بگرن کاتێك کۆمەڵگا بەڕەزامەندییەوە گۆڕانکارییەکەیان قەبوڵ کرد.

🖂کات نرخی خۆی هەیە، هەر شتێك لەکاتی خۆی ئەنجام نەدرا، کاردانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە.

گۆڕانکاری پێویستی بە زەمینەسازی هەیە.. نموونەییەکی جوانی سەرهەڵدان و نیشاندانی گۆڕانکاری ئەوەیە بەپێی خواست و پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە بێت،

---

[48] زانا عەلی محەمەد: دیاریکردنی ئامانج ،چ١، چاپخانەی گوڵ، هەولێر،٢٠٠٨، ل٢١

ئەوەتا ئەوانەی سەرەتا بوونە ئیسلام، نوێژیان دەکرد و لە پاڵەوە ئارەقیان دەنۆشی، ئیسلام یەکسەر نەهات پێیان بڵێ: دەی ئێوە بوونەتە ئیسلام ئەگەر نوێژتان کرد، نابێ ئارەق بخۆنەوە، بۆیە لە هەنگاوی یەکەم ئایەت هاتە خوارەوە پێیان وترا: لە نوێژ نزیک مەبنەوە لەکاتێکدا ئێوە مەست و سەرخۆشن.. وردە وردە وای لێهات ئیمان لەناخیان جێگیر بوو، ئیدی ئارەقخواردنەوەیان لەسەر حەرام کرا.

گۆڕان دەبێ مۆم ئاسا تاریکی ڕووناک بکاتەوە، وەك هاتووە: هەموو تاریکایی دونیا ناتوانێ ڕوناکی مۆمێك بکوژێنێتەوە. کەواتە:

❑ بۆ بەرپاکردنی گۆڕان، سێ کاتی سەرەکیمان هەیە:

١- کاتەکەی بۆ گۆڕان گونجاو نییە.

٢- کاتەکەی تێپەڕیوە و هەر گۆڕانێك بەرپا بکرێت، جێی هیچ ناگرێتەوە.

٣- کاتەکەی گونجاوە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم **(کاتەکەی بۆ گۆڕان گونجاو نییە)** ئەمە ئەو کاتەیە هیچ لەگۆڕێ نییە و گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێ، ئەوەش بەزەقی لەو کەس و گروپ و لایەنانە ڕەنگ دەداتەوە کە لەپێناو هەندێ بەرژەوەندی بۆ دڵڕازیکردنی کەسانێك هانای بۆ دەبەن و دەست بە گۆڕینی بەرپرس و دەستە و تاقمێکی دیار و بەرچاوی نێو دەزگاییەکی حزبی یا سەربازی یا حکومی و پڕکردنەوە و دانانی کەسانێك بێ ئەوەی پێشخانێکی کارگێڕییان هەبێ و بۆ ئەو پۆستە شیاوبن[٤٩]، ئەم جۆرە گۆڕانە

[٤٩] - یەکێتی یوغسلافیای شوعیەت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیست کە جۆزێف برۆزتیتو سەرۆکی بوو، وەك یەکێتی سۆڤیەت تووشی هەڵوەشانەوە هات و چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ دروست بوو ئەوانیش بۆسنەو هەرسك و کرواتیا و جەبەلولئەسوەد بوو.. هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی ئەوەبوو (دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی) کاری لەسەر کرد، هەستا بە چاندنی کەسانی دەستڕۆیشتووی سیخور لە جومگە سەرەکیەکانی ئەو وڵاتە (دیوانی سەرۆکایەتی) کە ڕۆڵیان هەبوو لە دامەزراندنی کەسانی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو.

گۆمی مەنگی ئاسایی ئەو شوێنە دەشلەقێنێ، ئەوەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایی و سەرهەڵدانی گلەیی و گازاندەی خەڵك.

سەبارەت بە خاڵی دووەم (**کاتەکەی تێپەڕیوە و هەر گۆڕانێك بەرپا بکرێت، جێی هیچ ناگرێتەوە**) ئەو گۆڕانە دەق وەکو دەرزی هێوکەرەوە (مسکن) وایە بەشێوەییەکی کاتی کەف و کوڵی تووڕەیی و ئێش و ژان و ئازارەکانی جەماوەر کەم دەکاتەوە بەڵام هیچ لە بارودۆخە گشتییەکە ناگۆڕێ، فەرموو تامی ژیان لەچیدایە تۆ بۆ خۆت بژێیت و ڕۆحی میللەتێك بڕزێنی؟ نموونەی زیندوو ئەوانەن کە دووچاری نەخۆشی درێژخایەن هاتوون و تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی دەکەن، ناچارن بە نەخۆشییەکەیان ڕازیبن، لە کاتێکدا داو و دەرمان بەکاردێنن، بەڵام دەزانن ئەو دەرمانانە لە نەخۆشییەکەیان چاك ناکاتەوە، ئەوەندە هەیە وەکو پارێزیی تا ماوەیەك پەکیان ناخات و نایانکەوێنێ، خۆ ئەگەر باوەڕی وابێ دەتوانێت بەبێ پارێزیی درێژە بە ڕەوتی خۆی بدات، ئەوە هەڵەیە و لەماوەیەکی زۆر کەم و دیاریکراودا دەیکوژێ، بۆیە لەپیس بوونی نەخۆشییە کوشندەکانی وەکو درم و ژێرپەنجەدا، جگە لە ماڵئاوایی، هیچ ئەلتەرناتیڤێك بۆ مانەوە لەسەر کورسی حوکم و ژیان نییە.

بابای نەخۆش، ئەوانەی بەدەست ژانی ددانیانەوە دەناڵێنن و بۆ ددانێکی تەواو ڕزیو دەچنە لای دکتۆر تا ددانەکەیان بۆ پڕ بکاتەوە، وەڵامی دکتۆر هەر ئەوەیە: هەرچییەك لەگەڵ ئەو ددانە بکرێت بێ سوودە چونکە کاتەکەی بەسەرچووە و چارەسەر بۆ ئەو ژانەی بەدەستیەوە دەناڵێنێ تەنها دەرکردنی ددانەکەیەتی..سەرکردەیەك پێی وابێ لەدوای زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە و کوشت و بڕی خەڵك کاتێك ڕقی جەماوەر لەئەستووری دەتەقێتەوە و دەتوانێ بەئەنجامدانی هەندێ چاکسازی سەرەتایی بڵێسە و چەخماخەی ئەو ڕق و تووڕەییە کپ دەکاتەوە، هەر گۆڕانکاریەك ئەنجام بدات، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ، بۆ جامێك شیر بڕە هەوێنێکی کەم بەسە تاوەکو شیرەکە بکاتە ماست، سەرهەڵدانی تووڕەیی زۆر جار لە قسەیەکەوە ڕوودەدات، تەقینەوەی جەماوەریش دەرهەق بە زوڵم و زۆرداری وەك ئەوەی لە تونس ڕوویدا لە خۆسووتانی گەنجێکەوە خۆپیشاندنی بەلێشاوی جەماوەری لێکەوتەوە و سەرەنجام ئەو دەسەڵاتەیان گۆڕی کە نزیکەی نیو سەدە زیاتر لە کپکردنەوەی دەنگی ئازادی خەڵکە

سڤیلەکەدا هەموو ئامرازێکی داپلۆسین و سەرکوتکاری بەکار دەهێنا، بەفر چەند بڵێ: خۆڕاگرم، ناتوێمەوە و بەرگەی مانەوە دەگرم، ناتوانێ بەرگەی گەرمی خۆرێکی بەتین و تاو بگرێت ، ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانەیش درەنگ و زوو دەردەکەوێ کە ناشیرینترین مەترسی و گەورەترین خەتەر ئەوەیە بەخۆیان دەڵێن: دیموکراتخواز، کەچی لەپەنای ئەو دروشمەوە پیادەی تاکرەوی و دیکتاتۆری دەکەن.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم (**کاتەکەی گونجاوە**) ئەوەیان دوای تێگەیشتن بۆ زانینی کێشەکان، هێشتا کات لەبەر دەستە تا بەخۆدا بچێتەوە و دەست بخاتە سەر زامی کەم و کوڕییەکان و ئەنجامدانی گۆڕانکاری و جەخت کردنەوە لەسەر بایەخی گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی و ئەو داخوازیانەی هەست و عەقڵ بەیەکەوەیان گرێ دەدات کە وێڕای ناوەڕۆکێکی سیاسی لەتەکدا ناوەڕۆکێکی فیزیکی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و..هتد هەیە.

هەرگیز سەرکردەی دلێر و چاپووک و چالاك لەوە ناترسێ ئەگەر بەرپرسێکی بینی گەندەڵە بەدەر لە حاسوبیەت و خزمایەتی کار بۆ گۆڕینی دەکات ئەمەش لەدیدگا گشتییەکەوە بەهەنگاوێکی باش دادەندرێ لە دانانی کەسێك کە لەو کەسە شیاوتربێت، ئەفسووس زۆر کەرەت لە کۆبوونەوە لەپێناو کۆبوونەوە گەلێ گۆڕانکاری ئەنجام دراوە، کەچی دەبینین کەسێك لەسەر گەندەڵی یان هەر بابەتێکی نەشیاو لێکۆڵینەوەی لەهەمبەر دەکرێ، لەبری سزادان تا ببێتە پەند و ئامۆژگاری، کەچی بەرێزو حورمەتەوە پلە و پایەی بەرزتر دەکەنەوەو لە شوێنێکی چەور و چاکتری دادەنێن، ئەوەش مەتەڵێك نییە هەڵێنانی گرانبێ و نەیزانین ونەیبینین و نەیبیستین.. ئاکامیش ئەو دەزگایە بەجارێ دووچاری هەڵوەشانەوە و داتەپین و هەڵاوسانێکی مەزنی سیاسی خەتەرناك دێت کە باس نەکرێ.. کەی ڕەوایە ١٠-١٥ سەر بزن و مەڕت هەبێت و هەر ئەوەی بینیت و ناسیت گۆچانێکی بدەیە دەست، ئەوجا پێی بڵێی: فەرموو بڕۆ ببە بە شوانی ئەو مەڕ و بزنانە.. ئاخر بۆ تاقە جارێ سەر هەڵبڕەو ئەو بزن و مەڕانە ببینە، بزانە ئەو کەسە بە کەڵکی شوانێتی دێ یان نا؟ ڕەوایی لەوەدا نییە ئەوەی هاتە پێشەوە بەبێ شارەزایی گۆچانێکی بدەیتە دەست و پێی بڵێی: ئەوە

گۆچان وئەوەش مەیدان، چونکە یەکێك لە بنەماکانی گۆڕان جێگۆڕکێیە لەدانانی شتێك لە شوێنێك بەشتێك کە لەو باشتربێت.

ئەو حزبانەی پێش ناکەون ئەوانەن هەوڵ نادەن ئەو بازنەی دەیکێشن، لێی بێنە دەرەوە، تا ئەو کاتەی شەپۆلی گۆڕان خۆیانی لێ دەدات و دەیانشکێنێ.. بەر لەوەی کەسی بەرامبەر چاوەڕوانی گۆڕانبێ سەرەتا گۆڕان لەخۆتەوە بەرپا بکە، کورد دەڵێ: ماڵی خۆت تەقەت ڕاگرە و کەس بەدز دەرمێنە، هەر وایشە بۆ هەموو لایەن و دەستە و تاقم و گروپ و حکومەتێك پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ دەبێ بەپێی ویست و خواستی میللەت ڕەفتار بکەن و مافەکانیان فەراهەم بێنن، ئەگینا لە تەقینەوەی تووڕەیدا بەر بەو شالاوە ناگیرێ ئەگەر بەربەستی پۆلاینی لە بەردەمدا هەڵچنرێ.



❁ ❁ ❁



## بەشی دووەم

## گۆڕان و ململانێی ئایدۆلۆژیاکان.....

- ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی.
- ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری.
- ئایدۆلۆژیای ئیسلامی.

# گۆڕان و ململانێی ئایدۆلۆژیاکان



## ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی و

## سەرمایەداری.............. جیاوازیەکانی نێوانیان

هیچ گۆڕانێک بەبێ ژان لەدایک نابێت وەکو چۆن هەموو لەدایک بوونێک ژانێکی گەورەی گەرەکە.. بەلای مێژوونوسان شۆڕشی فەڕەنسی کە ساڵی (١٧٨٩) دەستیپێکرد، بە سەردەمی گۆڕانکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی مێژووی گەورەی فەڕەنسا و ئەوروپا دادەندرێ و دروشمەکانی تا ئێستایش بەردەوامە و کۆتاییان نەهاتووە کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ نەهێشتنی موڵکداری ڕەها و ئیمتیازاتی چینی ئەڕستۆکراتی و دەسەڵاتی ئایینی کاسۆلیک و هاتنەکایەی بنەماکانی چەسپاندنی دیموکراسی و مافی گەل و هاوڵاتی بوون.

ئەگەر شۆڕشی فەڕەنسی وەرچەرخان بێت بۆ بەردەوامی شۆڕش، ئەوا لە٢٥/١٠/١٩١٧ (شۆڕشی بەلشەفییەکان)[٥٠] بە ڕابەرایەتی (لینین) بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی قەیسەری ڕوسیا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرهەڵدانی شۆڕشێکی کرێکاری سۆسیالیستی و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، بەماوەیەکی کورت ئەو ئایدۆلۆژییە هەموو لایەکی جیهانی گرتەوە وەک سەرکەوتووترین ڕاپەڕینی جەماوەری چەکداریی

[٥٠] - مارکس دەڵێت: ڕاپەڕین هونەرە، نابێت یاریی پێ بکرێ.

(حزبی بەلشەڤ و شوراکانی کرێکار و جوتیار و سەربازان و خەڵکی ستەم دیدە) توانیان لەماوەی دە ڕۆژدا بەکەمترین قوربانی، دەسەلاّت و دەوڵەتی بۆرژوازی بڕوخێنن و دەسەلاّتێکی کۆمۆنیستی و کرێکاریی دابمەزرێنن[51].. کاریگەرییەکانی فکری چەپی ڕادیکال بەشێوەیەکی خێرا و چاوەڕوان نەکراو لەتەواوی وڵاتانی جیهان بڵاو بۆوە، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتا، وەك لاسایکردنەوە ڕێکخراوگەلێکی زۆری سیاسی ئەگەر بۆ ڕەواجدانیش بووبێت، ناوی چەپیان لەخۆیان نا.

ترۆتسکی باوەڕی وابوو شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی سیاسی بوو.. بەلشەفییەکان توانیان موڵکەکان خۆماڵی بکەن کە لەتەکدا پلانێکی ئابووری مەرکەزییان هەبوو.. وێڕای ئەوەی چەند هەوڵێکی لەو جۆرە لە بولگاریا و ئەڵمانیا هاتە پێشەوە بەلاّم بەهۆی لاوازی ڕێکخستنەکان و نەبوونی ڕابەرێکی لێوەشاوەی بەعەزم و ئیرادەی شۆڕشگێڕی و نەبوونی بەرنامە و ستراتیژ و تاکتیکێکی دیار و ڕۆشن، هەر زوو کپ و سەرکوت کرا.

ئەرکی شۆڕشی سیاسی گۆڕینی دەسەلاّتی سیاسییە نەك گۆڕانی بنچینەی کۆمەلاّیەتی. لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە: بۆچی شۆڕشە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکان سەرهەڵدەدەن؟ لەوەلاّمدا دەڵێین:-

✍یەکەم: کاتێك بۆشاییەکی کۆنکریتی لەنێوان چاوەڕوانییەکانی خەڵك لە دەسەلاّت و ئەو شتانەی ڕۆژانە دەیانبینیێ دروست دەبێت، ئەوا تووڕەیی و خەشم و ڕق و کینە و بێزاریی خەڵك زیاد دەکات، سەرەنجام بە شۆڕشی سیاسی دادەمرکێتەوە و هەندێ جاریش بۆ شۆڕشێکی کۆمەلاّیەتی دەگۆڕێ وەك شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕوخانی حوکمی پادشاییەوە بۆ حوکمێکی ئیسلامی.

---

[51] - دەستکەوتەکانی ئەو دەسەلاّتە، ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی یەکەم و بەرقەراربوونی ئازادی سیاسی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو و دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری دەرەبەگ و سەرمایەدار و کەنیسە و کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و بێکاری و هەژاریی بوو.

✍دووەم: زۆر جــار نایەکســانی و نادادپــەروەریی دەبێتــە هۆکــاری ســەرەکی سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی لە تونس و میسر ڕوویدا، دواتر بەرگێکی سیاسی بەبەر کرا.
بیری سۆسیالیستی دوای ئەو وتەیەی (لینین) هات کە دەڵێت:
ئەگەر ئێمە بە کەمایەتی بمێنینەوە دەبێ بنکەی جەماوەری خۆمان بەهۆشیارییەوە بنیاد بنێین.. دەبێت کارکردنمان لە ڕەخنەگرتندا بەردەوامبێ تا جەماوەر لە هەڵخەڵەتاندن ڕزگاری دەبێت، بەم جۆرە دەتوانین هێڵی ڕاستەقینەی خۆمان بەدەست بهێنین و هەموو چەوساوەکان ڕوو لە ئێمە دەکەن چونکە ڕێگاییەکی تریان نییە.
بۆ نیشاندان و دەرخستنی هەڵوێست و ڕووی ڕاستەقینەی فکری سۆسیالیستی لەمەڕ سیستەمی سەرمایەداری، (کارڵ مارکس)[٥٢] دەڵێت: "سەرمایەداری هەموو شتێکت بۆ دەکات بە کاڵا، وەك ئاین و هونەر و جوانییەکانی مرۆڤت لێدەدزێ و لەپیرۆزیی دایاندەماڵێت..مرۆڤ لەبەردەم سیستەمی سەرمایەداری وەك سەربازێکی کۆیلەیە، بەرەو ڕۆبۆت بوونی دەبات".
سۆسیالیزم لە وشەی (سۆچووس)ی لاتینی وەرگیراوە بەمانای (هەڤاڵ – هاوڕێ) دێ..کارڵ مارکس بە یەکێك لە داڕێژەرانی فکری سۆسیالیزمی دادەندرێت کاتێ هەستی بە نەگونجانی کرێکار و خاوەن کارخانەکان کردو ئەمەی بەکێشەی دوو چین زانی. بۆیە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزم بۆ بارودۆخی دژواری کرێکاران لەسەردەمی کۆمەڵگای پیشەسازی دەگەڕێتەوە کە لەلایەن خاوەن پیشەوەر

[٥٢] - کارل مارکس١٨١٨-١٨٨٣لەتەمەنی بیست و یەك ساڵی دکتۆرای لە فەلسەفە هێناوە و پاشان لەگەڵ ئەنگڵس فەلسەفەی دیالەکتیك و ماتریالیزمی مێژوویان هێناوەتە ئاراوە. **(زانستی دیالەکتیك و ماتریالیزمی دیالێکتیك)** ئەو قوتابخانە زانستییەیە لە سەر بنچینەی گۆڕان و خۆنوێکردنەوە، بنەمای زانستی خۆی داڕشتووە، پێی وایە هەموو شت لە ئاڵوگۆڕی بەردەوامدایە و هیچ شتێك لە فۆڕمی سەرەتایی خۆی نامێنێتەوە و دەبێ هەموو شتەکان قۆناغی تەواوبوون و تەکامولی تێ بپەڕێنێ و هەر شتێك وەستا ئەوە بوونیشی دەوەستێت.

و کارخانەکانەوە(سەرمایەداران) بەسەختی ستەمیان لیٚ دەکرا، بەجۆریٚ ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندتر و ئەوانی دیکە هەژار و داماوتر دەبوون لەکاتێکدا کرێکاران خوازیاری مافی سیاسی و بەشی خۆیان لە سەرمایەی داهات هەبوو.

بەلای کارڵ مارکس گەر ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە لە جەور و ستەم و چەوسانەوە بەردەوام بێت ئاکام بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا دەبیٚ چینی کرێکاران ڕابپەڕن و لەڕێگەی توندوتیژییەوە دەسەلأت بگرنە دەست کە پێی وایە کرێکاران لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەلأتدا کۆمەڵگا لە ڕێی دیکتاتۆری (پڕۆلیتاریا)[53] وە بەڕێوە دەبەن و ئامانجی ئەو شۆڕشە دەبێتە پێکهێنانی کۆمەڵگاییەکی یەکسان. هەرچەندە بە گوێرەی ڕەخنەگران لە بیری سۆسیالیزم، ئەم بۆچوونەی مارکس لە هەموو کاتدا وەك ئەوەی ئەو دەڵیٚ جیٚ بەجیٚ نابێت.

مارکس وای دەبینێت: " گۆڕانەکانی کۆمەڵگە لەڕووی بابەتییەوە پابەندن بەو گۆڕانکارییانەی لەژێرخانی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن کە حەتمین، واتە هەر دەبێت ڕوو بدەن.. گۆڕانە سیاسییەکانیش وابەستەن بەو هەلومەرجە بابەتیانەوە، واتە شۆڕش کاتێك ڕوو دەدات کە هەلومەرجی بابەتی لەبار بێت کە ژێرخان گۆڕا، سەرخانیش دەگۆڕێت"[54]

" بۆرژوازی ئیمپریالیزم هیچ بەتەنگ گۆڕینی دنیاوە نییە چونکە خۆی خاوەن دەسەلأتە و دەیەویٚ تا هەتایە ڕژێمی سەرمایەداری بەرقەرار بێت. بەلأم پڕۆلیتاریا و ڕەنجکێشانی تر بە پێچەوانەی بۆرژوا گەورەترین قازانجیان لەوەدایە دنیای کۆن بگۆڕن و کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیست پێکبێنن کە جیاوازی چینایەتی تیا نەبێت. ئەم ئامانجەشیان بەتەواوی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵ و قانوونەکانی مێژوودا

---

[53] - پڕۆلیتاریا: بەمانای چینێك دێت کە خاوەنی هیچ شتێك نین و تەنها ئەوە نەبێت کە بەهێز و توانای خۆیان بژێوی ژیانیان دابین دەکەن جگە لەوەش هیچ دەستکەوتێکی تری مادییان نییە. ئەم زاراوەیە کاتی خۆی زیاتر لەولأتە سۆشیالیستەکان بەکار دەهات بەتایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران. ( شەعبان عەلی شەعبان: هەندیٚ زانیاری سیاسی و مێژوویی، ل١٧٧)

[54] - پۆسەیدۆن: شۆڕش لەنێوان شەرعیەت و ماف دا، کردار و قسەکردن-وتار-٢٠١١

دەگونجێت. تەنیا پرۆلیتاریا کە چینێکی هەرە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووی کۆمەڵەو ڕابەری ڕەنجکێشان و زۆر لێکراوانە، دەتوانێ ئەم نامە پیرۆز و مەزنە بگەیەنێتە جێ و کۆمەڵی نوێی ئیشتراکی دابمەزرێنێت[٥٥]. دیارە فەلسەفەی کۆن بەکەڵکی ئەوە نەدەهات بکرێتە چەکی هێنانەدی ئەم ئامانجانە، چونکە زۆر دوور بوو لە ژیانی گەل و بەرژەوەندی خەڵکی زەئایدیالیزممەتکێش و بۆ ئەم ئامانجە مەزنەی خەباتی پرۆلیتاریا فەلسەفەیەکی شۆڕشگێڕی نوێ پێویست بوو، ئەمەش نەك تەنیا بۆ لێکدانەوەی جیهان و بەس، بەڵکو هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە چەکێکی فیکری و بۆ گۆڕینی دنیا بە بارێکی شۆڕشگێڕیدا بخرێتە کار. ئەم چەکە تیژو بەکارەی ڕەنجکێشان تەنیا فەلسەفەی مارکسیزمە، کە پێی دەوترێ ماتێریالیزمی دیالەکتیك"[٥٦]

" بە لای میتافیزیکەکانی ئەم سەردەمە: لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا هەندێك لایەنی (باش) و هەندێك لایەنی (خراپ) هەیە جا بە مەبەستی ڕزگارکردنی سەرمایەداری لەلایەن (خراپەکان) پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لایەنە (باشەکان) پەرە پێ بدرێن و لایەنە (خراپەکان) لەناو ببرێن، گوایە بەم کارە دەتوانرێت کۆمەڵی (پڕ لە خێر و خۆشیی گشتی) بهێنرێتە دی. ئەمەش لەبیرکردنەوەی ئەو کەسە دەچێت کە دەیەوێ لە لەشی مرۆڤدا تەنیا دروستبوونی شانە نوێیەکان بهێڵێتەوە و ڕێگەی لەناوچوونی شانە کۆنەکان نەدرێت، بەڵام وەك چۆن ئەمە کارێکی مەحاڵە. هەروا کارێکی مەحالیشە بتوانرێت لە کۆمەڵی بورژوازیدا بهێنرێتە دی..دژەکان لێرەدا یەك لە

---

[٥٥] - بەپێی ڕاپۆرتێك: تەنها لەبەر خاتری سەقامبوونی شیوعیەت لە وڵاتی ڕووسدا ١٩ملیۆن کەس کوژرا..!! وەبڕیاری سزای جۆر بەجۆر درا بەسەر٢ملیۆن کەسدا وە ٤تا٥ ملیۆن کەس لەوڵات نەفی کران و دوورخرانەوە........ بڕوانە کتێبی: پەروەردە لە ئیسلامدا- ئا: ئەحمەد کاکە مەحموود -١٩٨٥-چاپخانەی ئەسعەد —ل١٤

[٥٦] ڤ. پۆدۆسیتنیك و یاخوت-ڤ. پۆدۆسیتنیك و سبیزگین: فەلسەفەی مارکسیزم، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چ٣، چاپخانەی کەمال، بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٦-٢٧،

تەنیشتی یەکەوە نین، بەڵکو یەکیان گرتووە لەناو یەکدا تێکچڕژاون و تێکڕا کۆمەڵێکیان پێکهێناوە کە پێی دەڵێین کۆکەڵی بۆرژواز. لەبەر ئەوەی ناتوانرێت لایەنێکی لەناو ببرێت و لایەنێکی تری بمێنێتەوە، ڕابەرانی پارتی کرێکارانی ئینگلتەرا کە لەسەر حوکم بوون هەوڵیاندا وڵات (ڕزگار) بکەن کە لەهەندێك لایەنی خراپ و خەوشی سەرمایەداری بەڵام بێ ئەنجام بوو، ئەمەش ئاشکرایە لەپێناوی لەناوبردنی(لایەنە خراپەکانی) سەرمایەداریدا دەبێ سەرمایەداری خۆی لەناو ببرێت و لەمەش بەولاوە هیچ ڕێگایەکی تر نییە"[٥٧]

کەواتە ململانێی نێوان دژەکان لەبەر ئەوەیە پێکەوە هاوبەندن و یەکیانگرتوە و هەر لەو کاتەشدا یەکتری دەدەنە دواوە و هەندێکیان هەندێکی تریان(نەفی) دەکەن. لەو ڕوانگەوە لێککەوتن و بەرکەوتن و ململانێ هەر دەبێ ڕوو بدات، ئەمەش مانای ئەوەیە لە هەر کوێ دژەکان یەکیان گرتبێ، ململانێشیان لەنێواندا هەیە.

بەلای سەرمایەدارییەوە کۆی ئەو ململانێیە لە (ئازادی گیان) چڕ دەکاتەوە، ئەوەتا فەیلەسوف و زانا کۆمەڵایەتییە بۆرژوازییەکان مانای ئازادیان شێواندووە، ئەوان گشت مەسەلەکە دێننەوە سەر گەیشتنە (ئازادی گیان) و دەڵێن: کۆیلە بە کۆت و پێوەندکراوی خۆیەوە ئەگەر بزانێت ئەو ژیانەی تێیدا دەژێ، ئازاری گیانی نادات، کەواتە سەربەستە.. بۆیە لاف ئەوە لێدەدەن گوایە لەناو کۆمەڵی بۆرژوازیدا هەمووان ئازادن. کەس زۆر لە کرێکار ناکات کار بکات و سەرمایەداریش ناچار نییە کاری بداتێ، کرێکار دەتوانێ بچێتە لای سەرمایەدارو خۆیشی سەرپشکە دەتوانێ نەچێت.. ئەمەو (جیهانی ئازاد)یشیان بەسەر خۆیان بڕیوە بەوەی پیادەی ئازادی دەکەن.. لە کاتێکدا مرۆڤ بۆ ئەوەی ئازاد بێت پێویستە لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵاییەتیدا خۆی دەسەڵاتداربێت جا ئایا لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا کە لەسەر چەوساندنەوە و زۆرداری دامەزراوە ئەمەی لەتوانادایە؟

---

[٥٧] - هەمان سەرچاوە، ل٩٣-٩٤

مێژوو پیشانی داوە ئازادی لە کۆمەڵێکدا چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ و زۆرداری نەتەوەیی و ئیمپریالیستی تێدابێت، خەو و خەیاڵەو فریودانی گەلە[٥٨].

بۆیە ڕەنجکێشان تا خۆیان دەسەڵات نەگرنە دەست و کۆمەڵێکی نوێی دوور لە چەوسێنەران و زۆرداران دانەمەزرێنن، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتیان دەسگیر نابێت. مرۆڤ هەست بە ئازادی خۆی ناکات تاوەکو بنچینەی مادی هێنانە دی ئامانج و کۆششەکانی نەیەتە دی و تەنیا کۆمەڵی سۆشیالیستە ئەو بنچینەیە بۆ خەڵکی کارگەر دابین دەکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەنگلس باسی ئەوەی کرد کە سۆشیالیزم بازێکە لەدنیای پێویستەوە بۆ دنیای ئازادی، تەنیا لە هەلومەرجی سۆشیالیستدا مرۆڤ دەتوانێت ڕێبازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بخاتە ژێر چاودێری خۆیی و بەئازادی چارەنووسی خۆی هەڵسووڕێنێت.

تەجرەبەی مێژوویی لەمەڕ دامەزراندنی سۆشیالیزم لە یەکێتی سۆڤیەت و ولاتانی تری سۆشیالیست ئەو بۆچوونەی ئەنگلس دەسەلمێنێت، لەژێر سێبەری سۆشیالیزمدا مرۆڤ ترسی کار لەدەست چوون و ترسی دواڕۆژو چەوسانەوە و ئازاردانی نەتەوەیی نییە، ئەمە لە ولاتانی سۆشیالیستی هاتۆتە دی.

بلاوبوونەوەی فەلسەفەی مارکسیزم- لینینیزم لە ناوەندی زۆرانبازییەکی توند و سەختدایە لەدژی فەلسەفەی هاوچەرخی بۆرژوازی.

" فەلسەفەی مارکسیزم ئەوە دەسەلمێنێت کە دارمانی ڕژێمی کۆن و گەنیوی ئیمپریالیزم شتێکی حەتمییەو ڕژێمی کۆمەلایەتی نوێ لەجیهاندا سەر دەکەوێت"[٥٩]

مارکس و ئەنگلس ماتێریالیزمیان لەتێگەیشتنی ژیانی کۆمەلایەتیدا کردە پەیڕەوی گشتی و بەم کارەش لە زانستی کۆمەلایەتیدا وەرگەڕانێکی تەواویان بەرپا کرد.

لینین لەبارەی ناوەڕۆکی ئەم وەرگەڕانە شۆڕشخوازەی مارکسیزم لە بیروڕای کۆمەلایەتیدا پێکی هێنا، نووسیویەتی و دەڵێ: ( پاش ئەو دوو دڵی و سەرپێییەی کە تا ئەو کاتە لەبارەی تێگەیشتنی سیاسەت و مێژوودا بلاوبوون، تیئۆرییەکی

---

[٥٨] - هەمان سەرچاوە، ل١٣٥-١٣٦

[٥٩] - هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥

زانستی وا هاته ناوەوە جوانترین ڕێکوپێکی و پێکەوە گونجان و ڕێکەوتنی هەبوو، ئەوەی پێشاندەدا چۆن لەشێوەییەکی تایبەتی ڕێکوپێکی کۆمەڵاّییەتییەوە، لە ئەنجامی پێگەیشتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا، بەشێوەیەکی بەرزتر پەیدا دەبیّ و، پەرە دەسێنیّ – بۆ نموونە چۆن سەرمایەداری لە دەرەبەگییەوە پەیدا دەبیّ"[٦٠]

بە بۆچوونی لینین: دەوڵەتی بۆرژوا بەهەموو شێوەکانییەوە دیکتاتۆرییەتی بۆرژوایە و ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی چینی کرێکار و سەرجەم بەشمەینەتان، تا ئێستاش و بۆ لەمەودواش بەهەر شێوازێك بێت هەمیشە پەنا دەبەنە بەر زەبر و زەنگ لە پەیوەندییەکانی بەڕووی چینە نەیارەکانی.

هەر لەم ڕوانگەوە مارکس وای دەبینیّ: مافە دیموکراتییەکان و ئازادی بەواتا زانستییەکەی دەستەبەر نابیّ ئەگەر جەماوەر خاوەندارێتی کەل و پەلی بەرهەمهێنان لەئەستۆ نەگریّ، ئەو مافانەش کاتێك دەستەبەر دەبن کە کەرتی تایبەت و خاوەندارێتی نەمێنیّ کە بەدەوری خۆی تایبەتمەندی چەوساندنەوەی تاکی کۆمەڵ و کۆمەڵگای تیادا شاراوەتەوە جا لە فۆرمی زێدەبایی بێت یان بالانسی نرخی کار.

ئەم وتانەی سەرەوە ئاماژەیەکی ڕوونن ئەگەر خاوەندارێتی کەل و پەلی بەرهەمهێنان بەدەست چینێکی دیاریکراوەوە بێت ئەوا باڵادەستی سەرهەڵدەدات و نایەکسانی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. ئەوەش دوورکەوتنەوەیە لە جیّ بەجێکردنی بنەماکانی دیموکراسی و ماف و ئازادیی تاکەکان. چونکە لە دەستووری ولاّتانی کۆلۆنیادا ئازادییەکان ڕووکەشانەن، هەمووان لەخزمەت چینی بورژوا و چینی باڵادان کە تەواوی سیاسەتی ئابووریی و بەڕێوەبردنەکان لەدەست دەوڵەمەندەکانە بەخودی پەرلەمانیشەوە، ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێت تەنها پاراستنی دەسەڵات و قازانجی خۆیانە نەك بەرژەوەندی زۆرینە. کۆنگرێسی ئەمریکا بە نموونەیەکی زیندووی ئەو بۆچوونەیان دەهێننەوە، دەڵێن: هەموو ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە سەرمایەدار یاخود ئەڵقە لە گوێکانیان پێکهاتووە و ئەستەمە

[٦٠] - هەمان سەرچاوە ، ل١٨٥

لە هەموو ئەو ئەندامانەدا ئەندامێك بدۆزیەوە کرێکاربێت کە نزیکەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان پێك دێنن و ئافرەتانیش ڕێژەییەکی کەمی کۆنگرێس پێك دێنن وەك بەشێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگای ئەمریکی و بۆ سەربەستی تاکەکەسی و ڕادەربڕین و تەواوی ئازادییەکانیش پێیان وایە سیستەمی سەرمایەداری برسیکردن و چەوساندنەوەی ملیۆنەها کەسی کردۆتە نادادپەروەری ئەو یاسایانەی لەبەرژەوەندی کۆمەڵێك، دایاننناوە.

لیبیا تاکە وڵاتێك بوو هێزەکانی ناتۆ و وڵاتانی دیکەی عەرەبی بەبەشداری ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان نەکەوێتە تیاچوون و مەترسییەوە، پشتیوانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانیان کرد، ئەو پشتیوانیکردنە لەبەر خاتری چاو کاڵی خەڵکی ژێردەستە و عەوامەی ناڕازی نەبوو، ئامانج لەو جەنگە کاولکارییە بەدەستهێنانی زیاتری دەست بەسەرداگرتنی کانە نەوتیەکان بوو، ئەمەش وایکرد قەزاف و منداڵەکانی نەتوانن بچنە دەرەوەی وڵات چونکە لەلایەن دادگای نێو دەوڵەتی لاهای بڕیاری گرتن و دادگایکردنیان بۆ دەرچوو بوو.

کەواتە:" خاسیەتە هەمیشەییەکانی سەرمایەداری ئەمانەن: پەشێوی بەرهەمهێنان، تەنگوچەڵەمە و قەیرانی بەرەو دوا، بێکاری درێژخایەن، کڵۆڵی و بەدبەختی جەماوەر، پێشبڕکێ و، جەنگەکان. ناکۆکی سەرەکی سەرمایەداری ناکۆکییە لەنێوان خاسیەتی کۆمەڵایەتیی کارو شێوەی سەرمایەدارانەی موڵکایەتیدا کە ئەمەش لە خەباتی چینایەتیی پرولیتاریادا لە دژی بۆرژوا ڕەنگدەداتەوە"[٦١]

" بۆ نەهێشتنی تەواوی چینەکان، سەدەییەکی مێژوویی تەواو پێویستە. قۆناغی یەکەمی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەش ماوەی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بە سۆسیالیزم دەگوێزرێتەوە. لەو ماوەیەدا چینە چەوسێنەرەکان لەناو دەبرێن و ڕادەیەك بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دادەنرێ. لە ئەنجامی شۆڕشی

---

[٦١] - هەمان سەرچاوە، ل٢٢٦-٢٢٧

سۆسیالیستیدا چینی خاوەن موڵکەکانی خانووبەرە و زەوی و زار نامێنێ و موڵکایەتی گەورەی سەرمایەداری دادەماڵدرێ. پاشان موڵکایەتیی تایبەتی گچکەی جوتیاران و پیشەگەران بەڕێگای هەرەوەزی سۆسیالیستی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت. لەسەر ئەم بنچینەیە جیاوازی چینایەتی بنەڕەتی نێوان کرێکاران و جوتیاران نامێنێ.. ناکۆکی چینایەتی لەناو دەچێ، پەیوەندی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە دەبێتە هاوکاریی دۆستانە"[٦٢]

" لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا ئەگەرچی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بنەبڕ دەکرێ و هەر کەس کار دەکەن دەستکەوتیان هێندەی کۆششەکەیان دەبێ، بەڵام هێشتا جیاوازیی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەهەندێ بواردا دەمێنێ، ئەو جیاوازیانە بەیەکجارەکی لەناو ناچن. جا لەبەر مانەوەی ئەو جیاوازیانە، یەکسانی تەواویش لە هەلومەرجی کارو ژیانی خەڵکدا لەتوانادا نابێت، لەبەر ئەوە نەهێشتنی ئەو جیاوازیانە و پێکهێنانی کۆمەڵگەی بنچینەکان گرنگترین ئامانجی بنیاتنانی کۆمۆنیزمە، بەم جۆرە دەبێ بزانرێ کە نەهێشتنی جیاوازییە چینایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی بەستراوە بە گواستنەوەی لە سۆسیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم"[٦٣]

" لەکۆتایی سەدەی نۆدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا حزبە سۆسیال – دیموکراتەکان پەیدابوون و سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کرێکارییان کرد، بەڵام نەیانتوانی سەرکردەی چینی کرێکار بکەن بۆ پەلاماردانی سەرمایەداری، چونکە کەسانی هەڵپەرست توانای تێکۆشەرانەی ئەم حزبەیان پەك خستبوو، بە ڕێگەی ناپاکی لەگەڵ پرۆلیتاریا و هاوکاری لەگەڵ بۆرژوادا دەڕۆیشتن"[٦٤]

سۆشیال دیموکرات(Social_democracy)ئەوانەن لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبەر دەستیان بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی سیاسی کرد کە

---

[٦٢] - هەمان سەرچاوە، ل٢٦٨

[٦٣] - هەمان سەرچاوە، ل٢٦٩ (لێ من وای دەبینم قۆناغی کۆمۆنیستی کە بەشێك بێت لە قۆناغی مێژوو، کەواتە دەبێ ئەو قۆناغەیش بگۆڕێ -نووسەر-)

[٦٤] - هەمان سەرچاوە، ل٢٤٩

بـەبیروباوەڕی خۆیـان ئایـدۆلۆژیای كۆمۆنیسـتی بـە هەڵـە وێنـا دەكـەن پێیـان وایـە كۆمۆنیسـتی چـەمكی دیموكراسـی پشـتگوێ خسـتووە و زۆرینـەی دەنگـی گـەلیان لەگەڵ نییە.

بۆیە هەندێ لە بیرمەندانی سۆسیالیستی پێیان وایە ئاڵوگۆڕەكان دەبێ بەپێوەری دیموكراتی ڕووبدات واتا ببنە (سۆسیال دیموكرات) لەبری شۆڕش و توندوتیژی..دوای شۆڕشی ڕووسی لەساڵی ١٩١٧ بناغەی یەكێتی سۆڤیەتی كۆمۆنیستی داڕێژرا، ئەگەرچی بەلای ڕێبەری ئەو شۆڕشەوە (لینین) دەبێ وڵات بۆ ماوەیەك لەڕێی دەسەڵاتی دیكتاتۆری پرۆلیتاریاوە بەڕێوە بچێت كە داهات و سامانی وڵات هی هەمووانە و وڵاتیش وڵاتێكی كۆمۆنیستی دادپەروەر و یەكسانە.

چین یەكێكە لەو وڵاتانەی جیهان پێی دەوترێ كۆمۆنیستی كە تیایدا سێكتەری ئابووری گەشەی كردووە و خەڵكێكی كەم دەوڵەمەندن، بەڵام هێشتا لە دیموكراسی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی بێبەشە. لەم وڵاتە تاكە حزبی ڕێگەپێدراو كۆمۆنیستە و هەر جۆرە هاوارێكی ئازادیخوازانە بە توندترین شێوە دەمكوت و سەركوت دەكرێ.

هەقیقەتی ئەم ڕەوتە بۆ چەواشە و سەرلێشێواندنی گـەلانی جیهـان لـەو سـەركەوتنەی كۆمێنستـەكان دژ بـە ئاغـا و دەرەبـەگ و سـەرمایەداری بەدەسـتیان هێنـا، وەلـێ كـاتێ زانیان بیری خاوەنـدرێتی خەریكە ڕیسوا دەبێت، بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئەوەیان بە كەلكەلە داهات ئاخۆ كەی ڕەوایە هەرچی داهات و داراییەكی سەرمایەداران هەیە و هەیانـە كـە بـەڕەنج و بـازووی خۆیـان بەدەسـتیان هێنـاوە و هەیشـە بـەفڕوفێڵ لـە میللـەتیان دزیـوە لێیـان بسـەندرێتەوە و بدرێتـە گـەل و نیشـتیمان، ئـەوەش واقعێكـە سـەلماندویەتی ئـەو ڕەوتـە هـاودەنگی شـاكان و هاوسـەنگەری سـەرمایەدارانی جیهـان بوون و دژیان نەوەستاون لەوانە ئەمریكای سەرمایەداری.

میخائیـل گۆرباتچـۆۆ دوا سـەرۆكی یـەكێتی سـۆڤیەتی جـاران سـاڵی ٢٠٠٣بـە چـەند خولەكێك پێش پەلامارەكەی ئەمریكا بۆ سەر عێراق ڕایگەیاند: هـەموو سـەرۆكەكانی ئەمریكا شەڕێك یان دوو شەڕیان بەرپا كردووە.

ئــەوەش بــەوە دەخوێندرێتــەوە ئــەو شــەڕانەی ئــەمریكا هەڵیگیرســاندوون هیچــیان پێویست بە هەڵگیرسانی نەدەكرد و دەتواندرا لەڕێی گفتوگۆوە چارەسەر بكرێت بـەڵام

ئـــەوە جیهـــانی زلهێـــزی ســـەرمایەدارییە لـــە پێنـــاو بازرگـــانی و فرۆشـــتنی چـــەك و دابینکردنی وزە و دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی خۆیان، بەهەر پاساوێك بووبێت، بەبێ هۆ یان بە نایاسایی پەنایان بۆ شەڕ بردووە.

بەپێی لێدوانی پشکێنەری نێو دەوڵەتی(هانس بلێکسی سویدی) :- عێراق بە بوونی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی مەحکوم کرابوو، هێرشی کرایە سەر.. کەچی لەوساوە تا بە ئەمڕۆ ڕادەگات هیچ چەکێکی ئەتۆمیان لەو ولاتە نەدۆزییەوە. تەنانەت ڕێکخراوی (ڤۆلتێر نێت) لە ڕاپۆرتێکی دا بە ڕاشکاوی و بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ کە ڕێکخراوی قاعیدە و ڕێبەرەکەی (بن لادن) بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری لێدانی ١١ی سێبتەمبەر نەبووە، کەچی ئەو کردەوە خۆ کوژییەیان وەك پاساوێك کردە ڕێخۆشی بۆ لێدانی ئەو ڕێکخراوە و داگیرکردنی ئەفغانستان.

لە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ئەم قسانەدا: ئەوە ئێمەین پیادەی سیاسەتێك دەکەین تـــا لەبەرژەونـــدیمان دابێـــت پشـــتگیریت دەکـــەین.. کـــە زانیمـــان دەتـــەوێ لێمـــان هەڵبگەڕێیتەوە، قسە لە قسەمان بکەیت و ملکەچی فەرمانەکانمان نەبیت، ئەوە تۆ بەکەڵکی مانەوە نایەیت، دەبێ لە نۆژەندا کەسێکی دیکەی گوێڕایەڵ و کۆیلەتر شوێنت بگرێتەوە.

دوای ڕێکەوتنە شوومەکەی جەزائیر لەنێوان ئێراق و ئێران لەلایەن ئەندازیاری ڕێکەوتننامەکە (کیسنجەر) وەزیری ئەو کاتەی دەرەوەی ئەمریکا بۆ شکستپێهێنانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە باشووردا، لە دیمانەیەکدا بە بەرسێکی باڵای ئەو وڵاتەیان وت: بۆچی ئەو شۆڕشە گەورەتان تاواندەوە لەکاتێکدا خەباتیان بۆ ئازادی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد؟!لە وەڵامدا وتی: ئەگەر لە زستاندا منداڵێکی ئەمریکی بێ قەمسەڵە بێت ئەوە ئامادەین گەلێکی لەپێناودا بفەوتێنین.

لەو نموونانە:

شـــای ئێـــران و عەبدولکـــەریم قـــاسمی یەکـــەم ســـەرۆك کۆمـــاری عێـــراق بـــە نموونـــە دەهێنینەوە کە ئەگەر گوزەرێکی خێرا بەنێو ژیانیان بکەین....

## یەکەم: شای ئێران

(ئەسەدولاّی عەلەم) کۆنە وەزیری دەرەوەی سەردەمی شای ئێران لە یاداشتەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ڕۆژێکیان لەگەڵ ماکڤیلەر (یەکێك لە سەرمایەدارەکانی ئەمریکا) لەناو کۆشکی شاهانەدا پێکەوە پیاسەمان دەکرد و باس و خواسمان سەبارەت بە دنیا و سەرۆکەکانی جیهان بوو، ماکڤیلەر بەدەم زەردەخەنەییەکەوە وتی: بەلای ئێمە سەرۆکایەتیکردنی ئەمەریکا کارێکی گەلێ ئاسانە. منیش زۆر بەم قسەیە سەرسام بووم، بەهەڵپەیەکەوە پێموت: ئەی ئەگەر ئەم کارە ئەوەندە ئاسانە بۆچی خۆت نابیت بەسەرۆك کۆماری ئەمەریکا؟![٦٥]
لەوەلاّمدا بۆم خنایەوە، وتی: ئێمە خۆمان نابین بەسەرۆك، پیاوەکانی خۆمان دەکەینە سەرۆك (مەبەست لەو قسانەی ئەوەیە ئێمە کەسێك هەڵدەبژێرین چیمان ویست پێی دەکەین و چۆنمان بویێ ئاوا ئاڕاستەی دەکەین کە قسە لە قسەمان نەکات و ستراتیژ و سیاسەتەکانمان پەیڕەو بکات).

کاتێك شای ئێران (محەمەد ڕەزا) بەڕووی ئەمریکا و بەریتانیا دەستی بە مینجە مینج کردو باسی سامانەکەی باوکی لێ کردنەوە کە لە بانکەکانی دەرەوەی ئێران داینابوون (دەڵێن پارە و پوولەکەی بە نیوەی سامانی ئێران مەزەندە دەکرا)..پارەکەیان پێی نەدا، وتیان: پارەمان نییە.. تەنانەت پێیان وت: ئەگەر باسی پارەکەی باوکی بکاتەوە، ئەوا نهێنییەکانی باوکی ئاشکرا دەکەن. هەروەها بە ڕاشکاویی و بێ پەروا پێیان وت: ئێمە ئێوەمان کردە شا و پشتگیریت دەکەین بە شایی بمێنیتەوە، فەرموو لەنۆژەندا وەرە بەرامبەر بەو پارەیە چەکت پێ

[٦٥] - سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لە پرسیارێك سەبارەت بە جەنگ دژی ئێراق وتی: باوەڕ بکەن من لەوە ئاگادارنیم هۆڵەندا چۆن پشتگری جەنگی دژ بە ئێراقی کرد؟. بوڵەند ئەجەویدی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای تورکیا، لە چاوپێکەوتنێك دوای ٣ مانگ بەسەر دەستگیرکردنی ڕێبەری (PKK)(عەبدوڵلا ئۆجەلان) وتی: هێشتا نازانین بۆچی ئەمریکا عەبدولاّ ئۆجەلانی تەسلیم بە ئێمە کرد؟!

دەدەین..ئەویش بە ناچاری ڕازی بوو..ئەوانیش چەکەکانیان بۆی نارد..ئەویش پسپۆرە تایبەتییەکانی خۆی بۆ بینینی چەکەکان نارد، کاتێك چوون و گەڕانەوە، بە شایان ڕاگەیاند: ئەو چەکانەی ئەمریکا بەرامبەر بەو پارەیەی ناردوویەتی، هێندە کۆن و ستۆکن، لەم سەردەمەدا باویان نەماوە و ڕووی کۆڕ و کۆمەڵیان نیە، نەك چەکی جەنگی جیهانی دووەم، بەڵکو ئەو چەکانەن لە جەنگی جیهانی یەکەم بەکاریان هێناوە، ئەگەر خەڵکەکەمان بیبینێ ئابروومان دەچێت و ساچەمەزەنی زۆری لەگەڵە کە ئێستا هیچ ڕاوچییەك ئەو چەکە تەنانەت بۆ ڕاویش بەکار ناهێنێ، بۆیە ئەگەر شارەزا سەربازییەکانی دیکە ئەم چەکانە ببینن، ڕەنگە هەموومان لەناو ببەن و کودەتاشمان بەسەردا بکەن.

شا فەرمانیدا بەدزییەوە بچن چەکەکان ببەنە دەوروبەری شاری (شیراز) و لە ئەشکەوتێکدا لەناویان ببەن، ئەوانیش هەموو چەکەکانیان بردە ناو ئەشکەوتەکە و تەقاندیانەوە کە بەو هۆیەوە زیاتر لە ۱۰ئەفسەری پایەبەرزیش کوژران.

ئەمریکیەکان هەر بەوە نەوەستان هەڕەشەی لێبکەن، بەڵکو لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هەڕەشەیان لێیکردو چەند دێڕێکیان لەسەر باوکی بڵاو کردەوە.

ئەو نووسینە شای تووشی هیستریا کرد، لەو ڕوانگەوە دامودەزگاکانی ساواك و مرۆڤە دەستەمۆکان، ناوەندێکی تایبەتیان دژ بەو بڵاوکراوەیە دامەزراند تا خەڵکی پێ چەواشە و دەمکوتی ئەوانەی پێ بکەن کە قسەی لەبارەوە دەکەن.. لەهەر شوێنێك هەواڵێك ببیسترایە یەکسەر نووسەرەکەیان بە دڕندەترین شێوە لەناو دەبرد، دڕندەیی ئەو دامودەزگایە بەوە گەیشت، وەك مەنسور ڕەفعزادە سەرۆکی ساواکی ئێران دەڵێت: کاتێ لە واشینتۆن گەڕامەوە، چوومە سەردانی شا، لەوێ بینیم کرێکارێکی تودەی(چەپی ئێران)یان هێنا کە قسەی بە شا گوتبوو، تەنها قسە و هیچی تر ، پاش ئەشکەنجە و ئازاردانێکی زۆر بە فەرمانی شا، فڕێیاندایە بەردەم شێرێك، شێرەکە بە بەر چاوی هەموانەوە تودەییەکەی خوارد. تەنانەت شا بۆ چاوترسێنی نەیاران، بە زیندوێتی ناحەزەکانی لە گەچ دەگرت و لەسەر ڕێگاکان دایدەنان تا جەستەیان دادەڕزا و دەمردن.

**لە لایەکی دیکەوە ئەڵمانیا بەبیانووی ئەوەی سورەیای هاوسەری شا بێکەسە و میراتگری نییە، دەستی بەسەر سەروەت و سامانەکەی داگرت. لەکاتێدا برایەکی سورەیا لە ئەڵمانیا دەژیا کاتێ هاتە پێش و داوای سەروەت و سامانی خوشکەکەی لەو وڵاتە کرد، پڕتاو بەڕووداوێکی شاراوە لەناویان برد! دەتورێ: تەنها زێڕ و خشڵەکانی سورەیا بایی نزیکەی ١٠٠ملیۆن دۆلاری ئەو کاتە بوو، جگە لە کۆشك و تەلار و کۆمپانیای دیکە[٦٦]!**

**شا هەستی بەوە کرد سەروەت و سامانە لەبن نەهاتووەکەی ئێران بەخۆڕایی و بەهەدەر دەڕوا و ڕۆژئاوا زبڵ بەگەوهەر بە گەلانی ئێران دەفرۆشنەوە. لە کاتێکدا خەڵکەکەی لەوپەڕی هەژاریی و نەداریدا ژیان بەسەر دەبەن[٦٧].**

**(عارف باوەجانی) سیاسەتمەدار سەبارەت بە نووسینەوەی مێژووی کورد بۆ ئەو سەردەمە..دەبێژێ:**

**" لە سەردەمی شادا پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان شا و چەرچلی بەڕیتانیا هەبوو، بۆیە هەرچی مێژوونووسی بەریتانیا هاتوون بۆ ئێران، نەیانتوانیوە بەبێ کۆنترۆڵی شا کاری مێژوونووسی بکەن.. ساواك بەدڵی خۆی زانیاری نادروستی داوەتە ئەو مێژوونووسانە، چونکە هیچ ڕۆژنامەنووسێك نەیدەتوانی شتێك بلاوبکاتەوە تا کەسێکی موخابەراتی لەگەڵ نەبووایە، بۆیە کەس نەیتوانیوە بەبێ لایەنانە مێژووی**

---

[٦٦] - پادشاکان خەون نابینن، چونکە ئەوەی لە خەوندا بۆی دەگەڕێن، بەبێ ماندووبون لە بێدارییدا بەدەستیان دەگات- سیگمۆند فرۆید-

[٦٧] - هەر لەو سەردەمەدا شا بۆی دەرکەوت وڵاتی سویدی بەناو دادپەروەر و مرۆڤ دۆست شیری ئێکسپایەر کە داینابوو بیکات بە ئالەفی گیانداران، ئەو شیرەی بە منداڵانی گەلانی ئێران فرۆشتووە..دەگێڕنەوە: لەسەروبەندی گردبوونەوە و ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێراندا، کاتێك شا لەناو فرۆکەوە چاوی بەو حەشاماتە زۆرە دەکەوێت، بەتەوسەوە دەپرسێ: ئەو خەڵکە زۆرە چییە؟! ئەوە چی دەکەن؟! ڕاوێژکارەکانی تەنانەت لەوپەڕی ناخۆشیەکانیشدا هەر درۆی لەگەڵ دەکەن، یەك لە ڕاوێژکارەکان پێی دەڵێ: قوربان ئەو خەڵکە بۆ دڵسۆزی و وەلای جەنابتان ڕژاونەتە سەر شەقام پشتگیری لە حوکمڕانی بەڕێزتان دەکەن.

**کورد بنووسێتەوە، کاتێکیش دوژمن مێژووت دەشێوێنێ، ناکرێت وەکو کوردێك ئەو شێواندنە دووبارە بکەیتەوە"[٦٨]**

**تەنانەت " زلهێزەکان لەپێناو بەرژەوەندی و سیاسەتی خۆیان لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەیەمدا گەلێك مرۆڤی شارەزا، زمانزان، ڕۆژهەڵاتناسی خۆیان لەسەرەوە بۆ کاروباری سیاسی دیپلۆماسی و لەژێرەوە بۆ کاری سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەلایەك بە مەبەستی کۆلۆنیالیستانە و ئیمپەریالیستانە و لە لایەکی دیکەش بۆ پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت و کاری میسۆنێری ناردە کوردستان"[٦٩]**

**بەو پێیە بەرژەوەندییەکان لەگەڵ زلهێزەکان لە کویێ کۆتایی هات، دڵسۆزی و ڕابردوو و وەلا نایخوات، دەبێ لەناوچێ و کەسێکی لەو گوێڕایەڵتر بدۆزنەوە. لەو ڕێگەوە پارەیەکی خەیاڵی خەرج دەکەن، دارو دەستەیەکی تازە دروست دەکەن بۆ شۆڕش و پشێوی نانەوە و ڕاگەیاندنەکان دژ بەو ڕژێمە دەخەنە گەڕ[٧٠].**

**لەسەروبەندی پشێویەکانی ئێران میدیاگەلێك کەوتنە خۆ، ڕادیۆی ئیسرائیل و دەنگی ئەمریکا(BBC) و..هتد کردیانە هات و هەرا و هاوارێکی گەورە، ئەوانەی بۆ ئەو وەختە گوێڕادێری هەواڵەکان بوون، دەزانن ئەو ئێزگانە بە چ کلۆجێ بەنزینیان بەو**

---

[٦٨] - بەرگریکردن لە مێژووی نەتەوەیەك بۆ ئەوەی ڕاستییەکان نەشێوێن: چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٥ (دەقی چاوپێکەوتنی کارزان هەورامی کە لە ٢٠١٠/٨/١٠ کە لە ڕۆژنامەی ڕووبەر لەگەڵ عارف باوەجانی سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستان سازی دابوو)

[٦٩] - بەرگریکردن لە مێژووی نەتەوەیەك بۆ ئەوەی ڕاستییەکان نەشێوێن- دەقی وتارێکی د. ڕۆژان ئاشتاب کە لە ماڵپەری گیارەنگ بڵاوکراوەتەوە- ل١٧٥

[٧٠] - بە پێی ڕاپۆرتێکی(هاتس بلیس) بە ئاشکرا دان بەوە دادەنێت کە ڕووخانی صەدام هیچ پەیوەندەکی بە چەکی کۆکوژیەوە نەبووە، تەنها مینجە مینج و هەلگەڕانەوەی خودی سەدام بووە لە ئەمریکا، بەڵام کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بەلگەیەکی حاشا هەڵنەگرە و ڕەنگە هەر ئەو دەرمانانەبن کە ئەڵمانیا بۆ قڕکردنی میروو و زیندەوەر بەعێراقیدا و عێراقیش پەرەی پێدا و لەسەر مرۆڤی تاقیکردەوە و هیچی دیکەی بەرهەم نەهێنابێت.

**ئاگرە دادەکرد: ئەها بنۆڕن ئەوە خومەینی قاپ قاپەکانی لەپێ کرد..بنۆڕن بنۆڕن ئەوە خومەینی عەبایەکەی دا بەشانی.. ئەوە سواری فڕۆکە بوو.. خومەینی لێدوانی دا، دەڵێ: بەڵێ دەگەڕێمەوە وڵات ئەگەر لە سێدارەش بدرێم.. ئەها سواری فڕۆکە بوو.**

**ئەو ڕادیۆیانە ڕابەڕی شۆڕشی ئیسلامی ئیمام (خومەینی)یان دروست کرد لەکاتێکدا ڕاپەڕین و بەرخودان لەسەر دەستی چەپ و ئازادیخوازەکان بوو، کەچی ئاڕاستەکەیان بەدیوێکی دیکە برد کە بە تێڕوانینی خۆیان خومەینی بۆ ئەوان لە چەپ و ئەوانە باشترە کە یەکێتی سۆڤیەت سەرکردایەتی دەکردن[٧١].**

**جەنەڕاڵ (تۆفانیان) لە یادەوەرییەکانی خۆیدا دەنوسێت: لەدەسپێکی ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێران، جەنەڕاڵ هایزەر جێگری سەرۆکی ئەو کاتەی ناتۆ هاتە لای شا و پێی وت: دەبێ بڕۆیت.. شا گوتی: دەڕۆم... من لەلای خۆمەوە دەستم بەگریان کرد،**

---

[٧١] - بەهۆی دراوسێتی و نزیك بوونەوەیان لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئینگلیزەکان و ئەمەریکاییەکان بەتەواوی دژی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان و حکومەتی میللیی ئازەربایجان بوون. پێشەوا قازی محەممەد، یەکەمین سەرۆك کۆماری کوردستان، ساڵی١٩٤٦، بەر لە سێدارەدانی لە وەسییاتنامە سیاسییەکەیدا ئامۆژگاری نەتەوەی کورد دەکات کە دوژمنایەتی یەکتر نەکەن و یەکبگرن" بۆ خاتری خودا چیتر دوژمنایەتی یەکتری مەکەن، یەکبگرن، لەبەرامبەر دوژمنی زۆردار و زاڵمدا ڕابوەستن، خۆتان بەخۆڕایی بە دوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ تا کاری خۆیتان پێ جێبەجێ دەکات، قەت بەزەیی پێتاندا نایێ" هەروەها لە وەسییەتنامەکەیدا داوا دەکات کورد بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ دوژمنەکەی بکات" من وەکو برایەکی بچووکی ئێوە لەڕێگەی خودا، بۆ خاتری خودا پێتاندەڵێم، یەکبگرن و قەت پشتی یەکتر بەر مەدەن. دڵنیابن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، بەسوێند و بەڵێنی درۆی عەجەم فریو مەخۆن، کە ئەگەر هەزار جار دەست بە قورئانی پیرۆزیش دابدات، بەڵێنتان پێ بدات، دڵنیابن مەبەستی فریودانی ئێوەیە تاوەکو فێڵێکتان لێ بکات. عەجەم نە خودا دەناسن، نە باوەڕیان بەخودا و پێغەمبەر و ڕۆژی قیامەت و حیساب و کیتاب هەیە، لەلای ئەوان ئێوە هەر لەبەر ئەوەی کوردن. موسڵمانیش بن، تاوانبار و مەحکومن"....لە ژمارە(١٢٥)ی ٢٠١٠/٨/٩ی ڕۆژنامەی (ڕووداو) بڵاوبۆتەوە"

**پێموت: تۆ پادشای ئەم وڵاتەی و بڕیار بەدەستی تۆیە، بڵێ ناڕۆم با خۆیان هەر قسە بکەن.. شا وتی: من لە تۆ باشتر دەزانم چ باسە، کە گوتیان بڕۆ، دەبێ بڕۆم.**

**ئەوەی لە ئێران ڕوویدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو، شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و گۆڕانێکی بنەڕەتی و بنچینەییە لە شێوازی حکومڕانی کۆمەڵگادا کە ئەو چینەی بەشداری تێدا دەکات، گۆڕان بەسەر کۆمەڵگا و شێوەی کارگێڕی دێنێت[٧٢].**

**ئەوەبوو شا لە ١٩٧٩/١٢/١٦دوای ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە، گەیشتە وڵاتی میسڕ و لە ١٩٨٠/٧/٢٧ لە ئاوارەیی سەری نایەوە.**

## ✐دووەم: عەبدولکەریم قاسم....یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق



**" عێراق یەکێك بوو لەو قەوارە لاوازانەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دروستی کرد و کەسانێکی لەسەر دانا کە بە بیر و بە گیان لەگەڵیدابن، یەکەمەکەیان نوری سەعید بوو**

---

٧٢ - بەلای هەندێ لە ئەکادیمیەکان شۆڕشەکەی ئێران لەتەك ئەوەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو، لەهەمان کات شۆڕشێکی سیاسی بوو چونکە بنچینە و ڕەگ و ڕیشەی شێوازی دەسەڵات و حوکمڕانی لە عەلمانییەوە بۆ دین گۆڕی. هەرچەندە بەلای لینینەوە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی سیاسی تەواوکەری یەکترن. . هەروەها بەلای هەندێ لە ئاکادیمیەکان بە سکۆپۆلەوەSkopole باوەڕیان وایە شۆڕشی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی گەورەیە لەگۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەك کە لەو گۆڕانە پشتیان بە چینێکی دیاریکراو ( فوتابی –پاڵە- کرێکارو...هتد) بەستووە کە ئەو گۆڕانکاریەی هێناوەتە پێش.. بەپێی بیروباوەڕی مارکس پێی وایە ململانێی نێوان چینەکان شۆڕشی کۆمەڵایەتی دروست دەکات بەشێوەیەك قەیرانی ئابووری هۆکاری سەرەکی شۆڕش و بەرخودان و ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکارانن(شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەیە لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا چینی کرێکاران دەسەڵات بگرنە دەست و چینی سەرمایەداران بەلاوە بندرێن.

کە گەلیٚ جار سەردەمی پاشایەتی بەسەردەمی نوری سەعید ناو دەبریٚ، ئینگلیزەکان (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)ی شەریفی (مەککە)یان هێنا و لەسەر تەختی دەسەڵاتی عێراقیان دانا کە ئەمە خۆی لەخۆیدا سوکایەتی بوو بۆ گەلی عێراق"[٧٣]

حیکمەت لەوەدا چییە لەم وڵاتەدا کەسی شایستە و گونجاوی تێدا نەبێت بیکەیتە پادشا و پادشاکان هیچ کامیان خەڵکی عێراق نەبوون، هەموویان ئینگلیزەکان لە سعودیە هێناونی و لە ئێراقدا کردوونیەتی بە پادشا (تەنها مەلیك فەیسەڵ لە بەغدا لەدایك بووە. ئەویش باوکی لەدایك بووی شاری مەککە بوو).

ئینگلیزەکان هەر کاتێك بۆیان ساغ بووبێتەوە ئەو کەسە سیاسەتەکەیان ڕەسم ناکات، کۆتاییان پێی هێناوە و کەسێکی دیکەیان لەجێی داناوە، ئەوەتا کاتێك گومان دەبەن ( مەلیك غازی ) هاوسۆز و لایەنگری هیتلەرە، بە ڕووداوێکی هاتوچۆ دەیکوژن و فەیسەڵی تەمەن ١٨ ساڵەی لەجیٚ دەکەنە پاشای ئێراق.. ئاخر منداڵێکی ١٨ ساڵی چی لە دنیای دیبلۆماسی و سیاسەت تێدەگات، چ جای ئەوە بیکەی بە پادشا و کاروباری وڵاتێکی پیٚ بەڕێوە ببەیت!

پاشایەتی قالبێکە ڕۆژگار دروستی کردووە، ڕەنگە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبێت ئەو کەسە دانا و زانا و بەهێزە یان نا، ئەوەتا هەژاری و بەدبەختی ئەو سەردەمە کەسێکی وەك فەیسەڵی کردە پاشای عێراق.

" نەك هەر پادشاکان، بەڵکو نوێنەرانی پەرلەمان لەلایەن ئینگلیز و دەربارەوە دەسەپێنران، لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمموز هیچ نوێنەرێکی جوتیار و کرێکاران کە زۆربەی هەرە زۆری گەلن، نەگەیشتنە پەرلەمان، بەڵکو ئەو ئەنجوومەنە بۆ دارودەستەی ڕژێم لە دەرەبەگ و دەوڵەمەند پاوان بوو" [٧٤]

---

[٧٣] - مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٥٨-١٩٦١، و: سەعید ناکام، چ١، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨، ل١٣-١٤

[٧٤] - مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٥٨-١٩٦١، ، ل١٥

ئەنجومەنی نوێنەران(پەرلەمان) بۆ یەکەمجار لە سەردەمی مەلیك غازی دامەزرا، جیا لەو ئەنجومەنەی ئەمڕۆ لە ولاّتانی دنیا پەیڕەو دەکرێ و بەهەڵبژاردن پرۆسەکە بەڕێوە دەچێت.. ئەو ئەنجومەنە لە کەسانی سەرۆك خێڵ و تیرە و هۆز و نووسەر و شاعیر پێکهاتبوو، بە ناوەڕۆك و میکانیزمێکی جیاواز بە دەر لە دیموکراسی و سندوقی دەنگدان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوێنەرەکان لە لایەن کاربەدەستانی ئەو کاتەی عێراقەوە دەست نیشان دەکران و دادەمەزران کە لەڕووی ئەرك و مافەوە یەکسان نەبوو، واتا( مافێکی زۆر و ئەرکێکی زۆر کەم و ئاساییان هەبوو)..یەك لەو ئەرکانە کاتێك هەڵوێستێکی سیاسی یان پڕۆژە و کێشەییەك هەبوایە، ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ ڕاوێژ و گفتوگۆکردنی ئەو پرسانە کۆدەبوونەوە کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە بۆ دەنگدان دەخرایە بەرنامەی کار ، یەکە یەکە دەنگی ئەندامان وەردەگیرا و دەبوایە بیانوتبایە (ڕازیم)، لە فەرهەنگی ئەو ئەنجوومەنی وشەیەك بەناوی (نا – نەخێر – ناڕازیم) نەبوو ، بە واتایەکی دیکە ئەرکیان تەنها ئەوەبوو تووتی ئاسا بڵێن: ڕازیم، ئیتر گرنگ نیە پڕۆژەکە یان پرسەکە بەدڵی ئەوە یان نا! ئەوەش بووبووە دەنگ و دۆی ئەوەی خەڵکەکە پێیان بڵێن: جەماعەتی ئەشهەد و بیللا[٧٥].

ئەو زوڵم و زۆردارییەی لە پەنای سیستەمی پاشایەتیەوە پەیڕەو دەکرا، کار بەوە گەیشت لەلایەن سەربازە ئازیخوازەکانەوە بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم) کودەتا بەسەر ئەو سیستەمە (حوکمی پاشایەتی) بکەن و سیستەمی کۆماری ڕابگەیەنن.

عەبدولکەریم قاسم خۆشەویستی هەموان بوو، لێی دەگێڕنەوە: بەیانییەکیان بە قاتێکی ئاساییەوە دەچێتە نانەواخانەیەك و سەیر دەکات ڕەسمێکی ئەویان بەگەورەیی هەڵواسیوە و نانەکەشیان بچووکە، لە خاوەنەکەی دەپرسێ: بێ زەحمەت ئەو ڕەسمە کێ یە؟ کابرا نایناسێ کە ئەو وێنەیە وێنەی ئەوە، پێی دەڵێ: ئەوە زەعیم

---

[٧٥] - هەرچەندە ئەوەیش دەوترێ گوایە نوێنەرانی کورد (مەعروف چیاوك، محمدامین زەکی و اسماعیل ڕەواندزی و علی کمال عبدالرحمن و هتد، ڕەخنەی زۆریان هەبووە، بەردەوام لە پەرلەمان بە وشەی نەخێر و بە قسەی خۆیان وەلاّم ڕەخنەیان هەبووە.. بڕوانە (محاضر مجلس النواب العراقی)

عەبدولکەریم قاسم سەرۆك کۆماری ئێراقە.. ئەویش خۆی شێلوو ناکات و بەدەم زەدەخەنەیەکەوە پێی دەڵێ: قوربان ئەو ڕەسمە بچووك بکەوە و نانەکەت گەورە بکە.

" ئەو کاتانەی عەبدولکەریم قاسم بە شەقامێك لە شەقامەکانی بەغدادا دەڕۆیشت، خەڵك لەهەر دوو بەری شەقامەکە ڕادەوەستان چەپڵەیان لێ دەدا و هوتافیان بە ژیانی ئەودا دەکێشا، ترومبێلەکەیشی ترومبێلێکی پاسەوانی لەگەڵ بوو، لە مامۆستا عەزیز شەریفم بیست دەیگوت: (عەبدولکەریم قاسم بڕیاریدا بە ترومبێلەکەی خۆی و بێ پاسەوان بگەڕێ، چونکە بیستبووی ڕادیۆی (سەوتولعەرەب) بە ترسنۆك ناوی دێنێ کە لە ترسی تۆڵەی جەماوەر یەك ڕیز ترومبێلی پاسەوانی لەگەڵدایە"[٧٦]

" عەبدولکەریم قاسم لەم دنیایە دەرچووە، ئەو سەربەرزییە بۆ ئەو بەسە کە ئەو دوژمنانەی بە نامەردی کوشتیان، نەیانتوانی یەك بەڵگەی لەسەر بدۆزنەوە کە بەکرێگیراو بووە یا ناپاکی لە خاك و وڵات کرد بێ..!... بەناچاری دانیان بەوە دانا کە پاك و نیشتمانی بووە"[٧٧]

بێگومان دڵسۆزی ئەو سەرکردە لەوەدا بوو بە پاکی کاری دەکرد، ئەڵقە لەگوێی ئەم و ئەو نەبوو..وەلێ تاکە گوناه بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی( عەبدولکەریم)، ئەو مەیل و ئارەزووەی بووە کە بەرامبەر بە شیوعی هەیبوو[٧٨] کە ئەوە بۆ ڕۆژئاوا هێڵی سوور بوو، بەزاندنی ئەو هێڵە، کۆتایی هاتنە بە بوونی ئەو کەسە. سیناریۆی ئەو کۆتایی هاتنەش وەك لە ڕۆژنامەی(لۆمۆد)ی فەرەنسی پێش کودەتاکەی ١٩٦٣ بەسەر عەبدولکەریم قاسم و لەسێدارەدانی، دەنووسێت: (CIA)و موساد و(MI٥) لەگەڵ عەرەبە قەومییەکانی سوریاو میسڕ لە هوتێل شیڕاتۆنی مێنشن کۆدەبنەوە چۆن کودەتای بەسەردا بکەن.. کاتێك لەلایەن (موساد) و (سی ئای ئەی) داوایان لێدەکەن

---

[٧٦] - مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٥٨-١٩٦١، ، ل٩٠

[٧٧] - هەمان سەرچاوە ل٩-١٠

[٧٨] - زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێ: باشە ئەگەر قاسم شیوعی بووبێت، ئەی بۆ لە موصل لە حادیسەی شواف، وای لە شوعییەکان کرد؟!

هەڵسن بە تیرۆرکردنی کەسە شیوعییە باڵاکانی نێو حوکمەتەکەی قاسم، بەعسییەکان دەڵێن: ئێمە شیوعییەکان ناناسین و هیچیان دەربارەی شیوعییەکان نەدەزانی، ئەوە سی ئای ئەی و موساد بوو ڕێنمایی کردین بچین جەلال ئەوقاف وەزیری فڕۆکەی جەنگی ئێراق کە شیوعییە بیکوژن کاتێك بە بێجامەوە دەچێت بۆ نان کڕین، بە واتایەکی دیکە سەرجەم پیلانەکان لەلایەن موسادەوە بەڕێوە دەبران.ئەوەتا لە دانپێدانانێکی دا (مەشعان جبوری) دەڵێت: ئێمە بە شەمەندەفەری موساد گەیشتینە دەسەلات.

نەخشەڕێگەیان دانا.. بەعسییەکان بەخۆو ١٠ دەبابە لە سەربازگەی ڕەشیدەوە بەرەو کۆشکی کۆماری کەوتنە ڕێ.. حیسابی ئەوەیان کردبوو عەبدولکەریم قاسم خۆشەویستی خەڵکە، رەنگە ئەو خەڵکە پەلاماری دەبابەکانیان بدەن و لێیان بکوژن کە لەوەشدا نابێ چەك دژ بەو خەڵکە بەکاربێنن چونکە خەڵکی عێراق بەگشتی پشتگیری دەکەن، وەك ئەوەی دەزگای موساد پێشبینی کردبوو خەڵك ڕژانە سەر جادە و پەلاماری دەبابەکانیاندا، تەنانەت سەرنشینی یەکەم دەبابەیان دەرهێنا و پارچە پارچەیان کرد، ئەوەبوو لەسەر فەرمانی موساد ٩ دەبابەکەی دیکە وێنەی عەبدولکەریم قاسمیان دەرهێنا و وتیان: هەواڵمان پێ گەیشتووە ژیانی لە مەترسیدایە، بۆیە بۆ پارێزگاریکردنی دەچین خۆ ئەگەر ئێوە دژی قاسمن ئەوا ئێمەی لەشکر لەگەڵیداین.. بەم قسانە ئەو خەڵکەیان لەخشتە برد و بەخۆ و دەبابەوە گەیشتنە کۆشکی کۆماری و دوای دەستگیرکردنی لە دادگایەکی گاڵتەجاڕیدا لە سێدارەیاندا لەکاتێکدا سەرۆك کۆماری عێراق بوو، کرێی سێ مانگی خانووەکەی قەرزاربوو.

نووسینەوەی مێژوو: خستنە ڕووی لایەنە باش و خراپەکانە، ئەگەر مێژوو بە



ئاوێنەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو دانێین، بێگومان ئەو ئاوێنەیە درۆمان لەگەڵ ناکات و وێنەکانمان وەکو خۆی نیشان دەدات کە بە نەوەکانی داهاتوو بڵێین: ئەوە واقیعی ئەو ڕۆژگارە بوو تا لە هەڵە و پەڵەکان پەند وەربگرین.

" ئەم خوێنڕشتنەی دەیبینین گەمەیەکی شەترەنجە لەنێوان خاوەن کارخانە گەورەکانی وڵاتانی سەرمایەداریی و دەسەڵاتدارەکاندا. ئیتر کێ سەربازی تەختەکەیە، کێ وەزیرە، کێ فیلە، یان قەڵا لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کوێشدا کۆتایی پێ دێت ئەوانە چاوێك و بیرکردنەوەیەکی وریایان دەوێت، هەروەها کێ دەبێتە قوربانی و کێ تەماشاکەری براوەیە، هەموو ئەمانە جێگای پرسیارن، ئا لەوێوە ئەگەر وردبینانە سەرنج بدەین، دەتوانین سەرچاوەکەیان دەستنیشان بکەین، گرنگیش نیە کێ یەکەمین کش دەکات، کێ دەیباتەوە و نایباتەوە، دۆڕاو هەمیشە کەسانی هەژار و ستەمدیدە و سڤیل و بێدەسەڵاتدارانن"[٧٩]

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران (عەلی خامنەیی) دەڵێت: (**دنیای ئەمڕۆ هەم دنیای مووشەکە و هەم دنیای گفتوگۆ**). بەواتا: ئەگەر بچییە سەر مێزی هەر گفتوگۆییەك و بەرامبەرەکەت بەهێزو تۆش بێ هێز بووی، ناتوانی گفتوگۆکان ببەیەوە.. پێشبڕکێی خۆ پڕ چەککردنی وڵاتان هەموو سنوورێکی بەزاندووە، ئەگەر تفاق و چەکەکانت لەوی بەرامبەر چاکتر نەبێت، ناتوانی بەرەنگاریان ببیەوە، بۆیە دەبێ چەکە کۆنەکان بەلاوە بنێیت و چەکی سەردەم بەدەست بخەیت.ئەوەش بووەتە مۆدێلێك بۆ زیاتر خۆ پڕچەك کردنیان.

[٧٩]- سامان حاجی کەریم : گەمەی شەترەنج و گۆمی خوێنی غەزە وەك نموونە- ٢٠٠٩

" لە شارێکی ئەمریکادا ٤١٨ تەرم گوێزرایەوە بۆ گۆڕ، کە بنی دەریای پاسەڤیك بوو، ئەم تەرمانە بریتیی بوون لە ٤١٨ سنووقی پۆلاّ، هەر یەکەیان٣٠ڕۆکێتی گازی کوشندەی تێدا بوو! واتە زیاتر لە ١٢هەزار ڕۆکێتی دژی مرۆڤ..بەڵێ.. خرانە بنی دەریا، چونکە ئەمریکا بڕیاری دابوو لەدەستی ئەم جۆرە چەکانە ڕزگاری بێت، نەك لەبەر ئەوەی حەزی لە ئاشتییە و نایەوێ کەسیان پێ بکوژێ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو چونکە( چەکی میکرۆباویی دروستکردوە) واتە میکرۆب پەروەردە دەکات و دەیکات بە چەك و دەیتەقێنێ بۆ کوشتنی ملیۆنەها بە یەك چرکە..چونکە مۆدێلی تازە تری داهێناوە بۆ کوشتن و چەکی (تۆلاریما)ی دروستکردووە، بەڵێ.. ئەو ڕۆکێتانەی فڕێدا، چونکە چەکی هایدرۆجینی هەیە لەناو مانگی دەستکردا بەتەقینەوەی کەرتێکی زەویی دەکات بە دەریایەکی تازە"[٨٠]

سەرمایەداری سیستەمێکی ئابووری و سیاسی دوو سەدە زیاتری لەمەو پێشی ژیانی مرۆڤایەتیە، ڕێچکە سەرەتاییەکەی لە وڵاتی ئینگلتەرا دەست پێدەکات، رژێمێکە خۆی لەسەر بنچینەی قازانجکردن و چەوساندنەوەی چینایەتی بنیات ناوە و خۆی بەسەر کۆی کۆمەڵگا سەپاندووە و دامەزراوەی دەوڵەتیش بۆیان بووە بەهێڵی سوور کە هیچ بزووتنەوە و ناڕەزاییەکی کۆمەڵایەتی بۆی نەبێت دەست وەرداتە هەڵوەشاندنەوەی بنیاتەکانی دەوڵەت بوون کە لە قۆناغێکدا سەریهەڵدا، تەنگی بە دەرەبەگایەتی پێش خۆی هەڵچنی و بە فۆڕمێکی تازەتر خۆی لەسەر پایە چینایەتیەکانی پێشووتر داڕشتەوە وەك مارکس ئاماژەی پێ دەدات: ئەو سیستەمە لەچاو سیستەمەکانی پێشوو پێشکەوتووتر و شارستانیترە بەوەی ململانێی چینەکان لەڕووی ئاستی دژایەتیکردن ڕوونتر دەبیندرێ و جەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووەم دەرهاوێشتەی ئەو بەریەککەوتنەن بۆ پەردەپۆشکردنی ناڕەزاییەکانی چینایەتی لەنێو خودی هەر یەك لەو وڵاتانە پەنابردنە بەر جەنگ و داگیرکردنی ئەو وڵاتانە بوو کە زلهێز نەبوون کە کۆمەڵگای بۆ دوو چین دابەش کرد، چینە دەستڕۆیشتوە

[٨٠] -. ئەحمەد کاکە مەحمود :پەروەردە لە ئیسلامدا، چ١- ١٩٨٥-چاپخانەی ئەسعەد-ل١١-١٢

دەسەڵاتدارەکان هەمیشە لەڕێی بازرگانیکردن و داگیرکارییەوە خەریکی سەرخستنی قازانجی ماددی زیاترو ساغکردنەوەی چەك و کاڵاکانیانن و کەلکەلەی سەرمایەی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەت و شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانی پێ دەکەن.

لە مێژووی مرۆڤایەتی تا بەم ئان و ساتە ڕادەگات هەر جەنگێك بەرپا بووبێ، دەست و پەنجەی ئەو سیستەمەی پێوە دیار بووە .. چینەکەی دیکەیان کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێك دێنن کە بەرهەمهێنەکانن تا دێ ئاستی چەوساندنەوەی سەرشانیان زیاد دەکات، ژیانیان بە نەژێ و نەمرێ بەڕێ دەکەن.. هەمیشە سەرمایەداری لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی چینێکی کۆمەڵایەتی ماوەتەوە، ململانێی چینایەتی تا ئەو ساتەی چینەکان هەبن دەمێنێ و بەردەوام دەبێت لەهەمبەر بارودۆخێك کە بەشێوازێکی نایەکسان بنیات نراوە و هەردەمێ ئەو چینە چەوساوە دژ بەدەسەلات ناڕەزایی دەربڕیبێ ئەوا بە زەبری ئاگرو ئاسن ونانبڕین سنووریکیان بۆ داناون، لەم سیستەمەدا(سیستەمی سەرمایەداری) بەبێ جەنگ ناتوانێ بمێنێتەوە[٨١] کە درۆ و هەڵخەڵەتاندن و فریودان بەناوی دابینکردنی ژیانێکی ئینسانیانە و پاراستنی ماف و ئارامی گشتی و ئازادی بۆ تێکڕای بەشەریەت پیادە دەکات، کەچی لە ناوەڕۆکدا گرانی زیاتر بۆ چینێکی زۆری کۆمەڵگا دێنێ و ئاستی برسێتی و بێکاری و نائارامی زیاتر بەدوای خۆی دێنێت لەکاتێکدا لەجیاتی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، قەیرانەکان زیاتر قووڵ دەکەنەوە. کەواتە بەرپاکردنی جەنگ باشترین ئامرازی دەستی دەوڵەتی سەرمایەدارییە بۆ خاڵیکردنەوەی قەیرانەکان..بۆیە تاوەکو ئەم سیستەمە بوونی هەبێت جەنگیش بوونی دەبێت، بەپێچەوانەوە بە لەنێوچوونی ئەو سیستەمە ئاشتی باڵ بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکێشێ و

[٨١] - بیردۆزەی چەپڕەوە زانستیەکان دەڵێن: سەرمایەداری جیهانی کە لە حوکمی وڵاتەکەیاندا خۆیان دەنوێنن، لەبەر بەرهەم و بازاڕ و تەماع و قازانج، تاو دەدەنە وڵاتانی دەرەوە و ئیمپریالیەت (سەرمایەداری) دروست دەبێت.

دنیای پاراستنی خاوەندارێتی تایبەت لەنێو دەچێ و جەنگەکان کۆتاییان پێ دێت (ڕەنگە ئەمەیش خەیاڵ بێت، چونکە پێش سەرمایەداریش شەڕ هەر هەبووە).
کەچی بەلای بەرژەوەندی چینە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکان ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی ئایدیۆلۆژیایەکی زانستییە، گوزارشت لەبەرژەوەندیی چینی پڕۆلیتاریا و زۆرینەی خەڵکی داهات لەخوارەوەی مامناوەندی دەکات، لەو ڕوانگەوە هەوڵەکانی بەرقەرارکردنی یەکسانی و ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و دەسەڵاتی پڕۆلیتاری چڕ دەکاتەوە.. کەچی لە دەوڵەتی سەرمایەداری دا زۆر کەمتر سەر بۆ ئەو بابەتە دەکێشێ و تەنها دەزگای ئایدیۆلۆجیا هەموو شتێك نییە، بەڵکو لەو دەوڵەتانەدا دەزگای کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنیش هەن و ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا لەتەواوی دام و دەزگاکانیدا بەرجەستە دەکات ئەویش بڵاوکردنەوە و توندوتۆڵکردنی بیری دۆگما و کۆنەپەرستییە لەبەرگێکی تازە و مۆدێرن لە چەند ڕێگەیەکەوە:
❑ **یەکەم:** دژایەتیکردنی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بەشێوەییەکی تا سەر ئێسقان ڕامالین و توانەوە و ڕووخاندنی، کە هەر لەو سۆنگەوە بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن ڕاستییەکان ئاوەژوو بکەنەوە و ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بشێوێنن کە خوێندنەوەی نازانستی بۆ چەوتەکان بەڕاست و ڕاستییەکان بەچەوت دەکەن، هەر لەو چوارچێوەیەدا بە چڕی پەرە بە ململانێکانی ئایینی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو و...هتد دەدەن و پاڵپشتی هەموو ئەو هەنگاوانە بۆ شکستپێهێنانی بیری کۆمۆنیستی دەکەن بەوەی سیستەمی سەرمایەداری دوا قۆناغی مێژووە.
❑ **دووەم:** هێنانەوەی پاساوگەلێکی زۆر بۆ باشی و پێشکەوتوویی سیستەمەکەیان(سیستەمی سەرمایەداری) کە دوا قۆناغە و بەردەوام دەبێت بەبەراورد لەگەڵ سۆسیالیستی زانستی کە لێرەدا بەناوی (سەرمایەداری میللی- بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی – کۆمەڵگای کراوە – کۆمەڵگای پیشەسازی) ڕاستیەکانی پێ دەشارنەوە.
❑ **سێیەم:** هەموو هەوڵ و تواناکانیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لەجیاتی یاسای گشتی پێشکەوتن و پەرەسەندن و گۆڕانی کۆمۆنیستی، بەناوی (بورجوازی سیستەمێکی

کراوەی ئایندەیە) بیردۆزەی گشتی بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری دادەڕێژن کە ئەم دەستەواژە لەلایەن فەیلەسوفە بورجوازییەکانەوە بەکار دەهێندریٚ و ئەم زانستە بە (فۆرتۆلۆجی) ناسراوە کە لەساڵی ١٩٤٣ لەلایەن بیرمەندی ئەمریکی (فلختهایم flechtheim )ەوە بنەماکانی دانا کە بریتییە لە:

**أ- زانستی پێشبینی کردن: بەوەی لە دەوڵەتە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا شۆڕشی ئابووریی ڕوونادات.**

**ب- تیۆری پڕۆگرام و پلاندان.**

**ج- فەلسەفەی ئایندە.**

بەڵام ئەوە پشتگوێ دەخەن لەدیدی کۆمۆنیستی دا: مرۆڤایەتی پیٚ دەنێتە قۆناغی کۆمۆنیستی کۆمەڵگای بیٚ چین، ئەوەش ئەو وەختە ڕوو دەدات کە لەسەر ئاستی جیهاندا سەرمایەداری لەناو بچێت، تیایدا مێژووی چەوساندنەوە و نادادپەروەری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەرەو مێژووی یەکسانی و ئازادیی و دادپەروەریی هەنگاو بنێت. بۆیە زانا سیاسی و فەیلەسوفە بورجوازییەکان پێیان وایە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وارشۆ، سەرمایەداری بەسەر سۆسیالیستی سەرکەوت و مێژوو لە قۆناغی بورجوازی کۆتایی پیٚ هات ئیدی (**ئایدیۆلۆجیای سەرمایەداری - دیموکراسیەتی سەرمایەداری - بازاڕی سەرمایەداری**) باشترین سیستەمە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەوەش ململانێیەکە ڕۆژگار بڕیار لەسەر بردنەوەو سەرکەوتن و وەرگرتنی دەدات.

دوا قسە بۆ ئەم بابەتە، وتەیەکی (مارکس)ە دەڵێت: "سەرمایەداری دژی بەرهەمهێنانە بەشێوەیەکی مەنتیقی، بەرهەمهێنانی مەنتیقی لەگەڵ سەرمایەداریی یەك ناگرێتەوە".

بەلای ئیشتراکییەتەوە سەرمایەداری ئەو مشەخۆرەیە کە جاڕی جەنگی برسیکردنی داوە و قازانج و بەرژەوەندییەکانی لەپێش هەر شتێکی بەشەریەتەوە داناوە، ئیدی گرنگ نیە تۆ دەمری، دەژی، برسی و تێنو دەبیت یان نا، گرنگ ئەوەیە چۆن لەسەر حیسابی تۆ دەوڵەمەند و دەوڵەمەند ببێت، تەنانەت وای دەبینن دامەزراندنی سیستەمی خۆراکی جیهانی بۆ تێرکردنی خەڵکی نەدار و سادە و ساکار و هەژار

دانەندراوە هێندەی لەبەرچاوگرتنی چاوچنۆکی سەرمایەداران لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و کۆمپانیاکانی نەوت و ئاو و کۆمپانیا جەنگیەکان و ...هتد[82].

ئەمانەیش زەنگێکی خەتەرناکن بۆ کۆی شتەکان کە کار لەکار ترازا، چاوەڕێی چاکبوونیان لیٚ نەکرێت چونکە شتێك بەدەستەوە نامێنیٚ تا مرۆڤ ڕاستی بکاتەوە.. شتەکان لەگەڵ خۆیاندا دژەکەی هەڵدەگرن، لەوانە درۆودەلەسە، باسی بەرەنگاربوونەوەی برسێتی دەکەن کەچی خۆیان هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی برسێتی..باسی تەنگژە و باری ناهەمواری خەڵك دەکەن کەچی خۆیان خولقێنەری تەنگژەکانن، ئەوانە تا ئێش و ژانیان پیٚ نەگات و نەهامەتی نەبینن، نرخی قات و قڕی و برسێتی نازانن چییە!! کاتێکیش لێیان قەوما ئەوجا دێنە سەر خەت وەك لە وەسفی ئەو بۆرژوازانەدا (بلیخانۆف) دەڵێت: بۆرژواکان وەکو ماسی ناو ئاون، لەپڕ بە قولابەوە دەبن، کە بەقولابەوە بوون ئەوسا داوای سولّح دەکەن.



۞ ۞ ۞

[82] -هەر کەسیٚ چاوەڕوانی ولاٚتانی ڕۆژئاوا بێت بۆ ئەوەی پێشکەوتن لە ولاٚتەکەی ئەنجام بدات، ئەوە ئـەقڵی لەدەست داوە — عەلی خامنەیی -

# ئایدۆلۆژیای ئیسلام چییە؟!

یاسای ژیان[٨٣] وەك ئایدۆلۆژیا لە ئیسلام لەسەر پێنج پایەی سەرەکی دامەزراوە: "ڕەوشت – ڕامیاری – کۆمەڵایەتی – ئابووری – گیانی (الروحی)" و لە پیادەکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانە جیاوازی لەگەڵ ڕژێمی سەرمایەداری و ئیشتراکی دەکات، چونکە ڕژێمێکی مام ناوەندە.

" ئایینی ئیسلام پێش ئەوەی فەرمان بکات بە ئینسان پابەندبێت بە یاسای خووڕەوشت، داوای لێ دەکات ترس و بیمی خوای لە دڵدا جێگیر بێت و پەندی لێ وەربگرێ لەبەر ئەوەی هەموو فەرمانێکی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ لای خوایەکی بینەر وبیسەری وا کە بە ئەندازەی گەردیلەییەك هیچ شتێکی نە لە زەوی و نە لە ئاسمان لێ ون نابێ، لە هەر شوێنێك بیت، دەتبینێت و تۆ دەتوانی خۆت لە غەیری خوا بشاریتەوە بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ناتوانی خۆت لەخوا بشاریتەوە.. لە توانا و دەسەڵاتدا هەیە کە هەرچی ئادەمیزاد هەیە فریوی بدەی بەڵام ناتوانی خوای خاوەن دەسەڵات فریو بدەی.. دەتوانی هەرچی لەسەر زەوی دەژێت دەستەوسانیان بکەیت بەڵام هەرگیز ناتوانی دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی دەستەوسان بکەی. خەڵك بەگشتی سەیری ئەو کردار و ڕەوشتە ڕووالەتیانە دەکەن کە بە چاو دەیبینن بەڵام خوای زانا بە ئاشکرا و پەنهان ئاگادارەو زانایە بەنهێنی دەروون و ڕاز و نیازی دڵ، هەرچەندە لەو ژیانە بڕاوەیەدا کار بکەیت و خۆت ماندوو بکەیت، هیچ پەنایەك نییە خۆتی لێ پەنهان بکەی لە ترسی چەشتنی شەڕابی مردن و گەڕانەوە بۆ بەردەم ئەو دادگایەی هیچ پارێزەر و بەرتیل و تکاکاری و شایەتی بەدرۆ و فێڵ و تەڵەکەییەك

[٨٣] - وتەیەکی ئەمریکی هەیە دەڵێت: یاسا وەك تەونی جاڵجاڵۆکە وایە، باڵندەی بچووك دەگرێ و باڵندەی گەورەش تێکی دەدات. (ئەم وتەیە لە ئیسلام ڕەت دەکرێتەوە چونکە یاسای ژیان بۆ هەمووان لە –سزا و پاداشت- لە چاکە و خراپە وەك یەکە)

ناتوانن بەفریات بێن لە ڕۆژێکدا کە خوای بالاّ دەست تەرازووی ڕاستی و دادگەری دادەنێت و پاداشتی هەموو بەندەکانی دەداتەوە پڕ بە پڕی کردەوەکانیان"[٨٤]

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ئامان وریای گومان بن چونکە گومان درۆترین وتەی دەروونە، و چاوە چاوە مەکەن بۆ موسڵمانان، و جاسوسی مەکەن، و پێشبڕکێ مەکەن بۆ دونیا، و حەسودی بە یەکتر مەبەن، و نرخی شتومەك لەسەر یەکتر گران مەکەن، و ڕقتان لە یەکتر نەبێت[٨٥]، و پشت لە یەکتر هەڵمەکەن، و مامەڵەی کڕین و فرۆشتن مەکەن بەسەر مامەڵەی یەکتر، و خوازبێنی ژن مەکەن بەسەر خوازبێنی براتان تاوەکو ئەو مارەی دەکات یان واز دێنێت، ببن بە بەندەی خوا و برای یەکتر..موسڵمان برای موسڵمانە ستەم و زوڵمی لێناکات، و خیانەتی لێناکات، درۆی لەگەڵدا ناکات و بە درۆشی ناخاتەوە، و دەست بەسەری ناکات، سەرشۆڕی ناکات، بەچاوی سووك و کەم ڕێزەوە سەیری ناکات، هەر کەسێك لە پێویستی برای موسڵمانیدا بێت ئەوا خوا لە پێویستیدا دەبێت، و هەر کەسێك ناڕەحەتیەك لە سەر موسڵمانێك لابەرێت ئەوا خوا ناڕەحەتیەك لە ناڕەحەتیەکانی قیامەتی لە سەر لا دەبات، هەر کەسێك عەیبە و کەم و کوڕی موسڵمانێك دابپۆشێت ئەوا خوا عەیبە و کەم و کوڕی دادەپۆشێت لە قیامەتدا، لە خوا ترسان ئا لێرەیە- سێ جار ئاماژەی کرد بۆ سینگی، بەسە بۆ خراپێتی موسڵمان کە بە چاوی سووك و کەم ڕێزیەوە سەیری برای موسڵمانی بکات، هەموو موسڵمانێك خوێن و ماڵ و ناموسی حەرامە لەسەر موسڵمان...خوا سەیری لاشە و وێنەتان ناکات بەڵکو سەیری دڵ و کردەوەکانتان دەکات- وە بە پەنجەکانی ئاماژەی کرد بۆ سنگی-، هەروەها فەرمووی: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بە

[٨٤] - ئەبولئەعلا ئەلەودودی:یاسای ژیان لە ئیسلامدا، ل٣٤

[٨٥] - پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکی دیکەدا، دەفەرموێ: (ایاکم و الظن فان الظن اکذب الحدیث و لا تجسسوا ولا تنافسوا و لا تحاسدوا و لا تباغضوا و لا تدابروا و کونوا عبادالله اخوانا) رواه مسلم. هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا: (لا یؤمن احدکم حتی یحب لاخیه ما یحب لنفسه) رواه الخمسة. واتە: هیچ کەسێك لە ئێوە بڕوای تەواوی نابێت تاوەکو پێی خۆش نەبێ بۆ برا موسڵمانەکەی ئەوەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە.

دەستە، دوو کەس نییە خۆشەویستی یەکتربن و جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە ئیللا بەهۆی تاوانێکەوە نەبێت کە یەکێکیان ئەنجامیداوە"[٨٦]

" ئیسلام تەنها پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە نییە و بەس، بەڵکو ئیسلام سیستەمە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و سەرتاپای ژیان دەگرێتەوە، هەروەکو پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورەیە، رێکخەری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیشە، پردی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵە، پەیوندیشە لەنێوان گەل ونەتەوەکان، واتە هیچ لایەنێکی ژیان نەماوە ئیسلام لێی نەدوابێ و بۆچوونێکی تایبەتی و سەربەخۆی نەبێ لە بارەیەوە چ لەکاتی ئاشتی و چ لەکاتی جەنگدا.. ئیسلام تاکە سیستەم و پرۆگرامە بتوانێ هەموو پارسەنگ ڕابگرێت و ماف هەموو کەسێك لە سنووری دادگەری کۆمەڵایەتیدا دیاری بکات و ماوە نادات هیچ کەس یان هیچ کۆمەڵ و میللەتێك ماف کەس و کۆمەڵ و میللەتانی تر پێشێل بکات.. بەڵێ ئیسلام سیستەمێکی ڕامیاریی تایبەتی و سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندییەکی نە بە دیموکراسی و لیبرالیەتی ڕۆژئاواوە هەیەو نە دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا و خۆسەپێنەری ڕۆژهەڵاتەوە. هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە سیستەمێکی ئابووریی سەربەخۆییە و هیچ پەیوەندییەکی نە بە سەربەستی ئابووریی ڕۆژئاواو، نە بە دەست بەسەراگرتنی هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. هەروەها سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆییە و هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەرمایەدارییی و مارکسییەتەوە نیە[٨٧].

ڕژێمەکانی ئەم سەردەمە هەر لە سەرمایەدارییی ڕۆژئاواوە تا سۆشیالیستی مارکسی ڕۆژهەڵات، نەیانتوانیوە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی ریشەیی و دادگەرانە چارەسەر بکەن. هەروەها نەیانتوانیوە بەختیاری و ئاسوودەیی ببەخشن بەمرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانەی زانست لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەنگاوی مەزنی بۆ هەڵگرتووە، بوارەکانی تەکنەلۆژیا و تەندروستی و ژیریی

---

[٨٦] - محەمەد عەبدولڕەحمان لەتیف: بەشێك لە میراتەکەی پێغەمبەر (ﷺ)، چ٦،چاپخانەی زانا، سلێمانی،٢٠١٤، ل٧٥-٧٦

[٨٧] - حەمە کەریم عەبدوڵلا: بەرەو دادگەری کۆمەڵایەتی،چ١،چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨، ل٧-٨

**ئەلکترۆنی و ئەتۆم و ئاسمانبڕین و ..هتد- کە ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی خۆی. ..بەڵام ئەوەی لەم ڕژێمانە چاوەڕوان دەکرێت ، ئەوەیە چەند زانست پێش بکەوێت ئەوەندە باری ژیانی مرۆڤ ئاڵۆزتر دەبێت و زیاتر دەچەوسێتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ لەبری چارەسەری کێشەکان، بێزاری و وەڕسبوون و نەخۆشی دەروونی(نەفسی) و کوێرەوەری و ترس و لەرز زیاتر دەبێت، بەجۆرێك مرۆڤایەتی بەرەو هەرەسی سەر لێ شێوان و لەناوچوون دەچێت"[88]**

**" هۆی سەرەکی ئەم هەموو تەنگوچەڵەمەیەش ئەوەیە ڕژێمەکانی ئەم سەردەمە (مادی) و بێ باوەڕن، بەیەك چاو سەیری مرۆڤ دەکەن، یەك لای دەبینن ئەویش لایەنی (ماددییەتە). ئیتر ئەوەیان پێشێل کردووە و لەبیر خۆیان بردۆتەوە مرۆڤ تەنها (مادده) نییە و بەس، بەڵکو مادە و گیانە، گیان هەڵسوڕێنەرو لایەنی سەرەکی مرۆڤە"[89]**

**" بەستنەوەی مرۆڤ بەسوودی تایبەتی خۆیەوە لەسنووری جیهانێکی ماددی دا، باوەڕ نەبوون بەدواڕۆژێکی هەمیشەیی وای لە مرۆڤی ئەم سەردەمە کردووە، لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا ئامادەیە (میکیافیلیانە)[90] هەرچی ڕێگا هەیە بیگرێتەبەر**

---

[88] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١

[89] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢

[90] - ئەوەی کتێبەکەی مایکافیلی بەناوی (ئەمیر) خوێندبێتەوە تێدەگات چ نەخشەڕێگایەك بۆ سەرکردە دیکتاتۆرەکان دادەنێت، بە دڵنیاییەوە زۆربەی سەرکردە دیکتاتۆرەکان سەیریان کردووە و پەیڕەویان کردووە، مشتێك لە خەرواری قسەکانی:

📖پێویستە میر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات زۆر جار دڵ ڕەقی و بێ بەزەیی بنوێنێ.. ✎لە دێر زەمانەوە بیستراوە ئەو میرانەی کە ڕاستگۆ و خاوەن بەڵێنەکانیانن و بەکردەوە سەلماندویانە بەچاوی بەرزتر سەیر و تەماشا دەکرێن لەچاو ئەوانەی فێڵبازن لە هەڵسوکەوتیاندا، کەچی ئەزموون دەریخستووە ئەو میرانەی دەستکەوتی مەزنیان بەدەست هێناوە زیاترینیان لەوانەن کە توانیویانە بەفڕوفێڵ و تەڵەکەبازی خەڵك لەخشتە ببەن و لە کۆتاییشدا بەسەر ئەوانەدا سەرکەون کە پەیوەستی بیر و باوەڕی شەریفن... ✎ئەگەر لە هەڵسوکەوت خاوەنی واتا و ڕەوشتبی، ئەوە سیاسەتمەدارێکی ڕەزا قورس و بارگرانت لێ دەردەچێ، ئەگەر خاوەنی هەندێ تەڵەکە و درۆ و فێڵبازی نەبووی، پێویست ناکات خۆت هەڵقورتێنی لەگەمەی

**بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕەوایی و ناڕەوایی ئەو ڕێگایانەی گرتوویەتە بەر، با لەسەر حسابی بەرژەوەندی خەڵکی تریش بێت"[91]**

**ئیسلام وەك سیستەمێکی خوایی، لەبەر ئەوەی دوورە لە دەستی مرۆڤ و کەم و کوڕی و هەوەس و ئارەزوو و نەفامی، دوورە لە ڕق و کینە. چونکە خوای گەورە، خوای هەموو مرۆڤایەتییە و ڕژێمێکی گشتی بۆ هەموو مرۆڤ بەبێ جیاوازی داناوە ، بەبێ ئەوەی لەبەر خاتری کەسێك، یا چینێك یا میللەتێك دایبنابێت، هەمووان لای خوای گەورە یەکسانن و بە یەك چاو سەیر دەکرێن. پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ( هەمووتان لە ئادەمن، ئادەمیش لە گڵە) هەروەها فەرموویەتی: ( هەمووتان وەکو تووڵەکانی شانە وان– واتە یەکسانن).**

**" ڕژێمە مرۆڤکردەکانی هاوچەرخ هەریەکەیان کەسێك یا کۆمەڵێك بە ئارەزووی دڵی خۆیان و بەپێی توانا و زانیاریان دایانناوە، لەبەر ئەوەشە لایەك تاکپەرستە و تاکی داوە بەسەر کۆمەڵدا، لایەکی تریش چینپەرستە و چینێکی داوە بەسەر چینەکانی تردا، یەکێکی تر نەتەوەپەرستە و نەتەوەیەکی داوە بەسەر نەتەوەکانی تردا،**

---

سیاسیدا چونکە ئەو کات بەهەمووان دژایەتیت دەکەن..✐باشتر وایە لێت بترسن لەوەی خۆشیان بوێی، چونکە خۆشەویستی بە زنجیرەیەك بەرژەوەندی بەستراوە کە هەردەم مەترسی لەناوچوونی هەیە کاتێك کارلێکردن دروست دەبێ، کەچی هەردەم ترس لەبەر سزای دوارۆژی هەیە...✐ئەوەندە درۆ بکە تا وای لێ دێ بە درۆکانی خۆت باوەڕ بکەی...✐میر و حاکمەکان نابێ جگە لە جەنگ و ڕێکخستن و شێوازەکانی، بیر لە هیچ پێویستییەکی تر بکەنەوە.

*لەپاڵەوە هەندێ قسەی جوانیش فڕێ دەدات بەڵام کەمتر وەك:*

★ پێویستە هەر میرێکی تازە هەڵبژێردراو لە هزریبێ کە خەڵك و جەماوەر حەز دەکەن بزانێ ئەوان سەریان خستووە، ئەمەش نەك لە خۆشەویستیان بۆی، بەڵکو لە ناڕەزاییان بۆ میری پێشوو، لێرەدا زەحمەتە تا سەر پشتگیری لێ بکەن چونکە ئەویش ناتوانێ ڕازیان بکات.

★دانایی میر لەوە دەردەکەوێ تا چەند سوود لە بەسەرهات و ئەزموونی کەسایەتییەکانی پێشووتری وەردەگرێت، ئەگینا بە گێلێتی خۆی زوو تێدەکەوێ.

[91] - حەمە کەریم عەبدوڵلا: بەرەو دادگەری کۆمەلایەتی، ل١٤

هەمووشیان لایەنی(ماددی) مرۆڤیان داوه بەسەر لایەنی گیانی (ڕۆحی)دا. کەوابوو تەنها ئیسلامه بەرژەوەندی مرۆڤێکی لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵدا له سنوورێکی یەکسان و دادگەردا ڕێکخستووه، هەروەهابەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵێکی تر و میللەت و میللەتێکی تری لەسنوورێکی یەکساندا ڕێکخستووه و لایەنی (ماددی) مرۆڤ و لایەنی گیانی بەشێوەیەکی مام ناوەندی دیاری کردووه.. ئیسلام چونکه ڕژێمێکی خواییه، خوای گەوره پەروەردگاری هەموو بوونەوەر و ئادەمیزاده، تەنها ئەویش له سروشت و هەست و ئارەزوو و پێویستیەکانی مرۆڤ شارەزایه.. هەر ئەویش دەزانێ چ ڕژێمێك بەکەڵکی دێت و چی بەختەوەری دەکات و دادگەری لەناویاندا بڵاو دەکاتەوه و چ ڕژێمێك لەسەر بناغەییەکی پتەو و ڕاست مرۆڤایەتی پێش دەخات"[92]

دکتۆر ئەلکسیس کاریل دەڵێ: شارستانێتی هاوچەرخ خۆی له هەڵوێستێکی گران دەبینێتەوه چونکه لەگەڵمان ناگونجێ و دوور لەسروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ دامەزراوەو له ئەندێشەی دۆزراوه زانستییەکان و ئارەزووی چەند کەسێك پەیدا بووه.

" دادگەری دروشمی سەرەکی ڕژێمی ئیسلامه له هەموو لایەنێکی ژیاندا و هەمیشه ئامانجی دەوڵەتی ئیسلام بووه. مێژووی ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەر و چوار خەلیفه ڕاشیدینەکەدا بەڵگەییەکی ئاشکرایه بۆ ئەو مەبەسته که دەوڵەت هەمیشه له هەوڵ و تێکۆشاندا بووه بۆ پاراستنی ژیان و گیان و ئازادی و کەرامەتی هاوڵاتیان، زۆرداری و چەوساندنەوه و هەژاری و عەشیرەتگەرایی و ناکۆکیان لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامدا کردە دەرەوه و له بریتی هەموویان برایەتی و خۆشەویستی و چاکەکردن و دادگەری جێیان گرتنەوه"[93]

هەروەها بۆ پێکەوه ژیان چوارچێوەیەکی جوانی بەناوی زەکات له نێوان هەژار و دەوڵەمەند داناوه تا هاوکێشەی ئەو سروشته نەگۆڕێ که مرۆڤایەتی لەسەر هەڵچنراوه، واتا شتێکی سروشتیه تاقمێك هەژار و تاقمێك دەوڵەمەند، بەڵام هەمیشه

[92] - هەمان سەرچاوه، ل٢٣-٢٤

[93] - حەمه کەریم عەبدوڵڵا: بەرەو دادگەری کۆمەڵایەتی، ل٨٨

**لە جەنگدایە لەگەڵ ئەو كەسانەی توانایان هەیە و كار ناكەن.. ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: بڕوادار ئەوە نیە خۆی تێرە و دراوسێكەی برسییە[٩٤].**

**هەر بۆیە پێغەمبەر لەخوای گەورە پاڕاوەتەوە: ( خوای گەورە پەنامان بدەی لە كەنەفتی و تەمبەڵی و ترسنۆكی و دەست تەنگی، خوایە گیان پەنامان بدەی لە هەژاری و كوفر و دووڕوویی، هەروەها لە كەڕی و لاڵی و شێتی پەنامان بدەی).**

**" عومەری كوڕی خەتاب (رضي الله عنه) لە نامەكانیدا بۆ فەرمانبەرانی هەرێمە ئیسلامییەكان داوای لێكردوون (موسڵمان برسی مەكەن با كافر نەبن) چونكە هەژاری و برسێتی دەردێكی وا كاریگەرە مرۆڤ بەرەو كافربوون دەبات. مرۆڤی برسی لەپێش هەموو شتێكەوە، بیر لە تێركردنی سكی دەكاتەوە، هیچ نرخێ دانانێ بۆ هیچ ڕێباز و دەستوورێكی ژیان"[٩٥]**

**ئیسلام بە چەند شێوە و شێواز و ڕێگەیەكەوە هەوڵ دەدات هەژاری لەناو ببات و بنبڕی بكا و جیاوازییەكانی نێوان هەژار و دەوڵەمەند كەم بكاتەوە ، ئەویش لەڕێی:**

**١-كاركردن.**

**٢-خاوەندارێتی و ئۆباڵداری گشتی (التكافل العام)**

**٣- زەكات.**

**٤-دارایی گشتی[٩٦].**

[٩٤] **- روي عن النبي (ﷺ): قال: (ليس المؤمن الذي يشبع و جاره جائع) رواه البخاري.**

[٩٥] - حەمە كەریم عەبدوڵڵا: بەرەو دادگەری كۆمەڵایەتی، ل٩٧

[٩٦] - ڕۆژێكیان عومەری كوڕی خەتاب (رضي الله عنه) كابرایەك دەبینێ ئەوە خەریكی سواڵ و سەدەقەیە و دەرۆزە دەكات، لێی دەچێتە پێش و پێی دەڵێ: ئەوە بۆ دەرۆزە دەكەیت؟ كابرا لەوەڵامدا پێی دەڵێ: من كابرایەكی مەسیحیم و لە ژێر سێبەری ئەم حوكمەدا(حوكمی ئیسلام) دەبێ سەرانە (جەزیە) بدەم، وا دەمبینی چوومەتە ساڵەوە و توانای كاركردنم نەماوە، بەناچاری هانام بردۆتە بەر دەرۆزە.. هەر ئەو وەختە عومەری كوڕی خەتاب فەرمان دەدا هەر مەسیحییەك توانای كاركردنی نییە و چووەتە ساڵەوە لە سەرانە ببەخشرێ و مانگانە وەكو موسڵمانەكان مووچەیان بۆ ببڕێتەوە.

دەوڵەمەندەکان لە هەمبەر سکەگوشی و برسیەکان بەرپرسن، ئەو سامانەیان هیچ سوودێك بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ( ئەگەر مرۆڤێ بەبرسێتی مایەوە، سامان هی کەس نییە)[97]

دکتۆر عەلی البارودی لە شیکردنەوەی ئەم فەرموودەیە لە کتێبی (دروس في الاشتراکیة العربیة)دا دەڵێ: تا لە کۆمەڵدا یەك برسی هەبێ یان یەك جڵ دڕاو و ڕووت هەبێت، ماف خاوەندارێتی بۆ هیچ کەسێك ڕەوا نابێت و پێویست نییە ڕێزی لێ بگیرێ و نابێ بپارێزرێ. واتە تا ئەو برسییە تێر نەبێت کەس ماف خاوەندارێتی نییە.

لەلایەکی ترەوە ( بیروڕای زانا حەنەفیەکان ئەوەیە ئەگەر موسڵمانێك لە گوندێك یا لە گەڕەکێکدا لە برسا مرد، هەموو خاوەن سامانەکان لەو شوێنەدا لێپرسراون لە مردنی و بەپیاوکوژ دادەنرێن و دەبێ خوێنی کوژراوەکە بدەن)[98]

لەسەردەمی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)دا ئیسلام توانی بە ڕژێمە دادگەرەکەی خۆی، هەژاری بنبڕ بکات و کەس نەمێنێ لە ناویاندا ئەوەندە هەژار بێت زەکات وەربگرێ. یەحیای کوڕی سەعد دەگێڕێتەوە، دەڵێ: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناردمی بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی ئەفریقیا، کاتێ کۆمکردەوە، گەڕام بەدوای هەژاراندا کە زەکاتەکەیان بدەمێ، کەس نەبوو لێم وەربگرێ، عومەر هەمووی تێر کردبوو، ناچار کۆیلەم پێ کڕی و ئازادم کردن[99].

## لە نێوان سێ ئایدۆلۆژیادا کامەیان بە کەڵکترە؟!

گومان لەوەدا نییە هەر یەك لەو تەوژم و ئایدۆلۆژیانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێیدا(سۆسیالیستی – سەرمایەداری– ئیسلامی) بە دید و تێڕوانینێکەوە

---

[97] - پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ( خوا ئەوەندەی فەرز کردووە لەسەر خاوەن سامانەکان کە هەژارەکانی پێ تێر بکرێت و هەژاری هەژاران بەهۆی دەست بلاوی دەوڵەمەندەکانەوەیە و ئەوەش بزانن کە خوای گەورە لەدوا ڕۆژدا سزای توند و تیژیان دەدات)

[98] - حەمە کەریم عەبدوڵلا: بەرەو دادگەری کۆمەڵایەتی، ل١٠٢

[99] - الزکاه: عبدالرزاق نوفل، ص٣٦

هەڵسەنگاندن بۆ کۆمەڵگا دەکات و هەر یەکەیان بەرپاکردنی شۆڕش و گۆڕانێکە لە واقیعێکەوە بۆ واقیعێکی تر، ئەگەر بپرسین: ئاخۆ لەوەدا کێ دەبێتە پێشەنگ بۆ جڵەوی حوکمڕانێکی باش؟! بێگومان هەر ئەوانەن کە دەتوانن کۆمەڵگا لە شتە چەوت و چەوێڵ و خراپەکان بگۆڕن و خۆشی و دڵنەوایی و بەختەوەری بۆ بەشەریەت بێنن، تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگاریش بڕیاری خۆی لەسەر پاك و بێگەردی ئەو هەنگاوانە دەدات کە خەڵك بە تامەزرۆیەکی زۆرەوە لە ژێر سایە و سێبەری ئەو حوکمڕانیەدا دەنگ بە چ حوکمێك بدەن کە تیایدا هەمووان هەست بە ئاسایش و ڕەزامەندی خوا و بوونی خۆیان بکەن.

وازهێنان و دەست بەرداربوون لە بەربەرەکانێی ئەم ئایدۆلۆژیایانە و لێك تێگەیشتن و دانوستان و یەکتر قبوڵکردن، سەرچەلەی ئاسایش و خۆشنوودی بۆ گرۆی مرۆڤایەتی بەرقەرار دەکات..سوننەتی ژیان واهاتووە ململانێکان بەردەوامی بە ژیان دەدەن بەکلۆجیّ ئەگەر هەموومان دکتۆر بین، ئەی نەخۆش بوونی چی یە؟! ئەگەر هەمووومان مامۆستابین، ئەی کێ ببێتە قوتابی؟!بۆیە جوانی ژیان لە کێبڕکێی شەریف و دەنگ و ڕەنگ جیایی مرۆڤەکان سەرچاوەی گرتووە کە چۆن بتوانین شتە باشەکان بۆ خزمەتی کۆمەڵگا و بەشەریەت بەکاربێنین و شتە خراپەکانیش بەلاوە بنێین، ئەگەر ئەمە بۆ سیستەمی ژیانی دنیابێ، ئەوا بۆ ڕۆژی دوایی هیچ کەسێك گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت[١٠٠].

❁ ❁ ❁

---

١٠٠ -﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ الأنعام: ١٦٤



## 🕮بەشی سێیەم🕮

❑ هەڵبژاردنەکانی بەردەم مرۆڤ چین؟!

❑ گەندەڵی...

❑ تیرۆر....

❑تیرۆر و گەندەڵی دوو ڕووی دراوێکن...

❑شەرعیەتی شۆڕشگێڕی



# هەڵبژاردەکانی بەردەم مرۆڤ چین؟!

✍ئەفلاتون دەڵێت: (جیهان تەنیا بە مەبەست ناگۆڕێ.. بەڵکو لەئاستی مەبەستدا دەگۆڕێ).

هەموو سەرکردەیەك چ باش یا خراپ، کاریگەری گەورەی لەسەر هەست و نەست و دەروون و ڕەوشت و هەڵوێستی گەلەکەی هەیە، وەك چۆن سەرداری خێزان لەبەڕێوەبردنی ئەوانەی سەرپەرشتیان دەکات هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت. لێرەدا هەموو مرۆڤێك دوو ڕێگەی لەبەر دەستە و لە هەڵبژاردنیدا سەرپشك کراوە وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١ إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا بَصِيرًا ٢ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا ٣﴾

***بەڕاستی ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزادا هات کە شتێکی وا نەبوو ناو ببرێت.. بێگومان ئێمە ئینسانمان دروستکرد لە تێکەڵەیەك ( لە سەرە مێکوتەیەکی بچووك و هێلکۆکەیەك) لە کاتێکدا دەمانەوێت تاقی بکەینەوە، هەر بۆیە دەزگای بیستن و بینینمان پێبەخشی.. بە ڕاستی ئێمە ڕێنموونیمان کرد بۆ ڕێگەی ڕاست، بە ئازادی دەتوانێت ببێتە کەسایەتیەکی ئیماندار و سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕ و خوانەناس***[101]

ئەگەر دار بخەیتە سەر ئاگر، بڵێسەی ئاگرەکە پەرەدەسێنێ و پەرش و بڵاودەبێتەوە، خۆ ئەگەر داری نەخەیتە سەر، کز دەبێت و دواجار دادەمرکێتەوە بێ ئەوەی پێویست بکات ئاوی پێدا بکەیت.. کەواتە ئەوە ئێمەین لە گوێڕایەڵ و یارمەتیدان و بەجێهێنانی داخوازییەکانی ستەمکاران دەبینە ئەو دارەی سەر ئاگرو ئەویش وردە وردە بڵێسە و گڕی ستەمی خۆی بە ئێمە خۆش دەکات.. بە پێچەوانەوە ملی زەلیلیان دادەمرکێتەوە وەك چۆن دارێك ئاو نەدرێ وشك دەبێت.

---

[101] - تەفسری ئاسان-جوزئی بیست و نۆ- سورەتی (الانسان)، ل٥٧٩

سەرکردەکان هۆکاری بەرقەراربوونی ئاشتین، هەر ئەوانیش بڕیاردەری نێڵە نێڵی جەنگن.. بەلای هەندێکەوە جەنگ clausewitz [١٠٢]وەك ئاشتی لەڕێی شەڕوشۆ و خوێنڕشتنەوە سیاسەتە، شێوازێکی کردەنییە و درێژەپێدەری ئەجێندایەکە بەئامرازێکی تر هەوڵدەدات وەك پێکهاتەی ڕووداوێك تێی بگات و لەو ڕێگەوە ویستی خۆی بەسەر لایەنی بەشداربووی ململانێکە بسەپێنێت.. هەندێ جار بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەوانەی لەجەنگدان، لە بەهێزیی و بێ هێزی دا ئامانجی جەنگەکە دیاری دەکات ، وەك جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران یان ئێراق و کوێت و...هتد.

جەنگ تەنها پێکدادانی ڕاستەوخۆی سەربازی و چەکداری نییە، بەچەندین شێوەو شێوازی جیا جیا بەرگی بەبالأدا کراوە و لە کۆتایشیدا ستراتیژییەتەکەی بۆ هەمان مەبەست دەگەڕێتەوە کە لەو چوارچێوەی ڕەنگڕێژی کردووە و کاری لەسەر دەکات ئەویش پاراستنی بەرژەوەندییەکانیەتی لەسەر حیسابی:- هی خۆم بۆ خۆم، هی تۆش دەخۆم... بە واتایەکی دیکە: جەنگ ململانێ و کێبڕکێیەکی توند و تیژە لەنێوان ئایدۆلۆژیای لایەنەکان و لایەنی ئابووریی و سیاسەتی پێك ناکۆکەکان.

بەرگەکانی بەری ئەو جەنگانە هەمە چەشنن، لەوانە:

* **جەنگی ئابووری:** ئەو جەنگەی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی وەك جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم ئەنجام دەدرێت، پاساوەکان بەر لەهەر شتێك بۆ دەست بەسەرداگرتنی وڵاتان و بردنی خێرو بێریان بووە.

***جەنگی دیموکراسی:** ئەو جەنگەی وەك پاساوێك بۆ ڕەواج و ڕەوایپیدان بەناوی دیموکراسیەتەوە بۆ لەباربردنی دیموکراسیەت ئەنجام دەدرێ، کەچی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەرپا کراوە.

* **جەنگی ئایینی:** ئەو جەنگەی وەك بیانوویێ بۆ شەرعیەتدان بە ئاین و ئاینزای وەك کاسۆلیك و پرۆتیستانتەکان، ئیسلام و مەسیحی و سوننە و شیعە ...هتد

---

[١٠٢] - ئاقڵەکان شەڕ دروست دەکەن، گەمژەکان بەڕێوەی دەبەن.

هەڵدەگیرسێ کەچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستێکی لە پشت بووە و زیاتر بە مەبەستی دەست بەسەر داگرتنی ئابووری و نەتەوەپەرستی و داگیرکاری پەنایان بۆی بردوە.

* **جەنگی دەروونی:** جگە لەتاك و گروپ، ئەو جەنگەی دەسەڵات دژ بە گەلەکەی جاڕی دەدات (وەك جـەنگی سـەرکردە دیکتاتۆرەکـان بەرامبـەر گەلەکـەیان.. پاسـاوی ئـەو جەنگە قۆرخکردنی جومگەکانی دەسەڵات بووە بۆ بەتالانبردنی سەروەت و سامانی ئەو میللەتە کە تیایدا کۆمەڵێکی کەم پڕ و کۆمەڵێکی زۆر قڕە.

سێ بەشی وڵاتانی دنیا بەجۆرێ لە جۆرەکان لە حاڵەتی جەنگدان. قوربانییەکانیش لەباربردن و سڕینەوەی ڕووی ڕاستییەکانە، ئەو ڕاستیانەی بە شێوەیەکی دی نیشان دەدرێ و پاساویی ڕەوایی بۆ دەدۆزرێتەوە لەکاتێکدا نهێنییەکان بە دیوەکەی تر و لە پشتەوە شتێکی ترن..

ڕۆڵی مرۆڤایەتی بۆ جوان نیشاندانی ڕووە ڕاستەقینەکەی ژیانە بۆ ئەوەی هەمووان بە یەکەوە هەڵبکەن و لەیەکتر تێ بگەن، بۆیە لەدەرەوەی تێکۆشان مانایەك بۆ جوانی ژیان نامێنێتەوە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ الحجرات: ١٣ ئەوەی لەم ئایەتە دەفامرێ پەیامێکە بەگوێی مرۆڤایەتی دەدات کە هەموو کەسەکان بە جیاوازی پلە و پایە، بەجیاوازی دەنگ و ڕەنگ و ڕوو و زمان و گەل و نەتەوە، لەو سەری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەو سەری ڕۆژئاوا کە یەکیان ناسی، بە لە یەك گەیشتن دەتوانن لەمپەر و ئاریشە و کیشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن.

ئەوەی بە شیری گەرم زمانی سوتابێ، فوو لە ماستاویش دەکات، ئەوەیش بنەمایەکە بۆ ئەوەی حیساب بۆ هەموو هەنگاوێکمان بکەین و بەدواداچوونمان بۆ ڕابردوومان

هەبێت بزانین کێ خێر و خۆشی ئێمەی دەوێ ؟ کێ خەمخۆرە و پەرۆشە و کێ خزمەتکارە.." شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت"[١٠٣]

ئەوەی مرۆڤ لە کێشەکانی ڕۆژگار قورتار بکات تەنها هۆشیاریی و خۆشەویستی و تێگەیشتنە کە پێکەوە بگونجێن و یەکتر قبووڵ بکەن [١٠٤] و لێك بە هەنجەت نەبن.. ئەوانەیشی لێك بەهەنجەتبن نموونەیان وەکو مەلای مەشهور و کوڕەکەیەتی کاتێ بەیەکەوە بۆ سەفەر ڕێ دەکەن، کوڕەکەی سواری گوێدرێژ دەبێ و خۆی بە پێیان دەڕوات. ئەو خەڵکەی ئەوهایان دەبینێ، دەڵێن: بزانە بزانە گەورەیی و بچووکی نەماوە، ئەو کوڕە چەند زاڵمە و شەرم ناکات وا باوکی بەپێیان دەڕوات کەچی خۆیشی سواری گوێدرێژ بووە..کاتێك مەلای مەشهور سواری گوێدرێژەکە دەبێ و کوڕەکەی بە پێیان دەڕوات. دیسان ئەو خەڵکە دەمیان دەبێتەوە و دەڵێن: بزانە باوکێکی چەند زاڵمە؟ هیچ سۆز و بەزەییەکی نییە لەو تەمەنە ستەم لەو کوڕە بەستەزمانەی دەکات.. کاتێکیش هەردووکیان بەیەکەوە سواری گوێدرێژەکە دەبن. ئەوە چاویان زەق دەبێتەوە و دەڵێن : ئەها چ باوك و کوڕێکی سەیرن، بڕۆنێ بەرامبەر بەم حەیوانە بەستەزمانە چەندە بێ ڕەحمن؟ خۆ کە هەردووکیان گوێدرێژەکە دەدەنە پێش خۆیان و بە پێیان دەڕۆن، بە پێکەنینەوە پێیان دەڵێن: بزانە ئەو کوڕ و بابە یان دەبێ وەکو ئەو کەرە کەربن یان ئەوەتا ماقوڵ نییە کەرت ڕاگرتبێ و سواری پشتی نەبیت.

زۆر جار هەنجەتگرتن دەچێتە خانەی ئینکاریکردن و لەڕووی دەروونییەوە سروشتی بابای ئینکار ئەوەیە نایەوێ فێر ببێ و خۆی بگۆڕێت، کەسێکیش نەیەوێ فێرببێ و خۆی بگۆڕێت، ئەوا ئامادەی گوێگرتنی نییە چونکە هەر خۆی بەڕاست دەزانێ و وادەزانی کەس لەو ڕاستتر نییە.

---

[١٠٣] - وتەییەکی ( مەلا مستەفا)ی بارزانە

[١٠٤] - (ئێم کۆ بێ) وەك ناوەندێکی خێرخوازی لە باشووری ولأتی سوید دامەزراوە و کۆمپانیایەکی خانووبەرە و دوکان و بازاڕە، لە هەڵمەتێکدا لەم ساڵانەی ڕابردوو نزیکەی ملیۆن و نیو کرۆنی کردە خێر تاوەکو پڕوپاگەندە بلأو بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری سلأو لەیەککردن بکات.

هەمیشە دڵی ئارام ژیانی لەشە، حەسوودیش ئێسقان کلۆر دەکات (پەندەکان ١٤:٣٠) "حەسوودی وا لە تاکەکەس دەکات بە دڵڕەقی و خراپی لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکات، تەنانەت ڕقی لێیان بێت. حەسودی وای لە براکانی یوسف کرد بە کۆیلەیی بیفرۆشن، ڕقیان لێی دەبوەوە چونکە باوکیان زۆری خۆش دەویست.ئەگەر وا دەرکەوت کەسێك لە خێزانەکەتدا لە ئێوە زۆرتر ئاگایان لێیە، ڕقتان لێی نەبێتەوە. باوەڕت بەخوداوەند بێت، ئەوە ئەنجام بدە کە داوای لێکردویی بیکەیت – بۆ پشتیوانی باوەڕ بەو بکە– کە لە کۆتاییدا وەکو یوسف دەبیت– زۆر بەرەکەتدار دەبیت"[١٠٥]

دەڵێن: لە سیاسەت نە دۆستایەتی هەتا سەر، نە دوژمنایەتی هەتا سەر، بەڵام بەرژەوەندی هەتا سەر.. ململانێکان وەك دوو ڕووی دراوێك وایە، دەتوانین لە فەرهەنگی سیاسی دا ناوی بنێین حکومەت و ئۆپۆزسیۆن.

حکومەت و ئۆپۆزسیۆن نموونەییەکی زیندووە بۆ پێکەوە ژیان یان ڕەتکردنەوەی ئەویتر.. ڕۆڵ و ئەرکی هەموو ئۆپۆزسیۆنێك لە دوو گۆشە نیگاوە سەیر دەکرێ، ئەویش:

✎ یەکەم: ئۆپۆزسیۆنێکە دژی دەسەڵات و ڕژێمی ئەو وڵاتە بە تەواوی دام و دەزگاکانیەوە دەجەنگێ بۆ ئەوەی ئەو ڕژێمە بگۆڕێ و شوێنی بگرێتەوە کە لەبەرامبەریشدا (حکومەت) هەموو هەوڵ و تەقەلا و توانایەکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ سڕینەوە و لەناوبردن و بێهێزکردنیان.

✎ دووەم: ئۆپۆزسیۆنێکە لە حوکمەت بەشدار نییە بەڵام بەردەوام ڕەخنە لە سیاسەت و هێڵە هەڵە گشتییەکانی حکومەت دەگرێ و دید و تێڕوانین و پلانیان بۆ چاکسازی و ڕاستکردنەوە کەم و کوڕییەکان هەیە، لەم پێناوە هەموو ڕێگەییەکی مەدەنیانە (مانگرتن – خۆپیشاندان – ڕێپێوان بۆ فشار خستنە سەر حکومەت) دەگرنە بەر و داکۆکی لە داخوازیەکانی جەماوەر دەکەن کە ئەگەر حکومەت

[١٠٥] - جۆیس مایەر: مەیدانی جەنگی مێشك ، ل٢٤٧- بەپێی دەقی قورئان (یوسف) لەلایەن براکانیەوە دەخرێتە ناو بیرێکەوە و بەجێی دێڵن، نەك فرۆشتن.

پێداچوونەوە بەخۆیدا نەکات و لەسەر هەمان سیاسەتە هەڵەکانی پێشووی بەردەوام بێت، ئەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەنگی جەماوەر هاوکێشەکە دەگۆڕن..خنکاندنی ئازادییەکان، بابای دیکتاتۆر[١٠٦] دروست دەکات. لەوەشدا خوێن و برسی وەك یەك ڕمی دوو سەرە وایە بۆ کوشتنی ئەو ئازادیەی کە هەردووکیان ترس و تۆقاندن بەرهەم دێنن.( لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تانسۆ چیلەر سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ دەنگ کۆکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی ئاینده روو دەکاتە گوندەکانی کوردستانی باکور، لەو سەردانەیدا خەڵکەکە گلەیان لە دەست فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا لەلای دەربڕی، ئەویش لەپاساوێکی بێ بنەمای نالۆژیکی پێیان دەڵێ: ئەو فڕۆکانە فڕۆکەی پەکەکەن، چۆن فڕۆکەی ئێمە بۆردومانی گوندی دەکات)

لە هەر شوێنێك دادپەروەری بەرقەرار بوو، ئازدییەکان فەراهەم دێ.. لە هەر شوێنێك دادپەروەری لە خاچ درا، برسێتی و قات و قڕی و کوشت و بڕ و قەیران و گەندەڵی و نائارامی لێ سەر هەڵدەدات، نەخاسمە برسێتی کە هەڕەشەیەکی کوشندەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهان و ئەوە مرۆڤەکان خۆیانن ئەو قەیرانە دەستکردە دروست دەکەن. لە٢٠٠٨/٤/٢ سەرۆکی بانکی نێو دەوڵەتی لە واشنتۆن ڕایگەیاند: بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك دەبێتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایش لە ٣٣ وڵاتی جیهان.. وتەبێژی نەتەوەیەکگرتووەکان دوای تێپەڕبوونی بیست ڕۆژ، ڕایگەیاند:- سەد ملیۆن کەس لە ژێر هەڕەشە و مەترسی برسێتیدان، هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکان لە ئێستادا ڕۆژانە

[١٠٦] - دیکتاتۆری: وشەیەکی لاتینیە مانای( خۆسەپاندن) دەگەیەنێ، لەڕووی سەرهەڵدانەوە مێژووی مرۆڤایەتی بۆمان باس دەکات ئەو ئەزموونە بۆ (ڕۆمانی کۆن) دەگەڕێتەوە کاتێك وڵاتەکەیان بە دۆخێکی دژوار و ناهەموار تێدەپەڕێ، سەرۆکێکی کاتییان بەبێ ڕای میللەت بۆ ماوەی ٦ مانگ هەڵدەبژارد ، لەوەیشدا وابووە دوای تەواوبوونی ئەو وادەیە، هێشتا لەسەر تەختی حوکمڕانی دانەدەبەزین و بەئارەزووی خۆیان حوکمی خەڵکیان دەکرد نەك بە ئارەزووی خەڵکەکە یاخود یاسا و ڕێساکان.. ئەو دەسەڵاتە بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی لەسەرووی بەرژەوەندی گشتی دادەنا و بڕیارەکانی لەلایەن خۆی یا بنەماڵەکەیەوە چڕ دەکردەوە کە لە سنووری هیچ یاسا و ڕێسا و داب و نەریت و دەستوورێك تەنانەت ئاینیکێش نەدەوەستا و هەموو ئەو ڕاوێژانەشیان بەهەند هەڵدەگرت کە لەبەرژەوەندیان دابوو، نموونەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەپێی زەمان و زەمین و نیشانە و ناوەڕۆکەوە لەهەموو چاخەکان تا بەم قۆناعە دەگات زۆرە.

نزیکی٣٥هەزار مندالْ بەهۆی برسێتییەوە دەمرن و ئەو ڕێژەیەش ڕۆژ بەڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە، بەجۆرێ نزیکەی٢,٨ملیار خەڵك بەڕۆژانەی کەمتر لە دوو دۆلار ژیان بەسەر دەبەن، لە شوێنێکی وەك ولاّتی هایتی کرێکار تیایدا بەکەمتر لە یەك دۆلار ئیش دەکات و ئەگەر ئیشی دەست بکەوێ بەو برە کەمە ڕازییە و زۆریش خۆشحالّە، بەجۆرێ زۆرێکیان لە شەو و ڕۆژێکدا یەك ژەم خواردن دەخۆن کە بەپێی ڕاپۆرتی IMFخەڵکێکی زۆریان لەبەر برسێتی بەناچاری پەنا بۆ قوڕ دەبەن و قوڕ دەخۆن بۆ ئەوەی برسێتیان بشکێ ( دیارە ئەو قوڕە جۆرە قوڕێکە پێی دەوترێ ( pica–پیکا) لەگەلْ خوێ و برێك سەوزە تێکەلْ دەکرێ و دەخورێت لەکاتێکدا ئەو قوڕەش بە پارە دەفرۆشرێ، واتە قوڕەکەشیان بەخۆڕایی نییە.. نیوەی سامانی دنیا لەلای ١٪ی دانشتوانەکەیەتی و لەسەرتاسەری جیهاندا بەرهەمهێنان لە پێداویستی مرۆڤەکان زیاترە بەلاّم ناڕێکی لە دابەشکردنە کە تیایدا سەرمایەدارەکان قازانج دەخەنە پێش هەموو شتێکی ترەوە، ئەوەتا سالاّنە لە ولاّتانی ڕۆژئاوا بە هەزاران تەن میوەجات و سەوزە و بەرهەمە ئاژەڵییەکان لەناو دەبرێن بۆ ئەوەی نرخەکەیان دانەبەزێت... ساڵێکیان لە کەنەدا حکومەتی فیدراڵی ٢٢٥دۆلاری دەدایە هەر کەسێك ئەگەر بەرازێکی بکوشتایە بۆ ئەوەی نرخی گۆشت دانەبەزێ، بۆیە گۆشتەکەی دەدایە گیانلەبەرانی تر و بەشێکی لێ فڕێ دەدا کە ئەگەر هەر ئەو گۆشت وسەوزە و میوەجاتە فڕێدراوانە بە ولاّتە هەژارەکان بدرایە بێگومان برسێتی بنبڕ دەبوو یان کەم دەبۆوە.



ڕەفتاری دیکتاتۆرەکانی جیهان ئەوەندە سەرسوڕهێنەرن، مرۆڤە سادە و عەوامەکان لێی تێ ناگەن و بەسەرسامییەوە بۆی دەنواڕن، هەمیشە لەژێر پاڵەپەستۆ و فشاری هەژاری[١٠٧] و زۆرداریدا میللەتەکەیان دەچەوسێننەوە، دەنگە زولاڵەکان دەخنکێنن و داخوازییەکانی جەماوەر لە ژێر نەفرەتی چەك و تۆپ و دەزگا داپڵۆسەرەکانیان ژێرخاك دەکەن و ویژدانی مرۆڤە چڵکاوخۆر و چاوچنۆکەکان دەکڕن و بەگژ

---

[١٠٧] - سکی برسی هەرگیز وشە و ئامۆژگاری پێ هەزم ناکرێت (ئەنیشتاین)

ئەوانەیان دادەدەن کە دەیانەوێ ببنە دەنگی ناڕەزایی و هەقبێژی و ڕەخنە.. ئەفسووس بێئاگا و غافڵگیرن لەوەی دەسەڵاتەکەیان گەردەلوولێکە و لە دوورایی بیابانەکانەوە هەر بەخۆی خامۆش دەبێتەوە و بەهۆی پڕبوونی مێشکیان بە بارووتی خوێن و چەوساندنەوە و بیری شەڕانگێزی، پەند لەمێژووی مرۆڤایەتی وەرناگرن.. کاتێکیش نزیکی پەلەقاژێی لەناچوون دەبنەوە و مەرگ یەخەیان دەگرێت، وەکو شێر خەون بە جحێڵ بوونەوەی خۆیان دەبینن کە چەند بەهێز بوونەو بەیەك هەنگاو مامز و کارمامزیان ڕاو دەکرد، هەمووان لێی دەترسان دەبێ هەروا تا دواساتەکانی ژیان ئاوا لێی بترسێن، (کایگۆلا) دەیگوت: با ڕقیان لێمبێ، ئەوەندە بەسە لێم دەترسن.... کورد وتەنێ: جام چی تێدابێت، ئەوەی لێ دەڕژێ، جامی حوکمڕانی دیکتاتۆرەکان شەڕابێکی هێندە تاڵی تێدایە کەسی ئاقڵمەند و ژیر مەیلی تامکردن و خواردنەوەی ناکات[108]

دیکتاتۆرەکان هەمیشە لە بازنەی دڵەڕاوکێ گوزەر دەکەن، بیرکردنەوە لە ڕابردووی پڕ شەرمەزاری خۆیان و ئاوڕدانەوە لە شکست و تێکشکانە کۆمەڵایەتییەکان، ترس بۆ داهاتوویان دەڕسکێنێ کە هەر پەڵەیەکی ڕەش لەو ڕابردووەدا گرێیەکی دەروونییان بۆ دروست دەکات نەتوانن ئەو هەستە بشارنەوە، بۆیە سۆز و بەزەیی لە

---

[108] - لەئیسلامدا دوو بنەمای جەوهەری هەیە کۆڵەکەی کۆمەڵگای بەختەوەرین وەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێ : ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ ١ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ٢ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ٣ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ٤﴾ قريش: ١ ــ ٤

﴿ لە بەر ئەوەی قورەیش هۆگر بووە و... خوی گرتووە بە کاروانی زستانەی (یەمەن) و کاروانی هاوینەی (شام) بۆ بازرگانی و (دابین کردنی بژێوی)، کەواتە با پەروەردگار و خاوەنی ئەم ماڵە پیرۆزە(کەعبە) بپەرستن، ئەو زاتەی لە برسێتی ڕزگاری کردن و خۆراکی پێبەخشین و لە ترس و بیمی (جەردە و ڕێگران) پاراستوونی و ئاسایشی بۆ دابین کردوون ﴾ ئەو ئایەتە لە ڕووی دەروونناسیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر پێداویستیەکانی مرۆڤ تێر کرا و پاراستنی ئەو پێداویستیانە لەبەرچاو گیرا ، ئەوە ئەم دوو کۆڵەگەیە بەیەکەوە دەبنە مایەی بەختەوەری مرۆڤ. (تێربوونی پێداویستیەکان + دڵئارامی لە ترس و بەرقەراربوونی ئاسایش= گوێڕایەڵی و پابەندبوون )

ناخیان دەردەکەن و پەنا دەبەنە بەر داپاچین، ئەوە سروشتی دیکتاتۆرەکانە لەپێناو پاراستنی عەرشی زەعامەتیان ترس لە دڵ و دەروونی خەڵك بڕوێنن بۆ ئەوەی تەم و مژی ئەو ترس و بیمە بڕەوێننەوە کە بووەتە دێوەزمە و مۆتەکەی ژیانیان. چونکە ترسیان لە ڕق و کینەی پڕ تۆڵەی جەماوەر هەیە پێیان هەڵشاخێن و لێیان هەڵگەڕێنەوە، ناچار یا دەبێ تا دوا هەناسە بەرەنگاریان ببنەوە یا خۆیان بەدەستەوە بدەن یان هەڵبێن و پەنا ببەنە بەر وڵاتێکی تر و دوا ساتەکانی تەمەنیان ژیان لە ئاوارەیی و غەریبی بەسەر ببەن.

بیری تۆڵەسەندنەوە تێڕوانینی مرۆڤ دەگۆڕێ و ئالودەی خوێنڕشتنی دەکات کە هەر کاتێ زانی ئەمە باشترین دەستکەوت و سەرمایە و سەرکەوتنە دەیکاتە کار و پیشەی فەرمانڕواکەی و لەو پێناوەدا دەزگای سیخوری و سەرکوتکاری لە کەسە نزیك و دڵسۆز و خزم و بنەماڵەکەی دادەمەزرێنێت.. سەرۆکێك خۆی لێ بگۆڕێ، کار و کردەوەکانیشی دەگۆڕێ، بەمەیش تووشی نەخۆشی(خودمەزنی دەبێت)[109]

شەیتانی بەدفەڕ بەهۆی خۆبەزلزانیەوە کەوتە بەر قار و غەزەب و نەفرەتی خوای پەروەردگار و بەو هۆیەوە لە ڕەحمەتی خوا دوور خرایەوە.. ﴿ ئەو کەسانەی کە موجادەلە و گفتوگۆ دەکەن دەربارەی ئایەت و فەرمانەکانی خوا، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەییەکیان بۆ هاتبێت، ئەم موجادەلە و گفتوگۆیە زۆر بێزراو و تاوانە لای خوا و لای ئەوانەش کە ئیمانیان هێناوە، هەر بەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسەر هەموو خاوەن دڵێکی خۆبەزلزان و ڕق ئەستوور و ستەمکاردا[110] ﴾.

---

[109] - سیاسەتی کوشت و بڕ و ترس و تۆقاندن لە.سیفەتەکانی بابای دیکتاتۆرە، ئەوەش بەوە لەخەڵکی دیکەی جیا دەکاتەوە کە تایبەتمەندی بە (خواردن و خواردنەوە و مەشرەب و جل و بەرگ و ڕۆیشتن و پێکەنین و تووڕەبوونی) دەدرێت. هەتا بۆیان بلوێ بۆ هەر یەك لەو شتانە چەندە پارەی تێ بچێت، دەبێ جێ بەجێ بکرێ و نابێ کەس لاسایی بکاتەوە، نابێ کەس وەکو ئەو بێت و وەکو ئەو بژێت.

[110] - ﴿ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡۖ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلۡبِ مُتَكَبِّرٖ جَبَّارٖ ﴾ غافر: ٣٥

ویل دیورانت دەڵێت: "خورافیات و پەرستنی مرۆڤەکان گەورەترین کۆسپی گەشەکردنی کۆمەڵگایە" و سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدان و بەرهەمهێنانی دیکتاتۆریەت کە دوو جۆرە:[111]

❁ دیکتاتۆری ڕەها(مطلق).

❁ کۆلکە دیکتاتۆر.

لە سیفەتەکانی *(دیکتاتۆری ڕەها)*:- بەقەرز ناترسیٚ و سیستەمی تۆتالیری پەیڕەو دەکات.. بەئاشکرا و بەبەر چاوی خەڵکەوە تاوان ئەنجام دەدا و نایشارێتەوە، ئەوجا بەبیٚ لێکۆڵینەوە و گەڕانەوە بۆ دادگا، هیچ سیناریۆییەك بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکەی دانانێت.

لە سیفەتەکانی *(کۆلکە دیکتاتۆرەکان)*:- بەنهێنی و ترسنۆکانە ڕۆژنامەنووس و نەیارەکانی تیرۆر دەکات، سیناریۆی بیٚ بنەما و بیٚ بەڵگەیان بۆ هەڵدەبەستیٚ و دواتر لیژنەی بەدواداچوون لەلایەن کۆیلەکانیانەوە پێك دێنیٚ و ئیعازیان دەدەنیٚ چۆن ئەو کەیسە بەڕێوە ببەن و بەلاڕێی ببەن[112].

کاتێك مرۆڤ چاوپۆشی لە هەڵە بچووکەکانی خۆی کرد، هەڵەی گەورە دەکات.. ئەو دیکتاتۆرەی بەرەو ئیفلیجبوون هەنگاو هەڵدەگریٚ، پاساوی جۆراوجۆر بۆ

---

[111] - لە ژێر چەتری سیستەمی دیکتاتۆریدا قەیران و نەهامەتییەکانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و کۆمەڵگا لە نەریتە مرۆییەکان و بەها ئەخلاقییەکان دادەوەشێنیٚ وەك چۆن مرۆڤ جل و بەرگی لە تۆز و غوبار دادەتەکێنیٚ.. ئەوەتا لەجیاتی پەرە بە کەرتی تایبەت و پیشەسازیی و کشتوکاڵ و بازرگانی و...هتد بدات، زیاتر پەرە بە سێکتەری سەربازیی و بەرهەمهێنانی مارشاڵ و دروستکردنی فەرخە دیکتاتۆر دەدات.

[112] - وێڕای بەکارهێنانی جەنگی سایکۆلۆژی و پاشان تۆمەتبارکردنیان لەڕێی دادگاوە تا بە ڕایەڵە و تەونی پلانەکانیان کۆتوبەندیان بکەن. لەم بارودۆخانەدا بڕیار تەنها لە دەست سەرۆکە و یەك قسەی سەرۆك چارەسەری کێشەییەکی گەورە دەکات، کەچی لیژنەی بۆ پێك دێنێت، پێکهێنانی لیژنە، هێشتنەوەی کێشەکانە بە هەڵواسراوی نەك چارەسەرکردنی کێشەکان.

**هێشتنەوەی خۆی لەسەر کورسی دەسەلات دەدۆزێتەوە، هەڵپە هەڵپ و چاوچنۆکیان کەڕو لاڵ وکوێری کردوون ﴿ ئەوانە کەڕ و لاڵ و کوێرن ( لە ئاستی حەق و ڕاستیدا)، وناشگەڕێنەوە(بۆ سەر هیدایەت)[113]﴾ چونکە جگە لە دزینی پارە و سەروەت و سامانی میللەت چاویان هیچی تر نابینێ، وادەزانن تەمەنی نوحیان هەیە و دەسەلات و سامانەکەیان نەمریان دەکات و ناهێڵن بمرن[114].**

**کۆڵمێك لە بەرپرسانی حزبی جگە لە باوەڕدارەکان ئەگەر بەرژەوەندیەکانیان لێ بگرییەوە یەك دەقە حزبایەتی ناکەن.. ئەو دەسەلاتەی کار لەسەر هەست و نەستی هاولاتیان دەکات، مەبەستی ئەوەیە دەسبەرداری دەسەلاتەکەی نەبێت.. ئەوانە سیاسەتی دیماگۆجی پەیڕەو دەکەن، کە "بریتییە لە پرۆسەی هەڵخەڵەتاندنی**

---

[113] -﴿ صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴾ البقرة: ١٨

[114] - مامۆستا (فخرالدین صدرالدین حمد)، دەڵێ: ژیان وەکو دەبە ئاوێکە کە ئاوەکە دەخۆیەوە دەبەکە فڕێ دەدەیت.. ئەو خواردنەیشی دەیخۆین و دەچێتە سکمانەوە کە بۆگەن بوو، فڕێی دەدەین لەکاتێکدا لەتێربوونی سکماندا خۆشترین خواردنمان بدەنێ ناتوانین بیخۆین، بێزمان لێی دەبێتەوە، دەترسێین بیخۆین، بڕشێینەوە..ئەو پزیشکەی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤێك ، ئەگەر زللەیەکی لێدا، ئەوە ئەشکەنجە نییە و چارەسەرە، نابێ بە ئیهانەی تێبگەین و بەگژی دا بچین و لێی هەڵگەڕێینەوە...کاتێك فیرعەونەکان یەك لەدوای یەك جێی یەکیان دەگرتەوە و دەهاتنە سەر حوکم یەکسەر دەبوون بەخوا و پێیان وابوو کە بوونە خوا ئیدی نامرن، کەچی سندانیان دەگەیشتێ، تاکە جیاوازی فیرعەونەکان لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی سەردەم ئەوەیە: ئەوان دوای مردن زێڕو سامانیان لەگەڵی دەناشت کەچی دوای هەزاران ساڵ زێرەکانیان دەرهێندراو بوونە مێژوو و شارستانیەت کەچی کەس ناتوانێ گەواهی ئەوەیان بۆ بدات کە پیاوچاك بووبن لەکاتێکدا سەروەت و سامانی ئەوان بۆ ژێر گل بوو، سەروەت و سامانی ئەوانەی لای خۆشمان بۆ بانقەکانی ئەوروپا دەڕوات، کەس نازانێ کەی بەجێی دێڵن و کەی پارەکەیان بلۆك دەکرێت... حەزرەتی(نوح) نزیکەی هەزار ساڵ بانگەوازی کرد و تەمەنێکی ئاوا دوور و درێژی بەڕێ کرد، پرسیاریان لەمەڕ تەمەنیەوە لێی کرد،: ژیان چیە؟ لەوەلامدا وتی: ژیان وەك خانوویەکە لە دەرگایەکەوە بچیتە ژوور و لە دەرگاکەی دیکە بێیتە دەرەوە.

خەڵکێکی سادە. بەهەندێ دروشمی ڕەنگاوڕەنگ یان هەندێ بەڵێنی مادی و ساویلکە" [115].

هەروەها ئەوانەی بەهۆی خۆویستی و خۆپەرستییەوە دەیانەوێ خواوەندێکی بێڕۆح دروست بکەن تا خەڵك کڕنۆشیان بۆ ببات و بیانپەرستن. ئەوانەن قەڵغانی دەستیان چەکداری زۆر و قەڵەمبەدەست و ماددەیە، هەر بۆیە ئامادە نین دەستاودەستی دەسەڵات بکەن، ڕەخنەگرتن لێیان بە تاوانبار هەژمار دەکرێ، ئەوانەی پیرۆزیان بخاتە ژێر پرسیارەوە تا سەرئێسقان دژایەتی دەکەن، ئەوانە شۆفێنین. شۆفێنی وەك لە کتێبەکەی (هەندێ زانیاری سیاسی و مێژوویی "شەعبان عەلی شەعبان"ی نووسەر هاتووە: ( ئەو زاراوەیە لە بنەڕەتدا فەڕەنسی یە، لە ناوێکەوە هاتووە کە ئەو کەسە سەربازێکی ناپلیۆن بووە بەناوی نیکۆلا شۆڤان تا بڵێی سەرکردەییەکی دڵسۆز بووە بۆ ناپلیۆن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا تا بڵێی دەمارگیر و توخمپەرست بووە. لەم سەردەمەدا زاراوەی شۆڤێنی زۆرتر بەمانای خۆویست، خۆپەرست، ڕەگەزپەرست بەکاردێت. بیرۆکەی جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تر و دانانی پلەی یەك و دوو و سێ بۆ جەماوەر، کە ئەو بیرۆکەیە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیڕەو دەکرێ. وەکو کیمیاباران، ئەنفال، قەدەغەکردنی زمان، بەمانای پاکتاوکردنی ڕەگەز).

ئەنشتاین دەڵێت: دوو شت بێ سنوورن: گەردوون و کەرایەتی مرۆڤ..کەرایەتی بەمانای دەبەنگ و گێژ و وێژ و ساویلکەیی و کەم ئەقڵی مرۆڤ بۆ ئەو شتانەی نازانێت چییە و چی دەکات؟

مرۆڤ وەکو خۆی یەك کەسە نەك کۆمەڵە کەسێك، بۆیە (لا حول و لا قوة الا بالله) توانا و تاقەتی -سنووردارە- چەند بەهێز بێت ڕەنگە لە یەك کات هەر ئەوەندە بتوانێ دەرەقەتی چوار- پێنج یا دە کەس بێت و تەواو. بەڵام ئەوە کارکردن لە سەر مێشکی خەڵکە، خەڵکێکی بێشومار دەوروژێنێ و هێز و بازوو و دەسەڵاتی خۆی پێ زیاد دەکات، ئەوجا چۆن بیەوێ دەیانجووڵێنێ و یەك ئیشارەتی ئەو بەسە تاوەکو هەزاران کەس لە چاوتروکانێك بکوژ بدات.. هەمووشیان بەو خەت و خاڵ و حزب و

[115] - شەعبان عەلی شەعبان: هەندێ زانیاری سیاسی و مێژوویی ، ل١٨٠

ڕێبازە دڵخۆشن كە باوەڕیان پێیەتی و چوونەتە ناوی، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ زُبُرٗاۖ كُلُّ حِزۡبِۢ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ﴾ المؤمنون: ٥٣ ﴿ ***زۆربەی خەڵكی بیرو بۆچوونی خۆیان بەش بەش و پارچە پارچە كرد (لە بەرنامەی یەكخواناسی لایاندا)، هەموو دەستەو تاقمێك بەو بەرنامەو نەخشەیەی هەیانە دڵخۆشن***[116]﴾

هەموو كەسێك بە حزبی خۆی (ئەو ڕێباز و بیرو باوەڕەی هەیەتی) دڵخۆشە.. حزبێك خەڵك لە دەوری كۆ نەبێتەوە هەرچەندە دیرۆك و مێژوویەكی نەبڕاوە و لەبن نەهاتووی پڕ سەروەری هەبێت كە لە گەڵ ڕەوت و ڕەوڕەوەی گۆڕانكاریەكان و ڕوحی سەردەم نەگونجا، مێژوو ڕوحمی پێ ناكات و لە كاروانی پێشبڕكێی حزبایەتی دادەبڕێنێ و حزبێكی تر جێی دەگرێتەوە با ئەو حزبە ئەزموونێكی كەمی هەبێ و خودان خەباتێكی دوور و درێژ نەبێت[117]

سەركردە و ڕابەرەكان باڵانسی سیاسی وڵات ڕادەگرن، هەر ئەوان بەختەوەری بڵاو دەكەنەوە، هەر ئەوانیش نەهامەتی و كاولكاری بەسەر كۆمەڵگا دێنن. دەگێڕنەوە: ساڵی١٩٤٩(ماو ستیتۆنگ) بووە ڕابەری چینیەكان، لە ئەوەلیاتی كارەكانی گرنگیدان بوو بە كشتوكاڵ، ئەوەبوو دار و دیواری چینیان كردە چیمەن و شینایی، بێ ئاگا لە

---

[116] - تەفسری ئاسان-جوزئی هەژدەهەم ، ل٣٤٥

[117] - لە هەرێمی كوردستان هیچ حزبێك لەڕووی بەرخودان و تێكۆشانەوە لە حزبی (شیوعی) كۆنتر نییە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پێگەییەكی تۆكمە و توند و تۆڵی جەماوەرییەوە، وەك ئەوەی پارتی و یەكێتی و بزوتنەوەی گۆڕان و كۆمەڵی ئیسلامی و یەكگرتووی ئیسلامی هەیانە، حزبی شیوعی نەیتوانیوە لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگێكی ئەوتۆ فەراهەم بێنێ كە لەگەڵ ئەو تەمەنە دوور و درێژەی خەباتەكەی بگونجێت لە كاتێكدا دەبوو زۆربەی جومگەكانی حوكمڕانیان لەبەر دەست بوایە، ڕەنگە ئەوەش بۆ كۆمەڵێك فاكتەر بگەڕێتەوە كە بەجددی كاریان بۆ ئاشتكردنەوەی ئەو فاكتەرانە نەكردبێت.. تەنانەت حزبەكەی (كەمال ئەتاتۆرك) بەهەمان مەرەد ڕۆیشتووە و ئەو دەنگەیان لە پەرلەمان و حكومەت نییە ئەمە لە كاتێكدایە كە حزبەكەی ئەتاتۆرك دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی بە دامەزرێنەری توركیای هاوچەرخ ناوزەد دەكرێ.

هاوسەنگی سروشت ،کاتێك چۆلەکە زیانێکی زۆری بە کشتوکاڵ گەیاند، فەرمانی قڕکردنی چۆلەکەی دا، بەمەیش چۆلەکەی بنبڕ کرد و کوللەیەکی زۆر بەربوونە وێزەی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە و زیانێکی زۆری پێ گەیاندن، (ماو) نەیدەزانی چۆلەکە پێویستە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی سروشت کە کوللەی دەخوارد و ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتبوو.

" لە هەرێمی کوردستان هەموو بوخچەکانی ناو کۆمەڵگە پێویستیان بە چاکسازی ڕیشەیی هەیە، کلیك لەسەر هەر فۆڵدەرێك دەکەیتەوە پڕ پڕە لە ڤایرۆس، بە بن هەر دارێکدا تێپەڕ دەبیت زەردەواڵەیەك زیڕەت لێ بەرز دەکاتەوە، زۆر جار لەناو ئەم دارستانەدا بەهەموویانەوە پێتەوە دەدەن، هەر یەکێکیانیش بە بیانووی جیاتر لەویتر، لە شوێنێکەوە مینگەی لێوە دێت، بەڵام ئەوە تاوانی گەلە و گەلیش چاری نییە. چۆن؟ گوایە حیکایەتی (جۆسان) لە کۆبوونەوەی درەختەکانی ناو دارستانەوە بۆ دیاریکردنی سەرۆکێك ئەوەمان نیشان دەدات کە ڕۆژێکیان بەهەموو درەختەکان دەچن بۆ لای زەیتون تا بیکەن بە سەرکردەی خۆیان، زەیتون دەڵێت: من چ پێویستیم بەمەیە خۆم ڕۆن دەبەخشم و خواردەمەنییەکی نایابم. ناچار دەچنە لای هەنجیر ئەویش پێیوایە خۆی تووشی ئەو سەرئێشەیە نەکات چونکە بەرهەمی شیرینی و میوەهاتێکی خۆش دەبەخشێ. ناچار بۆ لای ترێ، دواتر بۆ لای قۆخ، هیچ کەس ڕازی نابێت، بۆیە دەچن بە دڕك دەڵێن: وەرە ببە بە سەرۆکمان. دڕکیش دوای ماوەییەك ئەوجا ڕازی دەبێت، بەڵام دڕك دڕکە و خراپ دەبێت بۆ گشت دارستان.. کە دەیانەوێ لایبدەن، پێیان دەڵێت: ئەگەر لامبدەن یان هەر هەوڵێك بدەن ئەوا هەموو دارستانەکە دەسووتێنم!!"[118]

ئەو سەرکردەی هەرچییەکی وت و هەرچییەکی کرد بۆی چووە سەر.. لە کەسێکی ئاساییەوە دەبێتە کەسێکی یاخی، یاخیبوون لە شتە جوانەکان دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی گەندەڵکار... دیکتاتۆرەکان بە گەندەڵی حوکمی خەڵك بەڕێوە دەبەن و لەمێژوودا نەبووە دیکتاتۆرێك کۆتایی مێژووی بە دێڕێکی ڕۆمانسی و بە

---

[118] - بەهرۆز جەعفەر : میدیای ئەهلی ڕەنگی چۆنە؟! - وتار- ئینتەرنێت

پێدانی گوڵێك هاتبێ، چونکە خوو و خدە و فرچکیان بەوە گرتووە هەمیشە ئایندەی بنەماڵە و خۆشگوزەرانی خۆیان بخەنە پێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکە، بۆیە کاتێك دەنگی برسی و ناڕازیی و ئازادی چەوساوان بەرز دەبێتەوە تا تۆڵەی[119] ئەو جەورو ستەمە بکەنەوە ، دێنە سەر خەت، سەرەتا هەتا بۆیان بلوێ درۆ دەکەن، وەك چەرچل دەڵێت: "ئەوە ئاساییە سیاسەتوان درۆ بکات، بەڵام سەیرە ئەگەر ڕاستی بڵێت" کە دڵنیایش بوون دەتوانن دەرەقەتیان بێن و بەرەنگاریان ببنەوە، هەموو دانیشتن و دیالۆگێك ڕەت دەکەنەوە و دەمکوت و سەرکوتیان دەکەن، کەواتە ئەوانەی تووشی هەڵەی گەورە دێن ئەوانەن چاو لە هەڵەی بچووکی خۆیان دەپۆشن و لە گەندەڵییەوە خۆیان دروست دەکەن.




❁ ❁ ❁

---

[119] - **دوو جۆرە تۆڵە هەیە**.. یەکەم: تۆڵەی سپی: بریتییە لە سووك سەیرکردن و ڕیسواکردنی ناپاك و خائینان ئەوانەی میللەت دەچەوسێننەوە، بۆیی لەڕێی خۆپیشاندان و مانگرتن و لەکاتی هەڵبژاردن دەنگیان پێ نادەن.. دووەم: تۆڵەی سوور: بریتیە لە تیرۆرکردن و کوشتن و هەڵواسینی ناپاك و خائینان ئەوانەی دەستیان بەخوێنی میللەت سوور بووە.



# گەندەڵی چییە....؟!

📖 باوەڕ و مرۆڤبوون زەلکاوێك نییە بە چیلکە داری هیچ دەسەلاتێکی گەندەڵکار بشڵەقێت.

کاتێك دادپەروەری نەما، ڕەوشت هیچ بەهایەکی نامێنێ و خۆپەرستی جێی خۆشەویستی دەگرێتەوە. ئەوەش دەبێتە ڕێخۆشییەك تاوەکو دەرگای پێشوازیی و پشتیوانی بەڕووی گەندەڵی بکەنەوە.

بێگومان ئەگەر دادپەروەری نەبوو ئەوە یاسا سەروەر نابێ و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، پارەو سامانی میللەت بەهەدەر دەڕوات و کەس بۆی نییە پرسیاری لەبارەوە بکات..هەروەها ئازادییەکان بەرتەسك دەبنەوە و گەندەڵی و نادادپەروەری باڵی رەشی خۆی بەسەر وڵات دەکێشێ.

📖 کاتێك ڕەوشت هیچ بەهایەکی نامێنێ: مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دادۆشێرێ و دەبێتە گیانەوەرێکی دڕندەو هەرچییەك بکات شەرمی پێ نییە (دزی-درۆ- بێ بەڵێنی) و بێ ڕەوشتی لە گشت ئەو شتانەی نەگریس و قێزەونن ، هەموویان بەچاك و باش دەزانێ.

📖 کاتێك خۆپەرستی جێی خۆشەویستی دەگرێتەوە، ئاساییە تۆمەت ببەخشێتەوە، سیناریۆی بۆ دروست بکات (تیرۆریستە- دەستی لە پشتە- ئاژاوەگێڕە- هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنی قەومی)و ڕاپۆرتی بەناهەقی لەسەر بنووسێت و بۆ چەسپاندنی ئەو خۆپەرستییە ئیعلانی جەنگی لەگەڵ بەرپا بکات و پەنا بباتە بەر داپڵۆسین و سەرکوتکردن و نواندنی توند و تیژیی بەهەموو شێوازەکانییەوە.

ئەوانەی لە حکومەت گەندەڵی دەکەن، حزبەکەی دەزگای بەدواداچوونی هەیە، تێی دەگات و دەیناسێ و دەیخوێنێتەوە، بەلأم زۆر جار دەستی لێ نادات، چونکە:

١✐- زۆر جار سەرەڕای ئەو گەندەڵیانەی لە حکومەت دەکریٚ، ئەگەر ئەو حزبە بەرپرسێکی دیار و بەرچاوی لە پۆست و پایە و کارەکەی دوورخستەوە، دەترسیٚ بەو هۆیەوە نفووزیان لەکورتی بدات و بەخراپ بەسەریان بشکێتەوە.. ئەوەش بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی هەڵەیە هەر حزبێك بەو شێوەیە خەیاڵ بکات، چونکە ئەگەر حزب موڵك و خاوەنداریێتی ژمارەییەك چین و توێژی کۆمەڵگا بکات، ئەوا حکومەت موڵکی گشتییە و هەمووان بەهەستەوە چاوی تێدەبڕن.. هەر کەم و کوڕییەك لە ئەدای حکومەت ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ سەر ئەو حیزبە دەبێت کە ئەرکی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی پیٚ سپێردراوە.

٢✐- ئەگەر سەرکردایەتی حزبێك غروور و لەخۆبایی ڕووی تێکرد، باوەڕی وابوو لەوەتەی حزبەکەیان سەری دووپەلکە بووە، هەمیشە لەسەنگەری بەرخودان و مقاوەمەتدا پێشەنگ بوونە، چۆن دەبیٚ لە شێنەیی ئەو ڕابردووە پڕ سەروەرەیان زەربی سفڕ بکرێن کە حزبێکی بیٚ پێشخانی تازەی بیٚ چەك یا چاکساز یا هەر ناوێکی تری حازر بەدەست جێیان بگرێتەوە.

هەڵەیەکی گەورەیە خەباتی دوێنیٚ و دنیای پێشوو بەسەر ئەمڕۆ بفرۆشریٚ و بۆ هەتایە لەژێر دەستی بڕیار و پێودانگەکانی دوێنێیاندا بمێننەوە.

جوامێری سەرکردەی ڕاستەقینە وەك (غاندی)یە، قسەییەکی جوانی هەیە دەڵیٚ: **هەرگیز حەزم لە فێربوونی یاری شەترەنج نەبوو لەبەر هۆکارێکی سادە کە هاوڕێکانم پێشتر لێی تیٚ نەدەگەیشتن، بەڵام ئێستا لێی تیٚ دەگەن ئەویش ئەوەیە حەز ناکەم سەربازەکان و هەموو سوپاکەم لەسەر زەوی شەترەنج لەپێناوی پادشا بەکوشت بدەم.**

٣✐- ئەگەر بیانەویٚ خراپەکارێك لەسەر کارەکەی لاببەن، ترسییان لیٚ دەنیشیٚ ئەو کەسە ببێتە مایەی هەڕەشە کە پەردە لەسەر گەندەڵییەکانی حزبەکەی لا ببات و تووشی شۆك و سەرشۆڕی و ڕیسوابوونیان بکات، گەلیٚ جار بەڕاشکاوی لایەنی بەرپرس دان بەبوونی ئەو کەم و کوڕیان دادەنیٚ، ئەفسووس وەکو پێویست هەنگاو بۆ چاککردنی نانێت، ئەوانە متمانەی میللەت لەدەست دەدەن.. لەجوانی مرۆۋ ئەوەیە لەشوێنێك قسەییەکی کرد بتوانیٚ لەشوێنێك دیکە درێژە بە قسەکانی بدات

نەك خاوەن قسەی خۆی نەبێت و تەنها بۆ كات بەفیڕۆدان، قسە بە با بكات و هیچی لیٚ سەوز نەبێت.

٤- زۆرجار بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان حزب و ئەوانەی هاوشان و هاوبەشی گەندەڵین، بیر لە گۆڕان ناكەنەوە، ئەو ئەقڵییەتە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە دەگۆڕیٚ. لەهەندیٚ شوێن لەئەنجامی ڕووداوێكی نەخوازراوەوە نەك هەر وەزیرەكە بگرە سەرۆكی حزبەكەیش دەست لەكاركێشانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێت، كەچی لەو شوێنانەی مرۆڤەكان چاویان قایم و نابەڵەدن، نەك هەر دەست لەكار ناكێشنەوە بگرە داوای پۆستی لەوە بەرزتر دەكەن كە هەیانە و خۆیان بە مەغدوور دەزانن بەوەی ناهەقیان بەرامبەر دەكریٚ.

**لە قورئانی پیرۆزدا چەمكی گەندەڵی بە شەش واتای گشتگیر و هەمەلایەن هاتووە، خوێندنەوەی ئەو شەش واتایە كۆتایی بەهەموو لێكدانەوەیەك دێنیٚ كە لەلایەن كەس و نووسەر و بیرمەندێكەوە ڕاڤەی بۆ بكەن:**

**یەكەم:** ﴿ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ ﴾ الأعراف: ٥٦ ***﴿خەڵكینە فەساد و گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لە زەویدا دوای ئەوەی چاكەكاریی ڕەنگی گرتووە و (خەڵكی خەریكن خووی پێوە دەگرن) بەردەوام هانا و هاوار بۆ خوا بەرن لە ترسی سزای دۆزەخ و بە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەڕاستی ڕەحمەتی خوا نزیكە لە چاكەكاران و چاكەخوازانەوە﴾***[120]

**دووەم:** ﴿ وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ بَلْ أَتَيْنَاهُم بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ ﴾ المؤمنون: ٧١ ***﴿ئەگەر حەق و ڕاستی شوێنی ئەوان بكەوێت، ئەوە ئاسمانەكان و زەوی و هەموو ئەوانەی تیایاندایە دەشێواو تیا دەچوو و سەرگەردان دەبوو، نەخێر ( حەق وایە ڕقیان لێی نەبێت)***

[120] -تەفسیری ئاسان- جوزئی هەشت - ل١٥٧

***چونکە ئێمە قورئانێکمان بۆ هێناون ( کە یادی هەموو چاکەیەکیان بخاتەوە، کەچی ئەوان لە بەرامبەر ئەو یادخەرەوانەدا سەرکەش و یاخین و پشتی تێدەکەن﴾[121].***

﴿ وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴾ الإسراء: ٤ _﴿***لە کتێبی تەوراتدا یان لە لوح المحفوظ دا بڕیارمانداوە و پێمان ڕاگەیاندوون کە سوێند بە خوا ئێوە ( لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) و فەساد و خراپە دووجار لە زەوییدا بەرپا دەکەن، ( لە غەفڵەتی خەڵکیدا) زۆر گەشە دەکەن و دەسەڵاتێکی زۆر گەورە بەدەست دەهێنن (لەم سەردەمەدا دووبارە ئەم هەواڵە قورئانیە هاتۆتەوە دی)﴾[122].***

**سێیەم:** ﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ الروم: ٤١ ﴿***تاوان و خراپە دەرکەوتووە و هەموو سەر زەوی و دەریاکانیشی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان داوەتێ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لە کردەوەکانتان بچێژن( کە بەرپابوونی جەنگ و کارەساتە سروشتییەکانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی و خواناسی﴾[123].***

**چوارەم:** ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُۥ لِيُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ ۚ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَآءَهُمْ وَنَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَٰهِرُونَ ﴾ الأعراف: ١٢٧ ﴿***هەندێك لە دەسەڵاتدارانی دارو دەستەی فیرعەون وتیان: ئایا (هەروا بە ئاسانی) واز لە موسا و قەومەکەی دەهێنیت بۆ ئەوەی خراپە و تاوان بچێنن لەم زەویەدا و واز لە خۆت و خواکانت بهێنن؟! فیرعەون وتی: (چۆن وازیان لێ دەهێنین) لەمەودوا بە***

---

[121] -تەفسیری ئاسان- جوزئی هەژدە – ل٣٤٧

[122] - تەفسیری ئاسان- جوزئی پازدە – ل٢٨٢

[123] -تەفسیری ئاسان- جوزئی بیست و یەك – ل٤٠٨

***زۆری کوڕەکانیان دەکوژین، ئافرەتانیشیان بە زیندوویی دەهێڵینەوە ( بۆ کەنیزەکی) و بەڕاستی ئێمە بە سەریاندا زاڵین و چاوپۆشیان لێناکەین﴾***[124]

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِيٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ﴾ غافر: ٢٦ ***﴿ئینجا فیرعەون وتی: وازم لێ بهێنن با موسا بکوژم، با هەر هاوار لە پەروەردگاری بکات، چونکە بەڕاستی من دەترسم کە دین و ئاینتان بگۆڕێت! یاخود دووبەرەکی و خراپە و شەڕو شۆڕ لە وڵات و سەر زەویدا بەرپا بکات!!﴾***[125]

﴿قَالُواْ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا﴾ الكهف: ٩٤ ***﴿کاتێك دەسەڵاتی (ذو القرنین)یان بینی، وتیان: ئەی (ذو القرنین) بەڕاستی یەئجوج و مەئجوج تۆوی خراپە و تاوان دەچێنن لە زەویدا، ئایا خەرجیەك و پارەیەکت بۆ کۆ بکەینەوە تا بەربەستێك لەنێوان ئێمە و ئەواندا دروست بکەیت؟﴾***[126] .

**پێنجەم:** ﴿فَلَمَّآ أَلْقَوْاْ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ یونس: ٨١ ***﴿ئەوسا (جادووگەران، جادووی خۆیان نواند) موسا وتی: هەرچی کردووتانەو نیشانی ئەو خەڵکەتانداوە هەمووی جادووە و هیچی تر، بێگومان خوا دوای تاوێکی تر پووچی دەکاتەوە، بەڕاستی خوا کردەوەی ئەوانەی کە تۆوی خراپە دەچێنن، چاك و سەرکەوتوو ناکات﴾***[127].

**شەشەم:** ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ﴾ البقرة: ٢٠٥ ***﴿هەر کاتێك ئەو جۆرە کەسە پشتی هەڵکردو دەسەڵاتی***

[124] - تەفسیری ئاسان- جوزئی نۆ — ل١٦٥

[125] - تەفسیری ئاسان- جوزئی بیست و چوار — ل٤٧٠

[126] - تەفسیری ئاسان- جوزئی شازدە — ل٣٠٣

[127] - تەفسیری ئاسان- جوزئی یازدە — ل٢١٨

***پەیدا کرد، هەوڵ و کۆشش دەدات لە زەویدا تا ئاشوب بەرپا بکات و خراپە بڕوێنێت و کشتوکاڵ لەناو ببات و پاکتاوکردنی ڕەگەزی ئەنجام بدات، بێگومان خوا فەساد و خراپە و تاوانی ناوێت﴾*** [128]

﴿ قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۚ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ﴾ النمل: ٣٤ ***﴿بەڵقیس وتی: بەڕاستی لەشکری پاشاکان کاتێك چوونە شار و دێهاتەکانەوە، وێران و کاولیان کردووە و تۆوی خراپەیان چاندووە، کەسانی خاوەن دەسەڵات و پیاوی ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ڕیسوا کردووە و هەمیشە ئەوە پیشەیانە و بەو جۆرە دەکەن و هەرواش دەبن (بێگومان من حەز لە کارەساتی وا ناکەم)﴾*** [129].

گەندەڵی وەك تەنێکی نامۆ وایە بچێتە لەشی مرۆڤەوە ئەگەر هێزی بەرگری هەبێت و شڕوبی بەرپێگرتن بەکار بێنێت، زوو لەناوی دەبات، بەڵام ئەگەر پشتگوێی خست ئەوە میکرۆبەکە لەنێو لەشی تەشەنە دەکات و کەسێکی ناساغ و نەخۆشی لێ دروست دەکات. بەنیسبەت حکومەتیش هەروایە مەگەر پەتای گەندەڵییەکەی قورس بوو، پەکی دەخات و دواجار ئیفلیجی دەکات، بەجۆرێ توانای بیرکردنەوە و قسەکردن و ڕۆیشتنی نەبێت، بۆیە دەبێ عیلاجی قورس وەربگرێ (بڕیاری گەورە) کە پێشتر هەمان ئەو چاکسازییە کە بەکەمترین دەرمان (بڕیاری ئاسایی) چارەسەر دەبوو.

گەندەڵکاران بەوە دەناسرێنەوە متمانەی گەلەکەیان لەدەست داوە و ڕاستگۆییان لە ئاستی دەرەوە و ناوخۆ نەماوە و بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنەی میللەت دەبنەوە، لەکاتێکدا لەجیاتی گوێ بگرن و بەدواداچوون بۆ کێشەکان بکەن، پەنا دەبەنە بەر هۆکارگەلێ بۆ لەخشتەبردن و خۆڵ لە چاوکردن و فێڵکردن لەو خەڵکە بە دروستکردنی درۆ و سیناریۆی وەهمی و گەورەکردنی مەترسییە دەرەکییەکان بەوە ئاسایشی نەتەوەیی هەڕەشەی لەسەرە وەك تەلقیندانێك بۆ جەماوەرەکە.. جا

---

[128] - تەفسیری ئاسان- جوزئی دوو — ل٣٢

[129] - تەفسیری ئاسان- جوزئی نۆزدە — ل٣٧٩

سەرەڕای ترسان و تۆقاندنی جەماوەر بە لێدوان لەبەرزترین ئاستی حزب و حکومەت بۆ ئەوەی هاولاّتیان هەست بە ئارامی نەکەن و خۆیان پیّ لەو ولاّتە نامۆ بێت، لە کاتێکدا هەر ئەوانە ژیانی دیموکراسیان خنکاندووە و ڕێگە بە ئازادییە گشتییەکان نادەن و لە پێناو مانەوەی خۆیان ئامادەن سوکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکان و بەهاییەکی ئەخلاقی و نیشتیمانی بکەن.[١٣٠]

زۆر جار نزمی دەرامەتی خەڵك و کەمی مووچەی کارمەندانی دەوڵەت و ئەو پارەی وەریدەگرن جۆرە قورساییەکی گەورەیان خستۆتە سەر ڕێڕەوی گەندەڵی و هەژارییان زیاتر لەوەی هەیە قوولّ کردۆتەوە، ئەگەر تەنها مەمرە و بژیّ بێت ئەوا ئەو کارمەندانە بەدوای کەنالّ و شێوازێکی تر دەگەڕێن تا بتوانن خۆیانی پیّ بژێنن. هەندیّ حەسادەت و چاو لە چاوکەری بیرکردنەوەی خراپیش هەیە، کابراله هیچی کەم نییە، کەچی ئیرەیی پاڵی پێوە دەنێت ببێتە گەندەڵکار...ئەوە قسەی خۆیانە: بۆچی من لەو کەسە دەوڵەمەندتر نەبم، ئەو کەسە چی لە من زیاترە..!!

پێویستە لەئاست تیۆرەکانی هەژاریی دا، جیاوازی لە نێوان گەندەڵی ڕەش و سپی و خۆڵەمێشی بکرێت. کەواتە گەندەڵی گەورە ئاستی گەورە دەستی تێدایە کە گەندەڵی سیاسییە و ئەو گەندەڵیەی لەسەر جادە ڕوودەدات گەندەڵی بچووکە... لە ولاّتێکی وەك (هۆنگ کۆنگ) کە کۆلۆنی بەڕیتانیا بوو، جەنگی ئەم ولاّتە لەسەر گەندەڵی بۆ ساڵی١٩٧٤ دەگەڕێتەوە و سیّ ستراتیژییەتی لەخۆ گرتبوو ئەویش: لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران و دوورخستنەوەیان لە کارەکانیان و چەسپاندن و چاککردنی ئاستی سەرتاسەری خەڵك کارێکی زۆری کردە سەر کەمکردنەوەی گەندەڵی لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا.

---

[١٣٠] - مەبەستی ئێمە ئەو کەسانەیە تا سەر ئێسقان تێوە گلاون، وەئەگینا هەر ئیش و کارێك بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە نەچوو وەك پشتگوێخستنی ئەرك و وەرگرتنی بەرتیل و چاوپۆشیکردن لە ناهەقی و غەل و غەش و درۆ و بەڵێندان و جیّ بەجێنەکردن و بەهەدەردانی سامانی گشتی و ..هتد، هەموو ئەمانە گەندەڵین، بەلاّم سروشتی گەندەڵی واهاتووە زۆر جار لە بچووکییەوە سەر بۆ گەورەبوون دەکێشێت.

گەندەڵکاران یەك ئایینن! ئەو بەرپرسەی میللەتەکەی بەقەرزاری خەباتەکەی بزانێت و وابزانێ میللەت چی بۆ بکات هێشتا ناتوانێ ئەو قەرزەی بداتەوە.. بێگومان ئەوەی لەدەستی بێت بۆ خۆیی و بنەماڵەکەی ئەنجامی دەدات و سڵ لەهیچ ناکاتەوە.. ئەوانە بەهیچ تەڕ نابن[١٣١] چونکە بۆ وەچنگخستنی بڕە دەستکەوتێکی ماددی، ئامادەن بوختان و شەڕی خیانەت ببەخشنەوە و سیاسەتی گەوجاندن دەکەنە سەرجەلەی بەرنامەکانیان. هەڵبەتە ئەوە بۆیاغچییەکانن شەرعیەت بە ڕووکەش و دیوی دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە دەدەن کە لەناوەوە هەر خوا دەزانێت چەندە پیس و گلاو و گەنیون...دەسەڵاتی گەندەڵ بۆ مانەوەی خۆیان ئامادەن هەموو سازشێك بۆ دوژمنانیان بکەن بۆ ئەوەی گلۆڵەیان نەکەوتە لێژیێ..لە وتاردان بەجوانی شتەکانیان بۆ دەنووسنەوە و لەچوارچێوەییەکی ئەوتۆدا وەها شتەکانیان بۆ ڕەنگڕێژ دەکەن کە بەڕاستی خەمخور و ڕابەری ڕاستەقینە خۆیانن و فریادڕەس و فەیلەسوف و زانا و دانایی هەر لەوان دەوەشێتەوە و بەدیلیان نییە، لەکاتێکدا قسەی دەم و دڵیان یەك نییە.. کاتێك باسی قەیران دەکەن، خۆیان دروستکەری قەیرانەکانن.. تەنانەت بۆ ئەوەی سەر لە هاوڵاتیان بشێوێنن و سوود لەو بۆشاییە وەربگرن، هەندێ جار ئەو قەیرانە ناوخۆییانە بۆ دەرەوە دەگوازنەوە و بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی شەقام و خەڵك، بارودۆخەکە بەجۆرێ گەورە دەکەن گوایە مەترسی پیلانێکی شووم ونەگریس بەڕێوەیە هەر ئەوانن دەتوانن شانی بدەنە بەر و پێشی پێ بگرن بەمەیش خۆیان بە پارێزەری بەرخودان و مقاوەمەت دەدەنە قەڵەم کە ئەوە ئەوانن بەرگری لە شەڕەف و ناموس و کەڕامەتی هاونیشتمانیان دەکەن...لەتەك هەموو ئەمانەدا دەرکردنی ڕۆژنامە و دانانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بەناوی کەسانی بێلایەن کە هەر خۆیان لە

[١٣١] - ئەوانەی قاڵبووی گەندەڵین، هەتا بەیانی پێیان بڵێی: دز..گەندەڵ، مافیاو کام جنێو پیسە پێیان بدەی تەقەی سەریان دێ، بەس ئەوەندە لەسەر کورسی حوکمڕانی بمێننەوەو بەردەوامی بە گەندەڵیەکانیان بدەن، ئەوانە پەردەی شەرمیان لەخۆ دارنیوە و بەهیچ شتێك تەڕ نابن، کورد وتەنێ: ئەوەی بە قسەیەك نەمرێ، بە خەنجەرێکیش نامرێ..پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێ:

پشتەوە دەیانجوولێنن و ئاڕاستەیان دەکەن و حزبی سێبەر دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە سەروبەندی تەنگژەکاندا هاوکێشەکەیان پێ بگۆڕن.

گەندەڵی(corruption): گرفتێکی گەورەی جیهانی و تاوانێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتییە، کارکردنە بۆ قازانجی ماددی و وەکو نەخۆشییەکی ترسناك ئاسا بەکارهێنانی پێگە و دەسەڵاتی گشتییە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و کەسی یا گروپێکی نزیك لە دەسەڵات کە زیان بە ماف و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان دەدات، چ جای بەهەدەردانی تواناکانی مرۆڤ و وەستانی پرۆسەی گەشەکردن و پێشخستنی دیموکراسی و بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، ژێرخانی ئابووریی وڵات تێك دەدات.

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: *( من استعملناه على عمل فرزقناه رزقا منها أخذ بعد ذلك فهو غلول)(رواه ابوداود)* واتە: هەر یەکێك کردمان بە چاودێر و لێپرسراو بەسەر کارێکەوە، ئەوە مووچە و کرێیەکەی پێ دەدەین، لەغەیری ئەو کرێیە هەر شتێك وەرگرێ، دزی وخیانەتە. چونکە خواردنی ماڵی خەڵکە کە هی ئەو نییە و ڕەوا نییە بیخوات.

بەپێی بیروبۆچوونی بانکی جیهانی: گەندەڵی گەورەترین بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتنی ئابووریی لە وڵاتانی هەژاردا، هەژارەکان بەهۆی نادادپەروەری دام و دەزگاکان و کەمتر ئاوڕدانەوە لە ژیان و بژێوی هاوڵاتیان زیاتر تووشی دەردەسەری و بێئۆقرەیی دێن وەك ئەو قۆرخکارییەی دەسەڵات لە جومگەکان دەیکات وادەکات نەتوانن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن و ئەو پارەیان نەبێت لەکاتی نەخۆشیدا منداڵەکانیانی پێ چارەسەر بکەن، جگە لەوەی هاوڵاتی پشت ئەستوور دەکات کە لەداهاتوودا پڕ بن و بۆ تۆڵەسەندنەوە بەڕوویاندا بتەقنەوە بەو وڵاتانەیشی دەوڵەمەندن و چەند کەسێك دەسەڵاتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵە و

دارودەستەکەیان قۆرخ کردووە. بۆیە سەرمایەی کۆمەڵایەتی[١٣٢] دەرمانە و نیشانەی دەوڵەمەندی و کۆمەڵگاییەکی تەندروستە بۆ گەڕانەوەی متمانە لە پەیوەندی و کارتێکردنی نێوان باوەڕ و متمانە و هاوبەش بوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی هاندان بۆ خوێندنەوە و ئازادی ڕادەربڕین و دروستکردنی فشار و بەپەرۆشەوە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاری ڕێکخراوەیی دا (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی- N.G.O).

گەورەیی گەندەڵی وەك فوودان (دەبدەبە یان شیشڵدان) وایە، چەندە فووی تێ بکەی، ئەوەندە گەورە دەبێت و لەو گەورە بوونەدا جگە لە تەقین هیچ شتێك نامێنێتەوە، تەقین بەڕووی خۆی و ئەوانەی لە دەوروبەریدان، ئەوەش دڵ و دەروون ڕادەچڵەکێنێ کە بترسێ و زۆر جار بۆ شاردنەوەی ئەو ترسە، تیرۆر بەرهەم دێت.



[١٣٢] - سەرمایەی کۆمەڵایەتی social capital وەکو چەمك لە سەرەتاکانی ١٩٠٠ گەشەی سەندووە لە تەك بەکارهێنانی سەرمایەی خەرجی، سەرمایەی سروشتی و سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە.

# تیــــــرۆر ....

" ساڵەهای ساڵ ڕۆیشت و تا لەو چەند ساڵەی دوایی وشەی تیرۆر لەناو موسڵمانان نامۆ بووە، بەبێ غیرەتی و بێڕەوشتی و بێ دینی هەژمار دەکرا، زانایان دەربارەی




مێژووی وشەی تیرۆر دەڵێن: لە شۆڕشی فرەنسیەوە (١٧٨٩-١٧٩٤)یەکەم جار بەو مەبەستەی ئێستا بەکار هاتووە، بەڵام بەداخەوە لەدەسپێکی ئەم چەرخەدا، چەرخی٢١ ی زایینی، هەوڵێك هەیە بە ڕەهایی کە تیرۆر بکات بە مارکەی تایبەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لەکاتێکدا لەهیچ خاڵێکدا ناگەن بەیەك و پێچەوانەی یەکترن.. لەڕووی لۆجیکیەوەش دژوارن و وێکنەچوون"تباین"هەیە، چونکە ئایینی ئیسلام کار بۆ بنیاتنانی مرۆڤێکی پڕ مەعریفە و بەڕەحم و مرۆڤدۆست و خواپەرست و، دوور لە شەڕانگێزی و فیتنە دەکات، کەچی تیرۆر بە پێچەوانەوە کار دەکات"[١٣٣]

تیرۆر بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێ:

<u>یەکەمیان</u> ئەوەیە هیچ یاسا و ڕێسا و دادگا و لێپرسینەوەییەك لەو شوێنە نییە.

<u>دووەمیان</u> ئەوەیە یاسا و ڕێسا و دادگا و لێپرسینەوە هەیە بەڵام بۆ ئەوانەیە لەخۆیان نین(کاتێك دادگا سەربەخۆ نەبوو، کەسی بێکەس لە بچووکترین تاوان سزا دەدات)، لەکاتێکدا کەسانی سەر بەدەسەلاَت گەورەترین تاوان ئەنجام بدات دادگا لە ئاستیدا بێدەنگە وەك نە بای دیبێ نە بۆران. ئەوەش ڕێك قسەکەی (نیلسۆن ماندێلا)مان بەبیر

---

[١٣٣] - د. محەمەد شەریف: تیرۆر لەنێوان خۆکوژی و خەلق کوژی چی لە ئیسلام دەچێ؟ گۆڤاری شرۆڤە- ژمارە(٢٠)ی پاییزی٢٠١٣، لەبلاَوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ل٩

دێنێتەوە کە دەڵێ: **"لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بکوژ نەدۆزرایەوە ئەوا دەستی دەسەلاتی لەگەڵدایە".**

ئەوەی بچێتەی بەرەی تیرۆر و تیرۆر دروست بکات، گەورەترین تیرۆریستی جیهانە. هەر تیرۆرە لە یاخیبوونی خۆیاندا بەرەنگاری ئەوانە دەبنەوە کە دروستیان کردووە. مەبەست لە تیرۆر فەوتان و لەناوبردن و نەهێشتنی بەرامبەر و تێکدانی دەوروبەر و ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی ژیانە بە مەبەستی تێرکردنی حەز و ئارەزووییەکی خودی بێ بنەما و نادروست و تێکدان و دروستکردنی گێلەشێوێنی لەناو کۆمەڵگادا، کوشتن و بڕین و فەوتان و قڕکردن لە سیفەتە هەرە قێزەونەکانی مرۆڤایەتین..هەموو ئایینە ئاسمانیەکان نەفرەتیان لێی کردووە و بە سیفەتێکی خراپی دادەنێن چونکە لە پرەنسیپە جوانەکانی ئایین و مرۆڤایەتییەوە دوورە.

کەس بەو دوعایەی ناوبژیوان ناڵێت: ئامین، کاتێك لەنێو یاریگا فاوڵ لە یاریزانێکی تۆپێ پێ دەگرێ  و سزای دەدات، چونکە بە پێیەکانی شووتی لە تۆپ داوە، لەکاتێکدا هەموو ئەوانەی لەناو ئەو یاریگاییەدان قاچیان هەیە و بە پێ شووتی لێ دەدەن، ئەوەش هاوتای ئەو دەنگۆیانەیە کە هەندێ کەس وەکو فشار دەریدەبڕن بەوەی هەرکەسێك لەبەرەی ئەوان نەبێت ئەوە لەبەرەکەی ترە، ڕاشکاوانەتر دەیانەوێ بێ پەروا پێمان بڵێن: دەبێ شان بەشانمان دژ بەتیرۆر بجەنگن، ئەگەر لەگەڵمان نەبن هیچ جیاوازییەکتان نییە لەگەڵ ئەو کەسانەی تیرۆرستن، کەواتە لە دەستڕۆیشتوویی و زلهێز و بەتوانا بوونی خۆیاندا وێنەیەك نیشان دەدەن کە ئێمە هەین دەبێ پشتیوانمان بن با لەسەر هەڵەیش بین. ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەقەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگەشەی بۆ دەکات: ( **براکەت سەرخە ئەگەر ستەمکار یا ستەملێکراو بێت**)[١٣٤] لێکدانەوەی ئەم فەرموودە ئەوەیە دەستی ستەملێکراو بگری و ئامۆژگاری ستەمکار بکەیت ستەم نەکات... هەر لەو سۆنگەوە دەبینین چەمك و زاراوەی تیرۆر و

[١٣٤] – (انصر اخاك ان كان ظالم او مظلوما)

**ئیرهاب[١٣٥] له قورئاندا زۆر جیاوازه لەو چەمك و مەفهومەی بریتییه له بەکارهێنانی توند و تیژی و زۆرەملێی و ستەمکردن بەرانبەر هاولاتیان و فشار دروستکردن بۆ قبوڵکردنی بیروڕاو بەرنامەییەك، بەڵکو بەمانای خۆئامادەکردن و خۆسازدان لەپێناو ڕێگرتن له دوژمنکاری و سنووردانان بۆ غەدر و ناپاکی و دەستدرێژی و ستەمکردن هاتووه، واته ئیرهاب هۆکارێکه بۆ ڕێگرتن له تاوان، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوۡمٍ خِيَانَةٗ فَٱنۢبِذۡ إِلَيۡهِمۡ عَلَىٰ سَوَآءٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡخَآئِنِينَ ﴿٥٨﴾ وَلَا يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْۚ إِنَّهُمۡ لَا يُعۡجِزُونَ ﴿٥٩﴾ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ﴿٦٠﴾ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٦١﴾ وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡۚ لَوۡ أَنفَقۡتَ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مَّآ أَلَّفۡتَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٦٣﴾﴾ **واته:** ﴿٥٨﴾ ***خۆ ئەگەردڵنیا بوویت لەوەی دەستەیەك ( که پەیمانت له گەڵدا بەستوون) پەیمانەکه هەڵوەشێننەوە و خیانەتت لێ بکەن، ئەوە تۆیش لەم کاتەدا پەیمانەکه بدەرەوە به ڕوویاندا به شێوەیەکی ڕێك و ڕاست، (پێیان بڵێ که) پەیمانەکەیان نرخی نەماوە، چونکه به ڕاستی خوا کەسانی پەیمان شکێن و ناپاکی خۆش ناوێت.. با ئەوانەی که بێ بڕوا بوون وانەزانن که له دەستمان دەرچوون، بەڕاستی ئەوانه ناتوانن دەسەوسانمان بکەن و له دەستمان دەرچن***﴿٦٠﴾ ***(خوا فەرمان دەدات به کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام): هەرچی له تواناتاندا هەیه بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنه گەڕ و ئامادەیی بکەن ( هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی و...هتد) و له***

[١٣٥] - لەساڵی ٢٠٠٦ یاسای ژمارە(٣) بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر له پەرلەمانی کوردستان دەرچوو که دەبوو ئەو یاسایه تەنها بۆ ماوەی دوو ساڵ بێت ، وەلێ بەهۆی نەبوونی تێبینیەکی جددی لەسەر بڕگه و بابەتەکانی، له٢٠١٠/٧/١٧دا سەرلەنوێ یاساکه پەسەندکرایەوە و تا ساڵی ٢٠١٦ چوار جار هەموار کراوەتەوە.

*ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە) کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خوا و دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن، با کەسانی تریش جگە لەم دوژمنانەی ئێستا، پێی چاوترسێن بن کە ئێستە ئێوە نازانن کێن و نایانناسن، بەڵکو هەر خوا خۆی دەیانناسێت و هەر شتێك ببەخشن لە پێناوی خوادا( بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام)، ئەوە بەزایە ناچێت و دەستان دەکەوێتەوە و ئێوە ستەمتان لێناکرێت(٦١) جا ئەگەر (دوژمنان) بەلای ئاشتیدا دایانشکاند و حەزیان پێکرد تۆش (ئەی محمد ﷺ، ئەی پێشەوا) ئامادەیی خۆت دەربڕە و پشت بەخوا ببەستە چونکە بە ڕاستی ئەو زاتە بیسەر و زانایە (لە پیلان و نەخشەی دوژمنان ئاگادارە) (٦٢)خۆ ئەگەر خوانەناسان (بەداخوازی ڕێکەوتن و ئاشتی) ویستیان بتخەڵەتێنن، ئەوە دڵنیابە کە پشتیوانی خوا بەسە ( کە نەیەڵێت بکەویتە ناو پیلان و نەخشەیانەوە) چونکە هەر ئەو زاتە کاتی خۆی پشتیوانی لێکردیت و سەری خستیت و ئیماندارانیشی کردە هۆیەك بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن(٦٣).*[١٣٦]

لێرەدا مانای ئیرهاب بریتییە لە خۆئامادەکردن بۆ ترساندنی خیانەتکار و ستەمکاران و ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و موڵك و ژیانی خەڵکی، نەك ئیرهاب بریتی بێت لە توندو تیژیی و زۆرکردن و ملکەچ پێکردن بۆ بیروڕا و بەرنامەییەك، یان ئیرهاب سزایەکی خۆپارێزییە کە ڕاگەیاندنی هۆکارێکە بۆ بەرگری و ڕێگری لەسەرهەڵدانی تاوان و بڵاوبوونەوەی تاوان لەناو کۆمەڵگاکاندا[١٣٧].

✍(د. عمر یاسین جەباری) وەك دەروونناسێك لە خوێندنەوەیەکی دەروونی بۤ تیرۆر، دەنووسی:

---

[١٣٦] - تەفسری ئاسان-جوزئی دەهەم- سورەتی (الانفال) ، ل١٨٥

[١٣٧] - د. محمد عەمارە: چەمکی ئیرهاب لە ڕاڤەکردنێکی یاسایدا، و: حەسەن قاسم،/ پێگەی (المنتدی الوسطیة) ٢٩-١٠-٢٠٠٧

" لەناو کۆمەڵگادا هەندێ کەس هەن خاوەنی کەسایەتییەکی نەخۆش و ناسروشتن بە ئازاردانی خەڵکی تر ئاسوودە و دڵخۆش دەبن، ڕەفتاری دوژمنکاری و شەڕانگێزی دەنوێنن کە بریتییە لە ئازاردانی خود و دەوروبەر بەشێوەییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی کەسانی ترو بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی درۆ و تەڵەکەبازی و فرت و فێڵ و ڕێگای شاراوە و نادیار.. لەناو هەموو کۆمەڵگایەکی جیهان و بەهۆی هەندێ هۆکاری بۆماوەیی یان ژینگەیی هەندێ کەسی نەخۆش هەن حەز بەخۆشی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان ناکەن و ئامادەباشی تێکدانی بنەما دروستەکان و بەها ئایینی و مرۆڤایەتیەکانیان هەیە جا بەخۆیان پێی هەڵبستن و ئەنجامی بدەن یان کەسانی تر بەکار بێنن و فریویان بدەن، واتە کەسانی تر هاندەدەن، ڕایاندەهێنن و فێریان دەکەن، دەیانکەنە داردەستی خۆیان، وەك کەل و پەل و کالاّ بەکاریان دێنن و مەرامە چەپەڵ و ناشرینەکانی خۆیانیان پێ جێ بەجێ دەکەن، ئەو کەسانەی کە بەم کارە خراپ و دڕندانە هەڵدەستن زیاتر لەلایەنی ئەقڵیەوە تەواو پێگەیشتوو نین، جا لەبەر کەمی تەمەن و شارەزایی بێ یان لەبەر ناتەواوی ئەقڵی و دەروونی بێ یان لەبەر پێ نەگەیشتوویی لایەنی هەستی و دەماری بێ یان لە ئەنجامی پەروەردەیەکی نادروست و ئاڵۆزییەکی دەروونی بێ یان هەر هۆیەکی تری هەرزەکاری و نەفامی و ناتەواوی بێ، بۆیە زۆرجار تێبینی دەکرێ کە هەندێك لەو داخ لەدڵ و نەخۆشانە منداڵ یان هەرزەکار یان هەندێ جار نەفام و کەم ئەقڵ و ناتەواوەکان بۆ ئەم کارو کردەوە دڕندانەیان بەکاردێنن و زەرەرو زیانی گیانی و ماددی بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەگەیێنن، ئەم تێکدان و کارە تۆقاندنەیان لە سیفەتی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی جیهانن چونکە زۆربوونی هۆیەکانی تۆقاندن و ترساندن و ئاژاوەنانەوە باوبوونی باری نائاسایی و نائارامی و نائاسوودەیی خۆی لەخۆیدا هۆیەکن بۆ هەرەسهێنانی سیستەم و بنەماکانی ژیان، بەڵکو زێدەبوونی تاکە نەخۆشەکان لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا نیشانەی ئاشکران بۆ دواکەوتن و بەرەو هەڵدێر ڕۆیشتن"[١٣٨]

[١٣٨] - گۆڤاری (تاو)، ژمارە ( ٤٥)، ئایاری٢٠١٢ ، ل٤٧-٤٨

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مەگەر تاق و لۆق، وەئەگینا تیرۆر لەلایەن دەسەلاَت وەکو ئامرازێکی یەکلاکەرەوە بۆ بەکۆتاهاتنی لەمپەر و کێشە و ململانێیە سیاسیەکان، نەخاسمە دەرهەق بە ڕەوتە نەیارەکانی بەکار هاتووە و لەپشت پەردەوە کارەکتەری سەرەکی پیاوکوژەکان ملکەچ و چاوەڕوانی یەك ئیشارەتی سەرۆکەکەیان کردووە بۆ لەناوبردنی ئەو کەسەی لەبەردەمیدا بە کۆسپ و تەگەرە زاندراوە.



❁ ❁ ❁

# تیرۆر و گەندەڵی وەك دوو ڕووی دراوێك



ئەگەر بەوردی لەپرۆسەی گۆڕان لە ڕووی بەرتەسککردنەوەی بەرژەوەندەییەوە بڕوانین، بۆ نموونە لە هەندێ فەرمانگە و دام و دەزگادا بۆ کۆی گۆڕانکارییەکان هەر بانگەشەییەك بۆ ئەو گۆڕانە بکەنە هەوێن بە پشتبەستن بەهەندێ یاسای بەرژەوەندچێتی، ئەوا بەو هەنگاوە کەللەی جەماوەر داخ دەکەن و کلۆمی دەدەن و پەردە بەسەر بیناییان دادەدەن لەکاتێکدا هیچ سەربەخۆییەکی فیکری و ئازادییەکی ئایدۆلۆژی و وزەیەکی بەرهەمهێنی مەعریفیان نییە کە بەئاشکرا و بۆ چەواشەکاری گشتی، ئازادییەکان سەردەبڕن و دەمکوتی دەنگە ڕەسەنەکانی پێ دەکەن و قفڵ لەبیرکردنەوە و وزەی داهێنان و توانای بەرهەمهێنانی ئابستمۆلۆژیای ئەوانە دەدەن کە بەپێچەوانەی ئایدۆلۆژیای حزبەکەیان بیر دەکەنەوە، بۆیە ئەوانە لە ناخەوە دەزانن درۆ و دەلەسە لەگەڵ خۆیان دەکەن و ڕاستگۆ نین[١٣٩]، تەنانەت بێ پەروا دان بەوە دانانێن لە شتێکدا هەڵە بوونە و لە ئامانجێکی ئێستاتیکی و ئایدۆلۆژیی دا لەسەر خوانی ڕابردووی پڕ هەڵە و پەڵەیان بە سەهوو چویتن، ئەوەش جەسارەتی دەوێ مرۆڤ ڕەخنە لە

---

[١٣٩] - شەوی ٦/٧/ ٢٠١٠ فیلادیمێر پۆتین سەرۆك وەزیرانی ڕووسیا، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا خانمە ڕۆژنامەنووسێك لێی دەپرسێ: ئێمە وەکو ڕووسیا سامانێکی لەبن نەهاتوومان هەیە، کەچی کۆمەڵە دزێك ئەو سامانە زۆرە دەدزن. ئەمە لەکاتێکدا بەهیچ جۆرێ هەژارەکان کەڵکی لێ وەرناگرن، ئێوە چی لەو دزانە دەکەن؟ پۆتین لەوەڵامدا وتی: هەڵیانواسن.

ڕابردووی خۆی بگرێ و ئاوڕ لەو ڕابردووە پڕ کەم و کوڕییەی بداتەوە کە خۆیان و خەڵکییان پێ لەخشتە بردووە، بوێری لەنیشاندانی ڕاستگۆیی ئەوەیە بێ هیچ بەربەستێك ڕابردووی پڕ چڵپاوی پاشەگەردانی خۆی بخاتە ژێر میکرۆسکۆبی ڕەخنەگرتن و خۆی پێ جوانتر بکات، بەمەیش مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆی ڕادێنێ هەر هەڵەیەکی کرد دانی پێدا بنێ و دووبارەی نەکاتەوە، بە پێچەوانەوە گلێپەی ناڕەزایی و ڕق ئەستووریی جەماوەر و تووڕەیی دەرهەق بەو قۆرخکاری و دەستبلاوی و تەخشان و پەخشانەدا دەبێتە گۆڕان بۆ ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە بەرژەوەندی خۆم بۆ خۆم و دەبێ بەرژەوەندی تۆیش لە خزمەتی من دابێت.. ئا لێرەدا هەنگاوەکانی گۆڕانکاری لەو دەسەلاتە نزیك دەبێتەوە وەکو دەڵێن: بە دەستی خۆیان چاڵ بۆ خۆیان هەڵدەکەن و ئیعلانی مەرگی خۆیان دەکەن.

***تیرۆر و گەندەڵی وەکو دوو ڕووی دراوێك وایە، بۆ نموونە:***

- **یەکەم:** تیرۆر ئەوەیە بە قاچاخ و دژ بەیاسا(لە دەرەوەی یاسا) کارەکانی ئەنجام دەدات و وەك ڕێچکە و ڕێبازێك لەلایەن تیرۆریستانەوە بەکاردێ بۆ تۆقاندن و کوشت وبڕ لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجەی هەیانە، لەئەنجامدا هەیمەنەی ترس لەسەر تاك و کۆمەڵانی خەڵك دروست دەکات و گۆمی ئارامییان دەشڵەقێنێ.
- **دووەم:** گەندەڵی ئەوەیە کە لە یاسا دەرچووە و مشەخۆرە لەسەر حیسابی کۆی کۆمەڵگا کە لەگەڵ تیرۆردا یەك ئامانجیان هەیە و تەنها وەسیلەکان جیاوازن وەك بەدەستهێنانی زۆرترین داهات و بەدەستخستنی بەرژەوەندی و نفوزی خۆیان چونکە دەسەلات نفوز زیاد دەکات و نفوزیش سەروەت و سامانی پێ زیاد دەبێت. کەواتە ناکرێ خۆمان لەوە بە دوور بگرین کە هەموو ئۆباڵی ئەو تیرۆرە بدەینە پاڵ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەلاتدان لەکاتێکدا هەندێ جار دەسەلاتیش بەناوی تیرۆری سپیەوە[١٤٠] ئەو کارە ئەنجام دەدات.

---

[١٤٠] - تیرۆری سپی بۆ یەکەمجار لەمێژوودا لە مانگی ئایاری ساڵی١٧٩٥لە(پاریس)ی پایتەختی (فەرەنسا)سەری هەڵدا کاتێك لایەنگرانی پادشا بۆ بەرەنگاربوونە و سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕان گروپێکیان پێکهێنا،ئەم گروپە بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان بوونەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن.

***تیرۆری سپی*** *بریتییە لە: پیادەکردنی توند و تیژیی و تۆقاندن و سەرکوتکاری لەلایەن گروپ و کۆمەڵە و دەستەیەکەوە کە سەر بەدەسەڵاتن بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و لەپێناو پاراستنی کورسی دەسەڵات و حزبەکەیان سەرجەم ئامراز و ڕێگاکانی ترس و تیرۆر و تۆقاندن بەرامبەر خۆپیشاندەر و تاکە ئازاد و ئاشتیخواز و دادپەروەرەکان پەیڕەو دەکەن.*

**زۆرجار بابای گەندەڵکار بۆ پاراستنی گیانی خۆی و پارەو پول و دەسەلأتەکەی، پیاو بۆ خۆی دروست دەکات و نیشانە لەسەر هەموو ئەوانە دادەنێت کە بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت و لە پێناو مانەوەی خۆی ئامادەیە ولأت بکاتە گۆمی خوێن و هەموو قوربانییەك بدات لەکاتێکدا ئەو کەسانە وا بیر دەکەنەوە ژیانی کۆمەڵگا بە بوونی ئەمانەوە بەندە ئەگەر ئەمان نەبن نابێ کۆمەڵگا هەبێت، لەوەشدا ئامادەنین دەستبەرداری پۆستەکەیان ببن..ئەوە بیرکردنەوەی ئەوانەیە کە دنیا لە گۆشەنیگای تەسکی خۆیانەوە دەبینن، *سەدام حوسێن دەیوت: چۆن ئێراقم بە خۆڵەمێشی وەرگرت، دەبێ ئاوا بە خۆڵەمیشی بەجێی بێڵم*[١٤١] .**

**بەلأم مرۆڤە خاکەسار و دامەزراوەکان ئەو شەرعیەتە شۆڕشگێڕییە ڕەت دەکەنەوە. ئەوەتا بەریتانیای مەزن بەشکۆی خۆی لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی مایییەوە، ئینگلیزەکان وێڕای دەربڕینی خۆشەویستی و دەستخۆشیان لە سەرکردە خۆنەویست و بوێر و بەجەرگەکانیان، بەخۆشحاڵییەوە پێیان وتن: ئێوە سومبولی شانازیی ئەم ولأتەن، ڕۆڵی ئێوە لێرە تەواو بوو، بە زیادەوە ئەرکەکانی خۆتان بەجێهێنا، لەمەودوا پێویستە دوا ساتەکانی تەمەنتان بەخۆشی ببەنە سەر و پشوو بدەن (ئەوانیش تانە و تەشەریان نەگرت و هەڵنەگەڕانەوە، یەکسەر داواکەیان قبوڵ کرد).**

---

[١٤١] - ئەم هەڕەشانە ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە بڵێ: ئەگەر من سەرۆك نەبم، ئەوە نابێ کەسی تر سەرۆك بێت.

(جۆرج واشنتن)ی یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش نموونەیەکی زیندووی ئەو ڕەوتەیە[١٤٢] و باوەڕی بەو وتەیە نییە کە دەڵێ: شۆڕش زانا دایدەڕێژێ، نەزان جێ بەجێی دەکات، هەڵپەرست سوودی لێ دەبینێت .

[١٤٢] -(جۆرج واشنتن-١٧٨٩) یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابوو، پێش سەربەخۆیی ئەمریکا سەرۆکی هێزە چەکدارەکان بوو و ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە بینی، هەر لەسەردەمی ئەودا دەستووری وڵات داڕێژرا و هەموارکرایەوە، کەچی سەرەڕای ئەوەی یاسا ڕێگەی پێ دەدا بۆ جاری سێیەم لەسەر یەك خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا بەربژێر و کاندید بکات، کەچی لە دوو خول زیاتر خۆی کاندید نەکردەوە، ڕەنگە هەر ئەو هەڵوێستەش وایکردبێ (واشنتن) ئەوها بە گەورەیی لەدڵی ئەمریکیەکان بمێنێتەوە(ئەمریکیەکان لەیەکەم سەرۆکیانەوە بۆ ئێستا (لە جۆرج واشتنەوە تا باراك ئۆباما ٤٤سەرۆکیان لەڕێی هەڵبژاردنەوە گۆڕیوە، تەنانەت لەبارودۆخی دژوار و نالەباری جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی، ئەو کلتوورەیان نەشکاند و نەیانکردە نەریت و پیشە کە ماوەی سەرۆکایەتی هیچ سەرۆکێك لەلایەن ئەنجومەنی باڵا و سازانی پارتەکان درێژ بکەنەوە، جگە لە ( فرانکلین رۆزفلت) ی پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ ماوەی ١٢ ساڵ و سێ خول لەماوەی (١٩٣٣-١٩٤٤) سەرۆکایەتی ئەمریکای کرد لەکاتێکدا لە دەستوور نەهاتبوو ماوەی سەرۆکایەتی چەندە و ئەوان زیاتر چاویان لە شارەزایی و ژمارەی دەنگەکانی سەر سندووقەکان دەکرد وەك ڕاپرسییەك کە ئەو کەسە چەند خزمەتی کردووە و گەشەی بە باری ئابووریی و وەبەرهێنان و جێگیربوونی ئاسایش و ئارامی و کەمکردنەوەی بێکاری و ڕێزگرتن لە ئازادییەکان و چەمکی دیموکراسی و دادگەری کۆمەڵایەتی و..هتد کردووە، لەکاتێکدا لەیەکەم ساڵی دەست بەکاربوونیدا دەکەوێتە بەر گوللەی گەنجێکی بەڕەگەز ئیتاڵی و بەسەختی بریندار دەبێت..بەو هۆیەوە تا دواڕۆژەکانی فەرمانڕەوایی لەسەر کورسی دەبێت و ناتوانێ پێیەکانی بجووڵێنێ و ئیفلیجی دەکات لەکاتێکدا لە خولی سێیەمیدا شەست لەسەدی دەنگەکان دێنێت و کاتێك بۆ خولی چوارەم هەڵیدەبژێرنەوە لەسەدا پەنجا و سێی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر دەکات بەڵام دوای ٨٣ ڕۆژ لەو خولەدا لە ویلایەتی جۆرجیا تووشی خوێنبەربوونی مێشك دێ و پاش دوو کاتژمێر ماڵئاوایی دەکات... لە کارەکانی:- بەرزکردنەوەی بارودۆخی ئابووری هاوڵاتیان بۆ ئاستێکی بەرزی چاوەڕوان نەکراو ★ ڕاگەیاندنی پڕۆژەییەك بەناوی (سەردەمی نوێ) بۆ یارمەتیدانی پەککەوتە و لێقەوماوان ★ هاندان و پشتگیریکردنی پڕۆژەی مارشاڵ بۆ بنیاتنانەوەی ئەو وێرانکاریەی بەسەر ئەورووپای خۆرئاوا هاتبوو بەدابینکردنی بڕی

١٣مليار دۆلار ⋆ بۆ يەكەمجار لەگەڵ يەكێتی سۆڤيەت كەوتە گفتوگۆ و سەردانی كردن كە بەيەكەوە بە ئاشتی بژێن⋆ دامەزراندنی چاودێری كۆمەڵايەتی بۆ خەڵكی مەدەنی ⋆ گەشەپێدانی بواری كشتوكاڵ و پێدانی قەرزی درێژخايەن و دابينكردنی ئامێر و كەمكردنەوەی باج لەسەر جوتياران ⋆ چاككردنی پيشەسازی و بوژانەوەی پيشەسازی ناوخۆ ⋆جێگيركردنی نرخی دراو و بەرزكردنەوەی بەهاكەی كە لەساڵی١٩٢٩ شكستێكی گەورەی خواردبوو ⋆ پێكهێنانی ئيدارەی پێدانی كارەبا بە تەواوی گوندەكان بەنرخێكی زۆر كەمتر لەو نرخەی لەشارەكان داندرابوون) . لەمێژووی ئيسلام زۆرێك لە خەليفەكان جگە لە خەليفەی ڕاشيدەين، ئەوانی تر تەمەنێكی زۆر و بێ بەرهەم ئەگەر بەراوردی خەليفە (عومەری كوڕی عبدالعزيز) كە تەنها دوو ساڵ و چەند مانگێك لەدەسەڵات دابوو، كەچی ئەوەندەی باس لەناوبانگ و دەستكەوت و كارە باشەكانی ئەم خەليفەيە دەكرێت نيو ئەوەندە باسی ئەو خەليفانە ناكرێ كە بيست ساڵ و سی ساڵ و چل ساڵ و زياتر لەسەر كورسی دەسەڵات مابوونەوە.

# شەرعیەتی شۆڕشگێڕی



سەرکەوتن بە لەسێدارەدان نابێ بەڵکو بەهەڵوەشاندنەوەی مەبدەئەکەی دەبێت.. ڕەوایی و شەرعییەتی شۆڕشگێڕی دەستەواژەیەکی پڕو پووچ و سواوی دیکتاتۆرەکانە، دەستەواژەییەکە لەهەمبەر دنیای دیموکراسی ئەمڕۆ و دنیادیدەی تازە و ڕەوایی دەستووریی و هەڵبژاردنی دیموکراسی شکستی خواردووە.. شەرعیەتی شۆڕشگێڕی وشەییەکی شەڕی ساردی سەردەمی بلۆکی ڕۆژهەلأت و ڕۆژ ئاوایە. لە ئەسڵدا ڕەوایی لەوەدایە سەرکردە و جەنگاوەران دوای سەرکەوتنیان بۆ ئەو قۆناغە چەکەکانیان دادەنێن و دەوڵەت کەشێکی پڕ لە خۆشنوودی و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین دەکات کە ئاشنابوون بە دنیای مەدەنیەت و پێشکەوتن و بەتاڵکردنەوەیانە لە بیری شەڕانگێزی و جەنگ و وێرانکاری کە لە دڵی میللەت بڕژێن و بۆ هەمیشە بە مەزن و بەرزییەوە بمێننەوە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بە چەند نموونەیەکدا.

کەچی لە هەندێ کونجی ئەم هەسارەدا کەس بۆی نییە بەو ڕژێم[١٤٣] و سەرکردە شۆڕشگێڕانە بڵێت: دەی بچنە ماڵەوە ئیدی پشوو بدەن.. چونکە ئەو سەرکردانە

[١٤٣] - ڕژێم: لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە و لەم ڕۆژگارەدا وەکو چەمك بۆ دەسەلأتێکی توندوتیژی قۆرخکار بەکاردێ کە گومان لە پێگە و دیموکراسیەکەی بکرێت.

تەواوی دەستکەوتەکان بە موڵکی خۆیان دەزانن و بەتوندی بەرەنگاری ئەوانە دەبنەوە قسە لە قسەیان بکات، ئەوەش ڕێك بەو مانایە دێ کە ئێمە خاوەن ماڵین و هەر ئێمەش خۆمان بەخاوەنی ئەو ماڵە(وڵاتە) دەزانین. دیارە بەڵگەی ئەمانە بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات ئەوەیە: هێشتا ئێمە لە قۆناغی شۆڕشداین و ئامانجی گەلەکەمان نەگەیشتووە بە دوا مەنزڵ و کەناری ئارامی، بۆیە دەبێ بەردەوام بین تاوەکو ئەو ئامانجەش دێتە دی. ئەمەش لای هەندێ قبوڵکراو و لای هەندێکی دی ڕەت دەکرێتەوە.

" بیرکردنەوەی بەشێك لە دەسەڵاتی کوردی کە هێشتا باوەڕی بە–شەرعیەتی شۆڕشگێڕی– هەیە، نازانێ سەردەمی تریاکی ئەو هەژموونە لە دنیای موئەسەساتی مۆدێرن و ژیانی شار و پەرلەمان و حکومەت بەسەر چووە، ئێستا سەردەم، سەردەمی شەرعیەتی موئەسەساتی و جەماوەرییە!! "[١٤٤]

"ناکرێ لەسەردەمێکدا بژیت تیایدا بەها مرۆیی و پرانسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بنیات بنرێ، تۆش بەشڕە کاڵایەکی کۆن پێشبڕکێ بکەی وخۆشت بە براوە بزانیت، ئەوە نەك هەر پەسند نییە، بەڵکو نەوەی ئایندە بەهیچ شێوەیەك لەوانە نابوورێ کە سەرەڕای بوونی زەمینەییەکی لەباری جیهانی بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگە، کەچی بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەکتیڤ بوونی کاراکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی" [١٤٥]

نموونەی هەنجەت و بیانووەکان بۆ شەرعیەتدان بە خۆیان ( موعەمەر قەزافی ) سەرۆکی پێشووی لیبیایە لە وتارێکیدا بە بۆنەی چل و یەك ساڵەی حوکمڕانی، ڕایگەیاند:" من سەرۆك نیم تا دەست لەکار بکێشمەوە، بەڵکو من سەرکردەی شۆڕشم و هەروا دەمێنمەوە". بەخەیاڵی خۆی هەتا مردن شەرعییەتی شۆڕشگێری هەیە.

---

[١٤٤] - سەلام ناوخۆش بەکر: پڕۆژە پێشنیارێك بۆ سەرۆکی هەرێم و خۆپیشاندەران لە دەرەوەی خێوی حیزب و پەرلەمان و حکومەت نەخشەڕێگایەکی نیشتیمانی – گۆڤاری ستاندەر- ژمارە(٤٠)- ٢٠١١

[١٤٥] - فەرهاد قادر ئۆمەر: گۆڤاری (ستاندەر)، ژمارە (٣٦) ساڵی چوارەم ـ تەموزی ٢٠٠٩ ، ل ٤٨،

موعەمەر قەزافی لەتەمەنی ٣٧ساڵی لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەر، ناویان لەخۆیاننا(ئەفسەرە ئازاکان) لە١٩٦٩/٩/١ کۆتاییان بە حوکمی پاشایەتی هێنا و شانشین(ئیدریسی سەنووسی یەکەم)یان لە سەر کورسی دەسەلآت هێنایە خوارەوە ، ئەو کابرایە بە جل و بەرگە سەیر و پاسەوانە ئافرەتەکانی ناسراوە، ساڵی١٩٤٢لە شارۆچکەیەکی نزیك شاری (سرت) چاوی بەدنیا هەڵێناوە، ساڵی١٩٦٦ژیانی هاوسەری لەگەڵ مامۆستاییەکی دواناوندی پێکهێناوە و کوڕێکی بەناوی (محەمەد) لێی بووە، پاش ماوەیەك لە یەك جیا دەبنەوە، ژنی دووەم دێنێ کە ناوی (صفیە فرکاش)ە و حەوت منداڵیشی لەو دەبێت، چوار پەرستاری ئۆکرانیشی وەکو ژنی نهێنی هەبووە لە دیارترینیان (جالینا کۆلۆتنیتسکا)یە...موعەمەر قەزافی شۆڕشی بەرپا کرد، وەك دەگێڕنەوە لە هەموو ئەو وڵاتە کرێچییەك نەبوو، بەڵام لەتەکدا دەستی بەسەر تەواوی دامەزراوە سیاسیی و ئابووریی و کلتووریەکانی وڵات گرتبوو، بەشێکی زۆری داهات و دەرامەتەکەی بۆ خۆیی و بنەماڵەکەی خەرج دەکرد، تەنانەت کوڕەکانی لە بەرزترین پلە و پۆست دانابوو، لەوانە (محەمەد): سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای گشتی پۆستە و گەیاندنی بێتەل و مانگە دەستکردەکان بوو..(معتصم): ماوەیەك پلەی عەقیدی لە سوپا هەبوو، دواتر کردیە ڕاوێژکاری ئاسایشیی نەتەوەیی.. (خەمیس): سەرۆکی کەرتێکی سەربازیی بوو کە لەلایەن ڕووسەکانەوە مەشقیان پێ دەکرا و لە خۆپیشاندانەکاندا فەرمانی ڕەشەکوژیی و لەناوبردن و ریشەکێشکردنی خۆپیشاندەرانی بنغازی پێ درابوو.. (ساعدی) پێشتر یاریزان بوو کردییە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی لیبیا... (هانیپال): سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی نەوت بوو و.. هتد. بۆیە لەسەروبەندی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی دا، موعەمەر قەزافی ئامادە نەبوو واز لە دەسەلآت بێنێ و دەستاو دەستی دەسەلآت بکات و خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی بە جورج و بێهۆش لە قەڵەم دەدا تا ئەو ڕادەیە بە خۆپیشاندەران بڵێت: هەموویان بێهۆشکەرن و حەبێ بێهۆشیان پێدراوە دەبێ کپ و دەمکوت بکرێن. (قسەکان ئاماژەیەکی دیار و ڕوون بوو کە جورج لە شوێنی پیس و بۆگەن دەژێ و بێهۆشیش شێت و بێ ئەقڵە، ئەوانە دەرد و پەتان بۆ خاك و نیشتیمان دەبێ بەگوللە و توند و

تیژیی وەڵام بدرێنەوە. جا ئەوەی پێی کرا کردی، سەرەنجام بە زیندوێتی دەستگیریان کرد و بەسزایان گەیاند). شۆڕش لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگی و کلتوورییەوە، بزوتنەوەیەك یان جوڵانەوەییەكی كۆمەڵایەتی و میللییە لە هەناویدا گۆڕانكاری ڕیشەیی بەرهەم دێنێت. دەكرێ شۆڕش:

١-لە ئەنجامی تەقینەوەی تووڕەیی جەماوەردا كت و پڕو چاوەڕوان نەكراو بێت.

٢-پلان بۆ داڕێژراو بێت.

شۆڕش پرۆسەییەكی درێژخایەنە و هەمیشە لە هەڵكشان و داكشان و هەوراز و نشێودایە و نەفەسی شۆڕشگێری گەرەكە كە ماكینەكەی تەواوی چینەكان لەخۆ بگرێت كە بە دوو قۆناغی تێپەڕ دەبێت و هەردوو قۆناغەكە بەیەكەوە بەستراوە و ناتواندرێ لەیەك جیا بكرێتەوە، ئەویش:

**یەكەمیان:** ئەو كاتە دەست پێدەكات كە چەخماخەی شۆڕش لێ دەدات و ئەگەری ئەوەی هەیە خەباتێكی سەخت و دژوار و درێژخایەن بێت(ماوەییەك بخایەنێ).

**دووەمیان:** بەڕوخانی سیستەمی دەسەڵات و بەكۆتاهێنانی ئەو قۆناغە، كۆتایی بەڕۆڵی ڕابەرایەتیەكەی بێت.

لەم دوو قۆناغەدا ئەگەر جڵەوی شۆڕش بەدەستی كەسانی ئەمین و دەستپاك و دڵسۆز و پسپۆر و تەكنۆكراتەوە نەبێت، بۆی هەیە ئەو شۆڕشە شكست بخوات و مانا و مەدلوول و هەقیقیەكەی لەدەست بدات.

كەواتە شۆڕش ئامادەكارییە بۆ خاڵی وەرچەرخان كە لە ڕووی كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بە گۆڕینی ئەو ڕووە دەمامكدراوانەی هۆكارن بۆ چەقبەستن و دواكەوتن و نا دادپەروەری هەنگاو دەنێ و دەگونجێ پرۆسەییەكبێ زەمەنەكەی كورت یان درێژخایەن بێت، لەوەشدا بۆی هەیە ئەو شۆڕشە ئاشتیانەبێ یا ئەوەتە توندو تیژ بێت.. بەواتا كارەكتەرەكان بۆی هەیە هەڵگری دروشم بن و تەنیا قسە بكەن، لەتەكدا بۆی هەیە پەنا ببەنە بەر سەركوتكردن لەڕووی هێرشی جەستەیی و دەروونی، ئەوەش وامان لێ دەكات لە سۆنگەی تەقەكردن و نەكردنەوە ئەو شۆڕشە بە مقاوەمەت و بەرەنگاربوونەوەی چەكداری ببەستینەوە..كە دەڵێن: واز لە كورسی دەسەڵات بێنن، یەكسەر دەم بۆ وشەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی دەبەن بەوەی ئەوان

شۆڕشیان بۆ میللەت کردووە و هەر ئەوان دەتوانن متمانەیان لێ بسەننەوە لە کاتێکدا ئەو میللەتە نە شەرعییەتیان پێ داون و نە هەڵیانبژاردوون تا چەك بەڕووی نەیاران ڕاست بکەنەوە.

کارەساتی گەورەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی[١٤٦] ئەوانەی لەڕێی شۆڕشەوە دێنە سەر کورسی دەسەلأت، خراپتر لەوەی پێشوو، خۆیان بەو کورسییەوە دەبەستنەوە و لەسەری هەڵناستن و کورسییەکە بە موڵك و میراتی خۆیان دەزانن و لە پەنای ئەو شەرعییەتەوە یاسا و دادگاکان بۆ بەرژەوەندی خۆ و حزبەکەیان، بەدارودەستەی خۆیان پڕ دەکەنەوە و شەرعیەت بەمانەوەی خۆیان دەدەن، لەکاتێکدا هەموو کەس و گروپ و میللەتێك ماق خۆییەتی داکۆکی لە خۆیی و ئازادییەکان بکات و هەمان مافیش بەو خەڵکەی دیکە بەڕەوا بزانێت، کەواتە کورسی دەسەلأت کورسی هەمووانە، یاسا ئەو هەقە بۆ هەمووان فەراهەم دێنێ، نەك قۆرخکردنی لەلایەن تاکە کەسێکەوە لێرەدا دەتوانین لینین[١٤٧] بەداهێنەری ئەم جۆرە شەرعییەتە دابنێین کاتێك باسی لە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریی دەکرد کە لەکاتی دەسەلأت گرتنیشدا بۆی هەبێ لە پێناو پرسی کرێکاری بمێنێتەوە. ئەو بیرکردنەوەیە بووە ڕێنیشاندەر بۆ زۆرێ لە دەسەلأتدارانی جیهانی سێیەم ئەگەرچی کرێکاریش نەبوون و لەڕێی شۆڕشەوە هاتنە سەر کورسی حوکمڕانی و کورسییەکەیان بەجێ نەهێشت... شەرعیەتی شۆڕشگێڕی خۆی لەخۆیدا ناشەرعییە و ژمارەییەکی بێشوماری خەڵك لەو وڵاتە لە بڕیار و بەشداریکردن بێبەش دەکات، تەنانەت لەو جێگەیەی شەرعییەتی دەستووریی و یاسایی کورت دێنێ، پەنا بۆ مێژووی شۆڕشگێڕی خۆیان دەبەن و

[١٤٦] - بەڕەوایی شۆڕشگێڕی، دەسەلأتی تۆلیتاری و دیکتاتۆری داپڵۆسێنەر و سەرکوتکردن بەرهەم دەهێنێت. وڵات دەکات بە ئۆرگانی کۆیلەکردنی هاوڵاتیان و فیداکاران دەبنەوە جەلاد و مەیدانی جەنگ لە شاخەوە بۆ ناو شار دەگوازنەوە تەنانەت هەندێ لە دام و دەزگا سیخورەکانی وڵاتان ئەو فیداکارە دێرینانە بەکاردێنن بۆ کاری تیرۆریستی و لەناوبردنی نەیارانیان.

[١٤٧] -پێش (لینین)یش هەر هەبووە، زۆربەی کات لە مێژوودا ئەوانەی سەرکردایەتی شۆڕشیان کردووە، هەر ئەوان دواتر بوونەوە سەرۆك و ئامادەش نەبوونە کورسی دەسەلأت چۆڵ بکەن.

بەو بیانووەوە شەرعییەتی خۆفەرزکردن و مانەوە بەخۆیان دەدەن و لەهەندێ شوێن سەرکردەی شۆڕش دەسەڵاتێکی مافیایی تیرۆریستی لەسەر بنەماکانی سیستەمی تۆتالیتیری پەیڕەو دەکات[١٤٨]

" بنەماکانی سیستەمی توتالیتیری لەسەر بنەمای تیرۆر دامەزراوە. تەنیایی و تەریک کردنی مرۆڤەکان لەیەکتری لەگەڵ تیرۆردا دوو تایبەتمەندی تری ناسینی توتالیتاریزمن. ئایدۆلۆژیای ئەم سیستەمە لەڕێگای گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکانەوە لەگەڵ تیرۆری بەردەوامدا درێژە بەمانەوەی ڕژێمەکە دەدات. تیرۆر لای سیستەم و دەوڵەتە توتالیتیرەکان تەواو بوونی بۆ نییە و هەمیشەییە چونکە ئایدۆلۆژیای توتالیتاریزم بەرگەی دایەلۆگی عەقڵی ناگرێت، هەر بۆیە بەردەوام تیرۆری پێویستە. گۆشەگیرکردنیش ئەو زەوییە بەپیتەیە تیرۆری تێدا گەشە دەکات..گۆشەگیرکردن و تەنهاکردنی مرۆڤەکان کردەییەکی پێشینەیە بۆ حەلالکردنی تیرۆر، یان ڕاستر بۆ شەرعیەتدان بەتیرۆر. ژیانی تایبەتی لێرەدا بوونی نییە و کۆمەڵگای مەدەنی لەم سیستەمەدا جێگای نابێتەوە. کەسی تاك لەم سیستەمەدا وەك تاك جێگای نابێتەوە و ماف و ئازادی تاك نییە و پێویستە ببێت بە بەشێك لە کۆمەڵ(الكل). کۆمەڵە"نوێیە"کەی توتالیتاریزم، ئەوەی کە ئەم دەیەوێ تاکی نوێ خەسڵەتی وەلاو وەفایی بۆ سەرۆکی توتالیتیر و ئایدۆلۆژیا و سیستەمە توتالیتارەکە هەبێت لە

---

[١٤٨] - زاراوەی توتالیتاریزم دەگەڕێتەوە بۆ وشەی کۆنی لاتینی totalitasکە واتای سەرجەم، موتڵەق (السلطة الشمولية) دەبەخشێت،ئەم زاراوەیە لە تیۆری سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی فاشی ئیتاڵی بێنیتۆ مۆسۆلینی(benito mussolini). توتالیتاریزم پێناسەیە بۆ شێوەیەك لە دەسەلات کە دەیەوێ کۆمەڵ و تاکەکانی بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی هێزەوە. لە سایەی ئەم سیستەمەدا ئەگەرچی بە شکڵ پەرلەمان و حکومەت هەیە، بەلام تاکڕەوی لە حوکمدا پەیڕەو دەکرێ و بڕیاری یەکەم و کۆتایی لای سەرۆکە و تەنها ئەو دەتوانێ تەواوی شتەکان یەکلایی بکاتەوە و یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی ئەو سەرکردە و حکومەتانە بریتییە لە جاڕدانی دیموکراسی و ئازادی بیروڕا، لە کاتێکدا ڕەنگدانەوەی حوکمڕانیان جگە لە سەرکوت و تۆقاندن، هیچی شتێکی ئەوتۆی لێ بەرهەم نایێت.

تیۆری و پڕاکتیکدا. ئەم سیستەمە نایەوێ بۆشایی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵدا هەبێت.کۆمەڵ پێویستە لێرەدا بەشێك بێت لە دەوڵەت و دەوڵەت دەست وەردەداتە ناو ژیانی تاك و کۆمەڵەوە. شوێنێك بۆ جیاوازی سیاسی نییە. سیستەمی توتالیتێر کۆنترۆڵی بیر و فکری تاك و کۆمەڵ دەکات و توتالیتاریزم وەك تەواوی سیستەمە دیسپۆتیزم و ستەمکاران ناتوانێت خۆی ڕابگرێت بەبێ ئەوەی بواری ژیانی گشتی و توانا سیاسییەکانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەی تێك نەشکێنێت.. توتالیتاریزم ئینتیمای بۆ ڕژێمێکی وەسفکراوی نوێ هەیە کەتەنها پشت بە (گۆشەگیرکردن) نابەستێ بەڵکو لەهەوڵی ئەوەشدایە ژیانی تایبەتی مرۆڤەکانیش کۆنترۆڵ بکات. بەم پێیە مانەوەی دەسەڵاتی ئەم سیستەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی تۆ هەست نەکەیت بەوەی کەمترین ئینمتیمات هەیە بۆ جیهان. قەناعەت پێکردن بە تاکەکانی کۆمەڵ، تیرۆرکردنی نەیارەکان، شەرعیەتدان بە دەسەڵات بەڕێگای جەماوەر و تیرۆری بەردەوام بۆ درێژەدان بەمانەوەی خۆی. کۆمەڵ بەپێی ئایدۆلۆژیای سیاسی سیستەمی توتالیتێر بەسیاسی دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستە حزب و دامەزراوەکانی و ڕێکخراوە حکومییەکان بەسەر کۆمەڵگاوە دەبنە چاودێر.. قسە و بڕیار بەناوی گەلەوە دەدرێ و دەردەکرێ بەڵام بێ بەشداربوونی گەل لەهیچ کام لە بڕیارە سیاسیەکاندا"[١٤٩]

هەموو ئەمانە کالآیەکە بە باڵای کەسی دیکتاتۆر دەکرێ..ئەگەر هەڵوەستەییەك بکەین، بیرمان بۆ ئەوە دەڕوات، ئاخۆ دیکتاتۆر هەر لە خۆیەوە سەرهەڵدەدات یان پێشینە و بنەماییەکی پێش وەختەی هەیە؟! ئەو پرسیارە سەرنجمان بەرەو بنەماکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت ڕادەکێشێت، ئەو بنەمایانەی کەسایەتی دیکتاتۆر دروست دەکەن.

❁ ❁ ❁

[١٤٩] - د. سالار باسیره – تۆتالیتاریزم لە سیستەمی سیاسیی دا –٢٨-٧-٢٠١١ ئینتەرنێت



# 📖 بەشی چوارەم 📖

- ❑ بنەماکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت
- ❑ ژیاننامەی دیکتاتۆرەکان...

ئەدۆلف هیتلەر – سەدام حوسێن بە نموونە

- ❑ تەمەنی دیکتاتۆرەکان بە شەڕ درێژکراوەتەوە.



# بنەماکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت

دیکتاتۆرەکان هەژموونی خۆیان وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکە بەسەر گشت کایە جیاجیاکانی ژیان و دامەزراوەکانی دەوڵەت سەپاندووە.

پێش باسکردنی بنەماکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت ، وەك گەڕانەوە بۆ مێژوو، کورتەیەك لە ژیانی دوو دیکتاتۆری سەدەی بیست (*ئەدۆلف هیتلەر*) ڕێبەری نازییەکانی ئەڵمانیا و (*سەدام حوسێن*) سەرۆك کۆماری عێراق دەخەینە ڕوو وەك دەروازەییەك بۆ ناسینی دیکتاتۆرەکانی تر، کورد وتەنیٚ: مشتێك نموونەییەکە لە خەروارێك.

## ئەدۆلف هیتلەر کیٚ یە؟!

"چی بە کەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو دونیا بەرێتەوە بەڵام نەفسی خۆی بدۆڕێنێت" مەسیح، ئینجیلی لۆقا"



ئەدۆلف هیتلەر لەمانگی٤ ساڵی ١٨٨٩ لە شارێکی بچووکی وڵاتی (نەمسا) بەناوی براوناو هاتۆتە دنیاوە. بارودۆخی ئابووری کەس و کارەکەی هەرچەند خراپ نەبووە، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی و مرۆیی خێزانەکەی دڵخۆشکەر نەبووە. هیتلەر منداڵی چوارەم دەبێت لەژنی سێیەمی باوکی. باوکی مووچەخۆری دائیرەی گومرگ بووە. کە هیتلەر لەدایك بوو تەمەنی باوکی پەنجا ساڵ بوو، دایکی٢٨ساڵ بوو.. باوکی هەر بە تەمەن گەورەتر نەبوو لە (کلارا)ی دایکی هیتلەر و منداڵەکانی، بەڵکو پیاوێکی توند و قاسی بوو. گەرمی و خۆشەویستی تێدا نەدەبینرا. ژیانی خێزانیی باوکی، سیٚ ژن، کە یەکێکیان١٤ساڵ لەخۆی بەتەمەنتر بوو، ژنەکەی تری٢٣ ساڵ لەخۆی گەنجتر بوو. ژنێکی تەلاق دابوو و حەوت منداڵیشی دروستکردبوو.

منداڵێکیان لە ئافرەتێك بوو بێ ئەوەی بووبێت بەخێزانی شەرعی، بەواتای ڕۆژهەڵاتی زۆڵ بوو. دوو منداڵی تری بەماوەیەکی کورت دوای ئاهەنگی ژنهێنانەکەی لەدایك بوون. ئەمانە بارودۆخی کۆمەڵایەتی باوك و دایکی هیتلەر و کەش و هەوای ناو خێزانەکەی بوو[150].. مردنی زووی باوکی کاریگەری هەبووە لەسەر پرۆسەی گەشەکردنی هیتلەری تەمەن هەرزەکار. هەرچەندە زیرەك بوو، بەڵام لە قوتابخانە قوتابییەکی پلە ناوەڕاست بووە. حەزی لەپیشەی بەرزتر کردووە و بەرەو هونەر چووە. لەساڵی١٩٠٨ بەتەمەنی١٨ساڵی دەگوێزرێتەوە بۆ ڤیەنای پایتەخت بۆ ئەوەی ببێتە وێنەکێش. بەڵام ئەکادیمیای هونەر دوو جار بەدوای یەکدا داواکارییەکەی ڕەتدەکاتەوە. هەر بەم جۆرە نەیتوانی بچێتە قوتابخانەی میعماری چونکە خاوەن بڕوانامەی دواناوەندی نەبوو. دوای فەشل بوونی نەخشە پیشەییەکانی.. چەند ساڵێك لە ڤیەنا مابییەوە هەتا ماوەییەکی کورت بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی. بژێوی ژیانی ئەو ماوەیەی بەکاری ئەم و ئەو دەباتە سەرو ژیانی لە شوێنی کەسە بێ ماڵ و بێکەسەکان دەباتە سەر و پەنای بۆ ئەم شوێنانە بردووە. بەڵام هیتلەری هەرزەکار هیچ کات پەنای بۆ ئەوە نەدەبرد پیشەییەکی تەواو ڕێکوپێك فێر ببێت هەروەك چۆن هەرگیز نەیدەتوانی شتێك سیستیماتیك بیرو هۆشی ببرێت و لەم بیرو هۆشەیدا کاری پێبکات و لە مێشکی خۆیدا هەزمی بکات. دواتر کتێبی (خەباتم – کفاحی) نووسی کە تێیدا ڕق و کینەی هیتلەری تێدا دەبینرێت و لە کەموکوڕی خۆیەوە خۆی بە ڕەگەزێکی سەرووی هەموو ڕەگەزەکانی تر دادەنا. هەروەك سەدام حسێن ڕقی لە ئایین و دیموکراسیەت و یەهودی و مارکسیزم و لیبرالیزم و ئینسانیەت بوو[151].

---

[150] -(ئەلفرێد ئادلەر) بە پێچەوانەی (سیگمۆند فرۆید) پێی وایە یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی کەسایەتی دیکتاتۆر ئەو هەستە پڕ ئێش و ئازار و بێبەشبوون و خۆبەکەمزانینەیە کە لە منداڵییەوە لە دڵ و دەروون و ناخیدا ڕەگی داکوتاوە، وەکو بێ بەشبوون لە یاریی و خۆشییەکانی سەردەمی منداڵی و بەسەربردنی ژیان لە ژێر سێبەری باوکێکی توند و تیژ و ژیانی ناهەموار و هەژاریی و دەربەدەریی.

[151] -د.سالار باسیرە-سایتی کوردستان پۆست/١٠/١٢/٢٠١٢

**نەرجسیەت یەك لەو خەسڵەتانەیە بەرۆکی زۆر لە سەرکردەکانی گرتبوو کە خوو و خدەی پێوە بگرن و بەکردەوە هەوڵبدەن مەرامەکانیانی تێدا بێننەدی، بۆ نموونە (ئەدۆلف هیتلەر) کەسایەتییەکی نەرجسی هەبوو، هەر ئەوەش وایلێکرد ملیۆنەها کەس ناچار بکات بۆ ئەوەی دان بە وێنەی تایبەتی ئەودا بنێنن کە خاوەنی کۆمەڵێك خەیاڵی گەورەکراو بوو لەوانە (ڕایخی سێهەم). دەیویست بە هەموو شێوەییەك ئەم وەهمەی بۆ واقیع بگۆڕێت، دیارە هەوادارانیشی فاکتەری یارمەتیدەر بوون بۆ گەیشتن بەم وەهمە، بۆیە کاتێ هەرەسی هێنا لە گەیشتن بەو ئاواتە لە ١٩٤٥/٤/٣٠ خۆی کوشت، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بەرگەی ڕوخانی ئەو وێنە نەرجسییەتەی خۆی بگرێت.**

**"ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو بگەڕێین، بەدەیەها نموونەی سەرۆکەکان دەدۆزینەوە کە تووشی نەخۆشی"شێتی خۆ بەگەورەزانین، جنون العظمة" هاتوون و چۆن هەوڵیان داوە چارەسەری نەرجسییەتی[١٥٢] خۆیان بکەن لە ڕێی گۆڕینی جیهان بەو شێوەیەی**

---

[١٥٢] - نەرجسیەت Narcissism واتای زیاد لەپێویست خۆت خۆش بوێت، ئەم وشەیە لە ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانیەوە هاتووە، گوایە (نارس) ناوێك زۆر جوان بوو، کاتێك وێنەی خۆی لە ئاوێکدا دەبینێت، خۆی خۆش ویستووە، سیفەتەکانی کەسایەتی نەرجسی: خۆپەرستن، وادەزانن خۆیان باشترین و زیرەکترین و جوانترین کەسی سەر ئەم زەویەن. خەڵك بەکەم دەزانن و ئارەزووی ئەوە دەکەن بیانچەوسێننەوە و گاڵتەیان پێ بکەن، ڕەخنە قبووڵ ناکەن و ڕقیان زۆر لەو کەسانەیە کە ڕەخنەیان لێ دەگرن و حەزیش دەکەن خەڵك وەسفیان بکات و بەشان و باڵیان هەڵبدات.

"دەتوانین نەرجسیەتێکی نوێ بدۆزینەوە، کە جۆرە نزیکییەکی زۆری لەنێوان سنوری عەقڵ و شێتبووندا هەیە، ئەمەش بە ڕوونی لەلای ئەو پیاوانە بەدی دەکرێت کە ماوەیەکی زۆر لەسەر دەسەلاتن. ئەم سیفەتەش یان ئەم بارە تایبەتییەش لەلای فیرعەونە میسرییەکان، قەیسەرەکانی ڕۆما، هیتلەر و ستالین و ترۆجیلو، هەموویان لەم سیفەتەدا بەشدار بوون. ئەمانە هەموویان دەسەلاتی ڕەهایان هەبووە. قسەی ئەمان بۆتە حوکمی کۆتایی بەسەر هەموو کردارەکاندا بە (ژیان و مردنیشەوە)، هەر هەموویان توانیویانە ئەوەی کە حەزیان پێیەتی بە ئەنجامی بگەیەنن، ئەمانە هەموویان"خودا" بوون، هیچ کەسیش نەیتوانیوە دژیان بوەستێتەوە، تەنها نەخۆشی، تەمەن، مەرگ توانیویەتی لە دژیان بوەستێتەوە و لە حوکمکردن

**لەگەڵ ئەوان بگونجێت.. ئەم جۆرە کەسانە بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن هەرچی ڕەخنەیە لەناوی بەرن، چونکە ئەمانە ناتوانن بەرگەی ئەو ترسە بگرن کە دەنگی عەقڵ لەوانی دەکات"**[١٥٣]

**لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەدا قەیرانە گەورەکەی ئابووری ئەو سەردەمەی دوای جەنگی یەکەمی جیهان وایکرد ڕێبەری نازییەکان (ئەدۆلف هیتلەر) کە قسەکەرێـــکی بەتوانا و تایبەت بوو**[١٥٤] **توانی ١٣٧٤٥٠٠٠ دەنگ بەدەست بێنێ کە لە٣٧٪ی کۆی گشتی دەنگەکان بوو، دەسەڵاتی گرتە دەست، لەپێناو سەروەری و شکۆی ئەلمانیای**

---

ڕایانبگرێت. ئەمانە هەموویان هەوڵیان داوە تەنها خۆیان چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی بدەن، ئەمان وایان پیشانی خەڵکی دەدا کە خاوەنی هێز و دەسەلاتێکی بێ سنورن، بەبێ سنوور لەگەڵ کۆمەڵێك ژن خەوتن و ڕایانبوارد، توانیان بێ سنوور پیاو بکوژن، لەهەر شوێنێك حەزیان پێ بووە و بێ سنور کۆشك و قەلأیان دروستکرد، گەر حەزیان بە مانگ بوویێت، یان هەر شتێکی موستەحیل، دەبوایە ئامادەبێت بۆیان". *بڕوانە: ئەریك فرۆم: جەوهەری مرۆڤ، و: ئەردەلان عەبدوڵلا، چ١، چاپخانەی موکریان،هەولێر، ٢٠١٢، ل٧١*

[١٥٣] -. ئەریك فرۆم: جەوهەری مرۆڤ، و: ئەردەلان عەبدوڵلا، چ ١ ، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢، ل١١٢-١١٣

[١٥٤] - پسپۆرانی بواری دەروناسی سیاسەت پێیانوایە بابای سیاسەتوان لەڕووی وتاربێژییەوە پێویستی بە ڕاهێنان و پەروەردەیە لەسەر دەنگی خۆی بۆ ئەوەی ببێتە دەنگێکی سیحرئامێز و سەرسامکەر چونکە پەروەردەی دەنگ پێویستی بە ڕاهێنانێکی فیزیکی و ڕۆحیە کە چی دەڵێ و دەیەوێ چی بگەیەنێت.. بۆیە تاوەکو پەیامەکەی گرنگی خۆی هەبێت دەبێ لە وتارەکانی دا گرنگی بەو تۆنانە بدات کە وەرگر بەئیشتیاوە گوێ لەقسەکانی بگرێت و قسەکانی لێوەربگرێ کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هۆشی ناوەوەی گوێگردا بکەوێتە ئاخاوتن، چونکە جۆری تۆنەکان بڕیاردەدەن لەوەی ئەو دەنگە تا چەند پەیامەکەی لەدەروونی گوێگرانیدا جێگیر کردووە؟!، گرنگی دەنگ لەوەدایە دەسەڵاتێکی سەرسوڕهێنەری هەیە وەکو گەیەنەرێکی ڕاستەوخۆی پەیامەکان بۆ سەر خودی بابای وەرگر کە دەبێ بەدروستی بەکاری بهێنێت، بۆیە کەسی کاریگەری ئەو کەسەیە دەسەڵاتی دەنگی بەکار دێنێ تا لەڕێی تۆنەکانەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی

مەزن هەوڵی سووتانی جیهان و بەکۆیلەکردنی گەلانی دا، (نیتشە)ی زانا و بلیمەت دەڵێت: سیاسییەکان وەکو پەڕۆی دایبی منداڵ پیسن، پێویستە هەموو ڕۆژێك بیانگۆڕین.

هیچ دیکتاتۆرێ لەدایك نابێت بەبێ ئامادەبوونی کولتووریی گوێڕایەڵی.. گوێڕایەڵی بریتییە لە ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی سەروو – چوارچێوەی ئەو کار و ئیشانەی سەرکردایەتی وێنایان دەکات و بۆ خوارەوەی دادەبەزێنێت– بێ ئەوەی کەسی گوێڕایەڵ پرسیار لە ناوەڕۆك و ئامانج و واقعی ئەو فەرمانە بکات، فەرمانەکە جێ بەجێ دەکات کە لەڕووی شەرع و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان جێبەجێکاری پاسیڤانەی فەرمان وەك خاوەن فەرمان تاوانبارە.

**کەواتە** دەستەمۆبوون و ماڵی بوونی کولتووریی گوێڕایەڵی زەمینەسازییەك بوو بۆ دروستبوونی دیکتاتۆری کە خودی حزب و گروپ و کۆمەڵەییەك لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچبوون ڕادێنێ و لەڕێگەی واقعێکەوە چوارچێوەییەکی فیکری بۆ کێڵگەی کۆمەڵگاکەکە دادەڕێژێت[155].

لەدیرۆکی بەشەریەتدا کولتووریی گوێڕایەڵی، هیتلەری گەیاندە لوتکەی دەسەڵات کە گەلی ئاڵمانیا وەك ڕان(مێگەل) بداتە پێش خۆی و هۆلۆکۆستیان پێ دروست بکات بەبێ ئەوەی خۆی بەتاوانبار بزانێت و شانازی بە ڕووباری خوێن دەکردو لەکەللە سەری مرۆڤە نەیارو بێتاوانەکان دیوارەکانی هەڵدەچنی و شەش ملیۆن جوولەکەی لە

---

لایەنگرانی بخاتە ژێر کاریگەرییەوە چونکە سیاسەت بریتیە لە زانست و هونەر، زۆر قسەمان لەسەر لایەنی زانستییەکەی نییە و لەڕووی هونەرییەوە ناسینی جەستە و دەستەلآتی دەنگە.

[155] -مەبەستمان لە گوێڕایەڵی خودی ئەو فەرمایشتانەیە کە مرۆڤکردەکان دەری دەکەن، وە ئەگینا لە ئاییندا گوێڕایەڵی و جێ بەجێ کردنی فەرایشتی خوا و پێغەمبەران(علیهم السلام) بابەتێکی واجبەو هیچ گفتوگۆیەك هەڵناگرێ و دەبێ پیادەیان بکەین، چونکە بەرنامەییەکی مرۆڤکردە نییە هەڵە و پەڵە هەڵبگرێ و سەرتۆپی فەرمایشتەکان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە.

**ئۆردوگاكان كۆكردەوە و گروپ گروپ لەمەكینەی دەدان و دەیكردن بە سابوون[١٥٦] ، لێرەدا گوێڕایەڵییەكی بەرجەستە كرد كەس قسە لە قسەی نەكات، كاتێك وتی : ماست ڕەشە، بەزیادەوە وتیان: نەك هەر ڕەش، زۆر زۆریش ڕەشە.**
**لە فیكری (تۆماس هۆبز): "ئەو تاك و گروپانەی لەبەرانبەر دەوڵەت پەنا دەبەنە بەر زەبر و زەنگ و توند و تیژیی، ئەوانە شێرپەنجەن بەسەر لاشەی دەوڵەتەوە، شێرپەنجەییەك دەبێ بەهەر شێوەییەك بێ لەناو ببرێت". ئەوەش وەكو ئاماژەیەكە پێمان دەڵێت: هەر كاتێك بەهاكانی ئازادی و یەكسانی و مافەكانی مرۆڤ و دابەشكردنی داهاتی نیشتمانی و چی و چی بكەوێتە ژێر هەڕەشەوە (هەڕەشەی تێكدانی ئاسایش) ئەوا بەبێ گەڕانەوە بۆ شەرعی بوون و ناشەرعیبوون، دەبێ هەموو دەرگاكان دابخرێن و یاخیبووەكان بە زەبری ئاگر و ئاسن پەلامار بدرێن و قەلاچۆ بكرێن، مەگەر خەڵكەكە ببێتە مەڕ و بە گۆچانی دەوڵەت ڕێ بكات و لەخزمەت فەرمانڕەواكانی دەوڵەتدا بێت كە خواستی فەرمانڕەوا دەبێتە خواستی هەموان و تەواوی دەسەڵاتەكان كۆنترۆڵ دەكات: بیردەكاتەوە و قسە دەكات، كەواتە نابێ كەس قسەی پێ ببڕێت.**
**هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٩ هێرشێكی هەڵخەڵێنەری كردە سەر ئێزگەییەكی ئەڵمانی لەسەر سنووری پۆڵۆنیا( كە ئەندامانی SS ئەم كارەیان ئەنجامدا) ئەمەش بۆ ئەوەی قەناعەت بەخەڵكی بكات پۆڵۆنیا بەتەمایە هێرش بكاتە سەر ئەڵمانیاو بەم شێوەیە بیانووی بۆ هێرشی پێش وەخت بۆ سەر پۆڵۆنیا هێنایەوە.**
**شەڕێكی زۆری كرد.. ولاتگەلێكی زۆری گرت و كۆمەڵكوژییەكی زۆری ئەنجامدا كە ترس و بیم بخاتە ولاتە زلهێزەكانی دونیا، بەمەش گەلەكۆمەكی لێ كرا. هەردوو**

---

[١٥٦] - كەسایەتییەكی وەك (ڕۆجیە گاروودی) پێی وایە ئەو ئامارانەی باس لەوە دەكەن كە زیاتر لە شەش ملیۆم جوولەكە سوتێندراون و كرانە سابوون و زەیت و ڕۆنی ماشێنەكان، ئەو ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدا كراوە و ژمارەی جولەكە كوژراوەكان ناگاتە نیو ملیۆن كەس.( ئەگەر زۆر لەو ژمارەیەش كەمتربێت، ئەو كارەی ئەنجامدراوە دژ بە بنەماكانی مافی مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتییە)

لەشکری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاّت وەك دوو هاوپەیمان بە چەشنی شەپۆلەکانی دوو دەریای مەزن ئەلّمانیای خنکاند و هەرچییەك بەربەست بوایە بۆ گەیشتن بە یەکتر، ڕایمالّی.

" پێشبینییەکانی هیتلەر لە شوێنی خۆی بوو، پێشبینی ئەوەی دەکرد شەڕێکی نوێ لەنێوان ڕوسیا و ڕۆژئاوا ڕوو بدات، لە بەیاننامەییەکدا خۆی بە ڕاوچییەکی باش زانی و شانازی بەوەوە دەکرد شێرێکی تووشی هەلّدێر کردووە: ( ئەوەتا ئەی بەڕێزەکان خۆتان و ئەلّمانییەکان.. هەردەم گومانتان هەبوو بە بێهێزی ڕۆژئاوا و ڕووسیا، بەلاّم من تەنها یەك چرکەیش گومانم نەبوو، چونکە ئەو هاوپەیمانییە لە داوی جالّجالّۆکە باریکترە و هەرگیز بەردەوام نابێت.. چۆن بڕوا دەکەن، دوو ڕژێمی جیاواز، دوو ڕێبازی دوور لەیەکتر بەدووری هەردوو جەمسەری باکوور و باشوور و بیرو بڕوای دژ بەیەکتر، دووو ئامانجی لەیەکتر جودا، چۆن هاوشانی یەکتر دەڕۆنە ڕێوە و یەك دەگرن، هاوپەیمانی یەکتر دەبن؟ ئەوەندە بەس نییە بۆ ناکۆکی ئەم دوو زلهێزە، بەلّکو لەسەر ئەلّمانیا بەشەڕ دێن، چونکە هەر یەکەیان بەبەشی خۆی دەزانێ و دەبینن شەڕ لەنێوانیان لەپاش چەند ڕۆژێك یان چەند کاتژمێرێك دەست پێ دەکات.. ئەم قسانەی دوای ئەوە هات ئەمریکا و ڕووسیا لە١٩٤٥/٤/٢٣ هەردوو لا پێشڕەوییەکانیان بەوە گەیشت لە شاری (تۆرگۆ) یەکیان گرتەوە و پێکەوە تەوقەیان کرد و یەکێتی ئامانجەکانی ئەمریکا و ڕووسیایان بۆ جیهان سەلماند"[١٥٧]

سەرەڕای ئەو ڕوخان و دۆڕان و شکستە گەورەیە..(گۆبلز) وەزیری ڕاگەیاندنی دەسەلاّتەکەی ئەدۆلف هیتلەر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی داتەپیوی هێزە سەربازەکانی خۆیان و درێژەدان بە فەرمانڕەوایی خۆیان و خوێنڕشتن و کاولکارییەکان، لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دژ بە هاوپەیمانان و چەواشەکردنی ڕای دنیا و خەلّکەکەی دەیوت: درۆ بکە، درۆ بکە تا بڕوات پێ دەکەن.

[١٥٧] - میکائیل موسمانۆ: تەنها دە ڕۆژ لەنێوان هتلەر و مەرگدا، وەرگێڕانی هەلّکەوت سالّەیی، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣٨

"(جی. دۆراندین) پسپۆر له دیراسهكردنی درۆدا، ئهنجامی ئهو تاقیكردنهوانه ئهوها پوخت دهكاتهوه:
-شایهتی به دهگمهن نهبێت ورد نییه.
-شایهت ئهگهر نیازی پاك بێت بهههمان متمانه بهخۆبوونهوه كاتێك زانیارییهكی ڕاست دهدا، زانیاریی ههڵهش دهدا.
-ئهوهی شایهت دهیلێ، گوزارشته له تێڕوانینی باوی خۆی زیاتر لهوهی كه دهیبینێ.
-ههر بۆیه كه كۆمهڵێك زانیارییان دووپات كردهوه، ئهوه ناگهیهنێ ڕاسته، لهوانهیه ئهو شایهتانه تێڕوانینێكی باوی وێكچوویان ههبێت، بۆیه وهك یهك و به ههڵه دهركی شتهكان دهكهن"[158]

له ئهنجامی شكستی سوپای ڕژێمی هیتلهر له دووهمین جهنگی جیهانیدا، بهرلین كهوته ژێر دهستی هاوسوێندهكان: ئهمریكا و ئینگلیز و فهڕهنسا و ڕووسیا.. شاری بهرلین (پایتهختی ئهڵمانیا) دوو لهت كرا، ڕۆژههڵاتهكهی بۆ رووسیا(یهكێتی سۆڤیهتی جاران)و بهشهكهی دیكهی بۆ ئهمریكا و ئینگلیز و فهڕهنسا مایهوه. " دوای ١٩٤٥ یهكسهر جهنگی سارد[159] لهنێوان ههردوو بلۆكی سۆسیالیزم(

[158] -جان- نۆیل كاپفیرێر: دهنگۆ-كۆنترین ئامرازی ڕاگهیاندن له جیهاندا- وهرگێڕانی له عهرهبییهوه: عهبدولڕهزاق عهلی، چ١، چاپخانهی ئاراس، ههولێر، ٢٠٠٨،ل٤٩

[159] - جهنگی سارد(cold war) جهنگێكی بێ جهنگ بوو، ئهم زاراوهیه لهههمبهر ململانێكانی دوای جهنگی دووهمی جیهانی نێوان(ولاته یهكگرتووهكانی ئهمریكا و هاوپهیمانهكانی: بهریتانیا و فهڕهنسا و ئهڵمانیای خۆرئاوا و یابان و كهنهدا) و (یهكێتی سۆڤیهت و هاوپهیمانهكانی: بولغاریا و چیك و سلۆڤاكیا و پۆڵهندا و ئهڵمانیای ڕۆژههڵات ) هاته كایهوه كه بۆ یهكهم جار ڕۆژنامهنووسی ئهمریكی (ۆڵتهر لیپمان) ساڵی ١٩٤٧ له كتێبێكدا ئهم زاراوه (جهنگی سارد)ی بهكارهێنا و كاریگهری ئهو جهنگه باڵی بهسهر ئهجێندای سیاسی دهرهوهی ئهم دوو بلۆكه كێشا كه بووه هۆی پێكهێنانی دوو هاوپهیمانی، ئهویش لهلایهن ئهمریكا و هاوپهیمانهكهی " دیموكراسی و سهرمایهداری" ساڵی ١٩٤٩ ڕێكخراوی پهیمانی باكوری ئهتڵهسی ناسراو به (ناتۆ)یان دامهزراند و یهكێتی سۆڤیهت و هاوپهیمانهكانی" دیكتاتۆری پڕۆلیتاری و

ڕۆژهەلاّت) و سەرمایەداری (ڕۆژئاوا) دەستپێکرد، لەو سەرەوە زلهێزەکان بەرامبەر یەك ڕاوەستان: یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا، سالاّنی پەنجاکانی سەدەی بیستەم جەنگی سارد[١٦٠] خەریك بوو گەرم ببێ، تا یەکێتی سۆڤیەت دیتی ململانێیەکە لە ڕادە دەچێتە دەر، ناوەخنی جەنگەکەش لەسەر دەسەلاّت و کارلێکردنی جیهانی لەشاری بەرلین بەتایبەتی و شارەکانی دیکەی ئەلّمانیا بوو...بۆیە بە پلانی رووسیا لەسەرەتای شەستەکان، لەپڕێکدا دانیشتوانی (بەرلین)یان کردە دوو لەتەوە..ئەوە بوو ڕۆژێك کە لە خەو ڕابوون بینییان دیوارێکی ئەستوور و بلّند بەناو جەرگەی شارەکەیاندا دروستکراوەو هاتوچۆ بۆ (ئەو دیوی دیوار) قەدەغە کراوە، هەزاران کەس بوون بەقوربانی کۆشش و تەقەلاّی پەڕینەوە و هەلاّتن بەرەو (بەهەشتی سەرمایەداری)..دیواری بەرلین وەها دامەزرابوو تا سەدەها سالّ بمێنێ... دیواری نێوان دوو جیهان و دوو جۆرە ژیانی یەك میللەت بوو کە ئەلّمانە، کەچی پایزی سالّی١٩٨٩ بارودۆخی سەرانسەری دنیای گۆڕا، ئەویش بەهۆی سیاسەتی گۆربادشۆف، ڕێبەری ئەو سەردەمەی سۆڤیەت کە هەر بەدەستی ئەو دیوارەکەی بەرلین هاتە ڕووخان، ئەو دیوارەی کاتی خۆی خرۆشۆف ڕێبەری سۆڤیەت ئەمری

---

سۆسیالیزمی زانستی" سالّی١٩٥٥پەیمانی (وارشۆ)یان دامەزراند و ئەم جەنگە لەناوەڕاستی چلەکان تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو درێژەی کێشا.

[١٦٠] - گەورەترین قوربانی شەڕی سارد مافی مرۆڤ بوو، لەکاتێکدا ولاّتانی سۆسیالیست و سەرمایەدار هەر یەکەیان مافی مرۆڤیان تەنها بۆ پڕوپاگەندەکردن لە دژی یەکتر بەکار دەهێنا، بێ ئەوەی هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ ڕێزگرتن لەو بارەیەوە بنێن، لەم ڕووەوە ولاّتانی سەرمایەدار بالاّدەست بوون، چونکە خاوەنی هێز و ئابوورییەکی پتەوبوون، هەر دوو بلۆك بۆ ڕاکێشانی کاربەدەستە دیکتاتۆرەکان، ئازادبوون لەنێو قەلّەمڕەوییەکەیدا چۆن هەلّسووکەوت بکەن، گەورە دەولّەتانیش نەیاندەویست دلّی کاربەدەستە دیکتاتۆرەکان لەخۆیان برەنجێنن تا بەرژەوەندییەکانیان دووچاری مەترسی نەبێتەوە. بڕوانە: پێشەوا تالّەبانی: کوردستان، ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و پێوەندییە نێودەولّەتیەکان،گۆڤاری (ڕێبازی نوێ)،ژمارە٣، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،١٩٩٤، ل٤٥

دامەزراندنی دابوو.. زەمان وەهایە، ئەوەی خرۆشۆف دروستی کردبوو، گۆرباچۆف تێکوپێکی دا[١٦١].

لەسەردەمی (میخائیل گۆرباچۆف)ی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت لەسالآنی ١٩٨٥-١٩٩١ گەلانی سۆڤیەت تووشی قەیرانێکی قورسی ئابووریی و سیاسی بوو، بەهۆی گەورەیی ئەو قەیرانەوە گۆرباچۆف ناچاربوو داوای گۆڕینی سیستەمی دەسەلآت بکات، پرۆژەییەکی بەناوی (پرۆسترۆیکا- دووبارە بنیاتنانەوە) لە سیستەمی دەسەلآت بەتایبەت کایە ئابووریی و سیاسییەکان داڕشت لەڕوور کرانەوە بەڕووی جیهاندا، لە٢٦ی دێسەمبەری١٩٩١ لەئەنجامی ڕێکەوتننامەی نێوان (بۆریس یەڵتسن)سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت و (ڕۆناڵد ریگان) سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کۆتایی بەشەڕی سارد هات و یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە..



❁ ❁ ❁

---

[١٦١] - فەلەکەدین کاکەیی: ویژدان و ئازادی، ل٤١-٤٢

# سەدام حوسێن کێ یە؟!



هەموو دیکتاتۆرێ مێژوویيەکی پڕ ناسۆری هەیە، دیکتاتۆرەکان وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکە هەژموونی خۆیان بەسەر تەواوی کایەکانی ژیان سەپاندووە وەك ( ڕاگەیاندن، سامان و دارایی، میتۆدی پەروەردەو فێرکردن، سوپا، دەزگاکانی دادوەری و ..هتد) سەدام دەیوت: (بەبێ ترس بنووسن چی ئەوەی دەوڵەت ڕازی بێت یان ناڕازی) لەتەك ئەم قسانەیدا جەنگی دەروونی بەکاردەهێنا و عەقڵی مرۆڤەکانی بە تەقدیسکردنی ئاڵا و نیشتمان و کەسایەتییە سیاسییەکان و فەنتازیای پڕوپووچی بێ بنەما داگیر کردبوو، پیادەی بەرنامەییەکی سیاسی ڕەهای دەکرد وەك گوزارشتکردن لە خەون و ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیای دیکتاتۆرەکان، بەجۆرێ عێراقی کردبووە زیندانێکی گەورەی ئەشکەنجەدانی نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان، تەنها لەوەدا ئازادبوون چۆن بەشان و باڵی سەرۆك هەڵبدەن و پەردەپۆشی شەڕە دۆڕاوەکەی بکەن. ئەوەی کەسێك بکوژێ، پێی دەوترێ: پیاو کوژ یان شێت[١٦٢]، وەلێ چەندین پیاوکوژ هەن بەس بۆ ئەوەی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بمێننەوە، بەناوی

[١٦٢] - قەزافی لەماوەی تەنها سێ ڕۆژدا بە سێ شێوە دەدوێت، سەرەتا وتی: ئەگەر من نەبم قاعیدە دەتانخوات. دوایی وتی: ئەگەر زۆرم لێبکەن دەبمە هاوپەیمانی قاعیدە و شۆڕشگێڕانی بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و ئیسرائیل دادەنا.. دواجاریش وتی: ئەگەر ئەوانە ( شۆڕشگێڕەکان) بێنە دەسەلأت ئەوە بۆ ئیسرائیل زۆر مەترسیدار دەبن.

**سیاسەت و دەوڵەتەوە هەزاران کەس دەکوژن، کەچی پێیان دەوترێ سیاسەتمەدارو پیاوی دەوڵەت[١٦٣].**

**دیکتاتۆرەکان لەجوغزێکی دیاریکراودا دەیانەوێ هەموو خەڵك ڕووەو خانەی لاسایکردنەوە پەلکێش بکەن کە جگە لە بیرکردنەوەی ئەو، کەس بیر لە شتی تر نەکاتەوە، ئەوەش یاساییەکە لەسەر تەختی شانۆدا کارەکتەرەکان ڕۆڵی ئەفسەر و سەربازی تێدا دەبینن کە بەپێی دەقەکان هەر فەرمانێك ئەو ئەفسەرە بیدات ڕەتکردنەوەی نییەو وشەیەك بۆ ئەو فەرهەنگە دانەندراوە تا بابای سەرباز جگە لە دەستەواژەی: (بەڵێ) وشەی: ( نا، نەخێر) بەکار بێنێت.**

**مانەوە لەسەر ڕیتمی یەك بیرکردنەوە وەکو داشی دامە سەیر دەکرێ کاتێك کەسی گەمەکار چۆنی بوێ داشەکە بەملا و بەولا دەجولێنێ.. کۆت و بەندکردنی ئازادییەکانیش مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دادەماڵێنێ و دەیکاتە ئەو ئاژەڵەی بەپێی ئەو غەریزەی پێی دراوە بێ بیرکردنەوە تەنها ژیان بگوزەرێنێت.**

**" سروشتی دیکتاتۆرەکان وایە جگە لەدنیاییەکی عەبەسی بێ هودە، هیچ دنیاییەکی دیکە نابینن، لەو شێوازەی حوکمڕانیدا لات سەیر نەبێ مرۆڤ گەلێکی سادەو ساکار بێتە بەرهەم کە هەرگیز لەتوانایدا نییە هێندەی تاڵەموویەك لەفەرهەنگی دیکتاتۆر لابدات. لەم بارەیەوە قسەیەکی گاڵتەئامێزی هاوڕێییەکی (تەها مەحێدین مەعروف) دەگێڕینەوە کە خاڵێکی ناوازەو سەیرو سەمەرەی خۆشی تێدایە، کە بەشێکی**

---

[١٦٣] - هەموو پزیشکێکی دەروونی بۆ چارەسەری نەخۆشەکەی پرسیاری بەسەرهاتەکانی ڕابردووی لێ دەکات بۆ ئەوەی دەست بخاتە سەر برینەکەی و چارەسەری بکات..دیکتاتۆرەکان لەڕابردوویەکی گەورەی بۆشاییدا گوزەریان کردووە و بەو دەردەوە ژیانیان تەی کردووە..لەدیارترین سیما باوەکانی دیکتاتۆرەکان ئەوەیە لەسایەی ئەو حوکمەدا بەرپرسانێکی زۆر لە ماوەییەکی کەم لە نەبوونەوە بوونەتە ملیاردێر و ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بۆ خەڵکەکەیان بەخشینەوەی درۆ و دەلەسەیە لەبەڕێوەبردنی وڵات لەبەردەم میدیاکاندا، درۆی قەبە قەبەی ئەوتۆ لەبۆنە و یادەکان دەبەخشنەوە کە هیچ بنەمایەکی زانستی و لۆژیکیان نییە.

ناوەخنی گەندەڵانەی سیستەمی بەعسیزمی و سەرجەم دەسەڵاتدارە رەفتار دیکتاتۆرەکانی لەخۆ گرتووە، هەروەها بازنەی ئەدەب و هونەر لێی بێبەش نەبووە، بە تایبەت ئەدەبی گاڵتەو گەپ لەنووسیندا گەلێ جار ڕەهەندی فیکری و سیاسی لەدواوەییەو لەئاکامیدا هەم خەندە دەخاتە سەر لێوە وشکهەڵاتووەکان، هەم پەیامێك دەگەیەنێت کە بەرپرسانی ئێمەی کوردیش با واتێنەگەن ئەوان لەو گاڵتەجاڕیانە بە دوورن و نایانگرێتەوە، بەڵکو ئەمە پەتاییەکی کوشندەیەو ئەوانیشی گرتۆتەوە کە چۆن ئەو بەرپرسانە لە شەوە ئەرخەوانییەکان لەنێو ڤێللا وکۆشك وتەلارە بەرزو بڵندەکانیان شەو تا بەیانی ڕادەبوێرن، ڕەش و ڕووتی ئەم وڵاتەش بەدەم مەینەتی و نەهامەتیەکانی ژیان ئاڵوودەن و دەناڵێنن.. هاوڕێیەکەی تەها مەحێدین مەعروف دەگێڕێتەوە، دەڵێ: جارێکیان تەها مەحێدین مەعروفم بینی کە ئاشنایەتی کۆن و دێرین لەنێوانماندا هەبوو، ئەوساکە جێگری سەرۆك کۆمار بوو. لێم پرسی: چۆن لەگەڵ سەدام دەگوزەرێنی؟

ئەویش وتی: بۆ ناگوزەرێ؟! ئێمە گیانی پیاوەتیمان تێدا نەماوە، وەك مانگامان لێهاتووە، بڵێ واع بەملا بکەوە، بەملا دەکەوین.. بڵێ واع بەولا بکەوە، بەولا دەکەوین، بەقودرەتی قادر لەل بەزارماندا نایەت و پەڕو باڵمان کراوە، وەکو دەڵێن:

✍لا تحسبوا ميلي بينكم طربا ... قد يرقص الطير المذبوح من الالم

وامەزانن هەڵدەپەڕم دڵم خۆشە، مریشکیش کە سەری دەبڕن هەڵدەپڕێ لەتاو ئێشە ڕەنگە خوێنەر لەو وەڵامەی تەها محێدین مەعروف سەر سام بێت، بەڵام بۆ میللەتێك لەژێر سایەی سیستەمێکی داخراوی شیشبەندا ژیانی بەسەر ببات، پێموایە سەیر نییە.. بەو پێیەی ئەوە لۆژیکی ستەمکارانە لەدنیادا کە هەمیشە تێدەکۆشێ و هەوڵدەدات بۆ دەستەمۆکردن و ڕامبوونی میللەت لەسەر دەنگ هەڵنەبڕین بەرامبەر کارە دزێو و گەندەڵەکانی دیکتاتۆر"[١٦٤]

[١٦٤] - فەرهاد قادر ئۆمەر- لۆژیکی گاڵتەجاڕییانەی دیکتاتۆر- گۆڤاری (ستاندەر) ، ژمارە (١٥ــ١٦) حوزەیرانی ٢٠٠٧، ل ٧٨

سەدام حوسێن عەبدولمەجید لە ١٩٣٧/٤/٢٨ لە شارۆچکەی (عۆجە)ی سەر بە پارێزگای تکریت کە١٢٠کم لە باکوری شاری (بەغدا) دوورە، لەخێزانێکی پیشە جوتیار لەدایك بووە .

سەبیحە تولفاح بێ ئەوەی شوو بکات، بێ مێرد سکی بە (سەدام) پڕ دەبێت، بۆیە لە هەستکردن بە تاوان، هەوڵی خۆکوشتن دەدات و دەیەوێ ئەو منداڵە زۆڵەی لە سکیدایە، بەکاری قورس و خۆ ئەزیەتدانی خۆی لەبار بەرێت، بەڵام لەلایەن خێزانێکی یەهودییەوە ڕێگری خۆکوشتنی لێدەکرێ و هاوکاری دارایی دەکەن.. دوایی شوو بە ئیبراهیم حەسەن دەکات کە خزمێکی خۆیەتی و  لە گوندەکەیان بە حەسەنە درۆزن ناسرابوو، لەویش سێ کوڕی بەناوی: وەتبان- بەرزان- سەبعاوی دەبێت.. لەو ڕۆژەوەی ئەو منداڵە چاوی بەدنیا هەڵێنا، حەسەن حەزی بەچارەی نەدەکرد. تەنانەت کاتێك گەورە بوو، وەختی ئەوەی هات بچێتە قوتابخانە، خواستی بۆ خوێندن لەلایەن دایکی و زڕباوکەکەی ڕەتکرایەوە، بۆیە لە بری خوێندن، کاری کشتوکاڵییان پێی دەکرد و هەر لەلایەن ئەو زڕباوکەیەوە ڕووبەڕووی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی دەبۆوە و کاری دزی پێدەکرا، ئەوەش  بووە هۆی ئەوەی سەدام لەتەمەنی منداڵیدا تووشی بەندکردنێکی کورت بێتەوە.

خێروڵڵا تولفاحی خاڵی وەك گەورە ئەفسەرێکی سوپای عێراق، ساڵی١٩٤١ بەشداری لە ڕاپەڕینێك دژ بە ڕژێمی مەلیك فەیسەڵی دووەمی هاشمی دەکات. کەچی دەستگیری دەکەن و وەك گەورەی خێزانەکەی بۆ چەند ساڵێك بەند دەکرێ.. دوای ئازاد بوونی، سەدام ماڵی زڕباوکەکەی جێدێڵێ و ڕادەکاتە لای، دەچێتە  تکریت  و لە ماڵی خاڵی دەمێنێتەوە، ئەویش سەدام بە تەمەنی دە ساڵی دەخاتە بەر خوێندن و بە ڕۆحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی پەروەردەی دەکات.

سەدام لە تەمەنی ١٤ساڵی گومانی لێدەکرێ بەهۆی تۆڵەسەندنەوە، تەقەی لە برای مامۆستاییەکی کردبێ و بریندای کردبێت. بەڵام تۆمەتەکە لەسەری لاواز دەبێ و دەتوانێ بەردەوامی بە قوتابخانە بدات. دوای تەواوکردنی قوتابخانە، ساجیدەی کچە گەورەی خەیرۆڵڵا تولفاحی خاڵی دێنێت و دەیکاتە هاوسەری ژیانی.

سروشتی مرۆڤایەتی هەندێ جار چەوساندنەوە و ژیانی نائاسایی مرۆڤ دەکاتە شۆڕشگێرو ڕزگارکەری دەیان ملیۆن مرۆڤ، هەندێ جاریش کەسی وەك سەدام حوسێنی لێ دروست دەکات کە دەبێتە مایە کوێرەوەری و پاشەگەردانی بۆ دەیان ملیۆن مرۆڤ.

ئەوانەی ئاگاداری ژیانی سەدامن، دەزانن سەدامی هەرزەکار هەمیشە شیشێکی پێ بووە لە هاوڕێکانی قوتابخانەی پێداوە و سەگی دێکەی پێ دوور خستۆتەوە و پەرش و بلاوەی پێکردوون. تەنانەت لە قوتابخانەدا ئەم شیشە ئاسنەی لەژێر جەلابیەکەی شاردۆتەوە و جاروباریش لەنێو ئاگری داناوە هەتا سوور هەڵگەڕاوە و بەبەر چاوی مندالأنی دەوروپشتی خۆی ناویەتی بە دواوەی پشیلە و سەگەوە کە دەیانیگرت و زۆر جاریش سەگ و پشیلەی پێ کوشتووە. ئەو شیشە بۆ ئەو تەنیا هاوڕێ و پارێزەر بووە و تەنیا شت بووە خووی پێوە گرتبێت.. بەم ڕەفتارانەی ویستوویەتی کەم و کوڕییەکانی کەسایەتی خۆی پێ بشارێتەوەو سەرنجی دەوروپشتەکەی بەلای خۆی ڕاکێشێ. هەموو ئەمانە شوێنەواری سایکۆلۆژی قورسیان لە قۆناغی مندالی هەیە کە دواتر ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بیرکردنەوە و ژیانی بەجێ دێڵێت کە چەندە ڕقی لە کۆمەڵگاکەی خۆی بووە و کۆمەڵگاکەش چەندە ڕقیان لێی بووە...بینیمان سەدام چۆن لەدوا چرکەی گرتنی وەك پشیلەییەك لەنێو کونی ژێر زەمینێکدا بەو دیمەنە ناشیرین و پیس و پۆخڵیەوە بەبێ بەرگریکردن ترسنۆکانە خۆی تەسلیم کرد.. لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانەی لە دەست ڕۆیشتویی خۆیاندا زەبروزەنگ بەکار دەهێنن و زۆر بێبەزەیین، لە ئەصڵدا ترسنۆکن، گیانی خۆیان لا خۆشەویستە. هەموو ئەمانە لە سایکۆلۆجیەتی خودی سەدامدا ڕەنگی دابۆوە، ئەگینە دەیتوانی خۆی بکوشتایە و ئەو هەموو سووکایەتی و لەسێدارەدانەی قبوڵ نەکردایە.



ساڵی١٩٥٥بەفەرمانی خاڵی یەکەم تاوانی پیاو کوشتنی سەدام دەست پێ دەکات، کاتێ چەتەیەکی ناکۆکی خۆیان، مامێکی دووری خۆی (سعدی) ڕەمی دەکات و دەیکوژێ و بەم ڕەفتارە پەیوەندی تەسك و نزیك بە بنەماڵەی تکریت دووپات دەکاتەوە. بەو هۆیەوە لە هەنگاوی یەکەمی خۆیدا بوونی خۆی بەتیرۆرو زەبروزەنگی بێبەزەیی و دڵ ڕەقانە تەئمین دەکات.

سەدام حوسێن کەسێك بوو، شێت و شەیدای دەسەلآت ، لەڕووی دەروونیەوە کەسێکی ناسەقامگیر، کەسێك بوو بەبێ شەڕو جەنگ نەیدەتوانی بژی و تەنها لەکەش و هەوای شەڕدا هەستی بەسەلامەتی دەکرد و خۆشی خۆی لە کوشتن و خوێنڕشتن و بەکۆمەڵ مرۆڤ لەناوبردن دەبینی. تەنانەت خودی (عودە)ی کوڕی لە لاسیکردنەوەی ڕەفتار و سروشتی مرۆڤ کوشتن و نەخۆشی دەروونی دا بەتەواوی هاوشێوەی باوکی بوو.

" سەدام هاوپەیمانی لەگەڵ زۆر لەهێزە دەسەلآتدارەکانی نێو عێراقدا پەیدا کرد. ئەو بەبەردەوامی پێگەی خۆی وەك بەرپرسی دەزگای ئاسایشی حزب بۆ ئازاردان و کوشتنی ئەو کەسانەی گومانی ئەوەی لێدەکردن بۆ ئەو دڵسۆز نەبن، بەکارهێنا. ئیدی هەر بە خێشکەیش پۆستە باڵاکانی بە لایەنگرانی خۆی پڕ کردنەوە. ئەوسا دوای ١١ساڵ، سەدام ئەوەندە بەهێزبوو کە (بەکر) ناچار بکا واز لەدەسەلآت بهێنێ، لە١٧ی تەممووزی ١٩٧٩شدا وەك سەرۆکی نوێی عێراق سوێندی خوارد"[١٦٥]

لەو کاتەوەی ئەم کەسە و دارودەستەکەی دەسەلآتیان گرتە دەست، جەنگیان بەدوای جەنگ بەرپا کردووە، چ لەنێو عێراق یان لەگەڵ وڵآتانی دەوروپشت بووبێت. ئەو کەسە نەگەتیڤە هیچ کات ئامادەی ئەوەی تێدا نەبووە دەسەلآت لەگەڵ هیچ لایەنێکی تر دابەش بکات و مەبەستی یەکەم و سەرەکی دەسەلآت و حوکمی تاکڕەوی و خۆسەپێنی و بەزۆر بەکۆیلەکردنی خەڵکی ژێر دەستەکانی بووە بێ ترس لە لێپرسینەوە، بێگوێدانە خوڕەوشت و ناوزڕاندنی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی خۆی و

---

[١٦٥] - هیسەر لێهر واگنەر: کوردستان لەنێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکان ، وەرگێرانی شەفیقی حاجی خدر، بڵآوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٣، ل١٣٠-١٣١

بنەماڵەو گەلەکەی وەك کۆیلە بینیوینی. بۆ ئەم مەبەستە ئامادەبووە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت.. خێزانی سەدام و بنەماڵەکەی، بە هەمان شێوەی بنەماڵەی سۆمۆزای نیکاراگوا فەرمانڕەوایی عێراقیان دەکرد، هەروەك سەروەت و سامانی وڵاتەکە هەمیشە هی خێزانێك بووبێت. سەدام خاوەنی٦٨کۆشك بوو لە عێراقدا، لەکاتێکدا لەو وڵاتە دەوڵەمەندەدا سواڵکردن و کوێرەوەری و برسێتیان بەسەر ملیۆنەها مرۆڤ هێنا. وایان لەم وڵاتە کرد جێگای مرۆڤی زانا و هونەرمەند و ڕۆشنبیر، دیموکراتخواز و ئاشتیخوازی تێدا نەبێتەوە و ژمارەیەکی بێ ئەندازە کە نزیکەی شەش ملیۆن هاوڵاتی عێراقیی بەهۆی زەبرو زەنگی ئەم ڕژێمەوە بۆ دەرەوەی عێراق کۆچیان کرد.. هەروەها لەسروشتی ئەم کەسەدا درۆزنی و بێوەفایی و بێبڕوایی ڕەگی قووڵی هەیە و ئەمەش ئاساییە بۆ پێکهاتەی کەسێکی وەك سەدام.  نموونەی زۆر سەرنج ڕاکێش و سەرسوڕێنەر هەن لەسەر شێوازی حوکمکردن و نزیکترین کەسی لەخەشم و قینی ئەو رزگاری نەدەبوو، کوشتنی هەر دوو برا (حوسێن کامیل و سەدام کامیل)ی مێردی دوو کچەکەی خۆی دوای پەیمانی لێبوردنی. وەفای بۆ هاوڕێی منداڵی و کوڕە خاڵەکەی (عەدنان خێروڵڵا)ی کوڕە خەزووری نەبوو، کە وەزیری بەرگری عێراق و کوڕی پیاوێك بوو ئەمی بەمنداڵی گرتبووە خۆی. سەدام پێشتر لەگەڵ عەدنان خێروڵڵا نانی نیوەڕۆی خواردووە و دوای کوشتنیشی لەگەڵی چووە گۆڕستان و شوێنی کوشتنەکەیشی کردە مزگەوت. پاسەوانی شەخسی سەدام(کەریم عەبدوڵڵا جبوری) دوای هەڵاتنەکەی بۆ پاریس لە چاوپێکەوتنێکدا لەلایەن گۆڤاری (ترانس ئەتلانتیك) بەتەواوی باس لەشێوەی کوشتنەکەی دەکات، دەڵێت: ئەم خۆی بە فەرمانی سەدام کرداری تەقینەوەکەی لەنێو هەلیکۆپتەرەکەی ئەنجام داوە.  سەدام ئەمرۆکە پێت دەڵێت برامی و هەموو شتت دەداتێ و سبەینێ دەتکوژێت و لەگەڵیشت دێتە گۆڕستان.ملیۆنەها مرۆڤی عێراقی کردە کۆیلە و ئامرازی یاری و دەربڕینی ڕق و کینە و پڕکردنەوەی نوقسانییە کەسایەتییەکانی خۆی. ئایا هۆی ئەوە لە چی دابوو کەس و ڕژێمێکی ئەوها بتوانێت٣٥ساڵ فەرمانڕەوایی بکات بێ ترسی ڕوخانی

سیستەمە سیاسیەکەی بەو هەموو ئۆپۆزیسیۆنەشەوە[١٦٦]؟ سەدام حسێن بەرهەمی واقعی کۆمەڵگای عێراق خۆی بوو هەر بۆیە دیکتاتۆرتر بوو لە دیکتاتۆرەکانی تری ناوچەکە. دیارە زلهێزەکان باش لە سایکۆلۆجیەت و ئەقڵی ئەم کەسە سەیرەیان کۆڵیوەتەوە و زانیویانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. سەدام حسێن هەرچی کرد هەموو بە قازانجی دەرەوە و بازرگانانی چەك گەڕایەوە، بەڵام بە زیان بۆ سیاسەت و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری عێراق و ئوممە عەرەبیەکەی گەڕایەوە"[١٦٧]

بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکی لە ئەبریلی٢٠٠٣ هاتووە، دەڵێت: عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی یەکێك بوو لە یاریدەدەرە نزیکەکانی سەدام لە شایەتیەکەیدا دەڵێت: سەدام ڕق و ترسی زۆری لە کەسە زیرەك و ڕۆشنبیرەکان هەبوو بەتایبەتی ئەوانەی لە شاشەکانی تەلەفزیۆن دەردەکەوتن، یەکێك لە فەرماندەکانی گاردی کۆماری دەڵێت: سەدام حسێن لە بڕیارێکیدا زۆرێك لە کەسە زیرەکەکانی ناو دەزگای سەربازی دوورخستەوە، زۆر لە کەسە زیرەکەکان خۆیان لە سیاسەتی وڵات بەدوور گرت و بەمەش دوور بوون لە بڕیاری سەرەکی ئێراق.

" هەڕەشەی چەند جارەی ڕژێم بە لێدانی ئیسرائیل بەتایبەت پاش شەڕی ئێران و ڕەتکردنەوەی داخوازیەکانی ئەمریکا، دوای وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، کوێتی داگیر کرد و کردیە پارێزگاییەکی سەر بە عێراق؟ لە چەند بۆنەیەکدا

---

[١٦٦] - لە١٩٦٣/٧/١٤ عەبدولسەلام عارف دەسەڵات دەگرێتە دەست، ساڵی ١٩٦٦ لە ڕووداوێکی تەم و مژاویدا بەهۆی کەوتنە خوارەوەی ئەو فڕۆکەی تێیدابوو گیان لەدەست دەدات و عەبدولڕەحمان عارفی برای جێی دەگرێتەوە و دەبێتە سەرۆك کۆماری عێراق...لە١٩٦٨/٧/١٧ حزبی بەعس جڵەوی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست، ئەحمەد حەسەن بەکر دەبێتە سەرۆك کۆمار و صدام حوسێن لە ١٩٦٩/١١/١٩ دەبێتە جێگری تا لە١٩٧٩/٦/١٧ دوای بڵاوکردنەوەی پەیامێك لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقیدا بە دەست لەکارکێشانەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر، سەدام حوسێن مەجید جێی دەگرێتەوە.

[١٦٧] - د. سالار باسیرە: تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی بۆ کەسایەتی سەدام حسێن - پێگەی کوردستان پۆست- ٢٠١٢/١٢/١٠

دەیوت: شەڕی ئەم جارە خۆئامادەکردنی سوپا پاڵەوانەکەمانە بەرەو ئیسرائیل.. بەمەیش لایەنگرانی ئیسرائیل کەوتنە مەترسی و دەیانزانی دوور نییە وابکات، تا سوپای ٢٢دەوڵەت لە کەنداو خڕبوونەوە و سوپاکەیان تێکشکاند..ئەمەش دوای وتارێکی جۆرج بۆش هات کە لەسەر ڕووداوەکەی(١١)ی ئەیلول وتی: ئامانجی دووەممان ئەو ڕژێمانەیە بایەخ بە تیرۆریستی دەدەن و هەڕەشەنە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.. پاش ڕووداوی ئەیلول کپ بوونەوە، ئێمە دەزانین ناخی ڕاستەقینە یان پاش ڕووداوی کۆریا و ئێران هاتە سەر عێراق[١٦٨]، کە پاڵپشتی تیرۆر و دژایەتیمان دەکات، غازات و کیمیاوی دژی میللەتی خۆی بەکار دێنێ، پەرە بە چەکی نەوەوی و میکرۆبی دەدات، پشکێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی دەرکرد. ئەوانە (میحوەری شەڕن) هەڕەشە لە ئاشتی جیهان دەکەن، ئەمریکا چی پێویستە دەیکات بۆ پاراستنی میللەتەکەی و دەستەوسان نابین"[١٦٩]

*لە کۆتاییدا دەڵێین:*

ئەوەی مێژووی عێراقی خوێندبێتەوە دەزانێ (سەدام حوسێن)ی دیکتاتۆر چۆن هاتۆتە سەر حوکم؟ لەیەکەم کاری دا چۆن لە دوا دواییەکانی ساڵی ١٩٧٩دا (ئەحمەد حەسەن بەکر)ی لەسەرۆك کۆماری عێراق دوورخستەوە و جێی ئەوی گرتەوە؟ پاشان بەوە نەوەستا توند و تیژیەکانی پەرە پێدا، کاری لەسەر ئەوە دەکرد چۆن بتوانێ

---

[١٦٨] - پۆل برێمەر زۆر ڕاستگۆیانە ئاماژە بەوە دەدات کە بەپێی داخوازییەکانی خۆیان کەسانێکیان کردۆتە بەرپرس و وەکو هەر قوتوبەندییەکی گۆشت یان پاکەتێك شیر ڕۆژی کۆتاییان بۆی دیاریی کردوە کەی ئێکسپایەر دەبن — واتا: کە ڕۆژیان هات لایان دەدەین)

لەسەردەمی سەدام حوسێن ئەو عێراقەی هەتا زلهێەکانی جیهان (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی) بەرژەوەندیان لەگەڵیدا هەبوو، چاوپۆشیان لە هەموو پێشێلکاریەکانی دەکرد و بەهەردوو لایەنی مادی و مەعنەوی پشتیوانیان لێی دەکرد تا ڕادەی هاوکاری ماددی و پڕ چەك کردن بەتایبەت لە شەڕی ئێراق — ئێران کە زیاتر لە ٣ دەوڵەتی دنیا هاوکاریان دەکرد.

[١٦٩] - مشعان حەمەد شێخانی: عێراق و شەڕ و ئەمریکا، چ١، چاپخانەی ئاوات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٧

خەڵکێکی ملکەچی داهێنەر لە زەبروزەنگ و شێوازەکانی شکۆشکێنی بەرهەم بێنیٚ بۆ ئەوەی لەسایکۆلۆژیای بەڕێوەبردنی ولاٚتدا کەسایەتیەکی سایکۆباتی دروست بکات و توندوتیژی بکاتە مەسەلەی هۆگری و شەیدابوون و ئالٚوودەبوون بەقەیران، ئەویش پەنابردنە بەر سیفەتەکانی( دژگۆیی ، خۆسەپاندن، توندوتیژی خوێناوی) بوو.

سەدام حوسێن کەسایەتیەکی (سایکۆبات)ی هەبوو، ئەم جۆرە کەسایەتیانە هەمیشە خۆشی و لەزەت لەئازار پێگەیاندنی ئەوانەی دەوروبەریان دەبینن. قسەڕەوان و خۆشبەڵێن و هەمیشە بەڵێن زۆر دەدەن بەلاٚم جیٚ بەجێی ناکەن. ئەگەر بۆ ماوەییەك هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بکەیت، یاخود لە کەسە نزیکەکانیان پرسیاری مێژوویان بکەیت، دەبینی ژیانیان پڕە لە تێکچوون و لادان، پڕە لە تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتوو، کاری بەدڕەوشتی بەرانبەر بە دەوروبەرەکەی. ئەم کەسانە جگە لەخۆیان کەسی تریان لا گرنگ نییە و هیوایەتیان گەیشتن بەخۆشی و لەزەتەکانی خۆیانە، هەندێکیان ژیانیان بەرەو بەندیخانەکان دەڕوات و لەویٚ کۆتایی بە ژیانیان دێت، کەچی هەندێکیان هەندیٚ جار دەگەنە ڕۆڵی سەرکردایەتی بەهۆی ئەو خۆپەرستی و ئەنانیەتە زۆرەی هەیانە بۆ تەماحەکانیان، هەموو بەربەست و پایە ڕەوشتییەکان دەشکێنن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان و ویژدان و ئایین و ڕەوشت و عورف لای ئەمانە هیچ بایەخێکی نییە، ئەمانە هەمیشە لە خەم و خولیای حەزە دەروونییە نەخۆشەکەیانن و بیٚ ئەوەی هەست بەتاوان و پەشیمان بوونەوە بکەن وەك ئەوەی مرۆڤی ئاسایی هەستی پێدەکات لەکاتی هەر هەڵەیەکدا.

کەسایەتی سایکۆباتی لە ڕووی دەروونی و شیکارییەوە بریتییە لەوەی تاك بەدەست ناسەقامگیری سۆزدارییەوە بناڵێنیٚ بەجۆریٚ ببێتە کەسێکی تووڕە و دەمارگیر و نائارام و میزاجی، جا ئەو کەسانە بە ئەقڵیەتی بێهیوایی و بێبەشبوون لە پەیوەندییەکانیان خۆ دەدۆزنەوە، تەنانەت بۆ گەیشتن بە مەرام و ئاواتەکانیان شێتگیرانە بەرەو ئەو ئاڕاستەیان دەبەن وەکو ئەوەی زوو بڕیار لە سەر سڕینەوەی بەرامبەر دەدەن، ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە و ناتوانن لەڕووی بەرنامەڕێژییەوە لەسەر یەك ریتم درێژە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوانە بدەن کە سوور بزانن ئەو کەسانە سەر بەئەوان نین بۆیە لە ماوەی حوکمڕانیاندا مەیلیان بەرەو لووتبەرزی و

ناو و شۆرەت دەچێ، هەمیشە حەزیان لەناکۆکی و خۆبەدەرخستنە و بەردەوام ترسیان لەدواڕۆژ هەیە و حەز بە ئاشتی و تەوافقی سیاسی ناکەن، هەروەها حەزیان لە شکستی بەرامبەرە تەنانەت ڕووکەشانە بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکەن بەڵام کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ناکەن، ئەوەش بەزەقی لە حوکمڕانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.



" سەدام حوسێن زیاتر لەسی ساڵ دەسەڵاتی گرتە دەست، لەو ماوەیە دەستی کرد بە کوشتن و تۆقاندن و کیمیاباران و ئەنفال و ئەشکەنجەدانی گەلانی عێراق لەفەیلی و بارزانی و لە٢٤/٤/١٩٧٤ شاری قەلادزێی بە فڕۆکەی جەنگی بۆردومان کرد و ٤٥٠٠گوندی وێران کرد..ساڵی١٩٨٠ بڕیاری شەڕی دژ بە ئێران دەرکرد، ئەو جەنگەی(١٩٨٠-١٩٨٨ ) بە دوور و درێژترین جەنگ لە سەدەی بیستەم دادەندرێ و هیچ کام لەلایەنە شەڕکەرەکان لە بەرەکانی جەنگدا دەستیان نەپارست لە بەکارهێنانی سامناکترین



تەکنەلۆژیای جەنگی و سەربازی هەر لە مووشەکی زەمین زەمین، چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و....هتد. جگە لەوەش جەنگی عێراق- ئێران بە زیانبەخشترین جەنگ دەژمێردرێ لە ڕووی زیان و قوربانییە مرۆڤەکانەوە بێت یان زیانە ئابوری و داراییەکانی.. قوربانییەکانی ئەو جەنگە بە زیاتر لە ملیۆنێک کەس مەزەندە دەکرێت..بە بۆچوونی هەندێ لە سەرچاوەکان ئەو جەنگە زیاتر لە ٥٠٠ملیار دۆلار کەوتووە لەسەر هەر دوو وڵاتی شەڕکەری عێراق و ئێران"[١٧٠]

[١٧٠] - د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس: فاکتەری کورد لە جەنگی عێراق – ئێراندا، گۆڤاری شرۆڤە- ژمارە(٢٠)ی پاییزی٢٠١٣، لەبلاوكراوەكانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ل٤٤

دوای هەشت ساڵ شەڕو پێدکدادان، لە ٨/٨/ ١٩٨٨کۆتایی بەو شەڕە هات.. زۆری نەخەیاند سەدام حوسێن شەوی١٦لەسەر١٧ی ١٩٩١/١ شەڕی یەکەمی کەنداوی هەڵگیرساند و سوپاکەی داخیلی خاکی کوێت کرد و ئەمریکا و هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەری و لە (کوێت)یان دەرپەڕاند و شەوی١٩لەسەر٢٠ی/٢٠٠٣/٣ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی شەری دوەمی کەنداویان دەست پیٚ کردەوەو لە ٢٠٠٣/٤/٩ شاری بەغدا کەوتە دەست هاوپەیمانان و ئەو رژێمە کۆتایی هات[١٧١]. سەدام حوسێن دوای چەند دانیشتن و دادگایی کردن رۆژی٢٠٠٦/١١/١٥ بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/١٢/٣١ بڕیارەکەیان جیبەجیٚ کرد و لەسێدارەیاندا.بەمەیش کۆتایی بەو حوکمڕانە و سەرانی ئەو ڕژێمە لەسەرووی هەمووویانەوە (سەدام حوسێن) هات، ئەو سەدامەی دەیوت: ( اذ قال صدام، قال العراق)(ئەوەی سەدام بیڵیٚ، ئێراق وتوویەتی).

کەواتە مەرج نییە پرۆسەی گۆڕان تەنها لە خراپ بەرەو باش بێت..پرۆسەی گۆڕان پێویستی و داواکاری گشت پێکهاتەکانە چ خراپ یان باش تەنها جیاوازی لەوەدایە خراپ پێویستە لابرێ و باش لە شوێنی دابندرێت، باش بەرەو باشتر.

خۆبەزلزانین سەرەکیترین و گەورەترین نەخۆشییە و هەوێنێکە هەموو نەخۆشییەکانی تری بەدوا دێت، شەیتان بەهۆی خۆبەزلزانییەوە بەر قار و غەزەبی خوا کەوت و تووشی سەرگەردانی هات کاتێك فەرمانی پێکرا سوجدەی ڕێز بۆ ئادەم ببات، کەچی ئامادە نەبوو، خۆی زۆر پیٚ لەو گەورەتر بوو: ﴿ قَالَ لَمْ أَكُن لِّأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُۥ مِن صَلْصَـٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴾ الحجر: ٣٣ ﴿***شەیتان لە وەڵامدا وتی: من ئەوەندە (نزم و بچووك) نەبووم کڕنووش بەرم بۆ بەشەرێك کە تۆ دروستت کردووە لە قوڕێکی وشك کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو بووە؟!***﴾[١٧٢] لە ئایەتێکی دیکەدا﴿ قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا

[١٧١] - سەدام حوسێن دوای خۆ حەشاردان و هەڵاتن، شەوی١٣لەسەر١٤/١٢/٢٠٠٣ بەدیل گیرا..عودەی و قوسەی کوڕی لە ٢٠٠٣/٧/٢٢ و مستەفای کوڕی قوسەی بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا لەشاری موسل کوژران..

[١٧٢] - تەفسری ئاسان-جوزئی چواردەهەم- سورەتی (الحجر) —ل ٢٦٤

تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴾ الأعراف: ١٢﴿***خوا فەرمووی: باشە، چی بەرگری کردیت ئەی ئیبلیس کە سوژدە نەبەیت کاتێك فەرمانم پێدایت؟ شەیتان وتی: من لەو چاکترم، (چونکە) تۆ منت لە ئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ دروستکردووە***﴾.

کەواتە خۆ بەگەورەزانین ئەگەر نەخۆشییەکی دەروونیش نەبێت ئەوە تێکچوونی کەسایەتییە کە بەبێ هیچ پێوەرێك ڕازیبوون لەخۆ و خەڵکی پێ کەم بێت.. سروشتی ئەو کەسانە ئەوەیە ڕاستی قبوڵ ناکەن، ڕازی نابن کەس لەوان بەرز و پیاوتربێت، کاتێ قسەیەك ئەوان بیکەن دەبێ ببێتە سەنەد و ڕەت نەکرێتەوە، ئەوان وەك سەرکار و خەڵکەکە ببێتە کۆیلە و بەندە.

بێگومان هەڵسوکەوتی هەڵقولاوی ئەو خۆبەزلزانینە ئەوەیە خۆی لە پێش هەموو کەسێك ببینێ و خۆی لە هەموو کەس پێ باشتربێت، ئەمەش وادەکا تەنها دیکتاتۆر ئاسا خۆی ڕەنگڕێژ بکات و خاوەن ڕەئی قبوڵکراوبێ و سنووری ژێر دەسەلاتی خۆی بە سامی خۆی بشلەقێنێت.

۞ ۞ ۞



# تەمەنی دیکتاتۆرەکان بە شەڕ درێژکراوەتەوە

ئەقڵیەتی دیکتاتۆری وایە هەر کە زانیان گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژیٚ، هیچ دەرچەیەکیان لەبەردەم نەماوە و جەماوەر لێیان پڕە و بەڕوویان دەتەقنەوە، دەکەونە خۆ وەك دەرخستنی پەرۆشییان بۆ بارودۆخەکە، دەپرسن: کوا، لە کویٚ گەندەڵی هەیە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین... جگە لەوەی گوتاری زبری توند و تیژ و هەڕەشە ئامێزەکانیان بە نەرمتر و بە بەرگێکی تر دەگۆڕن کە بە هەر سیناریۆیەك بێت هەوڵدەدەن شەپۆلی توند و تووڕەیی ڕق و کینەی خەڵك دابمرکێننەوە لەکاتێکدا چارەنووسیان تەنها لادان و ڕووخانە بەزەبری هێز و بازوو و کوتەکی خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێش.

لە مێژوودا بەدەگمەن نموونەیەکمان دەست ناکەویٚ، ناهەق لەدەست ڕۆیشتوویی خۆیدا ملی بۆ هەق کەچ کردبێت و دەسەڵات لە زوڵم و جەور و ستەمەوە بووبێتە دەسەڵاتێکی دادگەر.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمویٚ:

(مَن مشى مع الظالم ليقويه و هوَ يعلم انهُ ظالم فقد خرج من الاسلام) ***هەر کەسێك لەگەڵ ستەمکارێکدا بڕوا بە ڕێدا بۆ ئەوەی بەهێزی بکات و بیپارێزیٚ، لەهەمان کات بزانیٚ کە ئەو کەسە زۆردارە، هیچ گومانی تێدا نییە لە ئیسلام دەچێتە دەریٚ***[١٧٣].

---

[١٧٣] - ئەبولئەعلا ئەلمەودودی: یاسای ژیان لە ئیسلامدا، ئا: عەلی خدر بەردەکۆزی – خالد وەلی عەلی، ل٦٦ (ئەم فەرموودە لە (مشكاة االمصابيح) هاتووە (لم تتم دراسته) لەلایەن شێخ ئەلبانیەوە نەکراوە)

فیرعەون بۆ ڕەواییدان بەکوشتنی موسا پێغەمبەر(علیه السلام) و کپکردنی ئەو شۆڕشەی کەپەیامی خوایی بوو.. هەستا بە چەواشەکردنی خەڵك و موسا پێغەمبەری وەکو مەترسییەك بۆ سەر بیروباوەڕ و ئاسایشی خەڵك پیشان دەدات و خۆیشی وەکو خەمخۆری بیر وباوەڕ و ئاسایشی خەڵك دەردەخست[١٧٤]: ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ٢٦﴾ غافر:٢٦- ﴿ فیرعەون خۆی ڕای وابوو دەستی کوشتن بۆ موسا درێژ بکات. بەڵام هەندێك لەوانەی کە لە دەوروپشتیدا بوون ڕایان وابوو کەمێك پشووی درێژتر بکات و پەلە نەکات لە کوشتنیدا. بۆیە دەبینین لێرەدا دەڵێت: لێمگەڕێن و وازم لێ بێنن با موسا بکوژم، جا با بانگی خوداکەی بکات و بێت ڕزگاری بکات لە چنگم!...بەڕاستی من دەترسم ئایینەکەتان لێ بگۆڕێت، یاخود لەناو وڵاتدا ئاشووب و خراپەکاریی بنێتەوە[١٧٥]!! ﴾

لێرەدا بۆ خۆڵ کردنە چاوی کۆمەڵانی خەڵك، قسەیەك دەکات کە لە بنچینەدا هیچ بوونێکی نییە، دەیوت: من تەنها ئەو ڕاو بۆچوونە بەچاك دەزانم و لام پەسندە کە پێمڕاگەیاندن، من ڕێنمایتان ناکەم بۆ هیچ ڕێبازێك تەنها ڕێبازی چاك و دروست نەبێ، کەواتە دەبێ جەماوەر ڕاوبۆچوونەکانی دەسەڵات بەچاك بزانێ و قبوڵی بکات، لە سیفەتەکانی فیرعەون دڕندە بوو، میللەتەکەی پارچە پارچە کرد، تۆوی خراپەی چاند و جیاوازی خستە نێوانیانەوە، دەستەیەکی دەچەوساندەوە و لاوازی دەکرد، منداڵە نێرینەکانی سەردەبڕی، کچان و ئافرەتانی بەزەلیلی دەهێشتەوە.. وەئەگینە ئەو ئاین و بیروباوەڕە کامەیە کە مەترسی گۆڕانی لێ هەیە لەکاتێکدا بۆ ئەو سەردەمە بیروباوەڕی ئەو خەڵکە تەنها فیرعەونپەرستی بووە نەك ئایین و

---

[١٧٤] - وڵاتی نەرویژ بە یەکێك لە پەیڕەوانی سەرسەختی مافی مرۆڤ ناوی دەرکردووە، کەچی بە یەکێك لەو وڵاتانە دادەندرێ کە مین(ئەلغام) و چەك بە وڵاتان دەفرۆشێت و دواتر گوایە پەرۆشی مرۆڤایەتین، قاچ و دەستی دەستکرد بە کەمئەندامانی جیهان دەفرۆشنەوە.

[١٧٥] - تەفسری ئاسان-جوزئی بیست و چوار- ل٤٧٠

**بیروباوەڕێکی دیکە کە ئەوەش بیروباوەڕێکی پڕوپووچ و بۆشە و هەموو شتێك لەدیدگای خۆیەوە دەبینێ و هەر شتێك بەپێچەوانەی ئەوەوە بێت بەمەترسی تێدەگات، مەترسی لەناوچوونی خۆی نەك خەڵکەکە لەکاتێکدا خودی خۆی باوەڕی بەو قسانە نەبووە و بەڵام بۆ مانەوەی خۆی دەیکاتە پەیام و خەڵکەکەی پێ لەخشتە دەبات کە نەزانی و ژێردەستەی خەڵکەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستبۆوە.**

**هەروەها** ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِى فَأَوْقِدْ لِى يَـٰهَـٰمَـٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾﴾ القصص: ٣٨ ﴿***فیرعەون سەرکەشانە وتی: ئەی خەڵکینە من کەسی تر شك نابەم کە شایستە بێت بەوەی خواتان بێت جگە لە خۆم، ئەی هامان تۆ لە گڵ خشتی سوورەوە کراوم بۆ دروست بکە و قەڵایەکی بەرز و پتەوم بۆ بینا بکە بەڵکو پیایدا سەر بکەوم تا خوای موسا ببینم هەرچەندە من بەڕاستی بڕوام وایە کە لە ڕیزی درۆزنەکاندایە...!! لەوەی کە دەعوای دەکات کە خوایەکی تر هەیە ئەو پێغەمبەری ئەو خوایەیە***﴾.

**ئەم بانگەشەیە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەقڵییەتی جەماوەر لە گیرفانی خۆی بنێت و قەدەغەی هەموو ڕەخنە و گازاندەییەك لەو جەماوەرە داماوە بکات و خۆشی دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی زۆر لەوە گەورەترە خەڵك ڕەخنەی لێ بگرێت.. لای دیکتاتۆر پێوەری مادده نەگۆڕە و بوونی کۆشك و تەلار و خشڵ و زێڕ دەبێتە پێوەر تا نەیارەکانی بەسووك و بچووك نیشانی جەماوەر بدات و قەناعتیان پێ بێنێ بەوەی هیچیان لەدەست نایەت بۆیە گەلەکۆمەکیان لێ دەکات و خەڵکیان لەدژ کۆ دەکاتەوە. هەروەها خۆبەستنەوە بەهەموو یاسا و ڕێساییەکی کۆن و دژایەتیکردنی هەموو تازەگەرایی و گۆڕانکارییەك، هەمیشە داهێنان لەسەرکوتکردن یەکێکە لەو هۆکارانەی دژ بە هەموو جموجۆڵێکی چاکسازی لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆرەکانەوە بەکار دەهێنرێت.**

﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾ ﴿***جا ئەوانەی هەر ڕق ئەستووریان کرد و باوەڕیان پێی نەبوو، بە زۆرداری و خۆبەزلزانی،***

*لە کاتێکدا لە ناخی دەروونیانەوە هەستیان دەکرد هەقیقەتە و ڕاستە، دە تەماشا بکە و سەرنج بدە بزانە سەرەنجامی تاوانبار و گوناهکاران چۆن بوو( چۆن تۆڵەمان لێ سەندن*[١٧٦]﴾.

کەواتە فیرعەون لەدڵەوە قەناعەتی بە موعجیزەکانی موسا(علیه السلام) هەبووە بەلأم بەهۆی ستەم و خۆبەزلزانینەوە دانی پیێ نەدەنا، لەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە باوەڕی بە موعجیزەکانی موسا(علیه السلام) هەبووە و باوەڕی بە پڕوپووچی بیروباوەڕەکەی خۆی نەبووە بەلأم گۆڕانی ئەو بیروباوەڕەی بە بەرژەوەندی خۆی نەزانیوە و بۆ خۆدزینەوە لەو بابەتە باسی بەرپابوونی ئاژاوە لەسەر زەوی دەکات لەکاتێکدا خۆی سەرچاوەی ئاژاوە بووە لەسەر زەویدا.

ئیمپریالیزم و داگیرکەران ئەگەر فشاریان لەسەر نەبووبێت، هەرگیز بەخۆشی و ئاشتیانە خاکی داگیرکراوی ولأتانیان نەگەڕاندۆتەوە.. ئەگەر دیالۆگ هونەری گەیشتن بەڕاستیەکان بێت بەپێچەوانەی یاساکانی دارستان کە دیالۆگ dialogue لەوێ دا تەنها لێکمڕاندن و پەلاماردانە، لێکمڕاندن و توند و تیژی بالأ دەستە کە تیایدا بەهێزەکان پەلاماری بێ هێزەکان دەدەن و کێ بەهێز بێت ئەوە براوەیە... هەرگیز دیالۆگ لەنێوان دڕندە و نێچیر نەبۆتە مایەی ڕزگاربوون مەگەر بەو جۆرەی دڕندەکە دیاری دەکات دیالۆگ لەسەر چی بکات؟ ئەوە نیشاندانی ڕەشبینی نییەو واقعێکە پێمان دەڵێ: قەت گومان مەبە دیالۆگ لەگەڵ ئاگر و ئاسن بکرێت.. هەڵبەتە دیالۆگی زانستی ئامادەباشی و نیەت پاکی یە بۆ چارەسەری کێشەکان، چونکە مەرج نیە هەردوولا لەسەر هەق بن وەکو **ئیمامی شافعی دەفەرموێ: (بۆی هەیە ئەو ڕایەی من بەڕاستی دەزانم هەڵەبێ، ڕەنگە ڕای بەرامبەریشم کە من پێم هەڵەیە ڕاست دەرچێ).**

هەندێ جار وا دێتە پێش ڕەنگە هیچ لایەکیان لەسەر هەق نەبن بەلأم ئەوە دیالۆگەو سەرەداوەکان دەدۆزێتەوە تا لەیەك نزیك ببنەوە، بەلأم ئەوەی زمانی دیالۆگ نەزانێت، نازانێ دیالۆگ بکات، ئەوانەی لە زمانی دیالۆگ نازانن، دیالۆگ بەهەنجەتی

[١٧٦] - تەفسری ئاسان-جوزئی نۆزدەهەم- سورەتی (النمل) —ل٣٧٨

بەخۆبەدەستەوەدان یان کاتکوشتن بۆ خۆ بەهێزکردن دەزانن، ئیمامی عەلی وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (دیالۆگم لەگەڵ هەر زانایەك کردبێت سەرکەوتوو بوومە، لەگەڵ نەزانیش هەر تێکەوتوومە).

دەسەڵاتی دیکتاتۆری و کڕکەوتن لەسەر کورسی دەسەڵات، جگە لە گەوجاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵێك کۆیلە و بەسووك سەیرکردنی ڕەعیە و ئەندامانی، هیچ بەرووبوومێکی نەبووە، فەرموو هەموو لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەوە بزانە ئایندەی چ دیکتاتۆرێك جوان نووسراوەتەوە؟

چارلس داگول دەڵێت: **بۆ ئەوەی ببیتە سەرۆك، دەبێ وەك خزمەتکار سیاسەت بکەیت.**

ئەو سەرۆکەی لەژێر ئەقڵی سیاسییەکان ڕەگی داکوتاوە[177]، وادەکات ڕازی نەبن کورسییەکەیان جێ بێڵن نەوەکو بچنە ڕێزی ڕەعیەتەوە کە دەسەڵاتەکان لەیەك جیادەکاتەوە لە کاتێکدا دەسەڵات لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و چەمکی هاولاتیبوونی بە بالاَ دەکات و بۆشایەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵك ئەوەندە سەخت و دژوار نییە بە تاوان لەقەڵەم بدرێت.

سیاسییە هەڵپەرستەکان هەوڵدەدەن بەرنامەڕێژیی دیدگای خۆیان بەجۆرێ ڕەسم بکەن کە ڕۆڵی فەلسەفە و حیکمەت ببینن کە بێجگە لەخۆیان و حزبەکەیان، هیچ کەس و لایەنێك بەکەڵکی دەسەڵات نایەت.

پێگەیاندنی زانیاری ناتەندروست و چەپڵەلێدان و بەشان و باڵ هەڵگوتنی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەکار و کردەوە نەشیاوەکانی کەسی سەرکردە وای لێدەکات لەخۆی بگۆڕێت و خۆی لێ ببێتە خواوەند وەك فیرعەون دەیوت: (انا ربکم الاعلی)

[177] - ئەوانەی هەمیشە هۆتاف بە شان و شەوکەتی لێدەدەن و چەپڵەڕێزان و گوڵبارانی دەکەن کە هیچ جێگرەوەیەکی نییە بۆ هیچ شتێك و دەبێ ببێتە سومبول و ڕەمزی نەمریی و مەرجەعیەت، تاوانبارن، برەو بە تاوانەکانیان دەدەن بێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بڵێن: نەخێر تۆ نابێ هەموو شتبی یان ئەو قسەیەت وا نییە.

.لەو سۆنگەوە دەبێ هەمووان بە ئیستاعید و بەڵێ و دەست لەسەر سینگ ئەمرەكەی بەزیادەوە جێبەجێ بكەن.

ئەوەی لەناو لانكی خیانەت پەروەردە كرابێت تا دەگاتە ناو دوا لانكی مەرگ، خیانەتكردن دەبێتە پیشەی هەمیشەیی كە تەواوی سەروەت و سامانی میللەت بۆ بەرزنیشاندنی كەسایەتی دارماوی خۆی خەرج بكات و دەیەها كەناڵی ڕاگەیاندن[178] بۆ جوان پیشاندانی كارە بێزراوەكان و بەپیرۆز زانینی خۆی بكاتەوە كە كوشت و بڕ و فەرمانی خوێنڕشتنی بۆ بەڕەوا بكەن و بیكەنە ئەفسانە، ئەوانە بەجۆرێ نقوومی تاوان و سەرگەردانی دەكەن كە كەسە نزیكەكانیشی نەوێرن ڕەخنەی لێ بگرن و لەپاش ملە باسی بكەن.

سەركردە بچووكەكان گەورەیی خۆیان لەوە دەبینن زۆرترین چەپڵەیان بۆ لێ بدرێت و زۆرترین كەس لەدەوریان كۆبێتەوە..ئەوانە درەنگ و زوو مۆمی تەمەنیان دەكوژێتەوە، چونكە دەرچوون لە قاوغ و چوارچێوەكانی سروشتی ژیان و مرۆڤایەتی، خولیای خۆبەگەورەزانین(خود مەزنێتی)یان دەكەوێتە كەلكەلە تا خۆیان بەخواوەند بزانن با بەئاشكرایش ئیعلانی نەكەن، بەتایبەت ئەو دەمانەی كەڕنەڤاڵ و فستیڤاڵ و كۆبوونەوەی گەورەیان بۆ ساز دەدرێ و زوڕناژەن و شایەرەكان بەشیعر و نووسین و گوزارشتی هونەرەوە مەدالیای هێندەی دیكە گەورەكردن بەشان و باڵی هەڵدەدەن و هەڵدەواسن.

پێغەمبەران(سەلامی خوایان لەسەربێ) سەرەڕای ڕاست و دروست و ڕەوانی پەیامەكانیان، ئینجا كەسانێك تا دوا هەناسە لێیان چوونەتە سەنگەری دژایەتی، نەك تەنها بەرەنگاربوونەوە و تەواو، بەڵكو بۆ ناشیرینكردنی ڕووی جوانی ئەو پەیامە بێ خڵت و خاڵ و بێگەردە، بۆ ئەوەی ڕاستیەكان لەبەین ببەن، چەواشەكارانە دەیەها ناو و ناتۆرەی نابەجێیان دەرهەق هەڵبەستوون وەك (شێت – جادووگەر– شاعیر–

---

[178] - ڕاگەیاندن سێرەی تفەنگی دەست حزبەكانە، چۆن ئاڕاستەیان بكەن، فشەكی قسەكانیان بەو ئاڕاستەیە دەڕۆن، هەرگیز ڕاگەیاندنێك لە دنیا نادۆزییەوە دژ بە ستراتیژ و سیاسەتی حزبەكەی كار بكات..

یاخی بوو لە خوداوەندەکان و ...هتد). پەندێکی لاتینی هەیە دەڵێت: "*بۆ ئەوەی ئاشتی سەربکەوێت، دەبێ خۆت بۆ شەڕ ئامادە بکەیت*" ...ڕەنگدانەوەی ئەو پەندە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوەی لەیەکێك بەگومانبێ گومان وایلێداکات لە بڕ و بیانووی ناتەندروست بگەڕێت..جا کەسێك..گروپێك... حزبێك ئیتقانی بە پێشڤەچوون و گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەبێت هەمیشە هەوڵدەدات ڕێگە لەو پرۆژە مەعریفی و بیرکردنەوە ڕیفۆرمگەرایانە بگرێت کەلەلایەن هزری گۆڕانخوازان و بیری تازە و مۆدێرن بە حەماسەوە دێنە پێش تا لە بەستێنەکانی بیری سیاسی و پەروەردە و کارگێڕی دا پیادەی بکەن.

لەوەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی تاق و لۆقی لێدەرچێ، سەرتۆپی پادشا و دەسترۆیشتوان پەیامیان ئەوەبووە نابێ کەس سەرپێچی فەرمانیان بکات، بەپێچەوانەوە بەهەڵگەڕاوە و فەوزەوی[١٧٩] و یاخی بوو دەدرێنە قەڵەم بەمەیش تووشی سزادان و نانبڕین و ڕاوەدوونان و بەندکردن دێن.

" (چارلسی یەکەم) ستەمێکی زۆری لە ئینگلیزەکانی نەتەوەی خۆی کرد، هەموو مافەکانی ئەوانی خستبووە ژێر پێیەوە . بەڵام (کرۆموێل) بەناوی نەتەوەی ئینگلیزەوە لێی ڕاست بووەوە لەشکرەکەی شکاند، پاشانیش چارلس خۆی کوشت.

[١٧٩] - ساڵی١٩١٩ لەهەمبەر دەربڕینی نارەزایی دژ بە پەیمانی ڤێرسایەڵ کە یابان یەکێك بوو لەو وڵاتانەی لەو پەیمانە سوودمەند بوو، لەنۆژەندا سێ هەزار خوێندکاری چینی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و خوێندکارانی پەکین بڕیاریاندا ڕێڕەوەی خۆپیشاندانەکەیان بەئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی چین ببەن و کاتێك لە مەیدانی تیانەمان کەوتنە ڕێ، هەر زوو پۆلیس ئەو ڕێگەیەی گرت، بەمەیش ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکەیان بەرەو ماڵی وەزیری دەرەوە گۆڕی، کاتێك گەیشتنە بەردەم خانووەکەی ئەو وەزیرە، دیتیان پۆلیس چواردەورەی خانووەکەیان ئابلوقەداوە و خانووەکە بەربەست کراوە بەکۆمەڵێك تەختە تا ڕێ لە هاتنە ناوەوەی خۆپیشاندەران بگرێت، یەك لە خوێندکارەکان بەناوی(کوان هوشینگ) لەنێو ڕیزی گردبوونەوەکە دوای شکاندنی یەك لە پەنجەرەکان خۆی گەیاندە ناو خانووەکە ، ئەوانی دیکەیشی بەدوادا هات و ئاگریان لەخانووەکە بەردا، لەوە ڕووداوەدا (کوان) بە فەوزەوی و تێکدەر ناسرا، گوایە ئەمە سەرەتای فەوزەویەتە لە جیهاندا.

نەتەوەی ئینگلیزیش لە پاداشتی ئەوەدا ئەوی کرد بە (سەرۆك کۆمار)ی خۆی تا فەرمانداریی بەسەردا بکات. هەروەها ئەو جۆرە شۆڕشەیش بە کارێکی دیموکراتیانە دادەنرێ، چونکە نەتەوە، فەرمانداری خراپی لەسەر خۆی لابرد و، فەرمانداری چاکی لەجێ دانا فەرمانداریی بەسەردا بکات"[١٨٠]

فەرمانڕەواکان لە لووتبەرزی و غرور و خۆپەرستی خۆیاندا هەرگیز نەیانویستووە لە بیری ئازادی تێبگەن و بزانن ڕەهەندەکانی ئازادی چی یە؟ هەمیشە دووپشك ئاسا بیریان کردۆتەوە[١٨١]؟ (ژان ژاك ڕۆسۆ) دەڵێت: وازهێنان لە ئازادی وازهێنانە لە ژیان. هەروەها دەڵێت: هەر یاسایەك ڕۆحی ئازادی تێدا نەبێت دەبێ بگۆڕدرێ.



[١٨٠] - شاکر فەتاح: ئاهەنگی ڕۆشنبیران، ل٢٩

[١٨١] - سروشتی دوو پشك وایە کاتێك تووڕە دەبێت هەرچی بێتە پێشی، کلکی بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە کە چزووەکەی وەك دەرزیەك وایە و کیسەیەك ژەهری تێدایە، پێوەی دەدات. دووپشك ژیانی کۆمەڵایەتی نازانێ چییە، بۆیە هەر یەکەیان بە تەنیا و بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەژێت و زۆر ڕقیان لەیەك دەبێتەوە، بەکڵۆجێ ئەگەر دوو دووپشك تووشی یەك ببن، واز لەیەك ناهێنن تا یەکێکیان ئەویتر دەکوژێت و کرداری بەیەکگەیشتن لەنێو دووپشکەکان لەسەرەتای مانگی( ٦)ەوە دەبێت، تیایدا نێر و مێیەکان لەشوێنی خۆیان دێنە دەرەوە بەمەبەستی جووتبوون..دووپشکە مێیەکان هێلکەکانیان لەسەر پشتی خۆیان دادەنێن تا دەتروکێن کە تاوەکو دوو هەفتە لەژێر سەرپەشتی دایکیاندا دەمێننەوە، ئینجا دایکیان لەناو دەبەن.

" ئەوانەی پێیان وابوو ئازادی سوود و بەهرە و چێژ نییە تا هەوڵی بۆ بدەن بەڵکو شتێکی بێ بەهایە و هیچ خێر و بێرێکی وای نییە کە لەبیابانێکی وشك و برینگدا هەڵدەقولێ، ئازادی ڕادەربڕین بریتییە لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکان لەڕێگای قسە یاخود نووسین یان کاری هونەری، بەبێ بەربەستی چاودێر یاخود کۆتی حکومەت، بەو مەرجەی ناوەڕۆکی بیروبۆچوونە دەربڕاوەکە و چۆنییەتی ئەنجامدانی، پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتیەکان نەبێت"[182]

" ئازادی سنووردارە و مەرج نییە تەنیا یاسا چوارچێوەڕێژی بۆ بکات، بەڵکو پێویستە لە ویژدانی هەموو ئەو کەسانە سەرچاوە بگرێت کە چاکە و خراپە لێکدەدەنەوە و لەپێناو خۆشگوزەرانی و ئاسوگەشی کۆمەڵگا هەوڵ دەدەن"[183]

لە ئیسلامدا چەندین ئایەت هەیە ئاماژە بە ئازادیەکانی مرۆڤ دەدات، بۆ نموونە خوای پەروەردگار لە سورەتی (البقرة) ئایەتی(٢٥٦) دەفەرموێ: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ واتە:***بەهیچ جۆرێك زۆرکردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامدا (دینداریی بە زۆر نابێ بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا)***.. ***کەواتە زۆر کردن لە ئاین نییە.*** ﴿ وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمۡ سُرَادِقُهَاۚ وَإِن يَسۡتَغِيثُواْ يُغَاثُواْ بِمَآءٖ كَٱلۡمُهۡلِ يَشۡوِي ٱلۡوُجُوهَۚ بِئۡسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتۡ مُرۡتَفَقًا ﴿٢٩﴾ ﴾***(پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوە، جا ئەوەی دەیەوێ با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دەدات و دیواری بڵێسەی ئابلۆقەی داون، خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازار و تینویەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەك خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان***

---

[182] - شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی: سەرەتاکانی ئازادی-چ١-چاپخانەی پاداشت-٢٠١٠،ل٣٦

[183] - ئاکۆ عەبدوڵلا: ئازادی ڕا دەربڕین وەك پێویستییەکی کۆمەلایەتی – گۆڤاری (تاو)- ژمارە(٤٥) ئاداری ٢٠١٣ - ل٢٣-٢٤

*هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەند جێگە و ڕێگەیەکی پڕ لە ئازارە*[١٨٤]﴿.

چاوچنۆك و قین لەدلانی بیری ئازادی، بۆ ئەو ئازادییە دەڵێن: ( ئەگەر ئێوە بەئازادی لەدایك بوون، ئەوە نابێ بە ئازادی بژیێن) ئەوەش مانای ئەوەیە ئاشنایەتییەکی توند و تۆڵ و تۆکمەی قووڵیان لەگەڵ ئەقڵ نەبووە تاوەکو پشت بە یاسا و ڕێساییەکی ژیربێژ (مەنتیق)ی ئەوتۆ ببەستن کە لەڕووی پەیبردن و باوەڕبوونەوە وابیرنەکەنەوە چونکە پێیان وایەخاوەنی توانا و ویست و خواست و دەسەلاتێکی زەبەلاحن دەبێ بڕیارەکان لەژێر ڕکێف و قەڵەمڕەوی ئەوانەوە دەربچێت و هەموو شتێك لاستیك ئاسا بەئارەزووی ئەوان هەڵکێش و داکێشی پێ بکرێت و کەسێك لە پرەنسیپ و دیسپلینە تەسکەکەیان هەڵگەڕێتەوە چارەنووسی ڕیسوا بوون و کۆتایی هێنانیەتی بەژیان، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەقڵیان بەشتەکان شکاوە بەڵام خۆیان لەخەتی گێلی داوە و خەڵکەکەیان کردووەتە ماشە تا دەستیان بۆ نێو تەندووری ئاگر نەسووتێ کە لەچوارچێوەی داب و نەریتێکدا گوزەر دەکەن دەبێ هەمووان شتەکان بەسەقامگیر ببینن و سەربەخۆ نەبن چۆن بیر دەکەنەوە و نابێ هیچ شتێك لەلایان ببێتە مایەی گومان و لێکۆڵینەوە و سەنگەر لێگرتن.

لە گرنگترین بنەماکانی دیکتاتۆری:

## ✐ یەکەم: ڕاگەیاندن

میدیا –ڕاگەیاندن– وەك کلاوەی ئەتۆمی وایە، دەکرێ وێرانکەربێ و دەکرێ لەبواری زانست و تەکنەلۆجیا و خزمەتگوزاریدا پەرەی پێ بدرێت..بەواتادەتوانێ گەلێك بەلاڕێ ببات و تووشی کارەساتی بکات، وە بە پێچەوانەوە گەلێك بەرەو لوتکەی پێشکەوتن ببات.

یەك لەو بنەمایانەیە بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت و دەوترێ: ڕاگەیاندن گورگی دەسەلاتە، دەسەلات بەجۆرێ ڕایهێناوە چۆنی بوێ و چۆن حەز بکات بە گژ ئەم و ئەوی دادێنێ.

---

[١٨٤] - تەفسری ئاسان-جوزئی پانزەهەم- ل٢٩٧

لە ڕاگەیاندن دەبێ ڕێ و شوێن و ئەتەکێت و پرەنسیپی تایبەت بەپیادەکردنی پیشەکە پیادە بکرێت، پەنا بردنە بەر هەندێ شت بۆ خۆڵ لەچاوکردنی خەڵك بۆ پڕفرۆشی و پڕ بینەر و گوێگر هەرگیز ئەوە هەواڵ نییە باس لە شێرێك بکەیت کە ئاسکێکی بەستەزمانی ڕاو کردووە و لەسەر گۆشتەکەی دەلەوەڕێ لەکاتێکدا دەگونجێ باس لەشێرێك بکەیت کە ڕووەکخۆرە و کەچی ئاسکێکی ڕاوکردووە و گۆشتەکەی دەخوات.

میدیا تەنها گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی نییە، بەڵکو ڕاگەیاندنی ئازاد ئەوەیە بوێر و ئازاو ئازاد بێت لە هەڵوێست وەرگرتن و دروستکردن و هاندان و سازدانی هەڵوێستی شەقام (ڕای گشتی خەڵك)، بەپێچەوانەوە تەرەفدارە بە لایەنێك، کەواتە بەرنامە و ستراتیژ و بیرکردنەوە و ئامانجێك پەیڕەو دەکات، جا بیرکردنەوەییەکی ئایدۆلۆژی حزبی بێت (وەك ئینتیما) یان فەلسەفە و بیرکردنەوە و دنیابینی خۆی کردبێتە پرەنسیپی کارکردنەکەی، هەرچەندە جیهانی پەیوەندییەکان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەتەواوی جێگەی بە دەزگا زل و زەبەلاحەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە جیهانییەکان لەق کردووە، بەجۆرێ ئەگەر ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەم بێت ئەوە شۆڕشی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت بووەتە دەسەڵاتی پێنجەم و هەر ئینتەرنێتیش بووە داینەمۆی بەگەڕخستنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی[185]


.

---

[185] - چەخماخەی بەهاری عەرەبی لە تونس گڵپەی سەند و بۆ وڵاتانی تر پەڕییەوە کاتێك لە ٢٠١١/١/٤ گەنجێکی ٢٧ساڵانە لەشاری سیدی بوعەزیزی وڵاتی تونس خۆی سوتاند. خۆسوتانی (محەمەد بوعەزیز)ی زانکۆی سەوزەفرۆش، یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕینی جەماوەری لە تونس خۆش کرد و بەکەمتر لە مانگێك

زۆرجار بەهۆی لاوازیی و بێ کاریگەریی ڕاگەیاندنی حزبی لەمەڕ شێواندنی گەندەڵی و ڕاستییەکان، ڕاگەیاندنی پەنای دیوار دروست دەکەن و پەنا دەبەنە بەر میدیای سێبەر کە ئامانج لێی چەواشەکردنی ڕاستییەکان و ناڕاستەوخۆ دژایەتیکردنی هەر جەمسەرێکە کاتێ ڕووبەڕووی بوەستێ جا لەسەر ئاستی تاکە کەس یا باڵێکی نێو خودی حزبەکە خۆییەوە بێت کە زۆر جار بەپێی ئەجێنداکانی دەرەکی کارەکانیان بەڕێوە دەبەن.

(عەبدوڵلا ئۆجەلان)ی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (P K K) دەڵێت: ئەگەر چەند پەڕتووکێك بۆ کۆمەڵ بنووسی و لەسەر هونەریش چەند شتێك بڵێی، بەڵام بۆ چارەنووسی گەلێك نەتوانی ڕۆڵی سەرەکی ببینی و نەتوانی وەك تۆڵستوی، گۆرکی، هۆگۆ و سارتەر و ڕۆشنبیرانی دیکە ڕۆڵ ببینی، وەك ئەوان نەتوانی کار بکەی، ئەوا ناتوانی ببی بە ڕۆشنبیری گەلێك، ئەگەر دەخوازی وەکو ئەوان بیت، سەیری ئەوانە بکە کە چییان بۆ میللەتەکەیان کردووە، ئێوەش وا بکەن[186].

کەچی ئەوە نووسەرە جانەوەرەکانن تەمەنی دیکتاتۆرەکان لەسەر کورسی حوکم درێژ دەکەنەوە، دەیانخەنە سەر چاویان و جۆلانەیان بۆ لەبەهەشت هەڵدەبەستن.

" دیکتاتۆرەکان هەمیشە لەپێناو خواست و خزمەتی مەرامەکانیان، میدیا بەکاردەهێنن و ئیمپراتۆرییەتێکیان لە کەناڵی ڕاگەیاندن وەك (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار و دەیەها گرووپی پڕوپاگەندە و چەواشەکارو لوتی و شایەر و بەهەزاران کەس لە کۆلکە ڕۆشنبیر و قەڵەمفرۆش) بەگەڕ خستووە و لەسامان و

---

توانیان ئاتاجی ئەو دەسەڵاتە بڕوخێنن کە بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ کۆمەڵگەی تونسی بەمێگەل کردبوو، دەستی بەسەر ئازادیەکان گرتبوو، لە بێئاگایی ئەو دەسەڵاتەدا خۆیان ببوونە باند و بازرگانیان لەسەر حیسابی وڵاتەکەیان دەکرد و لەنێو ناز و نیعمەتە نەبڕاوەکان دەتلانەوە، کەچی لەتەکدا ئەوانەی زانکۆشیان تەواو دەکرد، سەوزەفرۆشتنیان لەسەر عارەبانە پێ ڕەوا نەدەبیندرا وەك چۆن ئیمپڕاتۆرەکانی ڕۆم خۆیان بەسەرکردە و خوا دەزانی، دەبوو مرۆڤەکان لەئاقاریاندا کڕنۆش ببەن بەڵام ئاکام بەر شەقی زەمانە کەوتن و کەوتنە زبڵدانی مێژوو.

[١٨٦] - ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە شۆڕشی نەتەوەیدا- محەمەد شێخی/ وتە بەنرخەکانی ڕێبەر ئاپۆ-٢٠٠٩

داهاتی خەڵکە چەوساوە و ستەمدیدەکەدا، بودجەیەکی زەبەلاحیان تەرخان کردووە لەپێناو گەوجاندن و بەلاڕێبردنی ڕووی ڕاستییەکان بەرامبەر ڕای گشتی و بەگژداچوونەوەی نەیاران و ناوزڕاندنیان بە بەخشینەوەی تۆمەت بە نۆکەری بێگانە و ..هتد و تۆمەتبارکردنیان لەرێگەی دادگا"[187]

ئەمەش جۆرێکە لە پیادەکردنی سیاسەتی شۆفێنی.. زۆربەی مێژوونووسان و کۆمەڵناسان وای دەبینن سیستەمی فاشیستی دوای لەناوچوون و نەمانی مۆسۆلینی گەورە رابەری فاشییەکان، کۆتایی بە فاشیست نەهاتووە بەڵکو وەکو ئافاتێك ڕەگ و ڕیشەی لەکۆمەڵگاکان داکوتاوە و ئەو بەرنامەیە بووەتە هەوێن و هاودەم و هاوڕێی ژمارەییەکی زۆری سەرکردەکانی جیهان.

زاراوەی فاشیزم لە وشەی ( fascimo– فاشیسمۆ) هاتووە، لە ڕۆمانی کۆندا کۆمەڵە دارێکی بەیەکەوە بەستراو لەگەڵ تەورێك کە ئاماژەبوو بۆ (هێز) لەلایەن ئەوانەوە هەڵدەگیرا کە لە ڕیزەکانی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ بوون، وەلێ لەڕووی چەمکەوە لەنێو ساڵانی١٩٢٢هەتا١٩٤٣ لە وڵاتی ئیتاڵیا وەك مێژووی سیستەمێکی حوکمڕانی لەلایەن مۆسۆلینی[188] پێشەوایەتی دەکرا و ڕێبازە



فاشییەکەی لەساڵی١٩٣٢ لە ئینسکلۆپیدیای بنەما

[187] - سیامەند شاکر:هانی هانی داگیرکەران و جەللادە خۆماڵیەکان- وتار، ئینتەرنێت

[188] - بنیتۆ مۆسۆلینی لەماوەی بیست ساڵ گەیشتە ترۆپکی دەسەلات و ئەوەی بۆی کرا لەپێناو مانەوە و برەودان بەرێبازە دیکتاتۆرییەکەی، ئەنجامیدا و لەو ڕوانگەوە هەموو هەوڵەکانی تاقی کردەوە، وەلێ لە ماوەییەکی کەم وکورت بووە پەندی زەمانە و چووە زبڵدانی ڕۆحە دیکتاتۆرەکانی هاوچەرخ.. پێش ئەوەی

ببێتە سەرۆك وەزیران، ڕۆژنامەنووسێکی زیرەك و وتەبێژێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، باوەڕێکی بەتینی بەبیری فاشیزم هەبوو، هەمیشە خەونی بە ئیمپراتۆری گەورەی ئیتاڵیاوە دەبینی ، بەردەوام دەیوت: کاتێك بەهێز دەبین کە هیچ دۆستێکمان نەبێت.. لەو ڕوانگەوە لە هیتلەر چووە پێش و خۆی لێ نزیك کردەوە، بووە دۆست و هاوڕێیەکی نزیکی هیتلەر کە بیروباوەڕ و بۆچوونیان زۆر لەیەك نزیك بوو...لەساڵی١٩٢٥ بووە سەرۆك وەزیران و لەساڵی١٩٢٦ حکومەتی فاشیستی ڕاگەیاند، لەو قۆناغەوە تا بەر بەشەڕی ناوخۆیی بگرێت بەجددی کەوتە بەربەرێکانیکردنی ئۆپۆزسیۆن و نەیاران و ڕۆژنامەنووسانی ئازاد و بەهۆی پۆلیسی نهێنییەوە دژبەرانی لەناو دەبرد و سیاسەتی سەرکوتکاری پەیڕەو دەکرد... جەنگی جیهانی دووەم ئیتاڵیای بەرەو داڕوخانی ئابووری و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری و نالەباری ڕەوشی ئاسایش برد، لەم ئان و ساتە خۆرسکانە مێژووی ڕابردووی ئیتاڵیا وەك ئیمپراتۆرییەتێکی مەزن بووە وێردی سەر زوبان و خەون و خولیاو خۆزگەی خەڵکەکە، ئەوەش بۆ مۆسۆلینی بووە دەرفەتێکی گونجاو تاوەکو ئەو بارودۆخە بقۆزێتەوە...مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە هیتلەر بۆ سەرفسوونی و راییکردنی کارەکانی ، حکومەتەکەی مۆسۆلینی کردبووە سەرچاوە بۆ خۆی، بەتایبەت دامەزراندنی پۆلیسی نهێنی و ساڵی١٩٣٦ یەکێتییەکی توند و تۆڵ و تۆکمەیان پێکەوە گرێداو لە ساڵی١٩٤٠ بەهاوبەشی بۆ داگیرکردنی جیهان هێرشیان بۆ سەر وڵاتان دەست پێ کرد ئەگەرچی لەمەڕ ئەو بیرۆکەوە لەناوەوەی ئیتاڵیا وەکو پێویست پشتیوانی لێ نەکرا بەتایبەت کاتێك لەگرتنی یۆنان سەرکەوتوو نەبوو، ئەو شکستە وایکرد ساڵی ١٩٤٣ پادشای دەرکراوی ئیتاڵی (ویکتۆر ئیمانۆئێل) تۆڵەی خۆی لە مۆسۆلینی بکاتەوە و فەرمانی دەسبەسەرکردنی دەربکات، مۆسۆلینیان دەستبەسەر کرد بەڵام هیتلەر بە فریای کەوت و توانیان لە هێرشێکی ئاسمانیدا ڕزگاری بکەن، کە هیتلەر داوای لێ کرد بۆ دەسەڵات بگەڕێتەوە، ئەو دەمە ئەڵمانیا بەشێکی خاکی ئیتاڵیای داگیر کردبوو، سەرەتا بەو داوایە ڕازی نەبوو، ڕەتی کردەوە بۆ دەسەڵاتەکەی بگەڕێتەوە، کاتێکیش بۆ دەسەڵاتەکەی گەڕایەوە تەنها فەرمانەکانی هیتلەری جێ بەجێ دەکرد، دوای شکستی ئەڵمانیا ساڵی١٩٤٥ مۆسۆلینی و دڵبەرەکەی ویستیان ئیتاڵیا بەرەو شوێنێکی نادیار بەجێ بێڵن، لەلایەن خەڵکەکەوە دەستگیرکران و لەو ڕۆژەدا هەردوکیان لەلایەن پارتیزانەکانەوە کوژران و لاشەکانیان لەناو شاری (میلان) هەڵواسی و خستیانە بەر دیدە و چاوی خەڵك.. **بڕوانە کتێبی: وەستانێك لەبەردەم مێژووی دیکتاتۆرەکان- مۆسۆلینی بە نموونە، ئامادەکردنی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی، چ١، هەولێر، چاپەمەنی هیوا،٢٠٠٨، ل٩٨**

گشتییەکانی فاشیزمی ڕاگەیاند، هەندێك لەو بنەماو ڕێسایانە لەسەری دامەزرابوو، بریتی بوون لە:

*__سیستەمی تاك حزبی:__ بەکردار و بە وتە ڕەفزی هەر حزبێکی دیکە دەکات کە دەبێ یەك حزب فەرمانداری ولآت بێت، واتا: باوەڕیان بە فرەحزبی نییە و بە ڕەهایی ڕەتیدەکەنەوە، (فیدل کاسترۆ)ی سەرۆکی پێشووی کوبا لە دیمانەییەکیدا لە پرسیارێ سەبارەت بەڕێگە نەدان تا حزبی تر مومارەسەی کاری سیاسی لەو ولآتە بکەن، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەڵێت: بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان، پێویستیمان بەیەك بڕیارە نەك چەند بڕیارێك، لەوەشدا نابێ لەم حزبە بترازێ هیچ حزبێکی تر بڕیار لە چارەنووسی ئەم ولآتە بدات.

*__دژایەتیکردنی لیبرالیزم__[189]: چونکە دەیانزانی لیبرالیزم سەربەستی و ئازادی تاکەکەس دەپارێزێ و پارێزگاری لێ دەکات.

*__بڕوای تەواو و قووڵ بە پەرستنی ڕێبەر و پێشەوا و سەرکردەکان:__ بەپیرۆز زانینیان و ملکەچبوون بۆ هەر فەرمانێك بیدەن بەبێ ڕەتکردنەوە و وتەکانیان مەرجەعیەتە دەبێ هەمووان پێیەوە پابەندبن وەك ڕێباز و بەرنامە و واجبێکی ئەخلاقی ئەو حزبە.

*__تۆتالیتاری بوونی دەوڵەت:__ تۆتالیتاریی لە وشەی totusلاتینی وەرگیراوە بە مانای —هەموو—یان— تێکرا— یان—گشتی— دێت و ئەو ڕژێمانە دەگرێتەوە کە دەستیان بە سەر تەواوی سێکتەرەکانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و دادگاکان و....هتد گرتووە.

*__بەسووك سەیرکردنی ژێر دەستەکەی:__ لەوەدا کلتوورێك لەو گەورە بوونەیاندا پەیڕەو دەکەن چونکە چواردەورەیان هەموو پاسەوانە، تەنانەت لەپارەو پوول لەهیچیان کەم نییە و دەستڕۆیشتوون بۆ هەر فەرمانێك و وادەزانن هەموو شتێکن، بۆیە خۆیان بەو باڵدار و تەیرە ماقووڵە دەچوێنن گوایە هەتا بەرز بێتەوە گەورەتر

---

[189] - لیبرالیزم لە وشەی (لیبێر)ی لاتینییەوە هاتووە واتا: ئازاد..بیروبۆچوونی لیبرالەکان ئەوەیە کە سەربەستی ڕامیاریی بۆ هەر تاکێك لە کۆمەڵگا پێویست و گرنگە و دەبێ ئازادبێت.

دەبێت و ئەوانەی خوارەوەشیان بەبچووکی دێتە بەرچاو، ئەوانە لەگوێس گا نووستوون، بێ ئاگان، نازانن ئەوانەی خوارەوە ئەمان بەبچووکی دەبینن.

### دووەم: ڕاوێژکاران

خاڵێکی تر بۆ ئۆباڵی ئەو حاڵەتە دەکەوێتە ئەستۆی ڕاوێژکار و کەسە نزیکەکانی کە وەکو قۆنتەرات لەلایدا موزایەدە بە گیانی ئەم و ئەوەوە دەکەن و زوڕنا بۆ ڕوخساری جوانی سەرۆکەکەیان دەژەنن و ئەوەی ڕاستییە خۆی لەقەرە نادەن و خۆی لێ دەبوورن.. تەنانەت بۆ دڵڕازیکردن و پارووی چەوری خۆیان بەجۆرێ بەشان و باڵی سەرۆکەکەیان هەڵدەدەن، کاتێك دەچنە ژێر کڵێشەیەوە پێیدەڵێن: گەورەم جەنابتان کەسێکی دیبلۆماسی و سەرکردەیەکی دیاری سیاسی و سەربازین، ڕاگرتنی ئەم مەملەکەتە و بەرقەرابوونی ئەمن و ئاسایش بەئێوەوە بەندە، ئەگەر ئێوە نەبن بەکەسی تر ڕاناگیرێ بۆیە هەمووان چاویان لەدەست و دەمی ئێوە.. ئێوە نابێ ئەوەندە دەربکەون، واباشە لە دوورەوەی ئەو بازنەدا سەرپەرشتی ئیش و کارەکان بکەن و هەقتان بەسەر هیچەوە نەبێ، ڕاپەڕاندنی کارەکان بە ئێمە بسپێرن.

بەو دوورەپەرێزیەی لەو دابڕان و هەڵچنینی دیواری پۆڵاینی نێوان خۆی و خەڵك، هەر ئەو سیستەم و ناوەندەیە وادەکات کۆسپ لەبەردەم بووژانەوەی هێز و هونەرەکانی تاکە کەسی بڕسکێ و ئاگای لەهەموو شتێك نەبێت، ئەوەتانێ کە دەپرسێ: بارودۆخی سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی لە چی دایە؟ ئیش و کارەکان چۆن بەڕێوە دەچن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەدرۆ و دەسەڵە تێیدەگەیەنن دەڵێن: خەڵك لەسایەی سەرکردایەتی ئێوەدا بەئازادی دەژێن ، وەزعی خەڵك زۆر باشە و بارودۆخی حیزب کۆنترۆڵە و لە هەڵبژاردنیشدا بردنەوەمان مسۆگەرە.

پێشەوای موسڵمانان (ئەبوبەکری سدیق ﷺ) دوای وەفاتی پێغەمبەر کە بووە یەکەم جێنیشین بۆ سەرکردایەتیکردنی دەوڵەتی ئیسلام، یەك لە سەحابەکانی کردە ڕاوێژکاری خۆی و لە تەنیشت خۆییەوە داینا، پێی وت: من بۆیە تۆم لای خۆم داناوە وەك ڕاوێژکار هیچم لێت ناوێ دەمەوێ تەنها ئەوەندە بۆ من بکەی کە لە هەر ئیش و کارێکدا هەڵەم کرد، یەخەم بگری و ڕێم لێ بگری.

ئەوەیە لوتکەی خاکساری و بەرپرسیاریەتی، پێویستە ئەو وتانە بە ئاوی زێڕ بنووسرێنەوە[190].

لەنێو بنەماڵەدا، پیاو هەیە مشووری ماڵەوە دەخوا و ئەرکەکانی سەرشانی لەڕووی بژێوییەوە دابین دەکات و بەمنەت بەسەر ماڵ و منداڵی دەفرۆشێتەوە پێی وایە مادام پەیداکەری پارە و پوولە و لەدەرەوە شەکەت و کەنفتە و ئەوانیش تەمبەڵ و حازرخۆرن، نابێ قسەییەك ئەو بیکات ڕەتبکرێتەوە، دەبێ گەورە و بچووك پابەندی فەرمانەکانی بن ئەگەر فەرمانەکەی خراپ و چەوت و چەوێڵیش بێت.

هەر چەندە پیاو بەپلەی یەك مشورگێڕی ماڵەوەییە، پێویستە هاودەستی و هاودەنگی و تەبایی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگایەکی بچووکدا کە خێزانە ڕەنگڕێژ بکات، ئەوەش بەو مانایە نییە پیاو وەك سەرداری خێزان بە ڕەخنە و پێشنیاز هەڵبچێ و وەکو فیشەکە شێتە بەڕوویاندا بتەقێتەوە کە تەنها قسەی خۆی بسەلمێنێ و گوێ لە قسەی کەسیان نەگرێ. (کانت) دەڵێ: "ئەقڵ ناتوانێت بێ ڕەخنە هیچ دیاردەیەك جێ بهێڵێت" یانی تەحەکومکردنی ئەقڵ، جا لەبەر ڕۆشنایی دین و ئەقڵ

---

[190] - ئەفلاتون دەڵێت: "ئەگەر لە ئاسمان ئازادیی بباریێت، کۆیلەکان چەتری بۆ هەڵدەدەن". لەپرۆسەی هەڵبژاردندا مرۆڤی وا هەیە بۆ بوون بە ئەندام پەرلەمان دەرگا نامێنێ لێی نەدات و بەڵێن نامێنێ بەم و بەوی نەدات، کەچی دوای دەرچوون، بەلاف و گزافەوە ڕەفتار دەکات، بەکڵۆجێ ئەوانەی بەردەوام لەگەڵیدا لەسەر خەت بوون ئەوجا ئامادە نییە گوێ لەوانەیش بگرێ و تەنها بۆ تاقە جارێ ستایش و سوپاسیان بکات، هەمان شت بۆ بابای ئەو سەرۆکەی تا دەستی خۆی دەبینێت ئامادەیە بەشداری دەیان کۆبوونەوە و سیمینار و ۆرك شۆپ بکات و بەدەیان دروشمی بریقەدار بکاتە هەوێنی خەونی گرەوەکانی.. کاتێکیش سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، دەکەوێتە خۆ و جومگەکانی دەسەڵاتەکەی بەهێز دەکات و بەداردەستەکەی هەموو شێوازێکی توند و تیژی و تۆقاندن تاقیدەکاتەوە بۆ ئەوەی کورسی دەسەڵات لەدەست نەدات و هەمیشە لەڕووی کەسی و سیاسییەوە حەزی لە شکستپێهێنانی کەسانی ترەو بەجۆرێ زمانیان دەگەڕێ خەڵکانێکی ساویلکەیان خستۆتە سەر کەڵکەڵەی باوەڕهێنان بەڕەوایی، وەك چۆن بە گومانەوە خەڵك بکوژی؟بەگوێی بچرپێنی و پێی بڵێی: ئەوە گوللەبارانت دەکەم، ئەگەر بێتاوان بووی ئەوە دەچیتە بەهەشت، خۆ ئەگەر تاوانباریش بوویت، ئەوە دەچیە دۆزەخ.

ئەو ئاڕاستەییە کە مرۆڤەکان بەرەو گۆڕانکاری دەبات کە ئەنجامەکەی دەبێتە مایەی خۆشبەختی بۆ پێکەوە ژیان و خۆشبەختی پێچەوانەی ناخۆشی و دیکتاتۆرییەتە.

### سێیەم: دووڕوویی

ئەوانەی بانگەشەی بڕوابوون بەدیموکراتییەت دەکەن و کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ناکەن، دوو ڕوون، قسە و کرداریان وەك یەك نییە.. هەندێ جار لە حوکمڕانیدا بە "دەوڵەت و حکومەتی مونافیق" ناوزەد دەکرێ، مونافیقێك پڕ بە پێستی ئەو فەرموودەی پێشەوای مرۆڤایەتی کە دەفەرموێ: "نیشانەی دووڕوو سێ شتن: کاتێك دەستی کرد بەقسەکردن درۆ دەکات، کە بەڵێنیدا نایباتە سەر، کە کرا بە ئەمیندار خیانەت دەکات"[191].

ئەمانەت بریتییە لەهەر شتێك کە مرۆڤ بەسەریەوە بکرێتە بەرپرسیار(ئەمیندار). جا پەیوەندی بە فەرمانێکەوە یان بە قەدەغەکراوێکەوە هەبێت کە پەیوەست بێت بە کاروباری دین و ژین[192].

" پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿لاَ يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ حُجْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ﴾[193]واتە: { بڕوادار لە یەك کونەوە دووجار ناگەزرێ }. ئەم فەرموودەیە دروشمێکە هانمان دەدا و ئومێدمان پێ دەبەخشێ هۆشیارو چالاك و چاپووك بین، ساویلکە نەبین بەچەند قسەییەکی جوان و خۆش و بریقەداری دەغەڵکاران ئەوانەی سەری زمانیان شتێکە و بنی زمانیان شتێکی ترە، بەتەڵەکەبازیان بخەڵەتێین لەخشتەمان ببەن و فریومان بدەن"[194]

دووڕوویی بەرپرسان ئەوەیە لە ڕێی کۆبوونەوە و سیمینار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن

[191] – عن ابي هريرة(رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ)قال: أية المنافق ثلاث: اذا حدث كذب واذا وعد أخلف و اذا اتمن خان) رواه البخاري رقم٣٣

[192]– الامانة:كل ما يؤتمن عليه المرء/ كم أمر أو نهى فى شؤون الدين و الدنيا– المعجم الوسيط.

[193] – أخرجه البخاري في صحيحه.

[194] - نەهرۆ عەلی تاڵەبانی: مونافیقەکان کێن؟ لەبەر رۆشنایی قورئان و سوننەتدا، چ١ ، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٢، ل١٨

قسە دەکەن و جێ بەجێی ناکەن (درۆ بە بەڵێنەکانیان دەکەن)[١٩٥] و بەڵێن دەدەن کاری گەورە ئەنجام بدەن، مافی خەڵك پێشێڵ نەکەن، دەست بەرداری دەسەڵات بن و چاکسازی بکەن کەچی بەڵێنەکانیان نابەنە سەر.. کاتێك ئەمانەتێکیان لەبەر دەستە وەك نەسریە، میزانیە، کەچی بە ڕۆژی ڕووناك ماڵی میللەت دەدزن.

" ئەگەر بڕوانینە مێژوو، سەرپێیی بڕوانینە بەسەرهات و سەرگوزشتەی باوەڕداران دەبینین هاوەڵان و پیاوچاکان تا دواکاتەکانی تەمەنیان هیچ ئان و ساتێ لەخۆ دڵنیا نەبوونە ئیمانەکەیان نیفاقی تێ نەکەتبێ و تووشی گومان نەهاتبن، ئەوەتە ئیمامی عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەربێ) تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد، هەر کاتێ تووشی حوزەیفەی کوڕی یەمان بوایە، ڕووی تێ دەکرد بەوەی ئاخۆ دەبێ ناوی ئەویش لە لیستی مونافیقاندا نەبووبێت؟ ئەو ئیمامەی سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر هەر لەدونیا مژدەی چوونە بەهەشتی پێدا، کەچی هێشتا ترساوە و لەخۆی دڵنیانەبووە. ( حەسەنی بەصری)(ڕەحمەتی خوای لێبێ) وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: {ما خافه إلا مؤمن ولا أمنه إلا منافق} اجرجه البخاري.واتە: (ئەوانەی دەترسن تەنها بڕوادارانن، ئەوانەیشی لەخۆیان ئەمینن تەنها مونافیقانن)"[١٩٦]

## چوارەم: نەبوونی وشیاری تاك

لەگەڵ نەبوونی وشیاری تاك و ڕۆشنبیرییەکی بوێر و خاڵیبوون لە هۆشیاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ...هتد ئەمانی کردە دیکتاتۆر کە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکەیان، کۆمەڵگاکەیان بکەنە مێگەل و چۆن ئارەزوویان لێی بوو

[١٩٥] - یەکێك لە فەرموودەناس و کۆکەرەوەکان چوونە لای کابرایەك تا فەرموودەی پێغەمبەری لیچوە گوێبیست بێ ، وتیان: ئەمەیە. کابرایەکە لچکێکی پەڕۆکەی بەهەردوو دەستی گرتبوو، ئەسپەکەی بەڕەڵا ببوو، دەیوت: کوڕش کوڕش کوڕش.. تا ئەسپەکە لێی نزیك بۆوە، یەکسەر ئەسپەکەی گرتەوە. وتیان: فەرموودەت لەبەرە؟! وتی: بەڵێ. وتیان: فەرموودەکان لە تۆ وەرناگرین چونکە درۆت لەگەڵ ئەم ئەسپە کرد، چۆن موسڵمان درۆ دەکات؟!

[١٩٦] - نەهرۆ عەلی تاڵەبانی: مونافیقەکان کێن؟لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا، ل٧-٨

ئاوا بەلاڕێدا بیانبەن و پێگەی خۆیانی پێ قایم بکەن و پۆستەکان بە سەر کەسە نزیك و دڵسۆزەکانیان دابەش بکەن و وڵاتەکەیان بدۆشن.

مستەفا عەلی ڕەزا ناسراو بە (کەمال ئەتاتورك)، لەدایکبووی ساڵی ١٨٨١ز شاری سلانیکا بوو، باوکی فەرمانبەر بووە لە گومرگ.. مستەفا هێشتا منداڵ بوو باوکی وەفات دەکا و دایکی ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنیان لەئەستۆ دەگرێ..کاتێکیش گەورە دەبێ و پەیوەندی بە قوتابخانەی سلانیکی سەربازییەوە دەکات، بەهۆی زیرەکییەوە مامۆستای بیرکاری نازناوی (کەمال)ی پێ دەدات.. ئەوەبوو کۆلێژی جەنگی لە ١٨٩٩/٣/١٣ لە ئەستانبوڵ تەواو کرد و لەو کاتەوە تێکەڵ بەجیهانی سیاسەت دەبێت.

لەو کاتەی بەشێکی زۆری وڵاتی تورکیا لەلایەن وڵاتانی (بەریتانیا و فەڕەنساو یۆنان و ئیتاڵیا) داگیر کرابوو. تاکە پیاو تاڕادەییەك بەدەست و بازووی خۆی هەموو شتێك بگۆڕێ، مستەفا کەمال ئەو ئەفسەرە سەربازییە ڕێلێگیراوەی نێو سوپا بوو، توانی گروپەکان لەژێر یەك تاکە دروشمی"تورك" کۆ بکاتەوە و جۆش و خرۆشی وەبەر تورکەکان خستەوە بۆ ئەوەی دژی هاوپەیمانان بجەنگن و کولتوور و سەربەخۆیی وڵات بپارێزن.

مستەفا کەمال[١٩٧] لە نۆڤێمبەری١٩١٨ دا گوتبووی: "دەبێ نەتەوە گیانێکی بەهێز، زانیاریی، زانست و مۆرالی هەبێت، هێزی سەربازی لەدواییدا دێ"... ئەمڕۆ هەر ئەوەندە بەس نییە کە چەکت لەنێو لەپی دەستدابێ بۆ ئەوەی وەك ئادەمیزادێك جێگەی یەکێکی دیکە لەم جیهانە بگریتەوە[١٩٨]

ئەوەبوو لە ناوچەییەك دەستی بە شۆڕش کرد کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، مستەفا کەمال سەرۆك هۆز و سەرکردە ناودارەکانی کوردی بانگهێشت کرد

---

[١٩٧] - مستەفا کەمال بۆ ماوەی پانزە ساڵ سەرۆکی تورکیا بوو.

[١٩٨] - هیسەر لێهر واگنەر: کوردستان لەنێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکان ، وەرگێرانی شەفیقی حاجی خدر، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٣، ل١٧

بۆ كۆنگرەی ئەرزە ڕوم لە (٢٣ی ئابی١٩١٩) هەروەها بۆ كۆنگرەی سیواس (٤تا١١ی ئەیلول١٩١٩) لەم كۆنگرانە بەڵێنی بە كورد دا ماف سەربەخۆییان پێ بدات[199] دەیوت: "توركیا نیشتمانی تورك و كوردە". ئەوە بوو كورد بەهەموو هێزەكانییەوە لایەنگری هێزەكانی مستەفا كەمالیان كردو سەركردایيەتی هێزەكانیان خستە بەردەست مستەفا كەمال تاوەكو بتوانێ وڵاتی توركیا لە هێزەكانی بێگانە پاك بكاتەوە، دوای ئەوەی كوردەكان بە هانای مستەفا كەماڵەوە هاتن ئەویش ئەوەی دووپاتی دەكردەوە:" من بەڵێن بە گەلی كورد دەدەم حوكمی زاتی بۆ كورد بچەسپێنم زیاتر لەو ڕووبەرەی لە پەیمانی سیڤەردا بڕیاریان لەسەر دابوو" هەر بۆیە كوردەكان بەرگری زۆریان لە یەكییەتی خاكی توركیا كرد، بەڵام مستەفا كەمال لە هەموو بەڵێنەكانی كە بە كوردی دابوو پاشگەز بۆوە[200]
ئەوە بووە سەرەتایەك بۆ لەبەرچاوگرتنی بیری ناسیۆنالیستی[201] ئەو سەركردە كە جگە لە تورك، حیساب بۆ هیچ نەتەوەیەكی تر نەكات، لەكاتێكدا:
ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەكی سیاسی- مێژوویی دەكرێت دوو مانا یان دوو ناوەڕۆكی لێك جیاواز و پێك ناكۆكی هەبێت كە لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی دەركەوتنیدا و لەگەڵ ئامانجەكانیدا دیاری دەكرێن: لەلایەكەوە دەشێت

---

[199] - تەلار عەلی ئەمین: سیاسەتی كەمالی لە بزافی ڕزگاری خوازی گەلی كورد لە باكوری كوردستان(١٩١٨-١٩٣٨)، ماستەرنامەی زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی ئاداب، هەولێر،٢٠٠٠، ل٦٥

[200] - بەشیر حوسێن سەعدی: پەیام لە مێژووی نەتەوەی كورد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٧، ل٩٣

[201] - ناسیۆنالیزم، بەمانا گشتیەكەی دیاردەیەكی سروشتی و ئاساییە، مرۆڤ هەر لە كۆنەوە ویستویەتی و دەیەوێت لەگەڵ ئەو كەسانەدا تێكەڵاوی و پەیوەندی هاوبەشی هەبێت كە لە زمانیان تێدەگات و هەست دەكات كەلتوورێكی هاوبەش و مێژوویەكی هاوبەش و كۆمەڵە ئامانجێكی هاوبەشیان لەگەڵ دایە. لە هەمان كات لە كەسان و خەڵكی بیانی كە سەر بە كەلتوورێكی جیاوازبوون خۆی بەدوور گرتووە، تەنانەت زۆر جار بۆ وەرگرتنی هەر بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاییەك سەروەری گەل و نەتەوە لەبەرچاو دەگرێت، ئەوەتا ماوتسی تۆنگ دەڵێت: ئێمە بۆیە ماركسێتی پەسند دەكەین كە كەسایەتی نەتەوەی چین سەروەر بكات..

ناسیۆنالیزمی هاوتای ئازادی و یەکسانی و هەقخوازی بێت. ئەمەش ئەو کاتانەیە کە نەتەوەییەکی ژێردەست لەدژی ستەم و داگیرکردن و لەپێناو ئازادیدا خەبات دەکات. هەمدیس لەلایەکی ترەوە دەشێ ناسیۆنالیزم مانای شۆڤێنیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت کاتێك نەتەوەییەکی سەردەست یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بەداگیرکردن، یان چەوساندنەوەی کەمە نەتەوەیی، یان بۆ پەلاماردانی نەتەوەی دراوسێ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەکاربێنێت.

لەڕوانگەی سیاسیەوە چەمکی ناسیۆنالیزم بەم شێوەیە گوزارشتی لێکراوە( بریتییە لە خواستی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆ بەتەنیا، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر لە ئارادابێت)[٢٠٢].

هەڵبەتە پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت بەو هێزانەی هەیانە بە ئاسانی دەتوانن هەموو بزاوت و جموجۆڵێکی کورد سەرکوت بکەن، هەر ڕۆژەو بیانوویەکیان بە کورد دەگرت، هەرچی کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی هەبوو هەموویان هەڵوەشاندەوە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردیان قەدەغە کرد و بە ئاشکرا بە کوردیان وت: تاکە ڕێگا بیگرنە بەر، ئەوەیە واز لە زمانی باو و باپیرانی خۆتان بهێنن و ڕازیبن بە ڕەگەزی تورك بژمێردرێن[٢٠٣]

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تەنها بە هەمووارکردنەوە و داڕشتنی یاسای مەدەنی و عەلمانی نایەتەدی، ئەگەر زەمینەییەکی گونجاو بۆ کولتووری مرۆڤایەتی نەڕەخسێ کە تیایدا تاك ببێتە خاوەنی ڕاو بیروبۆچوونی خۆی و چەمکی تاکبوون لەناو کۆمەڵگەدا ڕێزی لێ نەگیرێت.

---

[٢٠٢] - سەروەر حەمە ئەحمەد: ناسیۆنالیزم و کەلتووری کورد -٢٠١١

[٢٠٣] - محەمەد ڕەسول هاوار: کورد و باکوری کوردستان لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە هەتا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، چ٢، ب٢، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤٧

کاتێك کۆمەڵگە هەنگاوی بەرەو گۆڕانکارینا و لەولاوە بەناوی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەوە کار بۆ پەکخستنی کرا، ئەوا مرۆڤ تووشی بەدگومان و دوودڵی و وەستان دەکات.

لە ئاکامی سەرکەوتنی هێزە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بە ڕابەرایەتی مستەفا کەمال...پەیمانی لۆزان جێی پەیمانی سیڤەری[٢٠٤] گرتەوە. مستەفا کەمال سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆمارە نوێیەکە، وادەبینی کە کۆتایی هاتنی سوڵتان کۆتایی هاتنی خەلافەتە و هەموو شوێنەواری عوسمانیی سڕییەوە و دەستی بەبینا کردنەوەی دەوڵەت کرد، کۆمەڵگەییەکی ڕۆژئاوایی دەگەڵ پێگەیاندنی هاولاتی و ماف پێکەوە کارکردنی ژنان وەك پیاوان بۆ دروستکردنی تورکیاییەکی پێشکەوتنخواز پێکهێنا.

ڕیفۆرمەکانی دراماتیکیانە و بەرفراوان بوو.. پۆشینی فێسی سەر کە شەپقەییەکی نەریتیانەی تورك بوو، قەدەغەی کرد. ساڵنامەی کریستیانی لەجێی ساڵنامەی کۆچیی ئیسلامی دانا، ئەو ساڵنامەی لەسەر بنەمای کریستیانی داندراوە و مێژووش بەبەراوردی پێش و پاش کۆچی دوایی مەسیح پێوانە دەکا، هەروەها پێوانەی کاتیش بە بیست و چوار کاتژمێری ئەو کاتبەندییە ڕۆژژمێرییەی  کە لە ئەوروپایە پەیڕەو دەکرا، گۆڕی. ڕێگای ئەوەشیدا موسڵمانەکان ژن و ژنخوازی لەگەڵ غەیرە موسڵمان بکەن، هەموو کەسێکی هەراشیش (سەرووی هەژدە ساڵی) ماف گۆڕینی ئایینی پێدرا ئەگەر بخوازێ. ئیدی تورکیا بە سێکۆلاری پێناسە دەکرا، نەوەك بە حکومەتێکی دینیی. ئەلفبای نوێش هاتە پێش کە لەسەر بنەمای لاتینی( وەك زمانەکانی ڕۆژئاوا) دانرا کە نەوەك هەر جێگەی پیتەکانی عەرەبی گرتەوە بەڵکو نووسینی بە ئەلفبای عەرەبی قەدەغە کرد[٢٠٥].

---

[٢٠٤] - مەبەستی پەیمانی سیڤەر ئەوەبوو کە هەموو هەژموونێکی دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانی کە لەسەر ئیمپراتۆریەتەکەیدا مابۆوە، وردوخاش بکات، بەلام مەرجەکانی پەیمانەکە ئەوەبوو خودی تورکیاش لەنێو ببات.

[٢٠٥] - هیسەر لێهر واگنەر: کوردستان لەنێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکان، ل١١٤-١١٥

مستەفا کەمال بەرپرسبوو لە سەرکەوتنەکانی تورکیا دژ بە هاوپەیمانان و توانیبووی هاوپشتییەکیش لە زۆر دەستە و کۆمەڵە لەیەکجیاوازەکان پێکبێنێ بۆ ئەوەی تورکیا لەفەوتان و لەناوچوون بپارێزێ. سوڵتانیش لەسەرێکی دیکەوە خوازیاربوو لەگەڵ هاوپەیمانەکان بکەوێتە دانووستاندن تا تەختی خۆی بپارێزێت، مایەی تێبینییە کە نوێنەرەکەی سوڵتان بۆ کۆنفرانسی لۆزان هەمان نوێنەر بوو کە دوو ساڵ پێشتر بە پەیمانی سیڤەر و مەرجە قورسەکانی قایل بوو. کاتێك کار گەیشتە سەر ئەوەی دەبێ تەنها نێردەیەك بۆ دانوستاندن لەگەڵ هاوپەیمانەکان هەڵبژێردرێ، زۆربەیان بایاندایەوە سەر مستەفا کەمال و نێردەکەی ئەویان هەڵبژارد، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانیەوە بوو.

هەروەها ئەنجوومەنی نیشتیمانی تورکیا لەسەر پێداگیری مستەفا کەمال، پرسەکەیان لە ١ی نۆڤێمبەری١٩٢٢ خستە دەنگدان و ئەنجومەنەکە قانوونناوەی بەفەرمیبوونی جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت لەو وڵاتە تێپەڕاند. ئیدی دەبوو سوڵتان تەنها وەك خەلیفە تەماشا بکرێ، لە سۆنگەی قانوونە نوێیەکەدا، خەلافەت و سەڵتەنەت( سوڵتانێتی) بەفەرمی لەیەك جیاکرانەوە و ئەوسا سوڵتانێتیش هەڵوەشێنرایەوە.

سوڵتانی ئەوێ دەمێ، موحەمەدی شەشەم بوو کە دوا سوڵتانی تورکیا بوو، لە ڕیزبەندی سوڵتانەکانی عوسمانیدا سی و شەشەمینیان بوو کە دەسەڵاتی دینی و دنیایی تورکیایان بۆ ماوەی شەش سەدە لەدەستدابوو، ئیدی پێی گوترا کەلوپەلەکانی خۆی کۆبکاتەوە و کۆشکەکە جێبێڵێ.. لەژێر پارێزگاری بەریتانیدا، لە ئەستەمبۆل باریکرد و پسمامەکەی بەناوی عەبدولمەجید کرایە خەلیفە. تەخت و تاجی ئەویش کەمتر لە دوو ساڵی خایاند، ئیدی دەسەڵاتەکەی ئەویش بەدەردی سوڵتان ڕۆیشت و بەهەمان شێوەی سوڵتانێتی، خەلافەتیش لەساڵی ١٩٢٤ز هەڵوەشێندرایەوە[٢٠٦].

---

[٢٠٦] - هیسەر لێهر واگنەر: کوردستان لەنێوان سیڤەر و سنووره دەستکردەکان، وەرگێرانی شەفیقی حاجی خدر، ل١١٦-١١٧

## ✍ پێنجەم: نەخۆشی دەروونی

هۆگربوون بە کورسی حوکم، جگە لەوەی نەخۆشییەکی دەروونییە، دڵنەخۆشانی متووی کورسی حوکم ئامادەن قوربانی بەهەموو شتێك بدەن و شەڕی هەموو دونیا بکەن تەنها پێچکەی کورسییەکەیان لەنگ و لەق و شلۆق نەبێت.. سەدام هەموو دنیا نێوەندگیریان کرد تاوەکو دەست بەرداری دەسەلأت ببیّ.. ڕوسیا بە فەرمی ئامادەیی خۆی نیشاندا دالّدەی بدات و ماف پەنابەرێتی پیّ بدات، کەچی پەتای نەخۆشی دەروونی وایلێکرد ئامادەنەبوو واز لە کورسی حوکم بێنیّ کە سەرەنجام سەری لەپێناو دانا. نموونەیەکی ڕۆشن بۆ ئەو بەستێنە:

دەگێڕنەوە گەنجێك هەموو ڕۆژیّ بەبەردەم دوکانێکی گۆزەفرۆش گوزەری دەکرد، دەیبینی گۆزەکانی کابرا زۆر بەجوانی یەك لەسەر یەك داندراوە، هەرچی جاریّ بە بەردەمی تێدەپەڕی ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا و لەدەروونەوە بەخۆی دەوت: ئاااای چەند خۆشە ئێستا بەردێك لەو گۆزەیەی بنەوە بگرم و بیشکێنم ببینم چۆن گۆزەکانی سەرەوە دەشکێن و دەکەونە سەر خوارەوە، کەچی لەلایەکەوە لەترسی دوکاندارەکە نەیدەوێرا بەردەکە بهاویّ، بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیوت: ئەوا گۆزەکانم شکاند و ڕامکرد، ئەگەر کابرای گۆزەفرۆش کەوتە دوام و گرتمی خۆ ڕێك دەمکوژیّ یان ڕەنگە بەقوربانی مردنم بکات، ئەی باشە ئەگەر ڕامکرد و نەیگرتم بەلأم ناسیمییەوە چووە لای باوکم، ئەوە باوکە بەستەزمانەکەم بەچی پارەی ئەو هەموو گوزەییەی بۆ بژمێریّ و بیداتیّ، دیسان ئەوەش زوڵمێکە لەباوکمی دەکەم.

گەنجەکە بەو مەراقەوە ڕۆژانی بەڕیّ دەکرد بیّ ئەوەی بتوانیّ دەست بۆ یەك بەرد درێژ بکات و لەگۆزەی گۆزەفرۆشەکەی بدات، هەر پشی خوارەوە، لەناخەوە دەکوڵاو خەفەتی دەخوارد، بەمەیش کەس نەیدەزانی جۆری نەخۆشییەکەی چییە؟! تا لەلای دکتۆرێکی دەروونناس کە پرسیاری لێکرد و ئەویش مەسەلەی گۆزەکەی بۆ

گێڕایەوە، دکتۆرەکە زیرەکانە بانگی باوکی کرد و بەدزییەوە حارومەسەلەی گۆزەکەی بۆ باس کرد، دوای ئەوەی باوکی دەیباتەوە ماڵ، گوایە ئاگای لەهیچ نییە، بە هەڵپەیەکەوە پێی دەڵێ: کوڕی خۆم بۆ ناچی بەردێك دەست بدەیتێ و ڕێك لەو گۆزەی بنەوەی ئەو گۆزەفرۆشەی بدەی بەڕاستی شتێکی زۆر خۆشە، من  کە منداڵ بووم زۆرم حەز لەو یارییە دەکرد شتێك ببینم لەسەریەك ڕیزکرابێت و بچم بەبەردێك هەمووی بەربدەمەوە.

کوڕەکەی بەسەرسوڕمانەوە  وتی: ئاخر باوکە....

باوکی وەڵامی دایەوە: ئاخر و ماخری پێناوێ دەزانم دەڵێی چی؟ ئەگەر مەبەستت پارەیە، خەمی پارەت نەبێ بەس تۆ ئازابە و بەردێك لەو گۆزەی بنەوەی ئەو گۆزەفرۆشە بدە تا ئەوەکانی تریش بشکێی، من ئاوهام لێت دەوێ، ئەگەر ئاشکراش بووی ئەوە دیسان خەمی پارەت نەبێ من پارەکەت بۆ دەدەم.

باوکی کوڕەکە دوای ئەو قسانە بەپەلە خۆی گەیاندە لای گۆزەفرۆشەکە و پێیوت: کوڕەکەم شتێکی وا دەکات خەمی پارەت نەبێ پارەی هەموو ئەو گۆزانەت دەدەمێ کە دەیشکێنێ، بەڵام دەبێ تا ئەو کوڕەم بەهیچ نەزانێ، بەقەستی هاواری بەسەردا بکە و نەختێ بکەوە دوای.

ئەوجا گەڕایەوە ماڵ و لەدەرفەتێکدا بەکوڕەکەی وت: دەی کوڕی خۆم، دەی دەمەوێ هەر ئێستا بچی بەردێکم  بۆ لە گۆزەکانی ئەو کابرایە بدەی.

ئەویش بەو قسانە دڵخۆش بوو، بەدزییەوە چوو بەردێکی لە یەك لەگۆزەکاندا و چەند گۆزەییەکی بەدوای خۆیدا شکاند و ڕایکرد... خاوەن دوکانەکەیش بەدەم هاوارکردنەوە دەیوت: کوڕە ڕاوەستە، هەڵنێی، ڕاوەستە بۆم...کوڕەکە بەهەناسە بڕکێوە چووەوە ماڵ و بەدەم هەڵکێشانی ئاهێکی قووڵەوە وتی: ئۆخەی ئێستا مورتاح بووم.

ئەگەر نەختێ بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە وە بەدیاریکراوی بۆ سەردەمی هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو ئەو ململانێیەی لەنێوانیاندا هەبوو، هەر یەکەیان لەهەر شوێنێ کێشەییەك هەبوایە بۆ نفوزی خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدا، کەچی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا دەستی بەسەر هەموو کایەکانی جیهان

گرتووە و کێشەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن و دەستوەردان وەك گەورەترین زلهێزی دنیا بە هەر بیانوویەکەوەبێ، هەر وڵاتێك دژ بە بەرژەوەندییەکانی بجووڵێتەوە، سیناریۆی بۆ دادەڕێژێ و بێهێزی دەکات و سەرەنجام داگیری دەکات.

۞ ۞ ۞

# بەشی پێنجەم

❑کێن ئەوانەی گۆڕان بەرپا دەکەن؟!

❑ ئەو خاڵە جەوهەریانە چین کە ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕن؟!

# کێن ئەوانەی گۆڕان بەرپا دەکەن؟

گۆڕان لە ڕووی بەناهەق جەور و ستەمکردن و مافخورانی خەڵك، یەکێکە لەو مێژووە دوورو درێژەی لە بەرەبەیانی مێژوەوە بوونی هەبووەو هەر دەمێنێ، جا بۆ دەرچوون لەو بازنە و گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادییەکان دەبێ ئامرازی لەمەڕ بەکاربێت و دەستگرتن بەو ئامرازە تەنها سەرهەڵدانی شۆڕش و گۆڕانە، شۆڕش گۆڕینی واقیعێکە بە واقیعێکی تەواو جیاواز جا ئەو شۆڕشە ڕۆشنبیریبێ یا کۆمەلایەتی یا کشتوکاڵی و پیشەسازی[207] و سیاسی و زانستی و ئایدۆلۆژی و ...هتد.

[207] - شۆڕشی پیشەسازی گواستنەوەی قۆناغی کشتوکاڵی بوو بۆ قۆناغێکی تازە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە ڕوویدا، گۆرانکارییەکان تەنها بواری بەرهەمهێنانی لەخۆ نەگرتبوو بەڵکو سەرەتای کۆتایهاتنی ڕۆڵی مێژوویی سیستەمی فیودالیزمی و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بوو، بەواتایەکی دیکە گۆڕانێك بوو لە پەیوەندی فیۆدالیستیەوە بۆ کۆمەڵگای تازەی کەپیتالیستی و ئەو شۆڕشە لە تەواوی سێکتەرەکانی ژیاندا وەرچەرخانێکی بنچینەیی بوو لە شێوازی ژێرخانی ئابووری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا کە بە قورسایی خۆی لەسەر بیرو بۆچوون و بنەما فەلسەفی چینەکان ڕەنگی دایەوە، بنچینەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی بەسەر چینی باڵا دەست سەپاند کە خاوەنی کەل و پەلی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵی بازاڕ لەژێر کۆنترۆڵیان دا بوو، بەمەیش هەوڵیاندا ئەرکەکان کەم بکەنەوە و چەوساندنەوە بنبڕ بکەن و گەشە بە پەرەسەندنەکانی تیوری سۆسیالیستی بدەن وەکو ملکیەتی گشتی و دادوەری کۆمەلایەتی و گەلێ شتی تر لەوانە بەخۆڕایی خوێندنی قۆناغەکانی خوێندن و نەخۆشخانە و دابینکردنی نورمێك بۆ بێکار و خێزان و کەسانی دەست کورت لەپاڵەوە بەکۆمەڵێك پرۆگرامی نوێی وەکو زانست و فەلسەفەی چینایەتی جارێکی تر بەخۆیدا چووەوە کە تاکتیك و ستراتیژیەتی خۆی لەنێو ئۆرگانەکان ئاوێتە بکات و خەبات بۆ یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی بکات کە مرۆڤ چەقی ئامانجەکانە نەك سەرمایە و زێدەبایی کاڵا و بازاڕی کاڵا.

**شۆڕش ئەگەر مەرجەکانی لێ بسازێ مانایەکی وەك کودەتا[208] یان یاخی بوون (هەڵگەڕانەوە و سەرکێشی) وەردەگرێت، لەکورتهەڵێنانی ئەو چەمکەدا بەشێوەییەکی گشتی لایەنە ئابوورییەکە دەکرێتە پێوەر بۆ سەرهەڵدانی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە بناغەی کۆمەڵدا، ئەوەش تێکگیرە بۆ گۆڕینی سیستەمی دیکتاتۆری بۆ دەسەلاّتی دیموکراسی چونکە ئەو دەسەلاّتەی پێشوو تێکڕای جومگەکانی دەسەلاّت و ژیانی بەرتەسك کردبۆوە و هەموو داهاتەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی و کورسی حوکم قۆرغ کردبوو کە لە سیستەمی دیموکراسی دا هاوکێشەکە تەواو پێچەوانەیە و جار و باریش قووتبوونەوەی شۆڕش ڕەنگ و بۆ و بەرگێکی ئایینی یا نەتەوەیی و نەژادی دەپۆشێ و دەبێ لە ڕووی لۆژیکەوە کودەتا و شۆڕش لێك جیا بکەینەوە.**

**کودەتا گۆڕینی لوتکەی دەسەلاّتە زیاتر هێزی سەربازی لەمەڕ بەکار دێ و شۆڕشیش ئەگەر هەنگاوەکانی بەرەو ئاڕاستەی کودەتا ڕۆیشت، ئەوە هەنگاوەکان لە بنکەوە دەست پێ دەکات.**

**ترس[209] لە دەسەلاّت شتێکی خۆرسك و هێزێکی نهێنی و شاراوەی میتۆلۆژی ئەفسانەیی نییە و کلتوورێکی ڕەها نییە لە میتافیزیکی نەگۆڕەوە دروست بووبێت.**

**گۆڕانی سیاسی لەژیانی کۆمەڵگادا لەتەك گۆڕانکارییەکانی کایە کۆمەلاّیەتی و ئابووریی و ژیاریی و کایەکانی تر، وەرچەرخانێکی گشتگیر و چارەنووسسازە دەبێ گۆڕانکاری ڕاستەقینەی پاکسازی و چاکسازی لەسەر بنەمای هۆشیاریی کۆمەڵگا بنیات بنێ و بۆ ئامانجی گشتی بیرکردنەوەییەکی سیاسی قووڵ و ستراتیژیی هەبێت**

---

[208] - کودەتا: واتا گۆڕینی سیستەمی دەسەلاّت جا بەشێوەی ئاشتیانە بێت یان بەشەڕو پرۆسەی سەربازی، کودەتاچیەکان زیاتر ئەو کەسانەن کە لە دام و دەزگا سەربازییەکان و دام و دەزگا مەدەنییەکان، پۆست و پلە و پایەی گرنگ و بالاّیان هەیە و توانای ئەوەیان هەیە کەسانی ناڕازی لەو دەسەلاّتە لەدەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و بۆ ئەنجامدانی کودەتا بەگەڕیان بخەن. هەڵبەتە لەسەدەی بیست و بەدیاریکراوی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ئەفریقیادا زۆربەی سیستەمەکان لەڕێگەی کودەتای سەربازیەوە بووە.

[209] - ئەوەی دەتەوێ بە ترساندن بەدەستی بێنیت، بە خەندە ئاسانتر دەستت دەکەوێت (ئینگلیز)

**کە نەخشەڕێگای چارەنووس و ئەو ئامانجە دەستنیشان بکات، هەرگیز گۆڕانکاری لە ستراکتۆر و پێکهاتەی ئەقڵی کۆمەڵگا بە بەرزکردنەوەی دروشم و دانیشتن لەسەر مێزی دانووستان نایەتە دی ئەگەر ئەو بۆشاییە قووڵ و بەرفراوانە لەنێوان واقع و دروشمەکان پڕ نەکاتەوە.**

**یەکێك لە ڕێگریەکانی بەردەم دروستبوونی ڕژێمی دیکتاتۆری و تاکڕەوی، هەڵبژاردنە کە خاڵی وەرچەرخانە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.. هەڵبژاردن خودی دیموکراسییەکە نییە وەلێ کەرەستە و ئامرازێکە لە ئامرازەکانی دیموکراسی، بەڵام خراپ بەکارهێنانی ئەو کەرەستەیە هیچ بەهاییەك بۆ ئەو پرۆسەیە ناهێڵێتەوە تاوەکو بڵێین هەموو هەڵبژاردنێك دیموکراسییە، چونکە لەم ئان و ساتانە دەبێتە مۆدێلێك بۆ نمایشکردنی ڕواڵەت و دیمەنی جوانئیشاندانی حوکمڕانی.**

**بەدیلی هەموو گفتوگۆییەکی ئاشتیانە هەر گفتوگۆیە..سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕاستەقینەی جەماوەریی مەرج نییە هەر بە چەك و هوتافکێشان و هەڵتەکاندنی دەسەڵات و شکاندنی سنوورەکانی بێت وەك ئەو نموونانەی دەیبینین کە ئەگەر بیرکردنەوە نەگۆڕین و کودەتای لەهەمبەر نەکەین ناتوانین سەرکەوتوو بین، هەندێ جار سندوقی دەنگدان ئەو پرۆسە یەکلایی ناکاتەوە[٢١٠].**

---

[٢١٠]- تەزویرکردن و زیاد لەجارێك دەنگدان لەلایەن دەنگدەرو قۆستنەوەی دەنگی مردوو و بەکارهێنانی وەك کەسێکی زیندوو، هەروەها ڕفاندنی سندووقەکان و لەنۆژەندا دانانی سندووقی دیکەی ئامادەکراو و چاوسوورکردنەوە لە چاودێر و نوێنەرەکان(نوێنەری لایەنەکان) و کڕین و دەستەمۆکردنی کارمەندانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن نەخاسمە ئەوانەی لە سەر سندووقەکانی دەنگدان دادەندرێن، ئەمانە هۆکارگەلێکن ئاکامەکان بۆ بەرژەوەندی ئەو حزبە دەگۆڕن لەکاتێکدا میللەت ناتوانێ سزای تەزویرچیان بدات (تەزویرچیانی سەر بەدەسەڵات و ئەویتر)، ئەوانەی بەبێ بیرکردنەوە دەنگ دەدەن (لەچوارچێوەیەکی بەرتەسك و قەتماغەکراو دەرناچن کە جگە لە حزبەکەیان هیچ حزبێکی دیکە بەباش نابینن و نازانن) ئەوانە کەڕن کوێرن لاڵن، نازانن بۆچی دەنگ دەدەن و دەنگ بە کێ دەدەن؟ دەنگ بە پرەنسیپ نادەن بەقەت ئەوەی بیر لەبەرژەوەندییەکان دەکەنەوە بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەر شتێك (ئەو شتانەی بنەمایەکی یاسایی و دیموکراسیان نییە وەك ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا) هەر شتێك بەبیرکردنەوەییەکی ئەقلانی(زیرەکی و توانای لێهاتوویی) ئەنجامدرا، دواجار پەنا بۆ تەزویرو هەڕەشە و...هتد نابات.

لە سیستەمی دیموکراسیدا (**هەڵبژاردن و دەسەڵات**) پرۆسەییەکی درێژخایەنە و وەکو دوو ڕووی دراوێك وایە(هەڵبژاردن دەسەڵات دروست دەکات و دەسەڵاتیش هەڵبژاردن ئەنجام دەدات) کە هیچیان بێ ئەوی دیکەیان تەواو نابێت و کالاّییەکیش نییە لە کارگەکان بەرهەم هاتبێ، مەگەر ڕەنگدانەوەی کۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی کۆمەڵگاکەیە ئەو پرۆسە فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە ئاو دەدات و دروستی دەکات. کەواتە پێشڕەوانی هەڵگری ژیانی دیموکراسی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەزموونێکی تاڵ و پێشوەختەیان تێپەڕاندووە و لە چاوتروکان و چرکەساتێکی تەمەن بەو ئاکامە نەگەیشتوون کە لەسایەی ئەزموونێکی تازەو نوێدا مرۆڤەکان بە ئازادانە پیادەی مافەکانیان بکەن، ئەگەرچی میللەتانی ڕۆژئاوا بەلایەنی کەم دوو سەدە لەپێش ڕۆژهەڵاتەوە دەستیان پێکردووە تا گەیشتوونەتە قۆناغی نیمچە کامڵبوون[٢١١]. دیموکراسی کراسێك نییە مرۆڤ لەبەری بکات و دەرمانێك نییە بیخواتەوە، چونکە لەژێر سایەی دیموکراسی ڕاستەقینەدا مرۆڤەکان ئازادانە پیادەی مافەکانیان دەکەن و یاسا سەروەرە، جیاوازی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگا ناکات، ئاخۆ چ شتێك لەو یاسایە جوانترە کاتێك بە ئۆتۆمبێلەوە دەگەیتە ترافیك لایتەکان و بە هەڵبوونی گڵۆپی سوور دەوەستی، ئەوە سەلماندنی ملکەچبوونی سەرتۆپی

[٢١١] -لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەڵبژاردن وەك پرۆسەییەکی ڕووکەش سەیر کراوە و لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەکەی بەتاڵ کراوەتەوە و لەهەندێ وڵاتیش دەسەڵات باوەڕی بەو ڕووکەشە نییە و ڕێگە بەهەڵبژاردن نادات، یان هەڵبژاردن دەکات و هەڵبژاردنەکە نەبۆتە هۆی گۆڕینی دەسەڵات بەجۆرێ ئەوانەی جڵەوی حوکم دەگێڕن دەزانن بۆ مانەوەی خۆیان چ جۆرە داهێنانێك بکەن بۆ خۆڵ لەچاوکردنی ڕای گشتی و خەڵك.. خۆ کاتێك دەسەڵات دەگۆڕێ هەر زوو بە زوو هاوکێشەکە ئاوەژوو دەبێتەوە، نموونەی ئەو هاوکێشانە ساڵی١٩٩٢ ئیسلامیەکان لە جەزائیر سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان بەدەست هێنا، کەچی پێش ئەوەی بگەنە دەسەڵات، سوپا کودەتای کرد، ساڵی٢٠١٢ محەمەد مورسی (ئیخوان) سەرۆکایەتی میسڕی کرد و ساڵێك بەسەر ویلایەتەکەی نەسووڕایەوە، بەسەرکردایەی عەبدولفەتاح سیسی کودەتای بەسەردا کرا و بەدەرکردنی یاسایەك هەموو چالاکیەکی ئەو حزبەی لە میسر قەدەغە کردو دواجار لە دادگایەکی تەرەفدار(نا سەربەخۆ) فەرمانی زیندانی هەتا هەتایی بۆ محەمەد مورسی دەرکرد.

هاولاَتیانە لەبەردەم یاساییەك كە جوانی بەهەموو شتە جوانەكان دەبەخشێت (هەمووان لەبەردەم یاسادا یەكسانن). (فروخی فروخزاد)ەی شاعیری ئێرانی دەڵێت: "ئەگەر نان هەیە با بۆ هەمووان بێت، ئەگەر نانیش نییە با هەموومان هەوڵی پەیداكردنی بدەین".

**ڕووناكبیر(كامەران قازی) لە گۆشەییەكی دا (لەوێڕا) زۆر جوان بەناو كونج و كەلەبەرەكانی دیموكراسی شۆڕبۆتەوە و دیمەنێكی جوانمان نیشان دەدات:**




دیموكراسیش وەك هەموو ئەو كاروبارانەی پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەن، مەرج و داخوازی جێبەجێكردنی هەیە و لە بنەڕەتدا كارێكی پڕاكتیكیە نەك تیورییەكی ناو كتێبان و بەردەم میكرۆفۆنەكان، ڕێكخەری ژیانە، نەك گفتی بەتاڵی پێش و پاش هەڵبژاردنەكان، پڕۆژەیەكی بەردەوامە مرۆڤ خۆی تێدا نویێ دەكاتەوە و چوارچێوەیەكی ماقووڵە تاكو ئێستا بۆ ئەم گەشەكردن و بۆ دواوەچوونەی مرۆڤایەتی.

سەبارەت بە دێمۆكراسی، سۆسیۆلۆجی ئینگلیزی( Thomas Humphrey Marshall ) لەكتێبی( Citizenship and stoical Development) دا لە كۆمەڵگایەكی لیبرالی پلورالی دیموكراتیدا، دەبێت ئەمانە هەبێت:

*-مافەكانی مرۆڤ.

*-مافە سیاسییەكان.

*-مافە كۆمەلاَیەتییەكان(خوێندن، چاودێری تەندروستی، دەستەبەری بێكاری و خانەنشینی).

بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسی، دەبێت هاونشتمانیان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە پرس و مەسەلەکان ئاگادار بکرێنەوە و ڕەخنە و پێشنیازەکانیان ڕەچاو بکرێت، چونکە لە قۆناغی کۆتایدا مەبەست مرۆڤە و چاکژیانی مرۆڤەکان، ئێمە دەزانین کە: مرۆڤ دەبێت ڕابهێنرێت کە چاك بژی، نەك ئەوەی کە خۆش بژی، خۆشگوزەرانی مرۆڤ بەرەو بەتاڵبوونەوە دەبات لە پرێنسیپەکان و لە کۆتایدا تووشی نەخۆشی زۆری دەکات لەوانە بێ ئومێدی و خەمۆکی، ئەمە جگە لە نەخۆشییە فیزیکییەکان، بەڵام چاك ژیان هەمیشە مرۆڤ لەحاڵەتە گەشیکەیدا ڕادەگرێ و ئاسوودەیی پێدەبەخشێ، چاك ژیان پەیوەندی باشی مرۆڤ بۆ مرۆڤ ڕێك دەخات، بەپێچەوانەی خۆشگوزەرانییەوە کە پەیوەندی مرۆڤ بۆ مرۆڤ تێك دەدات و خۆپەرستی و تەنپەرستی لە ئینسانەکاندا برەو پێدەدات کە ئەوەش سەرچاوەی هەموو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئێمە ئەو نەخۆشیە بچووکانە لە سەرەتاوە نابینین، بۆیە کە گەورە دەبن ئیتر دەبنە گرفتی کۆمەڵایەتی بێ چارەسەر. زەردەشت و هەموو مرۆڤە قوڵ بووەکان لە دەروونی مرۆڤایەتیدا گەیشتوونەتە ئەم ڕاستیانە و زەردەشت بە (بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك) دەریبڕیوە.

هەر لە سەرەتاوە دەبێت، دیموکراتییەت لە قوتابخانەکاندا پەیڕەوی بکرێت، ئەگەربمانەوێ نەوەکانمان بگەنە ئەو حاڵەتە کە بتوانن وەك دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن یەکتری قەبوڵ بکەن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای ئایندەدا، دەبێ ئەو دەرسی ڕێکەوتن و قەبوڵکردنەی بەرامبەریان لەو تەمەنە منداڵییەوە لەگەڵ خۆیان هێنابێ بۆ قۆناغی گەورەیی، تێیدا ژیابن و پڕاکتیکیان کردبێ، خوێندنگا بەر لەوەی جێگای فێربوونی زانست بێت، جێگەی پێکەوە ژیانی ئەندامانی نموونەی کۆمەڵگایە، دیموکراسی بەفەرمانی سەرۆك و سیاسی و بازرگان و خاوەن بانکەکان نە فێردەکرێ و نە جێبەجێ دەکرێ، بەڵکو سیستەمێکە، سەرۆك و سیاسی و بازرگان و خاوەن بانکەکان دەبێت پڕاکتیکیان کردبێت و لەناویدا خەملابن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان.

بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بەوە بکات کە بەرپرسیارە و لێپرسراو، ماف و ئەرك هەیە، دەبێت ڕێگەی پێبدرێت، پەروەردە بکرێت، کە نەك تەنها لەگەڵ دەسەڵات ڕێك

بکەوێت، بەڵکو دەبێت ڕەخنەگری دەسەڵاتیش بێت، ئەگەر بمانەوێ مرۆڤەکان بگەنە ئەو پلە و ئایدیاڵە لە پەیوەندییەکی دیموکراسیدا. واتە ژیان لە کۆمەڵگایەکی نا دیکتاتۆری دوور لە گواستنەوەی دەسەلآت لە باوکەوە بۆ کوڕ و لە کوڕەوە بۆ نەوە.

"دیموکراسی: (دیمو) بەمانای خەڵك و (کراتووس) بەمانای سەروەرییە و بەو چەشنە سیستمە سیاسییانە دەگوترێت کە دەسەلآتداران بەدەنگی خەڵك و ویستی خەڵك هەڵدەبژێردرێن.. دەستەبەرکردنی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی تاك، ئازادی ئایین و هەموو چین و توێژەکان و کەمینە نەتەوەییەکان بەیەك چاو سەیر بکرێن و مافەکانیان دەستەبەر بکرێت. بەواتایەکی تر میللەت حوکمی خۆی لەڕێی ئەو نوێنەرانەی کە بەشێوەیەکی ئازاد هەڵیبژاردوون بکات. جێگای ئاماژە پێدانە سیستەمی دیموکراسی یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی مرۆڤایەتی کە تاکو ئێستا بە باشترین شێواز بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلآت دەناسرێت"[٢١٢]

دیموکراتی بۆ یەکەم جار لەساڵەکانی دەوروبەری٥٠٠ساڵ پ.ز لە ولآتی یۆنانی کۆن(ئەغریقییەکان) بەکاریان هێنا و بۆ ماوەی ٢٠٠ساڵ پەیڕەو کرا و لەسەرتاکانی شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی١٧٨٩ بۆ دووەم جار پەیڕەو کرایەوە، هەقیقەتی دیموکراتی بۆ ئەو سەردەمی یۆنانییەکان ئەو دەسەلآتەی گەل نەبوو تا سەرچاوەی هەموو یاسا بێت، پیاوانی پێگەیشتوو و سەربەخۆ لە شاری (ئاتین) بەشداریان لەبڕیارە گرنگ و هاوبەشەکان دەکرد، لەسەر بابەتە گشتییەکان دەدوان و دەنگی خۆیان بۆی دەدا، دەستڕۆیشتوانی ئەو سەردەمە باوەڕیان بە ئازادی و مافی دەنگدانی گشتی بۆ هاولآتیان نەبوو، ئەو مافە تەنها بۆ کەمایەتییەکی پیاوان بوو، لەوەشدا هەژاران و ئافرەت و کۆیلەکان لەو پرۆسەیە بێ بەش دەبوون.

دیموکراسی واتا: ڕێزگرتن لە ڕای جیاواز و ڕێزگرتن لە هەموو تاکێك تەنانەت خەڵکی ولآتی خۆیشی نەبێت و زۆر بە ئاسانی قبوڵی بکات کاتێ ڕەخنەی لێ دەگرێت و وەلآمی خۆیشی دەداتەوە بۆ هەر ڕەخنەیەك.

[٢١٢] - شەعبان عەلی شەعبان: هەندێ زانیاری سیاسی و مێژوویی ، ل١٧٧

**✍جۆرەکانی دیموکراسی:**

**١-دیموکراسی ئابووریی.**

**٢-دیموکراسی ئایینی.**

**٣-دیموکراسی سیاسەت و فکر.**

**٤-دیموکراسی ڕەگەزی یان تاکەکەسی.**

**گاندی دەیوت: "ئەگەر سەرۆکەکەتان خۆشویست بۆی دەرمەبڕن و کڕنۆشی بۆ مەبەن تا نەبێتە دیکتاتۆر".**

**یاساپارێزی بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێك دەخات ئەگەر هەمووان لەسایەی ئەو یاسایەدا یەکسان بن.**

**لە رۆژگارەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا لەنێوان سالآنی(١٩٣٩-١٩٤٥) (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیا بەهۆی زەبری فڕۆکە بۆمباڕێژەکانی ئەڵمانیاوە زۆر شپرزە و پەرێشان ببوو. سوپاکەی بەریتانیا بۆ پارێزگاریکردن لەو پایتەختە، لە دەرەوە و قەراغی شار لەناو زەوی جوتیارێك دەزگاییەکی مووشەکی دژە فڕۆکە دادەمەزرێنن. جوتیارەکە داوا لەو هێزەی سوپا دەکات زەوییەکەی جێ بێڵن، وەلێ گوێی لێ ناگرن.. بەناچاری سکالآی خۆی دەگەیەنێتە دادگا بەڵکو زەوییەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، کەچی ئەو هێزە مل بۆ داواکەی دادگاش نادات و هەر بۆیە لەماف خۆی خۆش نابێت ئەوجارەیان دەچێتە لای (وێستون چەرچل)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا و مەزڵومیەتی خۆیٚ پیٚ ڕادەگەیەنێت، ئەویش دەم و دەست فەرمان دەدات ئەو دەزگا مووشەکی یە لەو شوێنە بۆ شوێنێکی تر بگوازنەوە، لە وتەیەکی پڕشنگداریدا دەڵێت: "بەریتانیا ئەم جەنگە بدۆڕێنیٚ، سەد جار لەوە چاکترە کە سەروەری یاسا پێشێل بکرێت".**

**کاتێك خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب ئاگادار دەکەنەوە کوڕەکەی سەرپێچی کردوە و ئەوانیش بەدزی و دوور لە چاوی خەڵك جەڵدەیان لێیداوە، ئیمامی عومەر ئەوەی زۆر پیٚ ناخۆش دەبێت، فەرمان دەدات دووبارە جەڵدە لە کوڕەکەی بدەنەوە بەلآم ئەو جارە لە پێش چاوی خەڵك تا خەڵك هەست نەکەن جیاوازی لە نێوان کوڕە بەرپرسێك و کەسێکی فەقیر دەکرێت...بۆ گۆڕینی سیستەمی**

سیاسی و[٢١٣] دەسەڵاتی سیاسی [٢١٤] وەك ئەوە وایە گەر بتەوێ بەرد بشکێنی، دەبێ چەکوچت پێ بێت.
(ستالین) کاتێك بیستی (ئیڤان پاڤلۆڤ)ی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و دەروونناس سەرکەوتنی لە دیاریکردنی –وەڵامدانەوەی بە مەرجی سەگ– بەدەستهێناوە. بانگی کرد و پێی وت: ئایا تۆ دەتوانی خەڵکی سۆڤیەت وەکو ئەو سەگە لێبکەی بە مەرج وەڵام بدەنەوە؟! پاڤلۆڤ وتی: بەڵێ دەتوانم بەڵام خەڵکی سۆڤیەت سەگ نییە و منیش ئەو کارە ناکەم. هەرچەندە پاڤلۆڤ ئاگاداری ئەوە بوو کە بەلای ستالینەوە مریشك سەربڕین و مرۆڤ سەربڕین جیاوازی نییە.
(شێخ عەبدولقادر گەیلانی) قسەی هەقی لەپێش خەلیفە و سەرکردە و میرەکان دەکرد و لەپێناوی خوا لەسەرزەنشتی کەس نەدەترسا، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ:
( افضل الجهاد كلمة الحق عند سلطان جائر) نەسائی گێڕاویەتەوە بە پاڵپشتێکی ڕاست.
"شێخ گرنگیەکی زۆری بەجیهادی نەفس و چاکردن و پاککردنەوەی دەدا، چونکە بنچینەی هەموو جیهادێکە و بێ ئەو هیچ جیهادێ سەر ناکەوێ..قوتابخانە و تەکییەکەی زۆر بە سەنتەری مەشقکردن و چاکسازی دەچوو، قوتابی و موریدەکانی تێدا مەشق دەکرا، نەفسیانی پاك دەکردەوە و چاکیانی دەکرد، پەیوەندییەکی قووڵی ئایینی و گیانی لەنێوان خۆی و ئەواندا دروستکردبوو، پەیمان و بەڵێنێکی بەتینی لەنێوان خۆی و ئەوانەدا بەستبوو، ئینجا مۆڵەتی بە زۆریان دەدا بەتایبەتی ئەوانەی کە هەڵکەوتوو و خۆگر و بەتوانا بوون لەسەر پەروەردەکردن و ڕێنمایی کردن، ئیتر ئەوانە لە خاکی خوا بڵاو دەبوونەوە و داوای خەڵکیان بۆ خوا دەکرد و بەقسەکانیان پەروەردە دەکرد و دژایەتی هاوبەشپەرستی و بیدعە و نەزانین و دوو ڕوویيان دەکرد، شێخ فەزلێکی زۆری هەبوو لەسەر پارێزگاریکردنی گیانی ئیسلام و

---

[٢١٣] -

[٢١٤] - واتە هەر سێ دەزگای بڕیاردان، جێبەجێکردن و یاسا کە بەپێی سیستەمە سیاسییەکە سنوور و ئاڕاستەکانی دیاری دەکرێت.

ڕووناکیی ئیمان و گەرم و گوڕی بانگەوازیی و جیهاد کردن، ئەگەر ئەوانە نەبوونایە ماددەپەرستەکان ئەم میللەتەیان قووت دەدا"[٢١٥]

"پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (فاذا رأیت هوً متَبعاً، واعجاب کل ذي برأیه فعلیك بخویضة نفسك و دَع عنك أمرَ العامَة) واتە: جا هەر کات لە کۆمەڵگادا بینیت خەڵکێك شوێن ئارەزوویان دەکەون و ڕژدیی و چرووکییان بەسەردا زاڵ بووە و هەر کەسە بەس بیروڕای خۆی پێ ڕاستە و کەس بە ڕەی کەس ناپێوێت، ئەوە لەگەڵ خۆت خەریك بە و واز لە خەڵك بێنە....دیارە مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە کاتێك خەڵك و کۆمەڵگایەك ڕەفتار و خەسڵەتە نزم و پەستەکانی تێدا بڵاودەبنەوە و تێیدا تەشەنە دەکەن کەسێك کە توانای گۆڕین و چاکسازی نەبێ، وا سەلامەت ترە کە گۆشەگیر و خۆپارێز بێت نەوەك ئەویش بەو دەردو نەخۆشیانەوە گیرۆدەبێ کە تەشەنەیان کردووە"[٢١٦]

کەواتە لە هەمبەر ناڕێکیەکاندا دەبێ داوای چاکسازی بکرێت، چونکە چاکسازی سنوور و مەرج و بارودۆخی خۆی هەیە، ئەگەر بەرنامە و ئامانجێکی مەزن و پیرۆز لە پشت ئەو گۆڕینەوە نەبێت، مانا سەرکییەکەی خۆی وەرناگرێ چونکە چاکسازی گۆڕینی دۆخە نەرێنییەکانە ڕووەو دۆخێکی ئەرێنی بەشێوەییەکی هێمن و ئارام بەبێ پەنابردنە بەر توند و تیژیی و شۆڕش و ڕاپەڕین جا ئەو چاکسازییە بەئاڕاستەی تاك بێت یان کۆمەڵ یان دام و دەزگاکان.

دەتوانین بڵێین جۆرێك لە هاوبەشی و نزیك بوونەوە لەنێوان چاکسازی و سیاسەت هەیە. کاتێك ئیسلام هات نەیوت:هاتووم تا هەموو شتەکانتان ڕەت بکەمەوە، بەڵکو وتی: هاتووم شتە جوانەکانتان تەواو بکەم.. ئەوەش پێویستی بە زەمینەسازییە بۆ ئەوەی خەڵکێك بەو پرۆسەیە هەڵسێت.

## کێن ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕان بکەن؟

***ئەو خەڵکەی سەرکردایەتی گۆڕان دەکەن، پێویستییان بە :***

---

[٢١٥] - شێخ عبدالقادر گەیلانی – وەرگێرانی: دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان- چ ١- ٢٠٠٣-هەولێر – ل١٧٥

[٢١٦] - عەلی باپیر: باوریابین داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگەکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات ، ل٨

✐متمانە بەخۆ بوون.

✐پابەندبوون و مۆتیڤ (پاڵنەر)[217]

[217] - پاڵنەر لە ڕووی دەرونناسییەوە: حاڵەتێکی ناوەکی جەستەیی یان دەروونی ڕەفتارە، لە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەوروژێ تا بە ئامانجێکی دیاریکراو دەگات..کاریگەرییەکانی پاڵنەریش لەسەر تاك بریتییە لە وروژێنەر— حاڵەتێکی نیگەرانی — ڕەفتاری ئاڕاستەکراو— ئامانجێك کە پاڵنەر تێر دەکات—— و دەبێتە هۆی کۆتایهێنانی نیگەرانی و ڕەفتار..دوو جۆرە پاڵنەر هەیە(پاڵنەری بۆماوەیی) و (پاڵنەری وەرگیراو یان پاڵنەری کۆمەڵایەتی).

**پاڵنەری بۆماوەیی:** لەڕێگەی بۆماوەوە بۆ تاك دەگوازرێتەوە و پێویستی بە فێربوون یا وەرگرتن نیە.. مرۆڤ و ئاژەڵ لە هەندێ پاڵنەری بۆماوەیی هاوبەشن کە ناو دەبرێ بە پاڵنەر یان پێویستیە فسیۆلۆجیەکان چونکە وروژێنەرەکانی دەماری یا کیمیاوی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هاوپەندن بە مانەوەی تاك یا جۆر یا پێداویستی بەمەبەستی شارەزابوون لەو ژینگەییەی تێیدا دەژین و خۆگونجان لەگەڵیدا، لەو پاڵنەرانە (برسێتی – تێنوێتی –پێداویستی بۆ ئۆکسجین – نووستن – دایکاتی و...هتد)

**پاڵنەری وەرگیراو یان پاڵنەری کۆمەڵایەتی:** بریتیە لە کۆی ئەو پاڵنەرانەی تاك وەك دەرئەنجامێك وەریدەگرێ بۆ شارەزابوون یان فێربوون لەکاتی کارکردندا جا بە مەبەستێ یان بێ مەبەست لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، وەکو پێویستی بۆ ئاسایش یان ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی کە زۆر جار ئەم پاڵنەرانە دابەش دەبن بۆ:

★**پاڵنەرە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان:** کە لە گشت کۆمەڵگاکان هەیە و مرۆڤەکان تیایدا هاوبەشن وەکو پاڵنەری ژیان، بەرگەنەگرتنی تەنیایی و گۆشەگیری و لاساییکردنەوە.

★**پاڵنەرە کۆمەڵایەتیە شارستانیەکان:** ئەمەیان تایبەتە بە شارستانیەتێك و لە شارستانیەتێکی تردا بوونی نییە و هەندێ کۆمەڵگاش لەنێو تاکەکانیدا هەوڵی پەرەپێدانی دەدات و کەچی لە بەرامبەردا کەسانی تر لەناو کۆمەڵگا ڕێگری لێ دەکات، لەگرنگترینیان: زاڵبوون – کۆنترۆڵکردنی کەسانی تر – موڵکداری – کۆکردنەوەی سەرمایە – شەڕانگێزی.

✐بیرو پلاندانانی ڕوون .
✐پەرۆشی و گەشبینی.
✐وزە، کۆڵنەدان و هەستکردن بە پێویستی ئەم کارە .
✐مەبەستی ئەخلاقی.
✐پلاندانان و توانای چارەسەری گرفتەکان.
✐توانای بەرگریکردن لە کەسانی تر لەکاتی پێویست هەیە.

لەژیانی ڕۆژانەماندا کاتێ برسیمان دەبێت نابێ هەموو جۆرە خواردنێك بخۆین تا دڵنیانەبین ئاخۆ ئەو خواردنەی دەیخۆین پاك و حەلاڵە یان نا؟ هەروەها لە توێنوێتیدا نابێ هەموو ئاوێك بخۆینەوە تا دڵنیا نەبین ئاخۆ ئەو ئاوە پیسە یا پاك؟ لەو ڕوانگەوە پێوەر بۆ دیاریکردنی هەر کەسێك بە ڕابەر و پێشەوا، پێش لەبەرچاوگرتی سەرو سیما و ڕوخسار دەبێ ناخی ئەو کەسە بخوێنینەوە.

ئەگەر پزیشك بە نەخۆش بڵێت: تۆ ڕۆژ بەڕۆژ تەندروستیت باش دەبێ و بەماوەییەکی کەم چاك دەبیتەوە. ئەو وتەیە شادمانی دەخاتە دڵی نەخۆش و هەر ئەو شادییە بۆ سەر لەشی دەپرژێ و دەشێ زوو چاك بێتەوە.

بەدرێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی، بەردەوام کێشەی هەق و ناهەق هەبووە، تەنانەت ئەوانەی ناهەقیان قەبووڵ نەکردووە، زۆر جار ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەکردووە، بەڵام توانیویانە ڕەوت و ڕێڕەوی ژیان و مێژووی کۆمەڵگاییەك بگۆڕن.

---

★**پاڵنەرە کۆمەڵایەتیە تاکیەکان:** ئەمەیان تەنها موڵکی تاکە کەسن و بە زەحمەت لە هەموو جیهاندا دوو کەس هەبن تیایدا هاوبەشبن تەنانەت ئەگەر دوانەشبن – سۆز – ئاستی خۆشی – حەزوئارەزوو – ئاڕاستە.

# ئەو خاڵە جەوهەریانە چین کە ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕن؟!

## قۆناغەکانی پاش بڕیاردان بۆ گۆڕان

گەورەترین گۆڕانکاری لە گۆڕانکاری بچووکەوە دەست پێ دەکات.. دەست لەملانێی گۆڕانکاری بچوك بچوك هونەرێکی گەورە و هەوێنی گۆڕانکارییەکی گەورەیە.

لێرەدا کێشەکە دەست پێدەکات: کێ دەبێ بەم پرۆسە چارەنووسسازە هەڵسێ[218] کە پەیوەندی بە داهاتووی مرۆڤایەتییەوە هەیە، چونکە مەرج نییە هەموو گەشە و گەورەبوونێك پۆزەتیف بێت بۆ نمونە زۆربوون و گەشەکردنی خانەکانی شێرپەنجە کە لەبنەڕەتدا نەخۆشییە.

چەند خاڵێکی جەوهەری هەیە دەکرێ بیکەینە بنەماییەك بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی مێژوو، ئەوانیش :

**✐یەکەم: گۆڕان ئارەزووییەکی ڕاستگۆیانەیە:**

بڕوا بەخۆبوون شتێك نییە بفرۆشرێت و پێشکەش بکرێ بەڵکو پێویستە بابەت و زانیاری لەسەر کۆ بکرێتەوە تا لێی بەدووربێت.. وتەیەکی جوان هەیە دەڵێ: گەر خۆت بڕوات بەتوانا و لێهاتووەکانی خۆت نییە چۆن خەڵك بڕوات پێ دەکات[219].

"هیچ پێغەمبەرێك بەبێ ئەم ڕەوشتە بەرزە نەژیاوە کە پلە و پایەی خەڵکی گەورەیە. ڕاستگۆیی هێمای بەرز و شکۆمەندی میللەتانە، سەرچاوەی سوود و قازانج و خێرو چاکەیە و بەپێچەوانەوە مایەی خراپە و بەدکردارییەو تاکە ئاکارێکە دەبێتە هۆی

[218] - دەگێڕنەوە کۆمەڵە مشکێك کۆدەبنەوە چۆن ئەو پشیلەی نزیك ماڵیان دەربپەڕێنن تا بە ئازادی هاتوچۆ بکەن، گەلێ قسەیان کرد، دواجار هەموویان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن زەنگوڵەیەك دروست بکەن و بیخەنە ملی، بەمەیش پشیلەکە لەم ناوە نامێنێ و ئێرە بەجێ دێڵێ..یەك لە مشکەکان زۆر زیرەك بوو، بەهەڵپەیەکەوە وتی: ئەو تەگبیرەی ئێوە جوانە، فەرموو ئەوە زەنگوڵەمان دروست کرد، بەلاَم لێرەدا کێشەیەك هەیە ئایا کێ لە ئێمە دەتوانێ زەنگوڵەکەی لە مل بکات؟!

[219] - زانا عەلی محەمەد: دیاریکردنی ئامانج ، ل٢٧

سەقامگیربوونی پێکەوە ژیان و کۆمەڵگاییەکی بەختەوەری لەسەر بنیات دەنرێ کە ئەوە ڕاستگۆییە ئاسوودەیی بەدڵ و دەروون دەبەخشێت.. ئەوە ڕاستگۆییە بەرەکەتی ڕزق و ڕۆزی زیاد دەکات و پلە و پایەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە.

ڕاستگۆیی: بریتییە لە یەکسانی و بەرابەربوونی گوفتار لەگەڵ ناخ و دەروون و باسکراودا.

واتە دەبێ ڕاستگۆیی دوو مەرجی تێدا بێت:

أ- یەکسانی گوفتار لەگەڵ ناخ و دەرووندا.

ب- یەکسانی و بەرابەربوونی گوفتار لەگەڵ واقیع و باسکراودا.

هەر کاتێ ڕاستگۆیی یەکێك لەو مەرجانەی لەدەستدا، پێی ناگوترێ ڕاستگۆیی، بەڵکو یا درۆیە یان خاوەن گوفتارەکە لە دوودڵی و گوماندایە، وێنەی قسەی مونافقان کە دەڵێن: ( محمد رسول الله) یە، ئەمە لەلایەکەوە ڕاستە چونکە هاوتا و یەکسانە لەگەڵ واقیعی باسکراو، بەڵام لەلایەکی ترەوە درۆیە، چونکە ئەو قسەیەی مونافقان هاوتا ویەکسان نییە لەگەڵ ناخ و دەروونیاندا) فتح الباری١٠/٥٠٧

خوڕەوشتی ڕاستگۆیی یەکێکە لە خوڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام، ئاکار و ڕەوشتێکە هەموو موسڵمانێکی پێ دەڕازێتەوە و، دڵئارامی و ئاسوودەیی و دڵنیایی لە ڕاستگۆییدایە[٢٢٠].

ڕاستگۆیی یەکسان و بەرابەری ڕووداو و واقیعە، ئیمام قوسیری سەبارەت بەپێناسەی ڕاستگۆیی دەفەرموێ: (ڕاستگۆیی کۆڵەگەی فەرمانەکانە و تەواوکەریەتی، پلە و پایەی ڕاستگۆیی لەدوای پلەی پێغەمبەرایەتی دێت، کەمترین پلەی ڕاستگۆیی یەکسانی پەنهانی و ئاشکرایە. هەر بۆیە خودای پەروەردگار هانمان دەدات بۆ ڕاستگۆیی و لەگەڵ تەقواو لەخواترساندا هاوشان و پەیوەستی دەکات بە

[٢٢٠] - تۆ ناتوانی کەسانی تر ناچار بکەیت کە خۆشیان بوویێت بەڵکو دەتوانیت بگۆڕێیت بە کەسێك کە خۆشیان دەوێت ..تاکەکانی کۆمەڵگە چەندە لە ڕاستیی و ڕاستگۆیی دوور بکەونەوە، ئەوەندە ڕقیان لەو کەسە دەبێتەوە کە باسی ڕاستیی و ڕاستگۆییان بۆ دەکات

**یەکەوە، وەك دەفەرموێ:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾ التوبة: ١١٩ ***واتە: بەڕاستگۆیی خەڵك بە ئاشتی و ئاسوودەیی ژیان بەسەر دەبەن، هەموو خاوەن مافێك مافەکەی وەردەگرێت. ڕاستگۆیی بنچینە و بنەمایەکە لە بنچینەکانی کۆمەڵگا و یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە قایم و پتەوەکانی.***

**ڕاستگۆیی پلەو پایەکە لە ڕەوشت بەرزی کە تەواوکەر و سەروەری هەموو سیفەتە بەرز و بەڕێزەکانی موسڵمانە، بەڕاستگۆیی ئیمانداریێتی و باوەڕی کامڵ دەبێ و وەردەگیرێ و یەکێکە لە مەرجەکانی (لا اله الا الله)" [٢٢١]**

**"ئەگەر مرۆڤ لە وەدەستهێنانی بارێکی دەروونی جێگیر و پایەداردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەرگیز لە بەرانبەر ئەو ڕووداو و هەلومەرجە نەگونجاو و ناخۆشانەدا ناشڵەژێ کە هەرگیز چاوەڕوانی ڕوودانیان نەبووە، هەروەها بارە دەروونییە جێگیرەکە وای لێدەکات لە نەرانبەر ڕەفتارە نەشیاوەکانی خەڵکانیشدا بەخۆگری بمێنێتەوە، بەمەش دەتوانێ ڕێڕەو و ئاڕاستەی چارەنووسی خۆی بگۆڕێت. چونکە لە بەرانبەر گشت نەهامەتی و لێقەومانێکدا بەوپەڕی بیر ڕوونی دەمێنێتەوە تاکوو بەرپەرچی ڕووداوەکان بداتەوە و مامەڵەی دروستیان لە بەرانبەردا بکات و بەبێ کەمترین شڵەژان و لێتێکچوونێك باشترین پلان دادەڕێژێ و موو بە موو پەیڕەویان دەکات، تاکوو لە کۆتاییدا بە عەزم و ویستێکی پۆڵاین و ئامادەکارییەکی بێوێنەوە ئەو شتانە جێبەجێ بکات کە دەستیپێکردوون"[٢٢٢]**

**ڕاستگۆیی هەڵقوڵاوی ڕەوشت بەرزییە، دوو جۆرە ڕەوشت هەیە:**

✍✍*یەکەمیان* ئەوەیە: **خەڵقی چی کرد تۆش ئەوە بکەیت (پابەند بوون بەو ئاکار و داب و نەریتانەی جوانن). بەواتایەکی دیکە باوەڕبوون بە دیموکراسی ئەوەیە ڕوویەکی جوانتری پێ بدەی، بۆ نموونە:**

## پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا(ئاك پارتی)

---

[٢٢١] -م.نەبەز ئەحمەد: خوڕەوشتی ڕاستگۆیی یان سیفەتی ڕاستگۆیی–گۆڤاری: زنجیرە بابەتێکی پەروەردەیی، ل٤-٥

[٢٢٢] -هێزی ئیرادە-و: سەلاح سەعدی - ل١٦-١٧

"لـەدوای دامەزراندنییـەوە ئـاك پـارتی بـۆ یەکـەمجار لەبەرامبـەر ١٨پـارتی دیکـە، بەشداری هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری٢٠٠٢ی کرد، بەڵام جگە لـە ئاك پارتی و پارتی گـەلی کۆمـاری هـیچ پارتێکی دیکـە نـە لـە ڕاستڕۆکان، نـە چـەپەکان و ئیسلامیەکانی دیکە، بەهۆی بەدەست نەهێنانی ڕێژەی١٠٪ی دەنگەکان نەیانتوانی بگەنـە پەرلـەمان، لە کۆی٥٢١کورسی، ئاك پارتی ٣٦٣کورسـی بەدەسـت هێنـا و ١٧٨کورسـی دیکـەش بۆ پارتی گەلی کۆماری مایەوە، ئەمەش گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ ئاك پارتی کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا بوونی خۆی لە واقیعدا بسەلمێنێ، ئەنجامەکەشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ڕەتکردنەوەی زۆربەی سەرکردەو سیمبولە تەقلیدییەکانی بزاڤی سیاسی لەلایەن گەلانی تورکیاوە.

دووەم: توانا و لێهاتوویی ئاك پارتی، لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بەشێوەیەکی کارا، کە توانی باوەڕ بەدەنگدەران بێنێ.

بۆیە سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکان لەکاتێکدا بوو، وڵات ڕووبەرووی قەیرانگەلێکی ئابووری لەڕادەبەدەر ببۆوە، بەجۆرێك نرخی بەهای لیرەی تورکی تەواو لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دابەزی بوو، هەروەها ڕێژەی کورتهێنانی بودجەی ساڵی٢٠٠٠تەنها دوو ملیار دۆلار بوو، کەچی لە ساڵی٢٠٠١ ڕێژەکە بۆ ٢٢ملیار دۆلار بەرز بوویەوە، قەبارەی قەرزەکانی تورکیا لەساڵی٢٠٠٢ گەیشتە ٢٠٣ ملیار دۆلار، کۆی گشتی گەشەی ئابووریش بۆ٤,٥٪ دابەزی ئەمەش بەخراپترین داکشانەوەی ئابووری تورکیای هاوچەرخ دادەنرێ، دواجاریش ڕێژەی بێکاری گەیشتە١٠٪ و ڕێژەی هەڵاوسان گەیشتە٣٥٪ لەلای خۆیانەوە زۆرێك بۆچوونیان وایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی٢٠٠٢ کە بەسەرکەوتنی ئاك پارتی کۆتایی پێهات کودەتاییەکی سپی بوو بەسەر سکیۆلاریزمی توندڕۆ نەك خودی سکیۆلاریزم، دەشێ بگوترێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان شۆڕشێکی چاکسازی بوو بەسەر سیستەمی وڵات، کە هەمیشە پێداگری لەبوونی خۆی دەکردو بەرامبەرەکەی ڕەتدەکردەوە، بەدیوێکی دیکە، سەرکەوتنەکەی ئاك پارتی دانپێنان بوو بە شکستی ڕەوتی ئیسلامی تەقلیدی، لە سەرکەوتنی بەسەر سکیۆلاریزم، هەروەها سەرکەوتنی ئاك پارتی بۆ

**ڕزگارکردنی وڵات بوو لەئاژاوە و لاوازی ڕەفتار و ڕەوشتی هێزی سیاسیەکان و هەست نەکردنیان بە گیان و ئەرکی بەرپرسیارێتی.**

**نووسەری تورك( فروح دیمیرمان) ئاماژەی بەوە کردوە، کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەلایەنی کەم بریتی بوو لە شۆڕشێکی بێدەنگ لەلایەن دەنگدەرانەوە، کە کەوتبوونە ژێر باری قورسی ژیانی ئابووری، لەلای خۆشیەوە نووسەر (یۆکسالْ سۆیلەمان) سەرکەوتنە گەورەکەی ئاك پارتی بۆ خودی کەسایەتی ئەردۆگان[٢٢٣] دەگەڕێنێتەوە، کە هەرچەندە پێشتر ئەزموونی لە سەرۆکایەتیکردنی وڵات نەبوو، بەڵام بەهۆی چالاکییە بەردەوامەکانی و توانای لێهاتوویی لە سەرکردایەتیکردن توانی سەرنجی دەنگدەران بەلای خۆیدا ڕابکێشی"[٢٢٤]**

✍✍*دووەمیان* ئەوەیە: **خەڵکی چی کرد تۆ ئەوە نەکەیت (دوور کەوتنەوە لە هەموو ئەو ئاکار و داب و نەریتانەی پیس و ناشیرینن وەك جەور و ستەم و لواتە و زیندەبەچاڵکردنی کچ و بەناهەق کوشتنی مرۆڤ و خواردنی سوو و ...هتد). سەبارەت بەم حاڵەتە ئەو گۆڕانەیە** که به ئەرێنی(ئیجابی) ناوزەد دەکرێ و سنوورێکی تەواو و دیار بۆ هەموو کۆت و بەند و بالۆر و دیاردە دزێوەکان دادەنێ کە بەپێی سەرهەڵدانی قۆناغەکە ببێتە پێویستییەکی مێژوویی، ئەوەیش

[٢٢٣] - ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە ٢٦ی شوباتی ١٩٥٤ لە ئەستەنبۆڵ و لە بنەماڵەیەکی بە ڕەگەز جۆرجی لەدایك بووە، تەمەنی منداڵی لە ڕیزە لەسەر دەریای ڕەش بەسەر بردووە، دواتریش لە تەمەنی١٣ساڵی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ئەستەنبۆڵ، ئەردۆگان لەخێزانێکی هەژار پەروەردە بووە، لەمبارەیەوە لە دیبەیتێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ دەزنیز بایکاڵی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری دەڵێ: (لەهەردوو قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی هیچ ئەگەرێکی دیکە جگە لە فرۆشتنی شووتی و ئاوی سارد لەبەردەستمدا نەبوو بۆ ئەوەی یارمەتی باوکم بدەم و بەشێك لە خەرجی خوێندنم دابین بکەم، لەڕاستیدا باوکم کەسێکە هەژاربوو) ئەردۆگان خوێندنی لە قوتابخانەکانی پێش نوێژی و وتارخوێنی تەواو کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کۆلێژی ئابووری و کار لە زانکۆی مەڕ مەڕە.

[٢٢٤] - د.عوسمان عەلی: پارتی داد و گەشەپێدان و چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا ، وەرگێڕانی عەبدولستار ئەحمەد باغەمرەیی،چ١، چاپخانەی بەردان- ئیستانبۆڵ/ تورکیا،٢٠١٤، ل٤٤-٤٥

لەسەروویانەوە زیاتر لە ئان و ساتی ناردنی پێغەمبەران(دروودی خوایان لەسەربێ) ڕەنگدەداتەوە کاتێك دەبنە پەیامهەڵگری مرۆڤایەتی و بە ئەمانەتەوە لەچوارچێوەی بەرنامەییەکی جوان و ڕێك و پێك و تەمیز قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵدەکەن و بێ سرەوتن و سڵکردنەوە لەهەر ئەنجامێکی نەخوازراودا بەگڕوتێن و تاوەوە دەچنە نێو جەرگەی کۆمەڵگا و دەست بە بانگەواز لە پێناو چاکسازی ڕیشەیی و گۆڕانکاری بەسەر شتە مردووەکان دەکەن کە ئەو کۆمەڵگایە مامەڵەی زیندووییان ڕەگەڵی کردووە.

لەهەموو پڕۆژەییەکی تازەدا کەسانێك دەبنە لایەنگر و هاوپشت و کەسانێکیش لە دژی دەوەستنەوە، ئەوەتە لەخوێندنەوەی سەرگوزشتەی ئیبراهیم (علیه السلام) لەناو بتپەرستەکان و لەکۆمەڵگاییەکی دوور لە بەهای دینی و مرۆیی چ گۆڕانێ بەرپا دەکات کاتێك بتەکان تێك دەشکێنێت، پێیان دەڵێ: ئێوە شتێك دەپەرستن نە سوودتان پێ دەبەخشێ و نە زیانتان پێ دەگەیەنێ، بۆچی دەستی لێ هەڵناگرن؟. خەڵکانێك ئەمەیان بە چاوشکاندن و سوکایەتی بۆ دینەکەیان دەربڕی کە ئەوان ساڵەهایە باوەڕیان پێیەتی و دەیپەرستن.

هەروەها دەسەڵاتی فیرعەون کە ماوەیەکی دوور و درێژبوو بەمیرات ڕەگ و ڕیشەی لەناو کۆمەڵگای فیرعەونی داکوتا بوو، دەسەڵات نەوە بۆ نەوە دەمایەوە، ئەم زوڵمەیش سروشت و فیترەتی ژیانی بەنی ئیسرائیلی تێك دابوو، مۆرکی سوکایەتی و سەرشۆڕی و ترسنۆکی پێوەنابوون لەکاتێکدا هەموو گەلی میسریان بە کۆیلە و بەندەی خۆیان دەزانی، بۆیە خوای گەورە موسا (علیه السلام) ئامادە دەکات کە گۆڕان بەرپا بکات و ڕاپەڕین دژی جەور و ستەمی فیرعەون ئەنجام بدات هەرچەندە وەکو لە مێژوودا هاتووە ئەو گەلەی ژێردەستی فیرعەون زۆر ترسنۆك و دەستەمۆی ژێردەستی دەسەڵاتی ئەو تاغوتە بوون کە هەر قسەیەك فیرعەون بیکردایە حیسابی پەرستراوی سەر زەویان بۆی دەکرد.لە ئاکامیشدا ڕق و تووڕەیی گەیشتە ئەو ئاستەی گۆڕانکاری بێتە کایەوە و ئەوەش بووە هەوێن بۆ تیاچوونی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و ستەمی فیرعەون هەرچەندە دەسەڵاتی زۆرداری ئەو، ماوەیەکی دوورو درێژبوو، دۆست و لایەنگری زۆری بۆ خۆی پەیدا کردبوو لە دواییدا بەرامبەر بە

ڕاستی چۆکی دادا و کۆتایی پێ هات..تەنانەت تۆکمەیی بیروباوەڕو عەقیدەی ساغ کە لەدەروون چەسپا و جێگیربوو ئیتر هیچ هێزێك جێی پێ لەق ناکات ئەمەش بووە وانەیەك لە ساحیرەکانی فیرعەونەوە پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگیرێ کاتێ لەوپەڕی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویاندا پشت لەهەموو ناز و نیعمەتێك دەکەن و باوەڕ بە پەیامەکەی موسا پێغەمبەر دێنن. بەرهەمی گۆڕانکاریەکەش خەڵکی ئازاد کرد لەبەندایەتی بەندەوە بۆ بەندایەتی خوا و بەدەستهێنانی خۆشبەختی و خۆشنوودی.

دواینی پێغەمبەران موحەممەد (ﷺ) خەڵکی لە زەلکاوی نەزانی و تاریکی دەرهێنا بۆ بڕوا هێنان و چنگکەوتنی ڕۆشنایی نوری ئیمان ئەمەش گەورەترین گۆڕان بوو مرۆڤایەتی لەسەری دامەزرا، مافی مافخوراوانی گێڕایەوە، خەڵکی لە کۆیلایەتی و ژێر دەستەیی بەرەو ئاسۆی ڕوون و ژیانی ئازادی و خۆ بەمرۆڤزانین دەرهێنا. ڕەوشت و ئاکار و بەهابەرزەکانی زەق کردەوە کە خەڵکی سەرگەردان و زەلیل هەرچی بەهای پیرۆز و مەزنییەك هەبوو، بەلاوەیان نابوو، خۆیان لەقەرەی نەدەدا و پەراوێزیان خستبوو ، ئەو پێغەمبەرە لەو پێناوە تێکۆشا و ئەوانی زیندوو کردەوە لەگەڵ گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی ئافرەتان لە دەست زوڵمی زلە زلەکان کە پێشتر وەکو کاڵاییەك بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرا، جگە لەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و گۆڕانکاری لەو سیستەمی بەڕێوەبردنەی پێشتر خەڵکانێك بۆ خۆیان قۆرخکردبوو ئەوەش بووە خاڵێکی دیکەی ئەو وەرچەرخانە، وەرچەرخانیش گۆڕانی بارودۆخێکی دیاریکراوی ژیانی مرۆڤایەتییە بۆ بارودۆخێکی جیاواز و باشتری پێش سەردەمی خۆی.

(ڤیکتۆر یوشینکۆ)ی ئۆکرانیا کە درکی بەوە کرد میللەتەکەی گۆڕانکاری دەوێت، لەماوەی یەك هەفتە توانی هەموو گەلی ئۆکرانی بهێنێتە سەرجادە و ئەو شۆڕشە پرتەقاڵییە بەرپا بکات بەبێ ئەوەی بهێڵێ یەك فیشەك بتەقێت.

(ڤاوێنسا)ی سەرۆکی پۆڵۆنیاش تەنها سەرۆکی سەندیکایەك بوو هیچ ناو و ناوبانگێکی سیاسی و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو..بە ئیرادەییەکی بەهێز و

پۆلاَینەوە ویستی گۆڕانکاری لە سیستەمی دەسەلاَت بکات، تەنها بەیەك بانگەواز و بانگێشە توانی هەموو گەلی پۆلۆنی بۆ مانگرتن ڕابکێشێت و سەرەنجام توانی ڕەگ و ڕیشەی شوعییەت لەو ولاَتە هەڵبتەکێنێ و گۆڕانکاری بەرپا بکات. وتەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: لە پۆڵۆنیا هەموو شتێك دەگۆڕم، تەنها شوقە بچکۆڵەکەی خۆم ناگۆڕم. (دەڵێن کە بووە سەرۆك شوقە بچووکەکەی نەگۆڕی)

هەندێ جار ئەو حالَەتە بە نێگەتیڤ دەگەڕێتەوە..چ جای سەرگەردان و ماڵوێرانی، هیچی تری لێ سەوز نەبێت[225].. نموونەییەکی سادە ڕاپەڕینی گەلانی سوریای دژ بە ڕژێمی (بەشار ئەسەد) بوو کە جگە لە تێکشکان و ڕوخان و کاولکاری ولاَتێك، دەستکەوتێکی وای نەبوو، ئەوەتا بەپێی ئامارەکان لەنێوان ساڵانی٢٠١١تا ٢٠١٦ زیاتر لە ٢٨٣هەزار کەس بوونەتە قوربانی، لەکاتێکدا دەکرا بە مۆدێل و ڕێگەیەکی تر ئەو دەرئەنجامانە بگۆڕایە[226].

---

[225] - لەم بارەیەوە نمونە زۆرە و زۆربەی شۆڕشی ولاَتانی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوە زیاتر کۆمەڵگە عەرەبییەکانی تێکشکاند لەوەی بەرەو باشەی ببەن.

[226] - (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی پێشووی سوریا و باوکی بەشار پێش بەدەستخستنی جلَەوی حوکم، ناپاکی لە هاوڕێکانی کرد، وەها لە خۆبایی ببوو، لەخۆی زیاتر کەسی بەدی نەدەکرد و کەسی بەمرۆڤ نەدەزانی، هەموو سوریای لەسەر خۆی تاپۆ کرد، زەلامێك لەو ولاَتە بەجواب نەهات و نقەی لێوە نەهات. دەگێڕنەوە: پادشایەك هەبوو، نێرە فیلێکی ڕاگرتبوو، نێرە فیل بە ئارەزووی خۆی بەناو ئاوایی و دەشت و دەر و سەزایی ئەو شارە وەردەبوو، ئەوەی بکەوتایەتە بەردەستی پەلاماری دەدا و دەیخوارد، گەلێ زەڕی کرد، کەس بۆی نەبوو لێی هەڵگەڕێتەوە یان ڕێگریی لێ بکات..خەڵکەکە تەواو بەدەست ئەو نێرە فیلە گیریان خواردبوو، خەڵکێك بەدزییەوە گلەیی دەکرد، بەلاَم بەئاشکرا نەیدەوێرا قسە بکات نەوەك قسەکانی بەپیاوانی پادشا بگاتەوە و بیگرن.. جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ.. خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە چوونە ماڵی نوێنەری ئەو شارە و ڕوویان لێینا بەنوێنەرایەتی هەمووان بچێتە لای پادشا و وابکات ئەو نێرە فیلە لەناو ببات..ئەویش ڕازی بوو داخوازییەکەیان بەپادشا بگەیەنێت، خەڵکە نارازییەکە کەوتنە دوای، هەر ئەو خەڵکە وردە وردە لە ترسی سزای پادشا، خۆی دەدزییەوە کاتێك نوێنەری شار بەخۆی زانی، کەسی لە

شکسپیر دەڵێت: "خراپترین گوناه ئەوەیە کەسێك لەگەڵ تۆ ڕاستگۆ بێت، تۆش درۆزن بیت لەگەڵی".

تیۆری ئاکار(ئەخلاق) لقێکی زۆر گرنگە لە فەلسەفەدا چونکە پشکنین و بەدواداچوون دەکات بۆ ڕەفتار و هەڵس و کەوت و شێوازی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو بەهایانەی بەپێی لێکدانەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵگا پۆزەتیڤ و پەسندە ، دیسان جیاوازییەکانی (چاکە و خراپە)ی ڕەوشتی مرۆڤ دەپێوێت، ئاکار بەرئەنجامی هەڵس و کەوت و ڕەفتاری مرۆڤە بەپێی ئەو بەهایانەی کۆمەڵگا بۆ مرۆڤ دیاری دەکات. ئەو بەهایانەیش بەدرێژایی مێژوو کە کۆمەڵگا و تاك لەڕێگای پەیوەندی و هاونشین بوون و چالاکی کرداری هاوبەش لە بێشکەوە تا مردن بەدەستیان هێناوە بریتییە لە کۆمەڵە پرێنسیپێکی کۆمەڵایەتی کە تاکەکان لەسەری ڕێك کەوتوون و بووەتە کولتوور و داب و نەریت و دەبێت مرۆڤ پابەندبێت پێیەوە و ناوی نراوە (ئەخلاق)، گەر مرۆڤ پێچەوانەی ئەو بەهایانە ڕفتار و هەڵسوکەوت بکات بەلای کۆمەڵگاوە دەرچوونە لە (ئەخلاق) و بەکرداری نائەخلاقی ناو دەبرێت.. هەروەها مەعریفەی چاکەخوازی ئەخلاق ئاڕاستەییەکە بۆ فەزیلەت و چاکەش دەکرێتە سێ بەشەوە:-

١- ئەو شتەی تەنها بۆ خۆمە و نەك بۆ کەسانێکی تر واتە (چاکەی ڕەها)

٢- ئەو شتەی بۆ خۆم دەوێت و بۆ ئەوانیتریش وەك (چاکەی زانست)

٣-ئەو شتەی دەمەوێت بۆ ئەوانی تر و نامەوێت بۆ خۆم وەکو (تاڵی دەرمان) بۆ چاك کردنەوەی نەخۆش، چونکە ئەگەر مرۆڤ نەخۆش نەبێت دەرمانی تاڵ نانۆشێت[٢٢٧].

---

پشت نەماوە.. بەتەنیا چووە لای پادشا و کە پرسیاری ئەو هاتنەی لێ کرد، لە ڕقی بێ هەڵوێستی ئەو خەڵکە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: پادشامان پایەداربێت، قوربان ئەوەی ڕاستیبێ بەنوێنەرایەتی خەڵکی ئەم شارە هاتوومەتە لای بەڕێزتان بۆ ئەوەی تەکلیفی ئەوەتان لێبکەم کە ئەم نێرە فیلەی هەتانە چونکە تەنیایە، هەست بە غەریبی دەکات، ئەگەر دەکرێ مێیە فیلێکی بۆ پەیدا بکەن و چیش پێویستە ئەوا من و ئەو خەڵکە لە خزمەتداین.

[٢٢٧] - یاسین لەتیف: تیۆرزەکردنی (ئەخلاق) لای ئەفلاتون- پێگەی کوردستان پۆست-٢٠١٣/٩/٦

(سوقرات) فەیلەسوفی یۆنانی، خاوەنی گەلێ وتەی بەنرخە و ژیانێکی سەربەرزانە ژیا..ئەگەر گوزەرێکی خێرا بەنێو ژیانی دا بکەین، دەبینین:

چوار سەدە و نیو پێش لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح(علیه السلام) لە یۆنان منداڵێکی دیمەن ناشیرین لەدایك بوو. (ئەقریتۆن)ی هاوڕێی تەمەنی منداڵی دەیوت: ( بۆ یەکەمجار سوقراتم[228] دی وامزانی لە تەواوی ئەسینا کەسێك نییە لەو ناشیرینتربێ[229])، منداڵان لە قوتابخانە گاڵتەیان پێی دەکردو ئازاریان دەدا و ناویان نابوو(شێوە بۆق). جارێك لە قوتابخانە زۆریان ئازاردا و دوورکەوتینەوە تا گەیشتینە دێییەك، ماوەیەك دوورکەوتەوە لێم، کە نزیك بوومەوە بینیم دانیشتووە و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە، گوێم لێی ڕاگرت دەیوت: (خوای گەورە ڕازیم بەوەی لە شێوەما ناشیرینم، دەپاڕێمەوە لێت لە دەروونمدا جوانیم پێ ببەخشی، ژیری و زانینم جوان و بەرز بێت)

شەوێکیان کاتێ هەموو هاوڕێکانی لەخەودا بوون، ئەو هێشتا بەخەبەر بوو، بەقووڵی لە ئاسمانی دەڕوانی، زانیم خەریکی تێفکرینە، چوومە لای و لێمپرسی: سوقرات ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە؟ بەهێمنییەوە وتی: دەزانی گرنگترین شت بۆ ئادەمیزاد

---

[228] - سوقرات لەدەوروبەری ساڵی ٤٧٠ی بەر لەزایین لە ئەسینا لەدایك بووە نزیکەی ٧٠ساڵێك ژیاوە. واتە لەساڵی٣٩٩ی پێش زایین پیاڵە ژەهرەکەی خواردەوە و گیانی دەرچوو. سوفرو نیکسوسی باوکی پەیکەرتاش و — ڤایناریت‌ی دایکی مامان بووە.

[229] - دانای یونانی چاوزەقی کەللە گەورەی لچ ئەستوور و لوت پووچ بووە بەڵام خاوەنی دڵ و دەروون و گیان و ڕەوشتێك بووە لەمێژوودا نموونەی کەمە...ماوەییەك پەیکەرتاشی کردووە...لە ڕیزی لەشکردا کاری کردووە...لەشەڕدا نموونەی نەبەزین و خۆڕاگریی و دلێریی و ئازایەتیی بووە...ئنجا ڕووی کردۆتە فەلسەفە و پەیامێکی پیرۆزی داناوە لە ژیاندا، شارەزایی لە ژمێرە و ئەندازە و ئەستێرەناسیی و سیاسەت هەبووە.. ژنێکی هاری زمان درێژی هەبوە ناوی (ئەکسانتیپ) بووە وا دەرئەکەوێ کە سوقرات بەدەستییەوە پەرێشان بووە، زۆر جار وتوویەتی (ئەکسانتیپ وەك ئاسمان لەپڕ هەور تیایدا ئەگرمێنێ کەچی لەدواییدا یەکسەر دەست ئەکات بە باران بارین) (حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یونان، چ١، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی،١٩٧٩ ل٢١٦)

چییه؟! دۆزینەوه و ناسینی ڕاستییه، چونکه کەسێك که ڕاستی دەشارێتەوه ئازاری گرنگترین بەشی خۆی دەدات، ئەو بەشەیش بریتییه له گیان. لام سەیره بۆچی گیان لەمرۆڤدا ڕاستی و هەقی خۆش دەوێت. تەنها وەڵامێك چونکه گیان نزیکترین بەشی ئادەمیزاده لەخوا، لێرەوه دەردەکەوێت بۆم که خوای گەوره تەنها خۆیەتی تەواوی هەق و ڕاستی.

جارێکیان پێی وتم: گەورەترین هەڵەی خەڵکی، سەرچاوەکەی یەکێکه لەدوو هۆیه:

١- بێ بڕوایی.

٢- تێگەیشتن و بۆچوونی هەڵەی ئادەمیزاد بەرامبەر بەخوا که نەگونجاو و ناڕاسته لەگەڵ خوادا.

کاتێك سوقرات تەمەنی گەیشته ٣٠ ساڵ، هەستیکرد نامەییەکی ئایینی لەئەستۆدایه و پێویسته بەجێی بێنێت ئەویش بانگکردنی خەڵکه بۆ ژیریی و ڕەوشتی بەرز[٢٣٠].ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ بوونی کۆمەڵێك که پێیان دەوت(سەفستانییەکان)[٢٣١] ئەمانه بێبڕوا بوون، له ڕێگەی خوتبەدان و وشەی بریقەدار و بەکارهێنانی هونەر له قسەکردندا یارییان بەبیر و بۆچوونی خەڵك دەکرد و وایان تێ دەگەیاندن که مرۆڤ چی پێ خۆشه با بیکات[٢٣٢]. بەمجۆره هەموو کردارێك، هەندێك هەیه پەسندی دەکەن

---

[٢٣٠] - ئەفلاتون دەڵێت: ڕۆژێکیان شریفۆن (دۆست و هاوڕێی منداڵیی سوقرات) چووه بۆ پەرستگای دیلفی و له خزمەتچییەکەی پرسیوه: ئایا کەسێك هەیه له سوقرات داناتر بێ؟ لەوەڵامدا وتویەتی نەخێر.

[٢٣١] - سوقراتی دانا بەپێچەوانەی سۆفستاییەکانەوه هیچ جۆره کرێیەکی لەکەس وەرنەگرتووه، فیزی نەبووه... له شوێنه گشتییەکان، له کوچه و کۆڵان و ناو بازاڕدا بە پێ خاوسی گەڕاوه و لەگەڵ خەڵکی سادەدا تێکەڵاو بووه، بەبێ ئەوەی گوێ بداته پله و پایه و دەست ڕۆیشتنیان لەگەڵیاندا دەربارەی کاروباری ژیانی ڕۆژانه و مردن و ژیان و ڕەوشت و نەریت و ئەو مەسەلانه دواوه که ئادەمیزادی ئەو سەردەمه پێوەی خەریك بوون.

[٢٣٢] - بەلای سەفستانییەکانەوه مرۆڤ سەرچاوەی گشت شتێکه، ڕاستی شتێکی نسبیه، ئادەمیزاد ئازاده چۆن بێت، چونکه هیچ ڕایەك نیه بۆ سەرجەم ئادەمیزاد ڕاست بێت یان هیچ ڕایەك نییه هەڵه بێت چونکه هەموو ڕایەك ڕاسته لای خاوەن ڕاکه. دەیانوت بۆ نموونه ناتوانین بڵێین دزیکردن هەڵەیه چونکه لای ئەو

و کۆمەڵێکیش دژایەتی دەکەن. جا بەم جۆرە بۆچوونانە بووبوونە هۆی تێکدانی ڕەوشت و بیر و ژیریی. بەڵام دیارە خوای گەورە لەهیچ سەردەمێك ئادەمیزادی نەکردۆتە دیلی شەیتان و شوێنکەوتوانی. بۆیە سوقرات بووە هەڵگری مەشخەڵی هەق و ڕاستی و کەوتە بەرپاکردنی شۆڕش لە دژیان و ڕاستی پێ سەلماندن، دەڵێت: (ئێوە دەڵێن هیچ یاساییەك نییە شیاوبێت بۆ سەرجەم ئادەمیزاد چونکە هیچ ڕایەك نییە ڕاستبێ. بەڵام ئەو ڕایە خۆی لەخۆیدا هەڵەیە و ئێوە بێ ئاگان، تێفکرین ئەگەر هیچ ڕایەك نەبێت ڕاست بێت بۆ گشت ئادەمیزاد کەواتە ئەم ڕایە خۆشی ڕاست نییە بۆ گشت ئادەمیزاد).

هەروەها دەڵێت: ( لەڕاستیدا هەق و چاکەکردن چاکەیە لەگشت کات و شوێنێکدا و خراپە خراپەیە بۆ گشت کەسێك و لەهەموو شوێنێك ئادەمیزاد سەرچاوە نییە بۆ گشت شتێك، بەڵکو خوای گەورە سەرچاوەیە، سەرچاوەی زانین لەمرۆڤدا ژیرییە. ئێوە بەهەڵەداچوون کە هەست بەسەرچاوەی زانین دادەنێن لە مرۆڤدا).

لە دادگایش هاوار دەکات[٢٣٣]: ( ئەی خەڵکی ئەسینا من ئێوەم خۆش دەوێت و هاوڕێتانم. بەڵام بەگوێی خوای گەورە دەکەم نەك ئێوە، تا دڵم لە لێدان دەکەوێت لەسەر ئەم ڕێیە لا نادەم ناتوانم بێدەنگبم چونکە زمانی خوای گەورەیە کە گەورەترین

---

کەسانە هەڵەیە کە دزی ناکەن بەڵام لای دزەکان هەڵە نییە..سوقرات باوەڕی بە شتی موتڵەق نەبووە، دوای ئەفلاتون نەزەریەی موتڵەقگەرای پەرەپێدا.

[٢٣٣] - سوقرات لە تەمەنی حەفتاساڵیدا، سێ کەس: - (ئەنتیس) کە سیاسییەکی دیموکراتخوازی ئەوسا بوو، (میلیتس) شاعیر و (لیقون) خەتیب-وتاربێژ- بووە) سوقراتیان بەم سێ تۆمەتەی خوارەوە گوناهبار کردووە و داویانەتە دادگا:

١-مێشکی لاوانی تێك داوە و خووڕەوشتی خراپ کردوون.

٢-نکوڵیی لەبوونی خواوەندە ڕەسمییەکانی یونان دەکات.

٣-داوای پەرستنی خواوەندێکی تر ئەکات. بڕوانە (حەمید عەزیز: سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یونان، ل٢١٧)

چاکه بۆ مرۆڤ بریتییه لەگەڕان بەدوای ڕاستی و گەیاندنی بەخەڵکی. چونکه کەسێك لەم ژیانەدا خولیای دۆزینەوەی ڕاستی نەبێت، شیاوی ژیان نییه)
کاتێك دادگا بڕیاری کوشتنی دا، وتی: (واتێنگەن ناتوانم قایلتان بکەم نەمکوژن چونکه کاتێك مەترسی لەمرۆڤ نزیك دەبێتەوه دەتوانێت جۆرەها فێڵ و درۆ بکات تا له مردن ڕزگاری بێت بەڵام لای من ڕزگاربوون له مردن گرنگ نییه بەڵکو گرنگ ئەوەیه لەبڕواکانم لا نەدەم)[234].
ئیتر پەرداخێك ژەهریان هێناو دایانه دەستی، ئەویش پێش ئەوەی بیخواتەوە، ڕووی کرده ئاسمان و وتی: (ئەی خوای گەوره لێت دەپاڕێمەوه که ڕۆیشتم لەم دنیاوه بۆ لای خۆت ڕۆیشتنێکی ئاسوودەیی بێت ئەمەیه دواهەمین پاڕانەوەم)[235].
"بەرامبەر گوتنی (ڕاستی)، گەیشته ئەندازەیەك، گیانی خۆی له پێناویدا بەخت کرد بۆ ئەمەی نرخ به قسەکانی خۆی بدات، هەرچەنده هەلیشی بۆ هەڵکەتبوو تا له بەندیخانه ڕا بکات، کەچی ژەهری بەندیخانەکەی نۆشی و ڕای نەکرد، نەوەك یاسا بشکێنی"[236]
پێویسته مرۆڤ خۆی به هاوڕێی هەق و ڕاستی دابنێ و خۆی له هاوڕێیەتی ناهەق بەدوور بگرێت، ڕاستی پشوودرێژی بەمەردوم دەدات بۆ ئەوەی لەبەردەم نەهامەتییەکاندا ئارامگربێ و ئەوەی بۆ خۆی پێ خۆشه، ئەوەیشی بۆ خەڵکەکه پێ خۆشێت وەك چۆن حەز ناکات کەس زیانی پێ بگەیەنێت ئەوها حەز بەزیانی کەس نەکات. دەگێڕنەوه ڕۆژێکیان بەدەم ڕۆیشتنەوه وتوێژێك لەنێوان هەق و ناهەق (باتڵ) دروست دەبێت، لەیەکەم هەنگاودا باتڵ بەشانازییەوه ڕوو دەکاته هەق و پێی دەڵێت: من زۆر سەربڵندم.. هەق بەزەدەخەنەیەکەوه پێی دەڵێ: ببووره منیش سەربڵندم،

[234]-هاوڕێکانی زۆر هەوڵیاندا ڕازی بکەن له بەندیخانه هەڵبێ و ڕابکات، بەڵام ڕازی نەبوو وتی: من ناتوانم تاوان بکەم، ئەگەر من تاوان بکەم و لەیاسا لابدەم، ئاخۆ چۆن دەتوانم باس له دادوەری و یاسایی بوون بکەم!!
[235] -ئاسۆ معتصم نەقشبەندی – سوقرات و دەنگی ڕاستی -ڕۆژنامەی یەکگرتوو-ژماره (٥٠)
[236] - شاکر فەتاح: ئاهەنگی ڕۆشنبیران، ل٣٦

بگره له تۆش خۆڕاگرترم.. باتڵ پێی دەڵێ: تۆ غەڵەتی، سەربڵندی من لەوەدایە لەتۆ بەهێزترم و چیم بوێ ئەنجامی دەدەم چونکە هەموو کەسە خۆشگوزەران و بەتواناکانم لە پشتە و هەمووان پشتگیریم دەکەن، هەقیش ئەو ئایەتەی بۆ خوێندەوە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا ۖ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿١٢٣﴾﴾ الأنعام: ١٢٣ ﴿ئا بەو شێوەیە لەناو هەموو شارو شارۆچکەیەکدا گەورەترینی تاوانباریانمان باڵا دەست کردووە تا پیلان و تەڵەکە بگێڕن تیایدا، ( بێ ئەوەی بزانن) کە: هیچ فێڵ و تەڵەکەیەکیش ناکەن بە زیانی خۆیان تەواو نەبێت، لە کاتێکدا هەست بەوە ناکەن، پیلان دژی خۆیان دەگێڕن و بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە(بەڵام) هەستی پێناکەن ( چونکە غافڵ و بێ ئاگان کە بەرەو لێواری مەرگ هەنگاو هەڵدەگرن و لە سزای پەروەردگار دەرباز نابن) ﴾

باتڵ تووڕەبوو بەدەم هەڕەشەوە وتی: (ئەگەر من بمەوێ هەر ئێستا لەناوت دەبەم و دەتکوژم)

هەق خۆی لەگوورە نەبردو زۆر بەشێنەیی پێی وت: بێگومانم لەوەی هەرچییەکت بوێ دەیکەی، بەڵام ڕۆژێك دادێ وەچەکانم تۆڵەت لێ بسەننەوە ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ ﴿٨٨﴾﴾ ص: ٨٨ ﴿بەڕاستی لە داهاتوویەکی نزیکدا، هەر لە دنیادا هەواڵی ڕاستی و دروستی ئەم ئایینە دەزانن، لە قیامەتیشدا هەموو شتێك بە تەواوی ئاشکرا و ڕوون دەبێت﴾.

پێغەمبەری ئیسلام بەر لەوەی ببێتە پەیامبەر لەنێو شاری مەککە و خەڵکەکەیدا بە دەست پاك و ڕاستگۆ(صادق الامين) ناسرابوو، ئەمەیش وایکردبوو ببێتە ئەو سەرکردەیە...وەلێ کەسێك دەستپاك نەبوو، دزی و گەندەڵی دەکات و بۆ پاراستنی دزییەکانی دەست بەو پلە و پۆست و کورسییەوە دەگرێ کە هەیەتی بۆ ئەوەی دزییەکانی ئاشکرا نەبێ و لێپرسینەوەی لەهەمبەر نەکرێ، بۆیە لەو ڕوانگەوە ئامادەیە پەنا بباتە بەر هەر کارێکی توند وتیژ و هەڕەشە و گوڕەشە و سەرکوتکاری ئەوانەی بیانەوێ جێی کورسییەکەی لەق بکەن و دەستاو دەستی لەگەڵدا بکەن.

**ڕاستگۆیی لە قسە** ئەوەیە لەڕووی وتاربێژییەوە کەسێکی قسەزان و بەتوانابێ: قسەی خۆی هەرزانفرۆش نەکات واتە (**چووە هەر شوێنێ بایی ئەوەندە قسە بکات قسەی پێ بمێنێ بتوانێ لە هەموو شوێنێك قسەی خۆی بکات**)

***ڕۆژێکیان لە گفتوگۆیەکدا (ئەنشتاین)ی زانا بە هونەرمەندی گەورە (چارلی چاپلن) دەڵێت: من زۆر تامەزرۆی فلیمەکانی تۆم کە لە فیلمەکانتدا هیچ قسەییەك ناکەیت و کەچی هەموو خەڵکی تێت دەگەن و لێت حاڵی دەبن.***

***ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێت: منیش بەتۆ سەرسامم ئەوەندە قسە دەکەیت، کەچی کەس تێتناگات.*** (ئەم قسەیە ئەوە هەڵدەگرێ کە ئێمە لە ئاستێکدا قسە بکەین زۆرینەی خەڵك تێمان بگەن چۆن قسە دەکەین و بۆ کوێ دەدوێین؟!)

هەروەها بۆ پرسە چارەنوسسسازەکاندا باوەڕی بەڕاوێژ هەبێت و گەورەییە بۆ مرۆڤ لەنەزانینی خۆی بڵێ: " ببوورە ڕاوێژ و مشاوەرە دەکەم دواتر وەڵامت دەدەمەوە" ئەوەی خێرا بڕیار بدات، کاردانەوەی تۆڵەسێنەرانەی دەبێ و توانای بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ کەسەکانی تر نابێت... کەواتە نواندنی هەڵسوکەوت لەهەمبەر هەر هەڵەیەکدا، مرۆڤی لێزانی گەرەکە، هەر وەکو چۆن هەموو دەرگاییەك بۆ کردنەوە کلیلی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە کردنەوەی دەرگای دڵیش کلیلی تایبەت بە خۆی هەیە. بەواتایەکی دیکە ئەگەر بمانەوێ شتێك چاك بکەین و لێبووردەبین دەبێ لە کلیلی دەرگای دڵی مرۆڤەکان بگەڕێین، ئەمەیش دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیەمان بۆ ئاسان دەکات تاوەکو بتوانین سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشین کە بەبێ هەڵچوون و تووڕەبوون گوێمان بۆ ڕادێرێ و بەزیرەکانە ئەو پەیامەی هەمانە بەجوانترین شێوە بیگەیەنین.

## ✐دووەم: گۆڕان لە نەفس و دامەزراوەیی

✍غاندی دەڵێ: **ئەگەر بمانەوێ گۆڕان بکەین دەبێ سەرەتا خۆمان بگۆڕین.**

گۆڕانی کاریگەر بریتییە لە گۆڕینی بیرۆکەکان(ئەفکار) چونکە لەسەر بنەمای قەناعەتپێهێنان سەرچاوە دەگرێت، بەواتایەکی دیکە تۆ ئەو کەسەی دەتوانی خۆت بگۆڕی... میللەر دەڵێت: "باشترین ڕێگا بۆ گۆڕان ئەوەیە بە بیرو بۆچوونەکانی خۆتدا بچیەوە لەبری ئەوەی خۆت بەبیروبۆچوونی کەسانی دیکەوە سەرقاڵ بکەیت".

"پێغەمبەرێك نەبووە لە جیهاندا مەبەستی پارە کۆکردنەوە و دارایی پێکەوەنان یا گەورەیی و سەرۆکایەتی و ناوونیشان بووبێت.. پێغەمبەران لەشکری خوا بوون و بەپێی سرووشی خوا جولاّونەتەوە و بەرێنمایی خوا بەرێدا ڕۆییون. بیر و باوەڕیان ڕاست و بانگکردنیان هەر بۆ ڕێی ڕاست بووە. چەکیان دان بەخۆداگرتن و مەبەستیان چاکە و بەرژەوەندی گەل بووە، ڕێگایان خۆبەختکردن بووە لە ڕێی قازانج و سوودی گشتی و ڕزگارکردنی ستەملێکراوان"[٢٣٧]

بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێ "لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلییەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانییەوە بۆ هەرزانی" هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن[٢٣٨].

مرۆڤ کاتێك چوست و چالاك و جوامێرە کە سەرزەنشتی خۆی بکات و ڕەخنەکانی خۆی ببینێ و هەوڵی تەواو بدات بۆ گۆڕینیان، ئینجا هەوڵ بدات ڕەخنە لەکەسانی تر بگرێت و تەنیا مەبەستی ڕاستکردنەوە بێت نەك ڕوخان و شکاندن و سەرزەنشت کردن.

"عومەری کوڕی خەتتاب-خوا لێی رازی بێت- تەمەنی٢٦ساڵ بوو. لاوێکی دڵڕەق بوو.. بێ بەزەیی بوو.. ئیسلام کاری تێکرد و گۆڕی و کردی بەو پیاوەی ئەگەر منداڵێك بگریایە، ئەویش دەستی بەگریان دەکرد و دەیفەرموو: ( لەوانەیە لەبەر زوڵم و ستەمی عومەر بگری"[٢٣٩]

"هەموو کەسێك دەتوانێ پلانێکی کرداری دابڕێژێ تاوەکو بۆ بونیادنانی ئایندە و گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیڕەوی بکات، بەمەرجێك بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵبێت و خۆی لەسەر بەرزەفتکردنی دەروونی ڕابهێنێ و لەسەر هەڵوێست و بڕیارەکانی مکوڕ و خۆگربێ، ئەوا بێ سێ و دوو دەگاتە ئامانجەکەی کە خۆی پێی ڕازییە و دڵارامی

---

[٢٣٧] - شێخ محەممەدی خاڵ: ناڵەی دەروون ،ل٣٤٨

[٢٣٨] -(ان الله لايغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم)الرعد/١١

[٢٣٩] -. ئەحمەد کاکە مەحمود: پەروەردە لە ئیسلامدا –ل٣٧

پێدەبەخشێ و بناغەکەی لەکار و کردەوەی کەسەکەدا ڕەنگ دەداتەوە و بۆ بەدیهێنانیشی هەموو هێزێکی ئیرادەی خۆی بەکار دەهێنێ"[240]

دامەزراو لەسەر ئاکار و ڕەوشتە جوانەکان وەك ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دەم پاکی و ئازایەتی و ئاکار جوانی بەرامبەر هاوپیشە و هاونیشتمانیان و...هتد.

"دۆستایەتی نەکردنی ستەمکاران و دوورکەوتنەوە لێیان، ئاگادارکردنەوەیە لەوەی نابێ کەمترین مەیلمان بۆیان هەبێت، وەکو خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکات:﴿ وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾ واتە: *نەکەن مەیلی دڵتان لەگەڵ ئەوانەدا بێت کە ستەمیان کردووە و لە خوا یاخی بوون*، چونکە *ئەو کاتە ئاگر دەتانسوتێنێت*، کەسیش جگە لە خوا *پشتیوانتان نابێت، لەوەو دواییش یارمەتی نادرێن*[241]....ئیمامی (البیضاوی) دەفەرموێت:هەر کەسێك ستەم بکات با موسڵمانیش بێت دروست نییە لەو ستەمەدا پشتگیری بکرێت، بەڵکو پێویستە ئەو ستەمە نەهێڵرێت. بۆیە زۆر جار دەبینین موسڵمانێك ئەوەندە تێکەڵاوی و دۆستایەتی ستەمکاران دەکات تا وای لێدێت دامەزراوی و بەردەوامی لەدەست دەدات" [242]

## سێیەم: سادەیی و ئەمانەت و دەست و دەم و داوێنپاکی

سادەیی و خاکیبون وەك سوار و پیادە وایە، ئەوەی سوارە نەختێ شانی خواربکاتەوە و دابچەمێتەوە و ئەوەی پیادەیە نەختێ شانی بەرز بکاتەوە، ئەوە هەردوکیان دەتوانن بەیەکەوە تەوقە بکەن.

سادەیی و تەوازعی سەرکردە وەك پێغەمبەرە کاتێك عائیشە(رضي الله عنها) پرسیاری لێ کرا: پێغەمبەر لەماڵەوە چی دەکرد؟ فەرموی (هاوکاری دەکردین، کاتی نوێژ بهاتایە دەچوو بۆ نوێژ) بوخاری. هەروەها فەرمووی: پێغەمبەر مەڕو

---

[240] -هێزی ئیرادە-و: سەلاح سەعدی – ل٥٤

[241] -تەفسری ئاسان-جوزئی دوانزەهەم- سورەتی (هود) ،ل٢٣٤

[242] - دامەزراوی-ئا: سەربەست جەباری -گۆڤاری زنجیرە بابەتێکی پەروەردەیی—ل٣٣

مالاٌتی دەدۆشی، جل و بەرگی دەدورییەوە، لەگەڵ هەژاران و بێدەسەلاٌتان نانی دەخوارد، خۆی شتی لە بازاڕ دەکڕی و هەڵی دەگرت، ئەو دەستپێشخەر بوو لە سەلامکردن و تەوقەکردن، لەمەدا جیاوازی نەدەکرد لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند، یا منداڵ و گەورە، عەبد و ئازاد، یان ڕەش وسپی. قەت پێغەمبەر خۆی جیا نەدەکردەوە لە هاوەڵەکانی بەڵکو لە هەموو کارێکیدا لەگەڵیان بوو ئینجا ئەو کارە کەم بێت یان زۆر، کاتێکیش گەڕایەوە مەککە و ئازادی کرد سەری دانەواند بۆ خوا و لەهەموو خەڵکەکە خۆش بوو.

موسلیم و ابن داود و ابن ماجە گێڕاویانەتەوە لە پێغەمبەر(ﷺ): ( خوای گەورە سروش و نیگای بۆ کردووم تەوازوعمان هەبێت هەتا هیچ کەس فەخر و شانازی بەسەر یەك نەکات و هیچ کەس زیادەڕۆیی بەسەر کەس نەکات)

دەگێڕنەوە خەلیفەی یەکەم(ئەبوبەکری صدیق)(ﷺ) کە شیری مەڕو مالاٌتی دەدۆشی بۆ هەژاران و بێ نەوایانی مەدینە، کاتێك بوو بە خەلیفە خەڵکەکە وتیان: "تەواو.. بوو بە خەلیفە ئیتر نایەت شیری مەڕومالاٌتەکەمان بۆ بدۆشێت". بەلاٌم بە پێچەونەوە بەردەوام بوو بەهۆی مەنسەبەوە نەگۆڕا، هەروەها هەموو جارێك دەڕۆیشت بۆ کوخێك کە پیرەژنێکی هەژاری لێ دەژیا، کوخەکەی بۆ پاك دەکردەوە و خواردنی بۆ دەهێنا و پێداویستیەکانی دابین دەکرد.

کاتێکیش چوو بۆ خواحافیزی ئەو سوپایەی بەسەرۆکایەتی( ئوسامەی کوڕی زەید) دەچوو بۆ جەنگی ڕۆمەکان، ئوسامە بەسواری ولاٌخ بوو، خەلیفەش بەپیادە.. ئوسامە وتی: ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا تۆ وەرە سواری ولاٌخەکەبە و  من بەپیادە دەڕۆم؟ فەرمووی: وەلاٌهی سوارنابم و دانابەزیت.

ئەوجا فەرمووی: با هیچ کەس لە موسڵمانان کەس بەکەم نەزانێت، بچوکترین موسڵمان لای خوا، گەورەیە.

قورئان ئاماژە بە ئەمانەتی و دەستپاکی موسی (علیه السلام) لەکاتی لاوێتیدا دەدات کە خوا لەسەر زوبانی یەکێك لە کچەکانی (شوعەیب) پێغەمبەر (علیه السلام) دەفەرمویٚ: ﴿ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ ۖ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْأَمِينُ

﴿القصص: ٢٦﴾ ***یەکێك لەو دوو کچە بە باوکی وت: ئەی باوکە گیان بەکرێی بگرە بۆ شوانی، چونکە بەڕاستی چاکترین کەسە کە بەکرێی بگری بەهێز و ئەمینە، دەست و داوێن پاکە***﴾. لێرەدا ئەم دوو کچە چۆن زانییان موسا (علیه السلام) بەهێز و ئەمینە؟ ئەمە لەکاتێکدا بوو موسا پێغەمبەر بەردی لەسەر بیرەکە لادا بەمەبەستی ئاودانی مێگەلەکەیان، کاتێك بەڕێگاشدا ڕۆیشتن بۆ ئەوەی موسا پێغەمبەر ببەن بۆ لای باوکیان، ئەوان لەپێشەوەی دەڕۆیشتن، موسا فەرمووی ئێوە لەدواوە بڕۆن، پێم بڵێن چۆن و بەکام لادا بڕۆم و بە بەردۆچکەیەك ئیشارەتم بۆ بکەن، ئا بەم دوو هەڵوێستە زانییان موسا پاك و ئەمینە.

ئیمامی عومەر دەفەرموێ: ئەو بەردەی سەر بیرەکە بە دە نەفەر نەبێ لا نەدەچوو، عادەتەن مرۆڤ گەر لەدوای ئافرەتەوە بڕوات بۆنی ئافرەتەکەی بۆ دەگەڕێتەوە بۆیە موسا فەرمووی: من لە پێشتانەوە دەڕۆم و ئێوەش لە دواوە[٢٤٣] (ئەمە جگە لەوەی ئافرەتەکان لە پێشەوە بن، تەماشاکردنیان ئاسانترە وەك ئەوەی لە دواوەبن).

## چوارەم: ویست (عەزیمە)

مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕێنوێنی کەسێك بکات جگەرە نەکێشێ لەکاتێکدا خۆی جگەرە دەکێشێت. پێویستە سەرکردە پەیامی بۆ ژیان ئەوەبێ کە بەسووك و کەم سەیری ژێردەستەکەی نەکات، چونکە بەسووك تەماشاکردن دڵتەنگی و شەرمەزاری و خەفەتاوییە کەسێك خۆی بەشت بزانێ و شت بەبچووك ببینێت، بۆیە دەبێ باوەڕی بەوە هەبێت یەکێك دەجار ئاوی پێبدات بیخواتەوە، زەرورە ئەویش جارێ ئاوی بداتێ، هەرنا سوپاسی ئەو هەڵوێستەی بکات، ئەوە چ هەڵوێستێکە کابرا قوڕگی یەك مەتر درێژبکات و خەڵکی بۆ خۆپیشاندان هانبدات کەچی خۆی نەبێتە پێشەنگ و خۆی لە خۆپیشاندانەکە بدزێتەوە، خۆپیشاندان شتێکی خراپ نییە ئەگەر میللەت بەشێوەییەکی مەدەنیانە لەتاو ئێش و ژان و دەردی خۆی بڕێژێتە سەر شەقام و

---

[٢٤٣] - م. عبدالله ابراهیم وسو: پاراستنی ئەمانەت، زنجیرە بابەتێکی پەروەردەیی، ل٤٧-٤٨

دەنگی ناڕەزایی بەرز بکاتەوە، نەخاسمە ئەگەر دوو قسەی نەشیاویشی کرد با پۆلیسی چالاکوانانی مەدەنی بەمەدەنیانە هەڵسوکەوت بکات، نەك ئەوەی ڕاست بۆوە وێڕای سەرکوتکاری و دامرکاندنەوە بۆ بڵاوەپێکردنیان، بەئاگر و تەقە وەڵامیان بدەنەوە و بەقسەی ناشیرین و جنێو بیانشۆنەوە و دەستگیریان بکەن، ئەوجا بەبێ بەڵگە تاوانباریان بکەن بەوەی گێرەشێوێن و تیرۆریستن، دەستی دەرەکییان لەپشتە.. ئەوانیش لەمەراقان وەك کاردانەوە پەنا ببەنە بەر کاردانەوەی توندو تیژیی و بچن دام و دەزگاکانی حکومەت یان ئەو بارەگا و ئەو بارەگایە بەردباران بکەن یا بیسوتێنن و تاڵانی بکەن.

ویست و متمانە و باوەڕبوون بنچینەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگییە، بنەماییەکە بەستەڵەکی هەموو ئەو کۆت و بەندانە دەشکێنێ کە دەبنە کۆسپ و لەنگەر و لەمپەر لەبەردەم ئەو گۆڕانەی ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە.

ئیرادە گۆڕان بەرهەم دێنێ، پردی پەیوەندی و ئاشت بوونەوە لەنێوان حکومەت و خەڵك دروست دەکات، ئەگەر کەسێکی قەڵەو ئیرادەی بەهێز نەبێت بۆ ئەو ریجیمەی بۆی دادەنێن، کێشی دانابەزێت، سەرچاوەی ئیرادە، خوێندنەوەی ناخ و شۆڕبوونەوەیە بەرەو قوڵایی دڵ و دەروون تا لەوێوە خۆی لەخڵت و خاڵی ژەنگ و ژاری شتە پیسەکان پاك بکاتەوە کە ئەگەر کەم و کوڕی خۆی بینی و خۆی چاك کرد، ئەوا دەتوانێ باس لەکەم و کوڕییەکانی خەڵك بکات، هەر گۆڕانێکی ڕووکەشانە واتا ئەوەی بەزوبان دەیڵێ لە گەڵ ئەوەی ناخەوە باوەڕی پێیەتی شتێکی تر بێت، ئەوە سیفەتی دەغەڵ و دووڕوویی دەدرێتە پاڵ و هەر هەنگاوێکی ئەوانە مۆرانەیە هەرچییەك ئەنجامی بدەن جگە لە زەرەرو زیان، هیچی تریان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

ئیرادەی بێ ئامراز، ئاکامی نییە.. مرۆڤ چۆن دەتوانێ بەرەنگاری ئەوە ببێتەوە لەکاتێکدا جلێکی تەنکی لەبەرە و لەناو بەفر دانیشێ وابزانێ سەرمای نابێت یان لەچلەی هاوین و قرچەقرچی گەرما پێی وابێ لەبەر گەرما دەوەستێ و ئارەقە ناکات یان ڕوو بەڕووی ئەو خۆرە سوتێنەرە دەبێتەوەو ناهێڵێ تین و تاوی گەرمای پێ بگات، **بۆیە ئەوانەی گۆڕان بەرپا دەکەن:**

📖- پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەربێت): ئەوانە تا ئەو کاتەی وەفاتیان کردووە هەمیشە بەپێی بەرنامەییەکی خوایی کاریان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا کردووە، تەنانەت بۆ دواین نێردارو کە موحەممەد پێغەمبەرە (ﷺ) پەیامەکەی تا دوا ساتەکانی ژیان مایەی خۆشبەختی و گۆڕانکارییە بۆ سەرتۆپی مرۆڤایەتی و لە ژێر حوکم و سایەو سێبەری بەرنامەکەی دا مەردوم بە سانایی هەناسەی خۆشبەختی هەڵدەمژێ و ژینی کامەرانی بەدەر لە زوڵم و و جەورو ستەم بەسەر دەبات.

📖- سیاسەتوانان: ئەوانە دەگرێتەوە کە ڕۆشنبیر و خودان پێگەییەکی جەماوەری لەبن نەهاتوون، لە دیدگاییەکەوە هەقیقەت بە هەقیقەت دەناسن، هەقیقەت دەبینن و چاوپۆشی لێ ناکەن، هەر چەندە ئەو سیاسەتە لەو دەمانە مایەی ئەوەیە گۆڕان بسازێنێ کە سیاسەتەکە سیاسەتێکی دادگەرانەو مرۆڤانە بێت، وەئەگینا کەسێك هەڵگری سیاسەتێکی ئیستبدادیانەو تەژی جەور و ستەم بێت، هەر بڵێ من سیاسەتوانم، مادام گۆڕانەکەی لەجێ و گونجاو نەبێ و چرۆی گۆڕانکاری لێ نەپشکوێ، ئەوا سیاسەتوان نیە.

ئیرادە زامنی داهاتووییەکی گەشە.. دەگێڕنەوە (مەڕوان) ناوێك هەبوو، خەڵکەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگواستەوە. ڕۆژێکیان لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی دادەنیشێ و پێیان دەڵێت: دەکرێ هەر یەکەتان ئامانجی خۆی باس بکات، ئایا لەداهاتوودا حەز دەکات ببێتە چی؟!

ئەوانیش پێی دەڵێن: جارێ تۆ مەبەست و ئامانجی خۆتمان پێ بڵێ.. ئەویش بێ سڵەمینەوە، بە بڕواو متمانەیەکی زۆرەوە پێیان دەڵێت: حەز دەکەم لەداهاتوودا ببمە والی ئەندەلووس.

هاوڕێکانی بەم وەڵامە دەدەنە قاقای پێکەنین و یەکێکیان بەلاقرتێوە پێی دەڵێ: وەڵا من حەز ناکەم ببمە والی، حەزم لێیە ئەگەر تۆ بوویە والی، ئەوە بمکە بە سەرگەورەی کەران.

ئەوی دیکەیش وتی: ئەگەر تۆ بوویە والی ، وەرە سەرم سفر بکە و جامە ماستێکی پێدا بکە و سواری گوێدرێژێکم بکە و بەنێو خەڵکیدا بمگێڕە با گاڵتەم پێبکەن.

قسەی ئەم دوانە وەك ئەوە وابوو پێی بڵێن: تۆ خەونی چۆلەکە دەبینی و بەدوای خەیاڵ کەوتووی.. کەس بە خەیاڵ نابێتە پادشا، ڕۆژان هات و چوو، مەڕوان ئەو ئامانجەی ئەو ڕۆژەی لەبیر نەکرد و هەوڵەکانی بەگەڕخست.. پەیوەندی بەهێزەکانی پۆلیسەوە کرد و پلە بەپلە بەرز بۆوە تا بووە بەرپرسی پۆلیس و چەند پلەیەکی بڕی و ئەوەندەی نەبرد بووە والی ئەندەلووس. دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە و لەگەڵ دەست بەکاربوونی دا، بانگی هەردوو برادەرە کۆنەکەی کرد و قسەکانی ئەو ڕۆژەی بیر خستنەوە، پێی وت: هاااا، ئێستا دەتانەوێ بە ئامانجەکەتان بگەن یان نا؟!

## ✎ پێنجەم: قبوڵکردنی ئەنجامەکان:

مرۆڤ نابێ لە ڕەخنە بترسێت، وەك چۆن ڕوو بەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە..مرۆڤی جوامێر و چەلەنگ ئەو کەسە نییە لەسەرەوە دەسەلاتپەرستە و لەژێرەوە تیروتوانجی تێ دەگرێ.

سەید جەمالەدینی ئەفغانی[٢٤٤] دەڵێت: "گەلێك بەنهێنی پەلار بگرێتە گەورەکەی و بە ئاشکراش بیپەرستێت، شایستەی ژیان نییە".

ئەوەتا ساڵی١٨٦٧ز کاتێك دەچێتە هیندستان و چاوی بە زەلیل و داماو و ژێردەستەی ئەو وڵاتە دەکەوێت لەکاتێکدا خەڵکێکی ئەوەندە زۆرن و ئینگلیزەکان بەو ڕێژە کەمەی هەیانە دەیانچەوسێننەوە، پێیان دەڵێ: **ئەی ئەهلی هیند ئێوە لە دوو سەد ملیۆن زیاترن- ئەگەر مێش یا مێشوولە بوونایە ئەبوو بە گیزە گیزی خۆتان گوێی بەریتانیاتان کەڕ و گوێی سەرەك وەزیرەکەی (میستەر غەلادەستۆن)تان قورس و گران بکردایە و ئێوە کە لە دووسەد ملیۆن زیاترن، ئەگەر خوا بیکردنایە بە کیسەڵ و لە دەریاوە بچوونایەتە سەر دووڕگە(جزیرە)ی بەریتانیا و هەر یەکێکتان**

---

[٢٤٤] - سەید جەمالەدین ئەفغانی وتەگەلێکی زۆر جوانی هەیە، لەوانە: سەربەخۆیی دەسێندرێ و نادرێ...خاوەن هەق بەهێزە با زەبوونیش بێت، بێ حەق زەبوونە با بەهێزیش بێت... کەسێك دەرگای سەرفرازی لێ بکرێتەوە و نەچێتە ژوورەوە، شایستەی دەرکردنە.....هەزار قسە لەتەرازوودا ناکاتە کردەوەیەك.

**قەپاڵێکی بگرتایە لە دووڕگەکەیان، ڕاتان دەکێشا بۆ بنکی دەریا و لەو سەرەوە بە ئازادی و سەربەستی دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆتان[٢٤٥].**

(پشکۆ نەجمەدین)ی نووسەر دەڵێت: "دەرگای گۆڕان ئەگەر دەرگای مەحالیش بێت دواجار هەر دەیکەینەوە، بەڵام کەسانێك دەکارن کلیل لە کێلۆنی ئەو دەرگایەدا بسووڕێنن کە پێش وەخت بەرچاو ڕوون نبن چی لەنێو ماڵی گۆڕاندا ڕوو دەدات".

هیچ پێغەمبەرێك بۆ هیچ گەل و نەتەوەیەك نەنێردراوە مەگەر ئەو گەل و نەتەوە پێویستیان بەگۆڕان بووە و پەیڕەوی کارو پیشەییەکی قێزەونیان کردووە کە هەمووی لە خاڵێکدا کۆ دەکرێتەوە ئەویش لەدەستدانی سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤەکان خۆیەتی...(تۆمسۆن)ی ملیۆنێر و خاوەن ڕۆژنامەی (تایمس) لە تەمەنی ٨٦ساڵیدا لێیان پرسی: وەخت نییە لەم تەمەنە و بەو سامانە زۆرو زەبەندەی هەتە بحەسێیتەوە؟ لەوەڵامدا وتی: لەهەر تەمەنێك دابیت و هەرچەندە ماڵ و سامانت هەبێ و لێپرسراوبیت، دەبێ نەحەسێیتەوە..سروشتی مرۆڤ وا خوڵقاوە﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴿٤﴾ أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ ﴿٥﴾ ﴾ ***﴿بەڕاستی ئێمە ئینسانمان دروست کردووە و بەردەوام لە ناڕەحەتی و سەغڵەتی و کێشە و ناخۆشیدا(٥) ئایا ئادەمیزاد وا دەزانێت کە هەرگیز کەس دەسەڵاتی بەسەریدا نابێت[٢٤٦]؟﴾*** کەواتە سروشتی مرۆڤایەتی ئەوەیە زەرورە مرۆڤەکان کەسێك سەرکردایەتیان بکات، باشترین سەرکردەیش ئەو کەسەیە لەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵ میللەتەکەیدایە.

باشترین کارێك سەرکردە لەکاتی سەرکەوتنییدا بیکات ئەوەیە خۆی لەدواوە بێت و خەڵك بخاتە پێشەوە، لەکاتی مەترسیش خۆی لەپێشەوە و خەڵك بخاتە دواوە، بەمەش خەڵك ڕێز لە سەرکردایەتییەکەی دەگرن.

سوونەتی ژیان واهاتووە قەت هەموو کەسێك لە یەك بازنە و خاڵدا کۆنابێتەوە، هەقە لە پێشینان وانەی ڕەخنە لەخۆگرتن فێر ببین کە دەڵێن: کەسێك ڕەخنەی لێ ناگیرێ

---

[٢٤٥] - شێخ محەممەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل٢٧٥

[٢٤٦] - تەفسری ئاسان-جوزئی سی- سورەتی (البلد) ، ل٥٩٤

هیچ ناکات، بۆیە ئەوەی بجوولێتەوە کەم تا زۆر ڕەخنەی لێ دەگیرێت، یەکێك لە هۆکارەکانی توند و تیژی ئەوەیە کەس گوێ لە کەس ناگرێ.

ئەگەر یەکێك قسەییەکی نەشیاوی کرد یەکسەر هەڵمەچوو، بیر بکەوە بزانە بۆچی ئەو قسەییەی کرد؟ ئەگەر هەر دووبارەی کردەوە دیارە هەڵەیەك هەیە، زۆر بەئاسایی و سنگ فراوانی و بەڕێزەوە ئەم قسەییەی وەربگرەو بەزەردەخەنەوە بچووە لای و تەوقەیشی لەگەڵ بکە و پێی بڵێ: بۆت هەیە دوو قسەی لەم قسانەی کردت توندتریش قسە بکەیت، بۆیە هەوڵ بۆ چارەسەری بدە، هەرنا با بە زەردەخەنەییەکەوە بێت و ئومێدێکی لەلادا بڕسکێنە.. کەواتە نابێ لەبەیانکردنی هەر بابەتێکدا ڕاست و چەوت بەسەر هەموو شتەکان دابنێین، بەڵکو سەرەڕای بەیانی شتە باشەکان ئەوجا دەست لە سەر کەم و کوڕییەکان دابنێین و بیژمێرین[٢٤٧]

گرنگ نییە چیمان لێ ڕوودەدات و چیمان بەسەردێ!!... هەر کۆسپ و تەگەرەییەکمان تووش بوو، دەبێ بزانین شکست و کەوتن سوننەتی ژیانە، دەبێ هەوڵبدەین کارمان تێ نەکات و دامانەنیشێنێ، کە کەوتین پاشەکشە نەکەین و دووبارە هەڵسینەوە.

ژیانی (ئەبراهام لینکۆڵن) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەییەکی زیندووی هەستانەوەیە، شکست نایوەستێنێ و ساردی ناکاتەوە...

---

[٢٤٧] - لەمەسەلەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن دا سەرەڕای هەموو کەم و کوڕییەکان با هەموو لایەك دەسبارین وەك ئەو کابرایەی بارە گەنمێکی بەرەو ئاسیاو(ئاش) دەبرد تاوەکو گەنمەکەی لێیبکات و بیکاتە ئارد، لەڕێ بارەکەی لێ دەکەوێ و هێنکە هێنکی پێ دەکەوێت، زۆر شەکەت و ماندوو ، چەندی کرد بارەکەی بۆ نەخرایەوە سەرپشتی گوێدرێژەکەی، لەو کاتەدا دوژمندارەکەی بۆ ئەوەی بچێ پیاسەیەك بەو دەشت و دەرە بکات کە لەبەردەم ماڵی خۆیانەوە دەیباتەوە سەر چەقی ئەو توولە ڕێیەی کابرا بارەکەی لێ کەوتبوو، کاتێ بەم شێوەی دەبینێ لێی دەچێتە پێش، بارەکەی دەگەڵ ڕاست دەکاتەوە و پێش ئەوەی بڕوات پێی دەڵێ: وا لێرە یارمەتیم دای بەڵام هەر دوژمنەکەمی، ئەمەی وت و تێپەڕی( مەبەست لەو دوژمناتیە جیاوازی ئەدا و بیرکردنەوەی دوو بەرەییە (دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن) لەمەڕ مەسەلە هەستیار و کاریگەرییەکانی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتیمانی و...هتد دەبێ هەمووان هاوڕاو هاودەنگ بن )

لەتەمەنی٣١ساڵی بڕیاریدا کاری بازرگانی بکات، بەخت یاوەری نەبوو زۆربەی پارەکەی لە دەست دا و زەرەرێکی زۆری کرد..لە تەمەنی٣٢ساڵی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کاندید کرد، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا..لەتەمەنی ٣٤ساڵی جارێکی تر پەنای بۆ کاری بازرگانی برد و دووبارە شکستی هێنا.. لە تەمەنی٣٥ساڵی هاوسەرەکەی دەمرێ و بەو هۆیەوە لەتەمەنی٣٦ساڵیدا دووچاری داڕوخانی دەمارەکانی دێ و بێهواییەکی زۆر ڕووی تێ دەکات..لەماوەی نێوان ٤٣ تا ٥٨ساڵی چەند جارێکی تر خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیران و کۆنگرێس هەڵدەبژێرێتەوە کەچی شکست بەدوای شکست دێنێ، بەڵام باوەڕی بە هەستانەوەیە، کۆڵنادات و گەشبینی و هیممەت بەرزی وای لێ دەکات ئاوڕ لە شکستەکانی ڕابردووی نەداتەوە، لەتەمەنی٦٠ساڵی خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵبژارد و لە مێژوودا بووە مەزنترین سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە، کە لەساڵی١٨٦١تا١٨٦٥ئەو پۆستەی وەك شازدەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا بردەوە، لەیەکەم دیداریدا وتی: هەر وەختێ پاشەکشەت کرد، ئەو وەختە دۆڕاوی.. بەڕای چاودێران ئەو کەسایەتییە بە دووەمین دامەزرێنەری ئەمریکای هاوچەرخ ناوزەد دەکرێ، کاتێك باس لە زلهێزی ئەم وڵاتە دەکرێ دەبێ ئاماژە بە بوونی ئەو سەرۆکەیش بکەن.

(لینکۆڵن) بابایەکی یاساناس و وتاربێژێکی بەهێزبوو، خەباتی دژی کۆیلەکردن و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان بەرپا کرد، هەمیشە دەیوت: پێویستە بەندایەتی و کۆیلایەتی بمرێ بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان زیندوو بێت. لەو ڕوانگەوە ساڵی١٨٦٣ بڕیاری ئازادکردنی بەندەکانی دا و ڕەخنەی نەیاران و جەنگی ناوخۆیی ئەمریکا کۆڵی پێ نەدا. ئەفسووس چ جای خزمەتێکی زۆر بەگەلی ئەمریکا لە تەماشاکردنی شانۆگەرییەکدا تیرۆریان کرد و بۆ زیاتر لە دوو هەفتە تەرمەکەیان لە شەمەندەفەرێکدا بە تەواوی ئەمریکا گێڕا و خەڵکەکە بەگشتی و ڕەشپێستەکان بەتایبەتی لە ئاستیدا بۆی دەچەمانەوە.

کاتێك تاك گومان لە تواناکانی، هەوڵەکانی، کارەکانی، زانیاریی و ئاستی شارەزایی خۆی هەبێت، هەرگیز ناتوانێ خاوەن بڕیار و دیدگای خۆی بێت. کەسێکیش بەو شێوازەبێت ناتوانێ ئامانج بۆ خۆی دابنێ و پێیان بگات.

زۆر جار ترس لە شکست، لەکەوتن، لە نەگەیشتن بە داخوازییەکان و لە گاڵتەپێکردنی دەوروبەرو...هتد. ئەمانە و زیاتریش وا لەتاك دەکات نەتوانێ هیچ ئامانجێك بۆ خۆی دیاری بکات. بۆیە پێویستە ترس لەهزرو بیری دەر بکات و هەوڵبدات کاریگەری بەسەرییەوە نەبێت. هەرگیز مرۆڤی دانیشتوو شکست و کەوتن و ناخۆشی تووش نایەت. چونکە سەرنەکەوتن و دەردەسەری و نەهامەتی کاتێك دروست دەبن کە مرۆڤ قۆڵی خۆی لێ هەڵبماڵێ و دەست بەکار بێت[٢٤٨].

لێرەدا ژیانی لەبەردەم دووڕییانێکدایە: یان کارنەکردن و خۆبەدەستەوەدان بۆ داهاتوویەکی نادیار. یان دەست بەکاربێت و پشت بەخوا هەنگاو بنێت هەروەك (فرانك سناترا) دەڵێ: (**هەستەوە، بەردەوامبە، ئەوەیە ژیان**) واتە نابێ ترسی لە شکست و کەوتن هەبێت. (کۆنفوشیوس) دەڵێ:(***گەورەیی مرۆڤ لەوەدا نییە هەرگیز ژێر نەکەوێ و نەدۆڕێت، بەڵکو لەوەدایە بکەوێت و دووبارە هەڵسێتەوە)***.

بەلای (ناپلیۆن) ئەستەم بوو دەستەواژەی ( من نازانم، من ناتوانم، ئەوە ئەستەمە)ی ببیستایە، لەگوێبیست بوونی ئەو قسانە، هاواری دەکرد و دەیوت: (*فێربە ، هەوڵبدە ، تێ بکۆشە*) هەروەها دەیوت: (*ئەو دەمانەی هیوا بەژیان کۆتایی دێت، مردن دەست پێ دەکات*).ڕۆژێکیان پێیانوت: (چیای ئەلپ تەگەرە دەخاتە بەردەم هەڵمەتی لەشکرەکەمان) ئەویش لەوەڵامدا پێیوتن: (دەبێ ئەم چیاییە لاببەن)..بۆیە هەرگیز گومانی نەدەکرد بۆ هەر هەنگاوێك سەر نەکەوێت، تەنیا جارێك نەبێ ئەویش لەشەڕی(واترلۆ) دابوو کە بەڕاستی بووە مایەی لەناوچوونی.

## ✐ پێنجەم: ئارامی و لێبوردەیی و بەردەوامی و کۆڵنەدان:

سوقرات دەڵێ: بەهێزترین تۆڵە، لێبوردنە.

---

[٢٤٨] - دەگێڕنەوە جارێکیان لەشکری ئینگلیزەکان لە بنکەکانی لەشکری فەڕەنسی بەسەرکردایەتی ناپلیۆن بۆناپارت نزیك دەبنەوە کە ناپلیۆن نووستووە و خەبەری دەکەنەوە پێی دەڵێن: لەشکری ئینگلیز لێمان نزیك بۆتەوە چیبکەین؟ ئەویش پێیان دەڵێ: ترسام وامزانی ئیمتیحانە.(ناپلیۆن ئەوەندەی لە ئیمتیحان ترساوە باکی بەشەڕ نەبووە و لێی نەترساوە)

پێویستە مرۆڤ خۆی بە هاوڕێی هەق و ڕاستی دابنێ و خۆی لە هاوڕێیەتی ناهەق بەدوور بگرێت، چونکە هەق و ڕاستی هەمیشە پشوودرێژی و ئارامگری بە مەردوم دەدات لەبەردەم نەهامەتیەکاندا وئەوەی بۆ خۆی پێ خۆشە هەر ئەوەشی بۆ خەڵکەکە پێ خۆشە، وەك چۆن حەز ناکات کەس زیانی پێ بگەیەنێ، ئەوها حەز بەزیانی کەس ناکات.

مرۆڤ بەئارامگرتن سەردەکەوێت، دەگێڕنەوە پیاوچاکێك لە وتاردان باسی بایەخ و گرینگی ئارامگرتنی دەکرد تا وتارەکەی تەواوبوو دووجار دووپشك پێیەوەدا، کاتێك لە وتارەکەی بۆوە، دووپشکەکەی لەخۆی کردەوە، لێیان پرسی: بۆ هاوارت نەکرد و نەتقیژاند، هەرنا بۆچی دووپشکەکەت لەخۆت دوور نەخستەوە تا پێتەوە نەدات؟ پیاوچاکەکە لەوەڵامدا پێی وتن: ئەگەر بمەوێ قسەکانم کاریگەربن، من کە باسی ئارامگرتنم بۆ کردن دەبێ سەرەتا خۆم ئارام بگرم بۆ ئەوەی خەڵکەکە گوێم لێ بگرن و بەقسەم بکەن.!

لێبورەدیی ئەو داهاتەیە هەمووومان پشکێکمان لێی بەرکەوتووە، ئەوە ئێمەین دەبێ بڕیار بدەین لە کوێ و چۆن بەکاری بێنین؟!.

د. مارتینگ دەڵێت: "ڕق و کینە ناتوانێ ڕق و کینە لەناو ببات، بەڵام خۆشەویستی و لێبوردەیی دەتوانێت".

"لێبوردەیی لەدوای خۆیدا ڕێگاییەکی فراوان بۆ ئاسوودەیی دەکاتەوە.. بۆیە پێویستە هەمووومان بەرپرسێتی خۆمان لە پاراستنی ئاسوودەیی لەنێو چەمکی لێبوردەیی – دا بدۆزینەوە، لەنێو لێبوردەیدا خۆشەویستی و وەفا و ڕێزگرتن و بەدەنگەوەهاتن و قوربانیدان و هەستی هاوبەش و سۆز و جوانیی و چەندین خەسڵەتی بەرزی تر وەك ئەستێرە دەدرەوشێتەوە... هەموو ئەو خەسڵەتانە مرۆڤی لێبوردە دروست دەکات، مرۆڤەك بتوانێ ئاسوودەیی بخوڵقێنێ و بەرپرس بێت لە پاراستنیدا!!"[٢٤٩]

[٢٤٩] - لێبوردەیی......مەزنترین چارەسەر- د. سالار عوسمان / گۆڤاری گوڵان-ژمارە (٧٠٤) لە١٣/١٠/٢٠٠٨

گاندی دەڵێت: **"مرۆڤی لاواز هەرگیز ناتوانێ لەکەس ببووریێ، چونکە لێبووردن تایبەتمەندی مرۆڤە گەورەکانە".**

بۆ ئەوەی بە ئارامی بژێین، پێویستە لێبوردەبین و یەکترمان خۆش بوێت (لا یؤمن احدکم حتی یحب لاخیه ما یحب لنفسیه) ئەگەر بەرامبەر دوژمنەکەیشمان بێ، چونکە هیچ شتێك ئەوەندەی بەخشین ئازاریان نادات و شیرینترین تۆڵەیە ..ئەو کەسەی لێبوودە نییە بەدەستی خۆی ئەو پردە دەڕوخێنێت کە ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیشی بەسەریدا بپەڕێتەوە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ئەگەر ڕقت لە کەسێك بۆوە یان لێی تووڕە بوویت ئەوا دوعای خێری بۆ بکە و لەخودا بپاڕێوە کە لێی خۆش بێت، بەڵکو بەو هۆیەوە خودای گەورە لە گوناهی تۆش خۆش بێت.

گاندی بلیمەتی هیند کاتێك لە بەندیخانە دەست و پێی بە زنجیر بەسترابۆوە، ڕۆژنامەنووسێك لێی پرسی: بەلای تۆ بەندیخانە چ مانایەك دەبەخشێ ؟ لەوەلاّمدا وتی: بەندیخانە قوتابخانەی بەرگریی و بەرخودانە، قوڕ بەسەر ئەو داگیرکەرەی باوەڕی بە بەندیخانە هەیە، بەندیخانە بەبەردەوام دەستە دەستە تێکۆشەر پێ دەگەیەنێ و لەپێناو ئازادی و ڕزگاری نیشتمان ڕەوانەی گۆڕەپانی خەباتیان دەکات.

هەرگیز مرۆڤ لە سەرکەوتن تێر نابێت[٢٥٠]. ماندوو بوون تەنگ بەو مرۆڤانە هەڵناچنێ کە ئامانجێکیان لە ژیان هەیە و دەیانەوێ وەرچەرخان ڕوو بدات.

نیوتن لە بەربوونەوەی سێوێك هێزی کێشکردنی زەوی دۆزییەوە، دەگێڕنەوە ئەگەر خەریکی کارکردن بوایە لەنێو ئەزموونگەکەیدا، هەموو شتێکی لەبیر دەکرد..ڕۆژێکیان کۆمەڵێ میوان بانگێشتی نانخواردن دەکات و لەگەرمەی سەرقاڵبوونی بیر و هۆشی بە کارەکانییەوە، نان دادەندرێ و میوانەکان نانی خۆیان دەخۆن و ئاگاداری ناکەنەوە، کاتێك دێتە سەر سفرەی خوان و دەبینێ پاشماوەی خواردنی لەسەرە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت:وادیارە نانم خواردووە و لەبیرم چووە.

بەردەوامی لە باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت.. لە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)یان پرسی: تۆ چۆن بەسەر دوژمنەکانت زاڵ دەبیت؟ لەوەلاّمدا وتی: کاتێك بۆ دوژمن دەردەکەوم،

---

[٢٥٠] -٥٠٠پ.ز (ئەخیلۆس)ی ئەغریقی وتوویەتی.

باوەڕم بەخۆم بەهێزە کە دەتوانم بەسەریاندا زاڵ ببم، کە دوژمن ئەو باوەڕم دەبینێت دەترساو منیش هەڵمەتم دەبردنە سەریان و بەسەریان زاڵ دەبووم.(گۆتە) دەڵێت: سەرکەوتن و بەختەوەری مۆڵکێکی بێ کێشەی ئەو کەسەیە کە خۆڕاگر و پشوودرێژەو لەسەر کارەکەی سووڕ و مکوڕ و بەردەوامە[٢٥١].

(تۆماس ئەدیسۆن) داهێنەری کارەبا لەدوای(١٠) هەزار[٢٥٢] تاقیکردنەوە، ئەوجا توانی گڵۆپی کارەبامان بۆ دروست بکات و جیهان ڕووناك بکاتەوە، لەکاتێکدا کە هەشت هەزار جار هەوڵەکانی بۆ ئەو داهێنانە بێ هودە بوو، لێیان پرسی: ئایا هەست بە بێتاقەتی و سڵبوونەوە ناکەیت؟ لەوەڵامدا وتی: من قۆناغێکی زۆرم بڕیوە، بەلایەنی کەمەوە زانیم هەشت هەزار جار لە هەوڵ و تەقەلاّدان منی نەگەیاندە ڕێبازی سەرکەوتن، بەلاّم کۆڵنادەم.. هەروەها دەڵێت: هەر کارێکی بەنرخم کردبێت بەڕێککەوت نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی ڕەنجدان و ئەرککێشانم بووە.

زانایان وتویانە خۆڕاگری و ئارامگرتن سێ بواری هەیە:-

*خۆڕاگری لەسەر فەرمانەکانی خوای گەورە (الصبر على الطاعة)

*خۆڕاگری لەسەر تاوان و قەدەغەکراوەکان (الصبر على الذنوب)

*خۆڕاگری لەسەر ناڕەحەتی و بەلاّ و ناخۆشییەکان ( الصبر على المصائب)

ئەگەر یەکێك دادگەرنەبێت و خەمی خۆی لەپێش خەمی خەڵك دانێ و تەنها خۆی بە شت بزانێت ئەوجا بەخۆی نەوەستێ و ستەمیش بکات ئەوە مایەی گۆڕانە دەبێ بگۆڕدرێ و بەگۆڕانکاری کۆتایی بە جەورو ستەم و سەرمایەداری دێت.

❁ ❁ ❁

---

[٢٥١] - پایەکانی ئامانج بریتییە لە: ئارامگرتن..بوونی زانیارییەکی تەواو لەسەر ئامانجەکە..واقعی بێت... دانانی نەخشە و پلاندارشتن.

[٢٥٢] - بەپێی ئەوەی هاتووە کە باس لە ١٠هەزار جار دەکات، بەلاّم ڕەنگە ئەم ژمارەیە موبالەغەبێت.

# بەشی شەشەم

## ❑ئامرازەکانی گۆڕان چین؟!

## ❑ئەنجامی کۆتایی...

# ئامرازەکانی گۆڕان چین

✐بۆچوونەکان:

✍-هەندێ پێیان وایە تەنیا بە ئاشتی و گوتاری سیاسی و بەرنامەی ڕاستە ڕێی چاکسازی (چاکسازی بۆ چاککردنی کۆمەڵگا لەڕێی تاکەوە) گۆڕان دەکرێ، هەڵبەتە دیدی هەڵگرانی ئەو پەیامە پێیان وایە: ئەگەر سیاسەتی دەروونی تاك چاك بوو، خێزانیش چاك دەبێت، ئەگەر خێزان چاك بوو، دەورو بەرەکەی چاك دەبێت و لەوێوە ئەو چاکسازییە بەرەو کۆمەڵگا و دەسەلات دەپەڕێتەوە. چونکە چاکسازی شۆڕشێکی هێواش و لەسەرخۆییە.

✍- هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەو ئامانج و گۆڕانە نایەتە دی مەگەر هانا و پەنا ببەنە بەر ڕاپەڕین و شۆڕش[253] و چاکسازیەکەیش لە کۆمەڵگا و هەڕەمی دەسەلاتەوە دەست پێ دەکات بۆ یەکە یەکەی تاکەکان چونکە شۆڕش چاکسازییەکی توند و تۆڵ و خێرایە.

✍- هەندێکی تر وای دەبینن لە هاوکێشەی چاکسازیدا دەکرێ سەرەتا پەنا ببردرێتە بەر ئاشتی و ژیانی سیاسی و دیموکراسی لەڕێی نووسین و منازەرە و خۆپیشاندان و...هتد، ئەگەر ئەو هەنگاوانە جێی خۆیان نەگرت ئەوا لە گۆڕانی لەسەرخۆی پلە بە پلەوە پاز بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین دەدات، چونکە چاکسازییەکە هەردوو دیوەکەی (چاککردنی کۆمەڵگا لە ڕێی تاك و چاککردنی تاك لە ڕێی کۆمەڵگا) لەخۆ دەگرێت بەپێی زەمینەسازی و بارودۆخی خودی و بابەتی.

لەهەمبەر پرۆسەی ڕیفۆرم و چاکسازییەوە (کەمال جەمال موختار)ی بیرمەند دەڵێت: "چاکسازیی، یان ڕیفۆرم پرسێك نییە ستراتیژیانە بێت بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگەییەك لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر. بەلای ئێمەوە چاکسازی وەك دەرزی

[253] - ئیدوارد سەعید دەڵێت: (گری هیچ شۆڕشێك لەمێژووی نوێدا بەبێ ڕۆشنبیر داناگیرسێت، ڕەگ و ڕیشاڵی شۆڕش بەمەعریفە ئاو دەدرێت، ڕۆشنبیر دایك و باوکی شۆڕشە ).بەلام لە کۆندا وا نەبووە، شۆڕش بە زۆری لەلایەن سوپا و بنەماڵە و سەرکردە سەربازییەکان کراوە.

بەنج وایە، نەخۆشەکە بۆ ماوەییەك سڕ دەکات، بەڵام چارەسەری ناکات، سادەو ساکارانە بڵێم: گەندەڵیی نەخۆشییەکە ناسۆر ئاسایە لە جەستەی سیاسی کۆمەڵگای کوردییدا، ناسۆریش ئەگەر لە ڕەگەوە ڕیشەکێش نەکرێت، سەرهەڵدەداتەوە".

**هەروەها ئاماژە بەوە دەدات:** "بەر لەوەی ئێمە بیر لە پڕۆژەی چارەسەریی بکەینەوە، پێویستە سەرچاوە و هۆکارەکانی دیاریی بکەین، لەوێوە بیوەستێنین و بیگرینەوە. واتە لە ئاستە فیکرییەکەیدا چارەسەرێکی مێژوویی پێویستە، سەرچاوەکانی دۆزی گەندەڵیی کە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردیی گرتۆتەوە، ئەمە لە مێژوودایە. هەڵدانەوەی مێژوو، پێداچوونەوە بەمێژووەکەیدا، بەبێ گوێدانە پیرۆزکردن و حەرامکردنی ڕەخنەی مێژوویی لەلایەن ئەو پارت و بنەماڵانەی شێواندویانە، تا ئاستێك شێوە دادگاییەکی مێژوویی بکەینەوە بۆ ڕابردوومان، ئەمە بەشێکی گرنگی پرۆسەی چارەسەرییەکەیە، تا لەوێوە دەست پێنەکەین، مەحاڵە بتوانین بە پڕۆژەی چاکسازیی، چارەسەری قەیران و ناسۆرە سیاسییەکانی کورد بەئەنجام بگەیەنین".

ئیبراهیم پێغەمبەر وەك گەنجێك، گومڕایی و سەرلێشێواوی میللەتەکەی قبوڵ نەکرد، بە میکانیزمێکی گونجاویش هەست و ناخ و ئەقڵیانی جووڵاند، هۆشیاری پێدان، بتەکانی ناو پەرستگا وماڵەکانی شکاند تا دەماری مرۆڤایەتیان بجووڵێنێ و عەقڵی کلۆڵ و چەقبەستووی داپۆشەری ڕاستییەکان بهەژێنێت تا گۆڕان لەناخ و عەقڵ و ئیرادەیان بکات، تێیان بگەیەنێت بتێك نەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات، چۆن بەرگری پێ لە مرۆڤەکان دەکرێ؟!

**پێغەمبەر** (ﷺ) **دەفەرموێ:** (والمؤمن القوي خير وأحب الي الله من المؤمن الضعيف) رواه مسلم

***﴿بڕواداری بەهێز چاکترە و لەلای خوا خۆشەویسترە لە بڕواداری بێ هێز﴾***

"ئیبراهیم پێغەمبەرێکی شۆڕشگێڕ بوو. بەپێی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی لە شاری (ئوور) لەدایك بووە کە ئەو دەمە لە سنووری خاکی کلدانییەکاندا بووە، لەسەردەمی شاهێتی (نەمروود)دا. بەم پێیە بە لاوێکی عێراقی دادەنرێ. ئیبراهیم زۆر ئازا و سەربەست بووە لە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیدا کە ناوی ناوە ئایینی ئیسلام. لەپاش ئەمەی هەموو هەوڵ و تەقەلاییەکی لەگەڵ باوکی خۆیدا واز لە بتپەرستی بهێنێ و

ببێت به ئیسلام، (ئازەر)ی باوکی نەك هەر به قسەی نەکرد، کەنەفتیشی کرد و دەریشی کرد. ئەویش که زانی باوکی زۆر سەرسەختەو نایەته ڕایی، به تەواوەتی لێی جیابووەوە، هەرچەند لەگەڵ گەلەکەی خۆیشیدا خەریك بوو واز له بتپەرستی بهێنن، کەڵکی نەگرت. تەنانەت لەگەڵ (نەمروود)ی خونکاریشدا لەسەر ئایینەکەی کەوته دەمەقاڵێیەوە و نەمردوودی دەمکوت کرد. ڕۆژێکیان چووه پەرستگای شارەکەوە، بته گەورەکەیان نەبێ، هەموو بتەکانی شکاند و پارچه پارچەی کردن. که دانیشتوانی شارەکه بەمەیان زانی، دۆزییانەوە و دەستیان کرد به چەند و چوون کردن لەگەڵیدا. ئیبراهیم گوتی: ئەگەر بتەکانتان ڕاسته خودان و بته گەورەکەیشتان خودای هەره گەورەکانتانە، چۆن لاوێکی بێ دەسەڵاتی وەك من توانی هەموویان بشکێنێ و لەت و پەتیان بکات؟ ئاخۆ له بته گەورەکەتان ناپرسن ئەمه چۆن ڕوویداوە؟!. به (نەمردوود)یشی گوت: ئەگەر ڕاست دەکەیت تۆ خودایت، ده به پێچەوانەی خوداوه ڕۆژ وا لێ بکه له جیاتی ڕۆژهەڵات له ڕۆژئاواوه هەڵبێت!.. خودا نەناسەکان له زیرەکی و بلیمەتی و ئازایەتی ئیبراهیم سەرسام مابوون. هەژارەکان هەندێکیان باوەڕیان پێ هێنا. بەڵام بەشی هەره زۆریان بەتایبەتی دەوڵەمەندەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان باوەڕیان پێ نەهێنا. دوایی لەسەر شکاندنی بتەکانیان ڕقیان زۆر لێی هەڵسا. بڕیاریاندا بیخەنه سەر ئاگرێکی نێڵه نێڵ و بیسووتێنن. بەپێی قسەی که له قورئانی پیرۆزدایە، خودا فریای ئیبراهیم کەوت و ئاگرەکەی بۆ کرد به فێنکایی و خۆشاتی"[٢٥٤]

لێرەدا ڕاستیەکان دەدۆزێتەوە که لەتەك ئەو پەیامه پیرۆزەی دەکەوێته سەرشانی، دەبێ شۆڕشی گۆڕانکاری بەرپا بکات و ناخی مرۆڤەکان بگۆڕێت. شانی دایه بەر، چووە بتەکانی شکاند و هەر بەوەنده نەوەستا، پەیامی خۆی ڕاگەیاند: ئەو بته پیرۆز و میکانیزمانەی بەدەستی خۆمان بۆ ساڵێك دایدەهێنین، دواتر سەد ساڵی دیکه بەدەستییەوه گیرۆده دەبین، دەبێ ئەو کۆت و بەنده بشکێنن که هەر شت و

---

[٢٥٤] -. شاکر فەتاح: ئاهەنگی ڕۆشنبیران، ل٥٨-٦٠

**بیرۆکەییەك بۆ ژیان بێ سوود بوو ئەوە بتێکە لە بتەکان، جا لە سیاسەتدا بێت یان ئابووریی و...هتد.**

**جوانترین ستراتیژیەت بۆ گۆڕان فەرموودەییەکی پێغەمبەرە(ﷺ) کە دەفەرموێ:** {مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَراً فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيْمَانِ} البخاری ومسلم. **واتە:** ***﴿هەر کەسێ لە ئێوە خراپەیەکی دی، ئەبێ بیگۆڕێ بەدەست، ئەگەر نەیتوانی بەدەم-بەقسە- ئەگەر نەیتوانی، ئەبێ بەدڵ بیبوغزێنێ کە ئەویش لاوازترین پلەی باوەڕە﴾***

**بۆ شرۆڤە و بەرچاوڕوونی تاوەکو لەئاقاری ئەم فەرموودەیەدا هەڵوەستە بکەین و بەدیدێکی سەردەمیانە بیخوێنینەوە.**

**❑یەکەم: گۆڕان بە دەست:-**

**✎دەوترێ: چوار جۆرە دەست هەیە، ئەوانیش:**

**١- دەستێك کە هیچ نازانێ پێویستە دەوڵەت فێری کارکردنی بکات.**

**٢- دەستێك بێکارە و کار دەزانێ بەڵام پێویستی بەوەیە دەوڵەت مشووری لێ بخوات و کاری بۆ بدۆزێتەوە.**

**٣- دەستێك کاری خۆی ئەنجام دەدات، پێویستە دەوڵەت پشتیوانی لێ بکات و ڕێزی بگرێت.**

**٤- دەستێك دزە، گەندەڵکارە، خیانەت دەکات، پێویستە دەوڵەت ئەو دەستە ببڕێت و بنبڕی بکات... لێرەدا پرسیارێکی مەتەڵ ئاسا سەرهەڵدەدات: ئاخۆ ئەگەر خودی دەوڵەتەکە (بەرپرسان) دز و گەندەڵکار و خیانەتکار بوون، کێ دەستیان ببڕێت و بنبڕیان بکات؟!**

**دەست چالاکترین ئەندامە لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ڕۆڵێکی گرنگ و کارا لەهەڵسووڕان و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی ژیانی ڕۆژانەی دەبینێت.**

**ئەوەتە دەست بۆ شتی خراپ بەکار دێ و زیانبەخشە، لەهەمان کات بۆ شتی چاکە بەکاردێ و سوودبەخشە.**

دەتوانین بەدەست ئاپارتمانێکی چەند نهۆمی لەماوەی چەند مانگێك قوت بکەینەوە، دەشتوانین زۆر بەئاسانی هەر بەو دەستە و بە بەکارهێنانی دوگمەییەك، ئاپارتمانێکی دەیان نهۆمی لەماوەی چەند چرکەیەکدا بتەقێنیەوە و بیڕوخێنین.
دەتوانین بەدەست چەك هەڵبگرین بۆ بەرگری کردن لەخۆمان و خاك و وڵاتمان، دەشتوانین هەر بەو چەکە کەسی سڤیل و بێ تاوانی پێ بکوژین.
دەتوانین بەدەست چ ڕاپۆرتێك خراپە، ئەو جۆرە ڕاپۆرتانەی پێ بنووسرین، دەشتوانین هەر بەو دەستە شتی ئەوتۆی پێ بنووسین کە گوزارشت لە شتە جوانەکان بکات .
دەتوانین لەپێناو بەرقەراربوونی ئاشتەوایی و لێبووردەیی بەدەست ئیمزا لەسەر کۆتایی هێنان بە جەنگ و شەڕوشۆ و دووبەرەکی بهێنین، دەشتوانین هەر بەو دەستە ئیمزا لەسەر نانەوەی ئاشووب و پیلانگێڕی و کوشتن و پەلدانی ئەم و ئەو بکەین.
دەتوانین بەدەست خەڵك ژەهرخوارد بکەین، بەدەست خەڵك بخنکێنین و ماڵی ئەم و ئەوی پێ بسووتێنین، دەشتوانین هەر بەو دەستە بچین بەهانای مرۆڤ و لە خنکان وسووتان ڕزگاریان بکەین.
دەتوانین بەدەست لافیتەی دەنگی ناڕەزایی پێ بەرز بکەینەوە، دەشتوانین هەر بەو دەستە قۆنداغە تفەنگ و دارحەیزەران و قامچی و گۆپاڵی پێ بگرین و بێڕەحمانە بکەوینە وێزەی خۆپیشاندەران و سەرکوتیان بکەین.
دەتوانین بەدەست دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵ بکەین وناپاکی بەخاك و وڵات بکەین، دەشتوانین هەر بەو دەستە دەستی ئاوەدانی ڕابگەیەنین. کەواتە دەست سەرقافڵەیە دەتوانین گۆڕانی پێ بەرپا بکەین.

### ❑دووەم: گۆڕان بە زمان:-

لە دێر زەمانەوە واباوە کە زمان، مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەش ڕوون بۆتەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاژەڵ و گیانلەبەرانی دیکە بۆ لەیەکتر گەیشتن پەیرەوێکیان هەیە بەڵام زۆر سادەیە بۆیە لە چالاکی دا زۆر لە زمان کەمترن و ڕێگەیان نادەن درۆ بکەن، یان شت لە زمانی ترەوە وەربگێڕن، یاخود لە ڕابردوو یان پاشەڕۆژیان بکۆڵنەوە. بەڵام زمان لای مرۆڤ شتێکی ترە:

زمان: بەقسەیەك فیتنەییەکی گەورە دروست دەکات، هەر زمانە ئاگر بەئاو دادەکات و کێشەییەکی گەورە کپ و خامۆش دەکاتەوە.

زمان: خوشك و برا، دایك و باوك، خۆشەویسترین هاوڕیٚ لێك دەکات تاوەکو بە ڕق و کینەوە یەك بۆ ئەویتر بڕوانێت و لەگەرمەی ئەو زمانەدا شەڕە شەق و شەڕە مست بەرپا بکەن، هەر زمانیشە کۆتایی بە کێشەکانیان دیٚنیٚ تا بە لەخۆبردوییەوە لەسەر یەك مێز گرد ببنەوە و ئاشتەوایی ڕابگەیەنن بەچەشنیٚ لەجیاتی شەق و مست و پێلەقە و قسەی ناشیرین، باوەش بۆ یەك بکەنەوە و یەکتر ماچ بکەن.

زمان: بۆ دوو ڕوویی و سیخوڕی بەکاردیٚ، هەر زمانە بۆ ئاشتەوایی و لێکگەیشتن ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

زمان: بەڵای سەرە، زۆر جار وەکو دەڵێن: ئەگەر زمانت لەدەم نەبیٚ دەتخۆن.

زمان: بەقسەی ڕەق و خراپ سیما و ڕوخساری مرۆڤ ناشیرین دەکات، هەر ئەو زمانەیە بە نەرم و نیانی (الكلمة الطيبة صدقة) وادەکات لەناو خەڵك ڕێزت بگیریٚ و خۆشیان بویٚ.

زمان: بۆ یەکترناسینی گەلانە، هەموو مرۆڤێك زمانی هەیە تا لەڕێی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دیبلۆماسییەوە پەرە بە پەیوەندیەکانیان بدەن، هەر ئەو زمانەیە لە ڕێی لێدوان و هەڕەشەییەکەوە شەڕێکی گەورە لەنێوان دوو بنەماڵە و نەتەوە و دوو وڵات بەرپا دەکات.

کەواتە لەڕێی کەناڵەکانەوە دەتوانین زمان دەنگی ناڕەزایی پیٚ بەرز بکەینەوە بۆ ئەوەی لەڕێی چوونە سەر جادەوە پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاری جاڕ بدەین.

❑سیٚ یەم: گۆڕان لە ڕێی دڵەوە:

ئەوەش هەندیٚ جار بە ترس ناوزەد دەکریٚ، وەك: ترس لە شکست و تانە و تەشەرەی دەوروبەر بەجۆریٚ هزر بکات وابزانیٚ ئەگەر خۆی ئاشکرا کردو بیٚ پەروا ڕەخنەی گرت و هەڵگەڕایەوە، ئەوە کەس نابێتە پشت و پەنای، کەس لەسەری نایەتە قسە و بەرگری لیٚ ناکات، ئەوجا لەچوارچێوەی حکومەت یان حزب یان ئەو فەرمانگە و دەزگایەدابێت کە ئیشی تێدا دەکات، ترسی دەرکردن و فەسلٚ و گواستنەوە و مووچە بڕین.. خولانەوە لەبازنەی ئەو بیرۆکانە وای لێدەکات دەست

بەکلاوێیەوە بگرێ با نەیبات، بەتایبەت لەو شوێنانەی حوکمی تاکرەوی و دیکتاتۆریەتی تێدا پەیرەو دەکرێ، هەرچەندە مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە لەژێر هەموو کاریگەرییەکاندا دەبێ خاوەنی ئیرادە و بڕیاری خۆی بێت، نەك ببێتە ژێردەستە و کۆیلەی ئەم و ئەو کە پێیان وت: ماست ڕەشە، بڵێ: زۆریش ڕەشە.. کەسی خودان هەڵوێست باوەڕی بەو وتەیە نییە کە دەڵێ: ئەگەر لەکەسێك ترسای دۆستایەتی بکە.

* ترس لەوەی هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند کەس گوێ بەقسەکانی نەدات: بۆیە نایەوێ قسەی خۆی لەبەرد بدات، جوانتر بڵێین: ئەو کەسە سانسۆر لەسەر خۆی دادەنێ و بەو بەشە قایل دەبێ ئاوا زەلیل و داماو لەناو ڕۆتیندا بمێنێتەوە چونکە ترسی لەو ئازادییە هەیە دەمی هەڵێنێ و دوو قسەی هەق بکات.

* دەترسێ لەڕێی ئەو قسانەی دەیکات تووشی گیران و بەندکردن و سووکایەتی پێکردن ببێتەوە بۆیە لەناخەوە  لە یاخیبوونی تاکڕەوانەی خۆی دەسڵەمێتەوە و بێدەنگی هەڵدەبژێرێ.

* خەفەتێك دڵی ڕنەك دەدا، دەترسێ لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە گەلەکۆمەکی لێ بکەن، کۆسپ لەبەردەم هەموو ئەو جموجۆڵ و پرۆژانەی دابنێن کە ئەو نەخشەی بۆ کێشاون، پێی وایە تاکەسوار تۆزی نییە، بۆیە بوێر نییە چۆن بیردەکاتەوە ئەوها قسە بکات و پرسیار بخاتە سەر کلێشە و قاڵب و هێڵە سوورەکان، دەڵێ: بەدەستی خۆمماڵ لەخۆم تێك نادەم.

زۆرجار پێمان وایە بۆ هەندێ هەڵوێست (داپلۆسین و سەرکوتکردن و نواندنی توند و تیژیی و درۆی زۆر و ئەزموونی جەنگڵستانی بەرتیل و گەندەڵی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و کوشت و بڕو فایلدار و گوێڕایەڵ نەبوون بۆ کۆدە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگا و ...هتد) نەتوانین هیچ بەهیچ بکەین و دەنگمان بەدوویەوە نەچێ و قسەکانمان جێی خۆی نەگرێت کە پێمان وایە بێدەنگی گەنجینەییەکی شاراوەی ناخمانە و پێویستە دەستی پێوە بگرین و لە ژیاندا زۆر نەڵێین ( بێدەنگی لەپێناو مانەوە)، کەچی نەهامەتییەکان ناخمان دەخواتەوە و ئامادەنین لە ژووری بێدەنگی بێینە دەرەوە و دەمی کلۆمدراو و داخراومان لەئاقاری تاوانەکان هەڵبپچڕین بەمەیش بێدەنگی بەربەریەت بەهێز دەکات.

هەر کەسێك زوڵم بکات زاڵمە جا برا لەبرای بکات، پیاو لە ژن و برا لەخوشك و..هتد. ئەو کەسەی ستەم دەکات پێی وایە زوڵم شتێکی ئاساییە، چونکە کەس بەڕووی ناتەقێتەوە و لێی هەڵناگەڕێتەوە و نارەزایی دەرنابڕێت.. زوڵم هەر بەردەوام دەبێت هەتا ئەوەی ستەمی لێ دەکرێ بێدەنگی نەشکێنێ و لەخۆی نەپێچێتەوە و قبووڵی نەکات. دەرەبەگ تەنها کەسێکە ئەگەر ئەقڵی ئەو خەڵکە نەگۆڕین هیچ ناکرێ کە ئەقڵەکانمان گۆڕی، نە پارە، نە چەك خۆی لەبەردەم لێشاوی تووڕەیی و ڕوو بەڕووبوونەوە ناگرێت. **فیرعەون وتی: من لەبەر ئەوە بوومە زاڵم ئەوەی دەموت کەس نەیوت نا، ئەوەی ئەنجامم دەدا و پێم هەڵەبوو هەر بەڕاستیان دەزانی و کەس نەبوو بڵێ ئەوەی تۆ دەیکەی هەڵەیە کە وتم: من پێغەمبەرم باوەڕیان کرد و قسەیان نەکرد.. کە وتم: من خودام دیسان کەس نقەی لێوە نەهات بڵێ ئەو قسەی تۆ دەیکەی کفرە و بێدەنگی لەبەردەم زوڵمدا بەشداربوونە لەو زوڵمە.**

دڵ ئەو گەوهەرە بەنرخەیە جگە لە خوای پەروەردگار کەس نازانێ چی تێدایە..مرۆڤ تا بەیانی قسە بکات، مەرج نییە ئەو قسەی دەیکات لەگەڵ دڵیدا یەك بگرێتەوە..

مرۆڤ هەیە لە دڵەوە بەڕووادنی کارەساتێك خەمبار و دڵتەنگ دەبێت، هەیشە بەو کارەساتە دڵخۆش و کەیفساز، بێ ئەوەی ئەو خۆشیە لەسەروسیمای ڕەنگبداتەوە.

مرۆڤ هەیە بە ڕووکەش ئاشتیخوازە ، لە دڵەوە کەسێکی شەڕانگێز و دڕدۆنگ و دڵکرمێیە.

مرۆڤ هەیە کە لەگەڵی دادەنیشی، سەر بۆ قسەکانت دەلەقێنێ کەچی لە دڵەوە هەموو قسەکانت بە دوو عانەی قەڵبی سووتاو لێ ناکڕێ.

مرۆڤ هەیە ڕقی لەحزبێك دەبێتەوە لەسەرەوە ڕەنگە تا ئارەقەی شین و مۆر دەردەدات هەر بەشان و باڵی هەڵدەدات بەڵام بۆ گۆڕان کاتێك دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان، دەنگ بە حزبێکی دیکە دەدات.

۞ ۞ ۞




## ✍ئەنجامی کۆتایی

﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٥١﴾ البقرة: ٢٥١واتە: بێگومان ئەگەر خودا هەندێ کەسی ستەمکار بە هەندێ کەسی تر چار نەکاو لەناوی نەبا، سەر زەوی وێران ئەبێ. بەلاّم خودا خاوەن فەزل و بەزەییە بەسەر هەموو عالەمدا[٢٥٥].

هیچ گۆڕانێک ناگاتە ئەو شۆڕشە مەزنەی حەزرەتی نوح (علیە السلام) کە لە کەشتیەکەیدا بۆ بەردەوامی ژیان بەرپای کرد و هەموو دەنگ و ڕەنگ و ڕەگەزە جیاوازەکانی تێدا کۆکردەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی مێژوو، تەنها لە پێنج هەزار ساڵەی دوای مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوەی تا ئێستا تۆمارکرابێت، ئاماژە بەوە دەدەن کە لە شوێنە جیا جیاکانی دنیا زیاتر لە چواردە هەزار جەنگ بەرپا کراوە و هەر لەو جەنگانەدا نزیکەی چوار ملیار مرۆڤ کوژراوە، ئەم ژمارەیەش دەکاتە دوو لەسەر سێی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی ئەم سەردەمە.

(کورت تۆخۆلسکی) لە ساڵی ١٩٣١ نووسیویەتی: مرۆڤ هەرگیز بە جددی هەوڵی نەداوە دژایەتی جەنگ بکات، تا بە ئێستا ڕادەگات هیچ ئان و ساتێك دەرگای تەواوی قوتابخانە و سینەما و میدیاکانی لەبەردەم پڕوپاگەندەی جەنگ دانەخستووە، بۆیە

---

[٢٥٥] - خۆلاصەی تەفسیری نامی: مەلا عبدالکریمی مدرس ، ل١١٨

نازانێت ئاخۆ نەوەیەکی ئاشتیخواز چی لێ دێت لەکاتێکا لە کەش و هەوای شەڕ و ئاشووبی جەنگدا گەورە دەبێت.

ئەوانەی مس لە گوێیان تواوەتەوە و خۆڵ کراوەتە چاویان و دڵیان پەردەییەکی ڕەشی بەسەردا هەڵچنراوە، ئەوانە چ کەسی عەوامە و سادەبن یا دەسەڵاتدار، نەدیتکۆکە، بێ ویژدان و بێنمەك، وەك قەڵاییەکی چۆڵ و سامناك وان، هیچیان لێ چاوەڕوان ناکرێ چونکە گوێیان کەڕە هیچ نابیستن، کوێرن هیچ نابینن و دڵشیان هێندە ڕەقە نە مانای بەخشندەیی دەزانن چییە و بەتۆزقاڵ سۆز و بەزەییان بەدڵ ناگەڕێ.

کەواتە بەچڕکراوەیی دەتوانین بڵێین: نەزانین و ترس و دەوروبەری خراپ ڕێگەکانی بەردەم گۆڕان بەرتەسك و چەقبەستوو دەکەن، بەو پێیەی ئەگەر باس لەنەزانی بکەین دیارە مرۆڤ کە نەزانێ کامە هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی هەڵەیە، یا شارەزای چەوت و چەوێڵ و ڕاستیەکان نەبێت هەرگیز ناتوانێ بیر لەگۆڕان بکاتەوە، هەروەها دەوروبەری خراپیش تەکان بەو هەنگاوە نادات لەو ڕابوونەدا سەرکەوتوو بێت لەکاتێکدا ئەگەر نەتوانێ خۆی لە درك و داڵی ئەو دەوروبەرە خراپە پاك بکاتەوە و خۆیانی لێ بەدوور بگرێ.

هەر کەسێك وەك تاك ئەوجا لەسەر ئاستی خێزان، لە سەر ئاستی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بیەوێ خۆی بە گۆڕانخواز بزانێت، پێویستە خوێندنەوەییەکی دروستی بۆ دەقەکانی سورەتی (العصر) هەبێت کە پلەبەندی بنەما جوانەکانی پێ نیشان دەدات:

﴿وَالْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴿٣﴾﴾ العصر: ١ - ٣

واتە: *﴿سوێند بە زەمانە، سوێند بەکاتی عەسر ﴿١﴾ بەڕاستی ئادەمیزاد لە زەرەرمەندی و خەسارەتمەندیدایە ﴿٢﴾ بێجگە لەوانەی باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە)، لەبەر ئەوە بەردەوام*

*ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە و بەردەوام، خۆگر و ئارامگریش بن* ﴿٣﴾[٢٥٦]. جا ئەوەی لەم سورەتە دەفامرێ:

یەکەم: دەست نیشانی سەردەم و کات دەکات، واتا (کات کراوەیە)

دووەم: ئەوجا مرۆڤی لێ ئاگادار دەکاتەوە کە بەخۆی نەنازێت( نازکردن بە پارەو پوول و پلەو پایە و ماڵ و منداڵ و...هتد)، چونکە هەرچییەك بێت، دواجار هەر زەرەرمەندە.

سێیەم:ئەوانەی دەیانەوێ لەو زەرەرمەند و زەلکاوەدا دەربچن، پێویستە باوەڕ بێنن (باوەڕبوون واتا بۆ ڕێبازەکەی دڵسۆزبێت).

چوارەم: ئەوجا پێت دەڵێ: دڵسۆزی هەر بە قسە نییە( هەموو کەس دەتوانێ قسەی گەورە گەورە بکات)، دڵسۆزی بەکردەوەیە تا کردەوەی چاك ئەنجام بدات کە تیایدا ( دەتوانن ڕەزامەندی خوا و خەڵك بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن).

پێنجەم:بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی، ڕەزامەندی لەسەر وتنی هەقبێژی بینا دەکرێ.

شەشەم: هەقبێژی بەبێ ئارامی و خۆڕاگری لەنگ و ناتەواوە، چونکە هەموو کەسێك هەقیقەتی خۆش ناوێ، نەخاسمە ئەوانەی خۆیان لێ گۆڕاوە و خۆبەزلزانن، کەواتە دەبێ بەرگەی ئەو کاروانە بگرێ کە لە گەرما و سەرما و هەبوونی و نەبوونی و هەڕەشە و گوڕەشەدا ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە.

ئەگەر دەتەوێ ببیتە گۆڕانخواز: دادپەروەربە.. ڕاستگۆبە.. دەست و دەم و داوێن پاك بە..چۆن خۆت خۆش دەوێت، ئاوا خەڵکت خۆش بوێ، بەمەیش کەس ڕق لەکەس هەڵناگرێ و هەموان بە خۆشی و خۆشەویستیەوە ژیان بەسەر دەبەن.

لەگەڵ ڕێزی نووسەر

شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

٢٠١٦/٨/١٦- شارۆچکەی تەق تەق

---

[٢٥٦] - تەفسیری ئاسان: جوزئی سی، ل٦٠١